ڕۆمان

# شیری مووسا

سابیر ڕەشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : شیری مووسا |
| بابەت | : ڕۆمان |
| نووسەر | : سابیر ڕەشید |
| پیتچنین | : کاوە حوسێن |
| هەڵەچن | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەڕۆك | : شاخەوان جەعفەر |
| نەخشەسازی بەرگ | : ئامانج ئەمین |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠١٧ |
| نرخ | : ٣٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردن، (٦١١)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە

هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٥٨٥٤٢٧

# بەشی یەکەم

# یەکترناسین

هەموو دەقێک، تەنانەت هەموو نووسراوێکیش دەستپێکی هەیە. منیش لێرەوە دەستپێدەکەم. ئەم بابەتە لە دەست خۆم نادەم دەینووسمەوە، دڵنیام ئەگەر بتوانم سەرەداوەکان بە جوانی بگەینمەوە یەکتر رۆمانێکی جوانی لێدەردەچێ. لەوەتەی ئەم رووداوانە بە مێشکمدا گوزەر دەکەن تێمای رۆمانەکە لە مێشکمدا دروستبووە. ئەمشەوەی منێ عەبدوڵڵا سەراجی رۆماننووس، واتە نووسەری ئەم رۆمانە و بێستوون سەرەتانی بازرگانی قوماش پێکەوە لە عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردەن بۆ کات بەسەربردن سەرمان بە یانەیەکی شەوانەدا کرد، ناوی یانەکە (هەستی بەرزەفڕ) بوو. ئیتر گرینگ نییە بیرۆکەی چوونە یانەکە هی من بوو یا هی بێستوون گرینگ ئەوەیە چووین و دواییش بوو بە دەستپێکی ئەم رۆمانە. ئێمە لەسەر مێزێکی دوو کەسی دانیشتبووین و قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ماوەیەک بوو کەس بەلامانەوە نەهات دوایی گارسۆنێکی یانەکە هات و بە دەموچاوێکی پڕ لە خەندەو جوانی بەخێرهاتنی ئێمەی کرد، بێ ئەوەی ئێمە داوای هیچ بکەین سەری شامپانیایەکی گەورەی لەبەردەم ئێمەدا هەڵپچڕی و دەنگەکەی لە هەموو یانەکەدا بیسترا. ئینجا لەسەر مێزی ئێمەی داناو گوتی: (بەخێربێن بۆ عەممانی جوان ئەمە لەسەر شەرەفی شاندی کوردییە). ئیتر ئێمەی بە واقوڕماوییەوە بەجێهێشت. ئێمەش زۆر دیقەتی مێزی تەنیشت خۆمان نەدابوو کە پیاوێکی تۆزێک بە تەمەن لەگەڵ دوو ئافرەتی لەشولار نیمچە رووت دانیشتبوو و پێکیان بە دەوی ئەو دادەکردو حریت و هۆڕی پێکەنین ئەو ناوەی پڕ کردبوو. ئێمەش سەرمان سووڕمابوو لە یەکترمان دەپرسی: (دەبێ بێجگە لە ئێمە کێیتر کورد بێت، یان چەند کەسیتر کورد بن لێرە وەکو شاند لێرە بن. دەبێ هەڵەیان نەکردبێ و لەجیاتی ئەوان بۆ ئێمەیان هێنابێت) ئیتر هەستمان کرد ئەو کابرایەی تەنیشتمان کە لەگەڵ دوو ئافرەتەکەی ئەو یانە دابوو نیگای چاوەکانی لە ئێمە بڕیبوو.

ئیتر گارسۆنەکە جارێکیتریش هاتەوە لامان و دیسان شامپانیایەکیتری هەڵپچڕی و دیسان بە هەمان شێوە گوتی: (لەسەر شەرەفی شاندی کوردی) ئیتر ئێمەش نەمانهێشت گارسۆنەکە بڕوات تا پێمانبڵێ کێیە؟ دووجارە شامپانیامان بۆ دەنێرێ. ئەو پیاوە دەستی خۆی هەڵبڕی و بەخێرهاتنی کردین. ئێمە لە کوێ بزانین ئەو لە زمانی ئێمە دەگات. ئیتر خۆی پێڕانەگیراو بەدەم بەخێرهێنانێکی گەرم لە دڵەوە بە ئێمەی گوت:

– منیش کوردم و بە بنەچە هەولێریم.

بێستوون لێیپرسی:

– پێخۆشحاڵین زۆر سوپاس، بەڵام جەنابت کێی؟

خۆی چەماندەوەو بە جۆرێکی پڕ لە سیحرەوە بە ئێمەی گوت:

– ناوم (ئیسحاق مۆشێ)یە و لە ئیسرائیلەوە هاتووم. بازرگانم، بەڵام بۆ گەشت هاتوومەتە عەممان. بە ئەسڵ هەولێریم و تەعجیلیم.

منیش پێمگوت: (ئەدی چۆن بە بنەچە هەولێری.. ئەوە دەزانین کە لەکاتی خۆیدا جوولەکەکانی عێراق بە زۆرەملێی نێردراونەتەوە ئیسرائیل. حەز دەکەین سەربردەو چیرۆکی ژیانی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە.)

– جارێ با لەسەر یەک مێز پێکەوە دابنیشین، ئەوسا زیاتر لێکتر حاڵی دەبین. ئەمشەویش نەک هەر ئەو دوو شامپانیایە، بەڵکو هەرچی دەیخۆن و دەیخۆنەوە و کەیف و سەفاشتان لەسەر منە.

من وەک ڕۆماننووسێک فەرمانبەری حکوومەت بووم بۆیە لە خۆمڕا نەدیت بڵێم نەخێر داوەتی منن، بەڵام بێستوون خۆی وەک بازرگانێکی گەڕیدەو پیاوێکی خواردە ئەژمار دەکرد، چاویشی تێربوو و خزمەتی برادەرانی خۆی دەکرد، لەم سەفەرەشدا ئەو داوەتی کردم و گوتی: (تۆ ڕۆماننووسی، حەزدەکەم بۆخۆت بەردەوام سەفەر بکەیت، تۆ پێویستت وەک چۆن بە خوێندنەوە هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی زەینت ئاواش پێویستت بە سوڕان و گەڕانی دنیا هەیە.)

منیش بە بێستوونم گوت: (برای بەڕێز من فەرمانبەرم ئەو توانایەم نییە، ئەرکی چەند منداڵێکم لەسەر شانە و خێزانەکەشم ژنیماڵەوەیە، بە مووچەش هەر ئەوەندەم لە دەست دێ.)

ئەویش بە لەخۆڕازیبوونەوە پێیگوتم: (هەی لەمنت نەکەوی ئەدی ئەمن برا بچووکی تۆ نیم، هاوڕێی باش لە کەسوکاریش لەپێشترە، تۆ ئەرکت بەسەر منەوە هەیە، فێری خوێندنەوت کردووم، بەهۆی تۆوە دەوروپشتی خۆم جوانتر دەبینم، زیاتر هەست بە دنیا دەکەم.)

زۆر پێیخۆش بوو ئەم سەفەرەی لەگەڵدا بکەم، هەر خۆی لەگەڵمدا هات و پاسەپۆرتی بۆ دەرێنام و بلیتی فڕۆکەی عەممانی هەردووکمانی بڕی. ئەوەبوو ئەم سەفەرە پێکەوە بووین.

بێستوون ئەگەرچی سەفەرەکانی بۆ بازرگانی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بچووبایە هەر وڵاتێک حەزیدەکرد بە هەموو شارەکانی ئەم وڵاتە و بەتایبەتیش هەموو کوچە و شەقام و شوێنە خۆشەکانی پایتەختەکەیدا بگەڕێ و کەیف و خۆشی خۆی فەرامۆش نەدەکرد. هەر بۆیە لە عەممانیشدا زۆر شارەزاو بە دیقەت بوو هەموو کووچە و کۆڵانەکانی عەممانی وەک لە هەولێر بێت ئاوا شارەزا و سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد، شوێنەکانی بازرگانی خۆی، خەستەخانە و نۆرینگەی دکتۆرە باشەکانی عەممان لە هەموو پسپۆڕییەکاندا پێیدەزانی و هاموشۆی زۆرێکی لەوانەی کردبوون، تەنانەت لەگەڵ هەندێک دکتۆری گرینگیش هاتوچۆی ماڵیانی دەکردن و لە هەموو سەفەرێکیدا دیاری بۆ هەندێکیان دەبرد.

ئیسحاق بە جۆرێکی پڕ لە هۆگری بوون ڕووی قسەی لە هەردووکمان کردو گوتی: (وا من خۆم پێناساندن، پێمخۆشە ئێوەش خۆتانم پێبناسێنن.)

- بەندە عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕۆماننووسم، فەرمانبەرم، ماڵم لە گەڕەکی نووسەرانە لە هەولێر، باوکی سێ کوڕ و سێ کچم، لە بنچینەدا خەڵکی کەرکووکم، بەڵام بەر شاڵاوی تەعریب کەوتین و ڕەوانەی هەولێر کراین.

ئێستا خۆم بە خەڵکی ئەم شارە دەزانم کە حاڵی حازر بە ئارامی تێیدا دەژیم.
ئینجا نۆرەی بێستوون هات کە خۆی بناسێنێ:
- منیش ناوم بێستوون سەلمان ناسراوم بە بێستوون سەرەتان. ماڵمان لە گەڕەکی تەعجیلە ئەو بەشەی کە جاران پێیاندەگوت تەعجیلی جوولەکان. بازرگانی قوماشم.
ئیسحاق کە گوێی لە نازناوی سەرەتان بوو بەلایەوە سەیر بوو مرۆڤ بەم ناوە ترسناکە بانگ بکرێت، بۆیە هەڵیدایی و گوتی:
- کاک بێستوون پێم سەیرە وەک بڵێی کەیفت بەم نازناوە هاتبێ، پێمناڵێی ئەم نازناوەت لە چییەوە هاتووە؟
بێستوون تۆزێک سەری باداو بڕەک خەنییەوە. ئینجا بە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی:
- قوربان جارێ واز لە نازناوی من بێنە با بۆ کاتێکیتر بێت، جارێ با باسی کاتەکانی رابردوو بکەین، ئەو سەردەمەی کە ئێوە لە هەولێر بوون و منداڵی خۆت تێدا بەسەربرد. با جارێ بگەڕێینەوە بۆ رابردوو. ئیسحاق پێکەنی و دەستێکی خستە سەرشانی بێستوون و گوتی:
- بەو خودایەی هەمووومان بڕوامان پێی هەیە ئەشتەبات لە زاری من گوێ لێنابێ تا سەربردەو چیرۆکی ئەم لەقەبە سەیر و ترسناکەی خۆتم پێنەڵێیت.
- هایهوو.. وایهوو.. کێشە نییە، تازە من ئەم نازناوەم دەقەبەڵکراوە. ئەوەلجاری پێم شەرم بوو، بەڵام دوایی وردە وردە لەگەڵ تەمەنم هەڵکشاو ئیتر لێی راهاتم. کورتییەکەی ئەوەیە ئیتر ئەوە لە منداڵییەوە ئەم نازناوە بە قوونی منەوە نووساوە. ئێستا لە گەڕەکی خۆمان و لای دووکاندارەکانی دەوروپشتم، تەنانەت لای خەڵکێکی زۆری شاری هەولێر سەد ساڵی تر بڵێن بێستوون سەلمان کێیە؟ هیچ کەسێک نازانێ کە

لەگەڵ منیانە. هەزارجار خۆم بێنم و ببەم و بڵێم: (من بێستوون کوڕی مام سەلمانی خەڵکی گوندی هەمزە کۆرم، ئیتر بێسوودە، بەڵام کە کە گوتیان بێستوون سەرەتان، ئیتر لوغزەکە ڕووندەبێتەوەو ئەوکاتە منداڵی ناو لانکانیش دەزانێ بێستوون سەرەتان کێیە!

با چیتر سەرت نەهێشێنم، پێش ئەوەی سەربردەی نازناوەکەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە با تۆزێک سەری خۆمان بە شامپانیای جەنابت گەرم بکەین.

ئینجا ئیسحاق پێکەنی و بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی کرد. هەموو بێدەنگ مانەوە. گارسۆنەکە هات و مەزەی هێنا. بەزمی خواردنەوە دەستی پێکرد. لە خۆشی یەکتر و بە بۆنەی ناسینی کوردێکی جوولەکە و خەڵکی شارەکەیان پێکی یەکترناسین لە یەکتردراو خۆشی و پێکەنین کەوتە سەر زاریان. ماوەیەکی پێچوو ئیسحاق مۆشێ بە مەراقەوە لە بێستوونی پرسییەوە:

– بێستوون گیان مەراقم کرد حەزدەکەم زووتر سەربردەی نازناوەکەی تۆ بزانم؟

– کاکە لێگەڕێ با بۆ شەوێکی تر بێت، ئەگەر لەم شارەدا پێکەوە ماینەوەو یەکترمان دیتەوە ئەمەت بۆ باس دەکەم، بەڵێن بێت پێتدەڵێم، جارێ باسی گرینگتر هەیە، من پرسیاری گرینگترم لایە حەزدەکەم زووتر وەڵامەکانی وەربگرمەوە.

– بەخوای برام ناهێڵم لەم مەراقەم جێبهێڵی. جارێ تۆ ئەم نهێنییەم بۆ بدرکێنە، ئینجا شەوانیتر ئەگەر ماینەوە دەگەڕێینەوە بۆ مێژوو، مێژووی پڕ لە کوێرەوەری ئێمەی جوولەکەی کوردستان، لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتیانەی کە لە کوردستاندا بەسەر ئێمەدا هاتووە، ئێمە هێشتاکە لە ئیسرائیل زۆربەمان خۆمان بە کورد دەزانین و لە دابونەریتی خۆمان لامانندەداوە، لە بۆنەکانیشدا جلی کوردی دەپۆشین و ئاهەنگ و شایی کوردی دەگێڕین. ئیتر بیرەوەرییەکان زۆرن، کاتیش هێشتا زۆر ماوە،

هەمووتان بۆ دەگێڕمەوە.
منیش لەجیاتی بێستوون وەڵامیم دایەوەو گوتم:
- کاکە ئەوە هەر لە منداڵییەوە زۆر هاروهاج بووە، منداڵەکانی گەڕەکی خۆیان هەمیشە لێی ترساون، لەکاتی یاری تۆپێندا کەس نەیدەتوانی تۆپەکەی لەژێر پێی دەربێنێ ئەو بۆ ئەوەی تۆپەکە زیاتر لای خۆی بهێڵێتەوە سەرسمێکی لە گۆزینگی پێی دەداو دەیخستە ئەو گۆڕە، جا ئەگەر پێی نەشکا بووا بێشک ئازارێکی زۆری پێدەگەیاند ئیتر یاریکەران نەدەوێران لێی نزیک بکەونەوە. ڕۆژێکیان لە تۆپانێ قاچی یاریزانێکی تیپەکەی بەرانبەری شکاند. بوو بە شەڕ و دەمەقاڵێ. دوایی بوو بە شەڕی نێوان دوو تیپ و دواییش بوو بە شەڕی نێوان دوو خێزان. ئیتر کێشەکە گەورە بوو، بەڵام خەڵکی خێرەومەند کەوتنە نێوان ئەم دوو خێزانە تا هەردوو خێزانیان ئاشتکردەوە. ئیتر دوای ئەم ڕووداوە بێستوون جارێکیتر گەڕایەوە ناو یاری گەڕەک، ئەگەرچی لە جاران نەرمونیانتر ببوو وەک جاران یاریکەرانی ئازار نەدەدا، بەڵام تازە دوای چی لەوساوە نازناوی سەرەتانی پێدەوترا.
بێستوون لەکاتی ئەم قسانەدا بە زمان قسەی نەدەکرد، بەڵام بەردەوام سەری خۆی بۆ قسەکانم دەلەقاند وەک بڵێی بە ئیسحاق بڵێ. قسەکانی من لەبارەی ئەو هەموو ڕاستن، تەنیا ئەوەندەشی لە قسەکانی خۆی زیادکردو بە ئیسحاقی گوت: (کە لە منداڵییەوە تا سەردەمی هەرزەکاریش زۆر توندو تیژ و شەڕانی بووە و لەگەڵ دەوروبەرو خێزانەکەشیدا ناتەبا بووەو هەمیشە خۆی لە کۆمەڵگادا بە نامۆ دیوە، بەڵام دوایی و بەتایبەتیش دوای ئەوەی ژنی هێناوە زۆر گۆڕاوە و دوای ئەوە بووە بە مرۆڤێکیتر زۆر جیاوازتر لە بێستوونەکەی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری. ئێستا ئەو پشتی لە شەیتان کردووەو خۆی لە بەرەیەکیتر دۆزیوەتەوە. لەوساوە ئەو لەگەڵ خێزان و خزم و کەسانی خۆیدا ڕەفتار جوان و خەمخۆر و

خزم دۆستە، بەڵام تازە ئەم نازناوەی بە باڵادا بڕاوەو لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە ناو و ناتۆرەدا ئیتر ئەم نازناوەی لێنابێتەوە. ئیتر ئەو هەرچی بکات تازە بوو بە بێستوون سەرەتان.

من ناسینی ئیسحاقم لا خۆش بوو، چونکە نازانم ئایا لەبەر ئەوەی پیشەی نووسینم چیرۆک و ڕۆمانە بۆیە هەمیشە بەدوای ڕووداو و چیرۆکی نەبیستراو و پڕ لە تراژیدیا بووم و حەزمەدکرد بەدوای هەموو وردەکارییەکانی ژیاندا بگەڕێم تا لە کاری گێڕانەوەدا بەکاریان بهێنم و هەمیشە بەدوای بابەتی ناوازەو نوێدا دەگەڕام، کە پێش من کەسیتر نەیگێڕابێتەوە، یانیش ئەوە لە ژیانمدا نهێنییەکە و هەمیشە حەزم لە بیستنی بەسەرهاتەکانی خەڵکە. دەشێ پیشەی چیرۆکنووسین وابێت. بە هەرحاڵ من وەک ڕۆماننووسێک دوای ئەوەی ڕۆمانی (شلۆمۆ کوردە، من و تۆ و زەمەن)ی (سەمیر نەققاش)م خوێندەوە کە ڕۆماننووسێکی جوولەکەی بە ڕەگەز عێراقییە و جەلیل کاکەوەیسی چیرۆکنووس کردوویەتی بە کوردی. ڕۆمانەکەش باسی ئێش و ئازار و چەوسانەوەی جوولەکە دەکات. منیش زۆرم حەزدەکرد هاوشانی ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانەکانی تر کە باس لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکەن، خولیام کەوتە سەر نووسینی ڕۆمانێک تا بەهۆی ڕووداوەکانییەوە بگەڕێمەوە بۆ نێو دەهالیزەکانی مێژوو. حەزمدەکرد بزانم جووەکان لە کوردستاندا چۆن ژیاون، ئاسوودە بوونە یا چەوسێنراونەتەوە، ئایا ڕاستە وەک دەڵێن کوردستان مەڵبەندی فرەئایین و فرە نەتەوەیی بووە و مەڵبەندی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی بووە. ئیتر لەدوای خوێندنەوی ئەم ڕۆمانەی سەمیر نەققاش هەمیشە بەدوای سەربردەو چیرۆکەکانی ئەوان بووم، هەر پیرەمێردێکم بدیتبایە و بمزانیبایە زانیاری کۆنی لایە و سینگی پڕە لە تۆمار و یادەوەری ئیتر وازم لێندەهێنا باس و پرسیاری ساڵانی چلەکانم لەگەڵدا دەکرد و دەمگەڕاندەوە بۆ ئەم سەردەمانەی کە ئەوان

لە کوردستاندا ژیاون و بەدوای وردەکارییەکانی ئەو دەمانەوە وێڵ بووم. ئەوا ئێستا ئیسحاق بە پێی خۆی وا هاتۆتە بەردەستم، ئیتر فرسەت لەوە باشتر رێکدەکەوێ کە بەهۆی ئەوەوە رۆمانەکەم بنووسم. ئیتر لە خەونەکەم نزیک بوومەوە، بەڵکو هیچ نەبێ ئیسحاق سەربردەو چیرۆکی سەیرو سەمەرەو پڕ لە تراژیدیا و تەنانەت فانتازیا ئامێزیشی لابێت، ئیتر منیش لەگەڵ ئەم هەموو مۆتیڤ و هەقایەتانەی لەناو مێشکمدا هەڵمگرتوون، ئیتر بیاننووسمەوەو تۆماری خۆم بکەم و ئەم دیداربینییەی عەممانیش دەکەم بە سەرەتای رۆمانەکە و هەر کە گەڕامەوە هەولێر دەست بە نووسینی رۆمانەکە دەکەم. ئەو شەوەی یەکترناسینەمان دەق وەکو خۆی دەکەمە دەستپێکی رۆمانەکە. ئیسحاق لەبەر ژاوە ژاوی یانەکە پێی باش بوو شەوێکیتر لە شوێنێکیتر کە لەم شوێنە ئارامتر بێت و بوار هەبێت گوێی لێڕابگرین و پێکەوە دابنیشین و لەوێ بە وردی و بە راشکاوییەوە و بە جۆشترەوە بە فلاشباکەکانی خۆی بمانگەڕێنێتەوە بۆ گێڕانەوەی یادەوەری و تۆمارەکانی ئەو سەردەمانەی پێش رۆیشتنی جووەکان و دواییش باسی چۆنیەتی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل و ئەگەر دەرفەتیش هەبێت باسی ژیانیان بکات لە ئیسرائیل و ئەوروپا دوای رۆیشتنیان لە کوردستان، ئیتر ئەم کەرەستانە هەموو دەبن بە بەشەکانی رۆمانەکەم. لە بەشەکانی تری رۆمانەکەشمدا هەرسێکمان بە فرەدەنگی دەبینە بگێڕەوەی رۆمانەکە و ئیتر خۆمان لەگەڵ بگێڕەوەی هەموو شتزان دەگونجێنین و لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا دەبین.

تۆی خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا هەر بیرۆکەیەکیتر، یان زیادکردنێک، یان رووداوێکی تری هاوشێوە، یان چیرۆکێکی تری شوێنێکی دیکەت بە بیردا دێت، یان دەیزانی، دەتوانیت ببیت بە بەشدارێکی تری رۆمانەکە. زیادکردنەکان با لە بیرو هزری تۆدا تەواوکەر بن.

# گێڕانەوە لە گۆشەنیگای (ئیسحاق)دا
# یان فلاش باکەکانی ئیسحاق

*** گەڕانەوە بۆ سەرەتا:**

بە ڕێکەوت ئەو سێ کەسە ئوتێلی (ڕۆیاڵ)ی عەممانی پایتەختی ئوردن پێکەوەی کۆکردنەوە، ئەگەر ئەوان لە یانەکەی شەوانەدا یەکتریان ناسی، بەڵام خوا وایڕێکخست لەم ئوتێلە پلە یەکەی عەممان دابەزیبوون. ئیسحاق مۆشێ کە بهاتبایە عەممان هەمیشە لەم ئوتێلەدا دادەبەزی و لە هەموو ئوتێلەکانیتری پێخۆشتربوو، لەبەر شوێنی ئوتێلەکە و جوانییەکەی کە بەسەر شاری عەمماندا دەیڕوانی و لە سەنتەری شار نزیک بوو. بێستوونیش دوای ئەوەی لە هاتنەکانی پێشتریدا زۆربەی ئوتێل و مۆتێلەکانی تاقیکردبووەوە ئیتر ئەوێی بە شوێنی حەوانەوەی خۆی دادەنا. شەوی دووەمی یەکتربینینەکەیان بوو لە هۆڵی پێشوازی مێوانان پێکەوە دانیشتن و بە دەم چا خواردنەوە، ئیسحاق گوتی:

- ئینجا نۆرەی گێڕانەوەی منە، دوێنێ شەو داواتان کرد بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و لاپەڕە شاراوەکان بکەینەوە.

هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا و فڕێکی تری لە چایەکەیدا و هەوڵیدا یادەوەری خۆی کارابکا و ئەم دیمەنانەش بگێڕێتەوە کە دایک و باوکی بۆیانگێڕابووەو لە تۆمارگەی مێشکیدا وەک ئەوەی خۆی دیبێتی وا تۆمار ببوو. هەوڵیدەدا زیاتر دیمەنەکان بێنێتەوە پێش چاوی خۆی. دەبووایە بگەڕێتەوە سەردەمی پێش هاتنیان بۆ هەولێر کە ئەودەمی ئەو تەمەنی چواردە ساڵان بوو. گێڕانەوەکانی دایک و باوکیشی هەموو ئامادەی گێڕانەوە بوون، بەڵام ئەو ئەوکاتە وەک ئەوان لە شتەکان نەدەگەیشت، بەڵام لە مێشکی خۆیدا تۆماری کردبوون. ڕووداوەکانیش ئەوانەی خۆی لە ناویدا ژیابوون و بە چاوی خۆی بینیبوونی ئەوا ئێستا وەک فیلمێکی سینەمایی خێرا بە پێش چاویدا گوزەر دەکەن. وەک هەقایەتخوانی جاران کە لە چایخانەکاندا دادەنیشتن و چەندان کەسی بە دەوردا کۆدەبوونەوەو بە شەوقەوە گوێیان لێڕادەگرت. ئەو خۆی وەک ئەو هەقایەتخوانە هاتە پێش چاو، بۆیە بەم جۆرە هەقایەت و سەربردەی خێزان و ژیانی ئەم سەردەمەی خۆی گێڕایەوەو وەها دەستی پێکرد:

- خێزانی ئێمە پێش ئەوەی بێینە هەولێرماڵمان لە شەقڵاوە بوو وەک ئەوەی لە یادەوەری مندا لەو سەردەمە ئەوەی هەستم پێکردووەو ئەوەی کە دایک و باوکم بۆ منیان گێڕاوەتەوە بەمجۆرە بووە: ئێمە لەگەڵ ماڵی مامم لە یەک ماڵدا دەژیاین. باوکم دووکانی کوتاڵ فرۆشتنی هەبوو و مامیشم مامۆستا بوو. ئێمە لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکەمان هیچ گرفتێکمان نەبوو. ئەودەمی شەقڵاوە ناحیە بوو ئەگەرچی بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەری پۆلیس و ئیدارەی حکوومەتی مەلەکیش هەبوو، بەڵام حوکمڕانی لەژێر سایەی ئاغا و بەگزادەکان بوو، بەتایبەتی دوو ئاغا هەژموونیان بەسەر ئەم شارەدا هەبوو. ئێمەی جوولەکەش لەژێر سایەی دوو ئاغا دەستڕۆیشتووەکە بووین. ئێمە لەژێر دەسەڵاتی کەمال ئاغا بووین. بابم لە دووکانەکەی خۆی کاسبی دەکرد و بۆ بازرگانیش دەچووە بەغدا و تاران و ئیستەنبۆڵ. ئاغا مانگانە سەرانەی خۆی لە بابم وەردەگرت و لە بەرانبەریشدا کەس نەیدەوێرا گێچەڵمان پێبکات، بەڵام پیاوانی ئاغا زۆر جار دەهاتنە دووکان و دیارییان لە باوکم وەردەگرت جا قوماشی پیاوانە بووایە یا هی ژنان، جارجارەش داوای پارچەی گرانبەهایان لێی دەکرد ئەویش بە ناچاری بۆ پاراستنی خۆی رازیدەکردن. ئیتر ژیانی ئەوکات ئەوها بوو، هەموو شتێک لە ژێر هەژموونی ئاغا و بەگزادەکاندا بوو، بابم دەیگوت: خەڵکەکە لەگەڵ ئێمە باش بوون تەنیا پیاوانی ئاغاو دز و جەردە و ناکەسبەچەکان بۆ مەرامی خۆیان غەدریان لە ئێمە دەکرد، هەروەها بابم دەیگوت: ئێمە لە هەموو جیرانەکان زیاتر لەگەڵ خێزانی حاجی ساڵح ملخوار و خێزانی مام مەنسووری دیان هاموشۆی یەکترمان دەکرد، ماڵی ئێمە لە نێوان هەردووکیاندا بوو، حاجی ساڵح دووکانی کوتاڵ فرۆشتنی هەبوو، چەند ساڵێکیش پێکەوە شریک بووین. ئێمە وەکو موسڵمان و دیان و جوو رەفتارمان لەگەڵ یەکتردا نەدەکرد، بەڵکو وەک دراوسێی یەک نەتەوە رەفتارمان دەکرد ئەگەرچی لە ئایینیشدا لێکتر جیاوازبووین. هەرگیز هیچ لایەکیان بە ئێمەیان نەدەگوت: دینی ئێمە لەسەر هەقە و هی ئێوە ناتەواوەو هەونییە و وەرنە سەر دینی ئێمە.

# زوهره و یونه

کاتێ لەبارەی عیشقەوە لێتدەپرسن پێیانبڵێ:
مردنێکی خۆشە و هیچ عاشقێکیش نییە نەگریابێت

(جەلالەدینی رۆمی)

مامم تەنیا سێ کیژی هەبوون: زوهرە و ئەستێرە و فەرحە. گەورەکەیان زوهرە بوو، جاحێل بوو، تەمەنی چواردە ساڵان بوو، لە تەمەنی مندا بوو. ئەستێرەش سیانزە ساڵان بوو، فەرحەش بچووکەکەیان بوو. مامم زۆر حەزیدەکرد کیژەکانی خوێندەواربن ئەودەمی لە شەقڵاوە قوتابخانەی سەرەتایی هەبوو، مامم هەمووومانی خستەبەر خوێندن، بەڵام قوتابخانەی ناوەندی نەبوو کەمال ئاغا لێنەدەگەڕا بکرێتەوە هەمیشە کە داواکاری خەڵک بەتایبەتی مامم زۆر هەوڵیداو خەڵکی کۆدەکردەوەو داواکارییان دەخستە بەردەم بەڕێوەبەری ناحیە کە ئەوکات شەقڵاوە نەببوو بە قەزا ئەوا بەڕێوەبەری ناحیە داخوازییەکەی بە کەمال ئاغا دەگوت ئەویش لەبەر ئەوەی داواکارەکان زۆربەیان شیوعی و مارکسییەکان بوون، بەڵکو پارتییەکانیش چەند کەسێکیان پێیانخۆش بوو ناوەندی لە شەقڵاوە بکرێتەوە، بەڵام ئاغا هەموو جار لێنەدەگەڕا بەڕێوەبەری ناحیە داواکەیان بۆ قەزای کۆیە بەرز بکرێتەوە، بەڵکو ئەو کەسانەشی بە گرتندا کە داوای کردنەوەی ناوەندییان مۆرکردبوو، بەڵام نەیتوانی مامم بە گرتن بدات، چونکە ئەو لە ناوەندی ڕەواندوز مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، داواکارینامەکەشی مۆر نەکردبوو، بەڵکو پشتگیری داواکانیان بوو، چونکە هەم لەلایەک حەزی دەکرد شارەکەی پێش بکەوێت و پلەی زانستی بەرزبێتەوە و ناوەندی تێدا بکرێتەوە تا خەڵکەکەی بەهۆی خوێندەوارییەوە هۆشیار ببنەوەو چیتر خەڵک کۆیلەی ژێر دەستی ئاغا و بەگزادەکان نەبێت، کە هەژموونیان تەواو کردبووە سەر ژیانی خەڵکەکە. هەمیش بۆ ئەوەی بوو تا ئەگەر ناوەندی لە شەقڵاوە کرایەوە ئەوا هەم خۆی وەک مامۆستا دەگوازێتەوە شەقڵاوەو هەمیش من و زوهرە و ئەستێرە کە لەگەڵ مامم لە رواندوز دەمانخوێند، من و زوهرە پۆلی دووی ناوەندی بووین و ئەستێرەش پۆلی یەکی ناوەندی بوو، تا ئەوسا ئێمەش لەم هاتوچۆی ڕێگای قوتابخانە لە شاری خۆمان بخوێنین. ئێمە

لە قوتابخانەی سەرەتایی هەر چوارمان پێکەوە بووین، بەڵام دوایی کە سەرەتاییمان تەواو کرد، ئیتر فەرحەش بە تەنیا لە قوتابخانەی سەرەتایی لە شەقڵاوە مایەوە.

ماڵی ئێمە دوو ماڵ بووین واتە ماڵی ئێمە و ماڵی مامم لە یەک ماڵدا دەژیاین. من تاقانەی دایک و بابم بووم و مامیشم سێ کیژی هەبوون، واتە لەم ماڵەی ئێمەدا ئێمە شەش کەس بووین.

لە دینی ئێمەدا کیژەمام وەک خوشک وابوو بۆیە زوهرە کە لە تەمەنی من بوو لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو. ئەو لە قوتابخانە لە هەمان ژووری من نەبوو، بەڵام لە ژوورەکەیتر لەگەڵ کوڕێکی تری جوولەکە ناوی یونە بوو پێکەوە بوون. لەکاتی چوونە قوتابخانە و هاتنەوەدا من هەستم بەم پەیوەندییە نەدەکرد، وەلێ دوایی زانیم کە ئەو دووانە پەیمانی خۆشەویستیان بە یەکتر دابوو و جارێ لە حاڵەتی یەکتربینینی نهێنی و ژوانی دەرەوەی ماڵ و قوتابخانە بوون. هێشتا بیریان لەوە نەکردبووەوە کە کوڕەکە بێتە داخوازی زوهرە. ڕۆستەم ئاغای کوڕی کەمال ئاغا کە خۆی لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر دەیخوێند کە دەگەڕایەوە شەقڵاوە هەمیشە بەدوای زوهرەدا عەوداڵ بوو، چونکە کاتی خۆشی لە قوتابخانەی سەرەتایی پێکەوە ئەویش لە هەمان قوتابخانەی ئێمە بوو. بەهۆی پیاوەکانییەوە هەمیشە تاقیبی زوهرەی دەکرد و وەک سێبەر بەدوایەوە بوو. ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت زوهرە بە تەنیا دەبێ و لە ماڵی دەستە خوشکێکی خۆی دەهاتەوە لە گەڕەکی بێترمە کە کچەکە دیان بوو و ناوی مریەم بوو. ڕۆستەم ئاغا ڕێ لە زوهرە دەگرێ و گوڵێکی پێشکێش دەکات ئەویش گوڵەکەی لێوەرناگرێ و پێیدەڵێت:

- چیت لەمن دەوێت ئەم گوڵە بدە یەکێکیتر.

ئەویش بۆی دێتە سەرچۆک و پێیدەڵێ:

- زوهرە گیان من تۆم زۆر خۆشدەوێ و بۆت دێمە سەرچۆک. وەرە

دەتکەمە شاسواری خەونەکانم، چونکە لەوەتەی لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە پێکەوە لە یەک قوتابخانە بووین تا ئەودەمەش بیرم لە هیچ کچێکیتر نەکردۆتەوە.

– برۆ وازم لێبێنە ئێمە دینمان جیاوازە بۆ یەکتر نابین.

– تۆ دەکەمە خێزانی خۆم و دەتکەمە شاژنی ئەم شارە. کێشە نییە دینمان جیاوازە وەرە بە شەرعی خواو پێغەمبەر دەتکەمە موسڵمان.

ئەویش بە راشکاوانە پێیدەڵێ:

– ببوورە من ناتوانم بۆ تۆبم. کەسێکی ترم خۆشدەوێ و ناشتوانم لە ئایینی باب و باپیرانی خۆم لابدەم. ماڵباتەکەم رازی نابن و ئەم داواکارییەی تۆ ئەستەمە و نابێت.

ئەویش پێیدەڵێ:

– ناهێڵم لەمن زیاتر پاوانی کەسیتر بیت جا هەر کێیەک بێت موسڵمان، یان مەسیحی، یان جوولەکە. ئەگەر بۆمن نەبیت هەر کەسێکیتر لەتۆ نزیک بکەوێتەوە دەیکەم بە خۆراکی ئەم خاکەی بەرپێت و دەینێرمەوە بۆ ناو خاک.

ئەوەبوو ئیتر رۆژێکیان زوهرەو یونە لە جێی ژوان دەبن، باسی دوارۆژی خۆیان و کۆتایی عیشقەکەیان بۆ یەکتر دەکەن. بێ ئاگان لەوەی کە رۆستەم ئاغا چاودێری کردوون و لە دوورەوەش خزمەتکارەکانی بە دوایەوە بوون. ئاخر ئەو دەیزانی تازە زوهرە ناچێتە ژێر باری داواکارییەکانی ئەو. ئیتر دێتە ئەوێ و بێ سەلام و گفتوگۆ یاخەی یونە دەگرێ و بە جوێنەوە دەیداتە بەر شەق و لێدان. ئەویش هەرچەندە داکۆکی لەخۆی دەکات و لێیدەپاڕێتەوە کە وازیانلێبێنێ، بەڵام ئاغا لە جاران رشتتر رق و کینەی خۆی بەسەردا دەڕێژێ، یونەش پێیدەڵێ:

– ئاغا تۆ چ پێویستییەکت بە ئافرەتێکی ئەویندار هەیە کە کەسێکیتری خۆشبووێت. تۆ چ کارێکت بە زوهرە هەیە کە ئەو لەسەر دینێکیترە. تۆ

ئاغای بۆ تۆ هەر کچێکی داوای بکەیت بە خۆشحاڵییەوە ئەو کچە شووت پێدەکات و هەموو خێزانێک ئاواتەخوازی ئەوەن کوڕە ئاغایەک ببێت بە زاوایان، تکایە مەراقی خۆت لەسەر زوهرە هەڵگرە و مەبە بە بەکرۆکەی مەرگەوەڕ لە نێوان دوو خۆشەویست کە تا مردن دڵیان بە یەکتر داوە.
ئینجا زوهرەش هاتە دەنگ و تکای لە ڕۆستەم ئاغا کرد واز لە یونە بێنێ و بەرۆکیان بەردات، چونکە ئەوان بە خۆشەویستییەوە دەیانەوێ ژیانی هاوسەری پێکبێنن، ئەگەر ئەویش بە زۆرەملێیش بیخاتە ژێر گوشاری خۆی ئەوا ئەویش ناتوانێ لە ژیانێکدا بژیەت، کە خۆی ئارەزووی ئەو ژیانەی نەبێت، ئەوسا ئەودەمیش ئەو خۆی دەکوژێ و ئەو ژیانەی لای ئەوی کە دۆزەخێکە بۆ خۆی و قبووڵی ناکات. ئیتر لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو بۆ ئەم نابێ و تەواو.
ڕۆستەم ئاغا لەم قسانەدا خراتر تووڕە بوو و قینی خۆی بە هەردووکیاندا هەڵڕشت. چاوەکانی سوورهەڵگەڕان و هەستی شەڕانگێزی بەسەریدا زاڵ بوو، دەمانچەکەی لەبەر پشتی خۆی دەردێنێ. سینگی زوهرە دەکاتە ئامانجی گوللەیەک. زوهرە دەکەوێ و خڵتانی خوێن دەبێت. یونە تاسە دەیگرێ. هەموو گیانی دەلەرزێ. نازانی چیی بکات و چۆن تۆڵەی خۆی لە ئاغای دڵڕەق بکاتەوەو چۆن داکۆکی لە خۆشەویستەکەی و خۆی بکات، لەکاتێکدا ئەو چەکی هەیە و دەوروپشتی پڕە لە خزمەتکار و ئەویش تاقە چەکی تەنیا و تەنیا خوایەکە کە ڕەنگە تا قیامەت تۆڵەی ترازانی دوو دڵی خۆشەویستی بۆ نەکاتەوە. یونە، زوهرە لە باوەش دەگرێ و بۆی دەگری و هاواری یارمەتی لە خەڵکی ئەو ناوە دەکات، بەڵام کەسێک بە هانایانەوە نایەت. شوێنەکەش ناو باخچەی ماڵانە و خەڵکی تێدا نابینرێ.جا ئەوە بینیشیان کێ دەتوانێ بەرەنگاری ئاغا و دارو دەستەکەی ببێتەوە. هەر کەسە کڵاوی خۆی گرتووە تا با نەیبا کەسیش نایەوێ داوی خۆی بخاتە داوی ئاغاوە، چونکە چارەنووسی نادیار دەبێت.

ئەوانەی کە لە دوای ئەم تەقەیەوە پەیدادەبن و دێن تەنیا دارو دەستەی ڕۆستەم ئاغان کە بە ئاماژەی ئەو دێنە ناو گۆڕەپانی ڕووداوەکە و قونکە دەمانچەیەک لە سەری یونە دەدەن و بەسەری خوێناوییەوە دەکەوێتە سەر جەستەی زوهرەو بێهۆش دەبێت.
ئیتر پیاوانی ئاغا دەمانچەکەی دەستی دەسڕنەوەو دەیخەنە ناو دەستی یونە و ئەوناوە جێدەهێڵن و بە نێردراوێک لە ڕووداوێکی ناو باخچان بە پۆلیس دەگەیەنن. پۆلیسیش دێ وێنەی ڕووداوەکە دەگرێ و دەمانچەکە دەخەنە ناو نایلۆنێکەوەو هەردوو جەستەکە دەگوازنەوە نەخۆشخانە.
پاشان هەواڵی مەرگی زوهرەیان بە ئێمەدا. بابم و مامم دوای ئەم هەواڵە دەچن بۆ نەخۆشخانە و تەرمی زوهرە دێننەوە ماڵ، دواییش خزم و جیران و کەسوکارمان و جوولەکەکانی شەقلاوە هەموو کۆبوونەوەو بە ڕێورەسمێکی شایستە مردووەکەی خۆمان لە قەبرستانی جوولەکان بە خاک سپارد.
ئەودەمای من چواردە ساڵان بووم و هاوتەمەنی زوهرەش بووم و بە هاوڕێی تەمەنی خۆشم دەزانی جیا لەوە کە کچی مامم بوو، پێکەوە لە یەک ماڵ بووین و پێکەوە گەورە بووین و پێکەوەش دەمانخوێند. ئیتر تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەم تاوانە دڕندانەی ڕۆستە ئاغام لە یاد ناچێت، لەوکاتەوە تا ئێستاش ڕقم لە دڕندایەتی ئەو کوڕە ئاغایە دەبێتەوە. باب و مامیشم و خزمەکانیشم تەنانەت جیرانەکانیشمان زۆر لە جاران زیاتر ڕقیان لە ڕۆستەم ئاغاو کەمال ئاغای بابی دەبووەوە کە لەژێر سایەی ئەوان ڕۆژانە زوڵم و ستەم لەو خەڵکە دەکەن و ئەوەی ئەوان پێیان باش نەبێت و نێتە سەر ڕێی ئەوان و بە گوێیان نەکات بیکوژن. ئا وا بیرم دێتەوە کە لە تازیەدا دانیشتبووین دەیانگوت:
ماڵی حاجی عەلی بەرازکوژی ئەو سەردەمانە ملیان بۆ خواستەکانی ئاغا نەدەدا، حاجی عەلی زەوییەکی باشی هەبوو نە لەگەڵ ئاغا دەبوو

به شریک تا داکۆکی له زەوییەکەی بکات نە دەشیفرۆشتە ئاغا. کەمال ئاغاش زۆر لێی بە هەنجەت بووە. رۆژێکیان حاجی عەلی ئەمری خوا دەکات و قەلای ئەو خێزانە دەڕووخێ. پیاوانی ئاغا ناهێڵن بە خاکی بسپێرن، پێیاندەڵێن: (تا دووسەد لیرە نەدەن ناهێڵین بینێژن) ئەوانیش هەرچەندی دەکەن و دەچنە لای پۆلیس و شکایەت دەکەن کەس لێیان نایەتە دەنگ، چونکە بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری ناحیەش هەموو ئاڵقەی دەستی ئاغا و بەگزادەکان بوون بەتایبەتی کەمال ئاغا کە سامی خۆی بەسەر هەموویاندا هەبوو. خۆ مفەوەزی پۆلیسیش کە عەلی قامچی رەشیان پێدەگوت پیاوێکی زاڵم و رەق بوو لەگەڵ خەڵک و چەڵاوخۆری ماڵی ئاغا و بەگزادەکان بوو، بەتایبەتیش سێبەری ترسی کەمال ئاغا بوو لە شەقڵاوە بۆیە خزمەکانی حاجی عەلی هیچیان پێنەکرا بە هەموویان دووسەد لیرەیان نەبوو بیدەنە کەمال ئاغا بۆیە بە ناچاری پارچە زەوییەکەیان دایە کەمال ئاغا تا هێشتی مردووەکەیان بنێژن دوای تازیەش بەدوای میراتگرانی حاجی عەلیدا نارد تا بێن لە تاپۆ زەوییەکە بەناو کەمال ئاغا بکەن.

ئەوەشم لەبیرە هەر لەکاتی تازیەدا زوڵمێکی تری کەمال ئاغایان گێڕایەوە کە ئێستاش لەبیرم ناچێتەوە. لێیدەگێڕنەوە دەڵێن: کەمال ئاغا بۆ کارێکی خانووەکەی بەدوای گۆرگیسی دیاندا ناردبووی کە وەستایەکی دەستڕەنگینی خانوو بوو تا ئیش لە خانووە نوێیەکەیدا بکات،هەواڵی بۆ دەنێرێ کە بەیانی بێتە کاری ئاغا ئەویش بە خزمەتکارەکانی ئاغا دەڵێ: بڕۆن بە میران بڵێن سبەی کاری دائیرەم هەیە و دەچمە هەولێر. ئەویش تووڕە دەبێت و دەڵێ: هەر ئێستا دەچن ئەو گاورەم بۆ دێنن. ئاغاش لەجێی خانووە نوێیەکەی دەبێت بە خزمەتکارەکانی قەبرێک هەڵدەکەنێ و بە زیندوویی دیانی بێ چارە دەخاتە ناو گۆڕەوە، هەرچەندی قوڕبەسەرەی هاوار دەکات و دەڵێ: ئاغا من کردم تۆ نەیکەی پەشیمان بوومەوە، بەڵام

ئاغا دەڵێ: نەخێر تۆ ئەو پیاوەی قسەی من بشکێنی. بڕیاردەدا بە زیندوویی خۆڵی بەسەردا بکەن. دیانی فەقیریش هەر هاوار دەکات تا نەفەسی تێدایە بەرگری لە ژیان دەکات تا بێدەنگ دەبێت. دەڵێن بۆ بەیانی ئاغا بڕیار دەدات کە دارگوێزێکی لەسەر شوێنی ناشتنەکەیدا بچێنن و شوێنەکەش نەبێتە قەبر. دەڵێن ئێستاش دارگوێزەکە گەورە بووەو ماوەو لەو ساوە بەم گۆڕە دەڵێن (گۆڕە گوێزی دیانی) بە خوای مەراقمە ئەگەر بێستوون لەگەڵ خۆی بمبات بۆ شەقڵاوە بچم سەردانی شوێنی کوشتنی زوهرەو ئەم گۆڕە گوێزەو قەبری مردووانی خۆمان بکەم بەتایبەتی گۆڕی مامم کە لە بەشێکی تر و چیرۆکێکی تری زوڵمەکانی ئاغا تراژیدیای بە غەدر کوشتنی مامیشم دەگێڕمەوە. ئەوسا دەزانن ئەو ئاغایە چ زاڵمێک بووە، بەخوای پێمخۆشە بمبەنە سەر گۆڕی ئەو ئاغایەو بە پێلەقان بکەومە سەر گۆڕەکەی،ئەگەرچی ناتوانم تازە هیچ تۆڵەیەکی لێبکەمەوە، بەڵام خۆ دەتوانم گویەکی گەورە لەسەر گۆڕەکەی بکەم و بڵێم (هەی زاڵم چیت لەگەڵ خۆت بردە ئەو گۆڕە. چیت چاندووە بۆ دوارۆژی خۆت. ئێستا وا خەڵکی ئەم شارە لەجیاتی دوعات بۆ بکەن و بڵێن پیاوێکی باش بوو، نەفرەت لە گۆڕەکەشت دەکەن. دەبڕۆ هەی بە نەفرەتی خوا بیت و جێت ناوەندی جەهەننەم بێت) ئیتر دوای رووداوی زوهرە هەمیشە بیرم دەکردەوە کە ئاخۆ دەبێ رۆژێک بێت ئەو ئاغایە و دارو دەستەکەی تۆڵەی ئەو قوربانیانەیان لێبێتەوە کە بەهۆی ئەوەوە لە ژیان سڕانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش کەسوکار و خزمانی ئێمە کەس نەیدەوێرا لەگەڵ موسڵماناندا بتوانن بڵێن: رۆستەم ئاغا بکەرو خاوەن سیناریۆی رووداوی کوشتنی زوهرە بوو. لەملاوەش یونە دوای چارەسەرکردنی خرایە بەندیخانە، ئەگەرچی کەسوکاری ئێمەش دەمانزانی کە یونە زوهرەی نەکوشتووە بەتایبەتی مامم کە دوای کارەساتەکە لەگەڵ خێزان و کەسوکاری یونە پێکەوە گفتوگۆیان کرد. مامم لەم دانیشتنەدا

پێیگوتبوون:

(ڕۆستەم ئاغا پێش ئەو کارەساتە جارێک لەکاتی هاتنەوەی لە ڕواندزێ ڕێی پێدەگرێ و داوای زوهرەی لێدەکات کە بیداتێ، ئەویش دەڵێ: جا چۆن دەبێ تۆ موسڵمان و ئێمە جوولەکە. ئەویش دەڵێ: دەیکەم بە موسڵمان. مامیشم دەڵێ: بەڵکو ئەو ڕازی نابێت ببێتە موسڵمان. ئەویش دەڵێ: با هەر یەکەمان لەسەر دینی خۆمان بین) مامیشم بە هەردوو حاڵەت داواکەی ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو وەک جوولەکەیەکی شیوعی هەم لەبەر ئەوەی وەک پرەنسیپی بیروباوەڕەکەی دژی دەرەبەگ و سیستەمی کۆیلایەتی و ئاغا بوو هەمیش بڕوای بە سەربەستی ئافرەت هەبووە،لای ئەو دەبێت ئافرەت خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و خۆشی بەشداری ژیانی خۆی دەستنیشان بکات. لە ڕووی دینییەوەش هەر ڕەتیدەکاتەوە، چونکە دینەکەی ئێمە ژنخوازی و پێکهێنانی خێزانی نوێ لە نێوان کەسێکی دینی ئێمەو دینێکی تر ڕێگەپێنەدراو بوو، دینی ئێمەش دینێکی تەبشیری نییە داوا لە کەس ناکرێ بێتە سەر دینی ئێمە مەگەر بە ویستی خۆی بێت. ئەمانە هەموو هۆکاربوون کە مامم ئەم داوایەی ئاغا ڕەتبکاتەوە. ئەوەی زیاتریش ڕێگربوو ئەوە بوو مامم خۆی وەک شیوعیەک هەمیشە لە دژی ئاغا و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بوو و هەوڵەکانیشی دیاربوون بۆ کۆکردنەوەی خەڵک بەتایبەتیش خەڵکە مارکسییەکە کە ئەوکاتە شان بە شانی شیوعییەکان ئەڵقەکانی مارکسییەکانیش هەبوون، ئەوانە بە بیروباوەڕ مارکسی بوون و دژی دەسەڵاتداری و ستەمی ئاغاکان بوون، کەچی وەک ڕێکخراو شیوعی نەبوون. بەڵام مامم لەگەڵ ئەو خەڵکە مارکسییەدا جێی خۆی کردبووەوە، کە لە ڕواندز دەهاتەوە شەقڵاوە ئەو خەڵکەی شان بە شانی شیوعییەکان لە دەوری خۆی کۆدەکردەوەو لە چایخانەی سیمۆن،یان کریکۆری دادەنیشتن، یان لە دەرێی شار یا لە باخچەی ماڵی دیانەکانی شەقڵاوە لە

بێترمه و هەندێ جاریش له گوندەکانی دەوروپشتی شەقلاوه لەگەڵ یەکتر کۆدەبوونەوه. جا ئەگەر مامم ئەو داوای ئاغای قبوڵ بکردبووایه، ئەگەر بڵێین بشکرێ که کچه جوولەکەیەک بدرێت به کوڕه موسڵمانێک، یان به پێچەوانەوه ئەوا ئەودەمه راستگۆیی مامم و خەباتی سیاسی دەکەوته ژێر پرسیارەوەو شەرمەزاری بیروباوەڕی خۆی دەبوو ئەوسا نەک هەر شیوعی و مارکسییەکان، بەڵکو ئێمەش جوولەکەکانی شەقلاوه که هەموومان له دەوروپشتی دوو ئاغا بووین، هەمووان ئەوکاته. واته هەموو جوولەکەکانیش نەفرەتیان له مامم دەکرد. ئەویش نەیتوانی خیانەت له بیروباوەڕەکەی خۆی بکات. لەلایەکی تریشەوه دەیزانی رۆستەم ئاغا بکەری ئەم تاوانەیه، بەڵام ئەوسا بارودۆخی ئێمه وابوو ئەو زەمانه حوکم حوکمی ئاغا و بەگزادەکان بوو، ئەگەرچی دارو دەستەی حکوومەتی مەلەکیش هەبوو. پۆلیس هەبوو. لەشکر هەبوو. ئەوساکه کەس نەیدەوێرا دژی دەسەڵاتی ئاغاکان دەنگ هەڵبڕێ، چجای ئێمەی جوولەکه که لەم شارەدا ئێمه و کریستیانەکان کەمایەتی بووین، بۆیه نەماندەتوانی دەنگ هەڵبڕین و بڵێین ئاغا ئەوه تۆ بووی ئەم کارەت ئەنجامدا، ئەگەر حکوومەت نەبێت و حکوومەت خۆی لەژێر هەژموونی ئاغاکان بێت ئێمه بڵێین چی، هەرچیمان بکردایه سەرەنجام مایەپووچ دەردەچووین. ئێمەش لەبەر ئەوەی کەمینه بووین دەمانەویست به هەر شێوەیەک بێت بوون و مانەوەی خۆمان بپارێزین، ئەمەش له نێو موسڵماناندا ببوو به ئیدیۆمێک که ناوی ئێمەیان وەک ترسنۆک له قەڵەم دەدا خۆ له نێو موسڵماناندا لەنێوان خۆشیاندا ئەگەر یەکێک ترسنۆک بووایه پێیاندەگوت: (دەڵێی جووی)، ئەمه و دەیان ئیدیۆمیتر که ببوون به وێردی سەر زاری موسڵمانان. ئەوەش نازانم بۆچی موسڵمانان هەرگیز متمانەیان به ئێمه نەبووه رەنگه ئەوەش هۆکارێکی دەروونی خۆی هەبێت، چونکه هەمیشه به یەکتریان دەگوت: (له ماڵی جووی نانی بخۆ. له ماڵی دیانی بنوو) واته ماڵی کریستیانەکان

جێی متمانەیە بۆ مانەوەو نووستن لێی بۆ موسڵمانان، بەڵامماڵی جووی وەک موسڵمانان پاک و خاوێنن. ئەمەش هەر ئیدیۆمێکیتری شووم بوو لە نێو خەڵکی یەک دەڤەر بڵاوببووەوە. ئێمەش هەمیشە بۆ مانەوەی خۆمان نەماندەتوانی بەرەنگاری ئەو خەڵکە ببینەوە، چونکە ئێمە کەمتر بووین، ئەگەر قسەمان بکردایە لای موسڵمانان ئێمە غەیرە دین بووین و بگرە لای هەندێک کەسیش گاور بووین و لای ئەو کەسانە هاموشۆی ئێمە پەسەند نەبووەو بۆ دینەکەیان کەموکوڕی بووە و پەسند نەبووە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئێمە جوولەکەکانی شەقڵاوە بەناو لەژێر پشتیوانی دوو ئاغادا بووین، ئەگەرچی بۆ بەرژەوەندی خۆیان تاڕادەیەک ئێمەیان دەپاراست، بەڵام ئێمەش هەم لە ئاغاو دارودەستەکەی دەترساین و دەبووایە داخوازی ئەوان بەجێبگەیەنین و بە پارەو دیاری و دەم چەورکردن و دانی سەرانە و خۆکرکردن خۆمان بپارێزین، هەمیش لە دەست خەڵکی ناوچەکە نەماندەتوانی وەڵامی سووکایەتییەکانیان بدەینەوە، ئێمەش خۆمان دەدایە دەست خوا و قەدەر. کەسوکاری یونە ئەگەرچی پارێزەریشیان بۆ گرت، بەڵام نەیانتوانی بێتاوانی بسەلمێنن، چونکە ڕۆستەم ئاغا کە کەمال ئاغای باوکی زۆر دەستڕۆیشتوو بوو بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لە خۆی دەکرد و هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ تا لای کاربەدەستان دەست بخاتە ناو کاری دادگا، بەڵام حاکمی ئەم مەلەفەی یونە و ڕۆستەم ئاغا حاکم عەبدولباری بوو، کە خەڵکی خانەقین بوو، لەوێ لەبەر شیوعیاتی گوێزرابووەوە هەولێر و پاشانیش حاکمی دادگای شەقڵاوە. پیاوێکی خاوەن ویژدان و بە ڕەوشت و بە ویقار بوو. حەزی نەدەکرد بچێتە ژێر ركێفی بەڕێوەبەری ناحیە و سەرۆکی دادگای هەولێر بۆ واستەکاری لایەنی ئاغا. داواکاری گشتیش لە ڕاستی ڕووداوەکە ئاگاداربوون بەڵام کەوتبوونە ژێر گوشاری ئاغا و کاربەدەستانی هەولێر و شەقڵاوە. ئاغا چەندان جار دیاری بۆ حاکم عەبدولباری دەنارد، کەچی ئەو وەک ئەوە ڕەفتاری دەکرد

که ئەگەر بچێتە ژێر گوشاری بەرپرسان و ئاغا ئیتر راستگۆیی خۆی لەدەست دەدات و ئیتر لە شوێنی سوێندخواردنەکەی نییە کە لەکاتی بوونی بە حاکم سوێندیان دابوو. ئاغا نەیتوانی هیچی لەگەڵدا بکات. رۆژێکیان بەیانی پێش ئەوەی حاکم بچێتە دادگا خۆی و پیاوانی لە پێش دادگا رادەوەستێ تا حاکم دێتە دادگا. پێش ئەوەی بچێتە ناو هۆڵی دادگا لە دەرەوەی دادگا لە گەراجەکەیدا ئاغا بانگی حاکم عەبدولباری دەکات و ئەویش پێی دەڵێ: (چیت هەیە لە دادگا بە ئێمەی بڵێ) ئیتر دەبێتە دەمەقاڵێ و ئاغا بۆ ئەتککردنی شکۆی حاکم بۆینباغەکەی رادەکێشێ و دوو زللە لە حاکم دەدات. پاسەوانەکانی حاکم و پۆلیسی دادگا تەنیا دەتوانن لێکیان جیابکەنەوە. ئاغا دەمی پۆلیسەکانی هەموو چەور کردبوو. نەیانتوانی، یان هیچیان نەکرد. حاکم تازە دەزانێ ئەو لە سایەی حکوومەتی مەلەکیدا تەنانەت خودی نوری سەعیدیش کە سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق بوو هیچی بۆ ناکات، یان نایەوێ ئاغاکان لە دەست بدات و دەزگاکانی حکوومەتی مەلەکی دەستەوەستان بوون لە داکۆکی حاکم و ئەویش هەست بە شکانی شکۆی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەندەیان بۆ کرد داوای گواستنەوەکەیان بۆ کفری پەسندکرد. ئەویش پێی باشتر بوو هیچ نەبێت لە خانەقین نزیک بوو، بەڵام رازی نەبوون بگەڕێتەوە خانەقین. حاکم عەبدولباری ئەگەرچی بەدەست ئاغا شکۆشی شکا، بەڵام چوونی بۆ کفری تۆزێک ئارامی پێبەخشی.
ئەمجارەیان حاکمێکیتر لەجێی ئەو لە دادگای شەقڵاوە دۆسیەکەی وەرگرت. ئەمجارە کەمال ئاغا توانی زوو بیخاتە ژێر گوشاری دیاری و داوەتەکانی. بەمەش رۆستەم ئاغا وەک موویەک لەناو ماست دەربێنێ ئاوا لەم رووداوەدا دەریانهێنا بگرە ناویشی لەم رووداوەدا نەهات. یونەش بە تاوانی کوشتنی زوهرەی کچی مامم بە پانزە ساڵ حوکم دراو بۆ زیندانی هەولێر گوێزرایەوە.

# دوورخستنەوەی مامم
# مامۆستا یۆنان

ئەوەی لە تەنیشت ڕێگایاندا
بنوێ، یان کڵاوەکەی، یان سەری خۆی لەدەست دەدات

(نیزامی)

مامم پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، بە بیروباوەڕ شیوعی بوو، زۆر زیرەک و چالاک و بە توانا بوو. هەڵسوکەوتی و شێوەی ئاخاوتن و قسەزانی و زانیاری گشتی و باکگراوندی مێژوویی و هزری وایلێکردبوو کاریگەری لەسەر خەڵکی شەقڵاوەدا هەبێت بەتایبەتی شیوعییەکان و مارکسییەکان و لایەنگرانیان و ئەو کەسانەی چەپڕەو بوون، تەنانەت هەندێک لە نەتەوەییەکانیش. ئەو باسی ئازادی و سەربەستی و یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی و وەستانی دژی دەرەبەگ و سیستەمی سەرمایەداری و چەوسانەوەو مافی مرۆڤ و هزرە مرۆییەکانی بۆ خەڵکەکە دەکرد. بەتایبەتیش چینی کەمدەرامەت و جووتیار و کرێکار و خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە. خەڵکی موسڵمان و کریستیان و جوولەکە بێ جیاوازی ئایینی پشتیوانی و گوێیان لێڕادەگرت و لە دەوری کۆدەبوونەوە، ئەویش بڕوای بەوە نەبوو کە پیاوێکی جوولەکەیە، بەڵکو وەکو مرۆڤێک ڕەفتاری دەکرد کە هزری دینی ڕەتدەکاتەوەو بڕوای بەم گۆتەزایەی مارکس بوو کە دەیگوت: (ئایین ئەفیونی میللەتانە) ئەویش بڕوای وابوو کە دەبێ خەڵکەکە لە توندڕەوییەکانی هەموو دینێک دابماڵرێن، بەڵکو تاکە دینی مرۆڤ لایئەو هەستی بە مرۆڤ بوونی بوو. هەمیشە فەلسەفەی مارکس و هیگل و ئەنگلس و هزرڤانە مارکسییەکانی تری بۆ لایەنگرانی خۆی شیدەکردەوە باسی چارەنووسی ئادەمیزاد و کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و کێشمەکێشەکانی دنیاو پێشهاتەکان و کاروباری سیاسی ئەو سەردەمەی خۆی بۆ دەکردن. هەمیشە بە خەڵکەکەی شەقڵاوەی دەگوت: (ئێوە لە دنیادا بە سەربەستی لە دایک بوونە و دەبێ هەر بە ئازادیش بژین و بمرن. مەهێڵن هیچ کەس و گرووپێک و چ حزبێک بتوانێ هزری خۆیتان بەسەردا بسەپێنێ. مەهێڵن هیچ کەس و لایەن و دین و تاقمێک ئازادییەکانتان لێ زەوت بکات. بۆیە دەبێ بۆ ئەو ئازادییەی خۆتان بجەنگن و لە پێناوی ئەم ئازادییەی خۆتان خەبات بکەن. دەبێ خۆتان لە دواکەوتوویی ڕزگار بکەن و مەهێڵن کەسێک بتانکات بە کۆیلەی خۆی .ئێستا سەردەمی ئازادییەکانە. سەردەمی نەمانی سیستەمی دەرەبەگایەتییە.

سەردەمی چەوسانەوەی چینایەتیش ئەرکێکی ئێوەیە. ئەوەی مرۆڤی راستەقینە بێت هەرگیز زۆرداری ناکات و قبوڵ ناکات و میللەتێکیتر لەناو نابات و مرۆڤ ناچەوسێنێتەوە، جا بۆچی جیاوازی بکەوێتە ناو مرۆڤەکانەوە. هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو دەبێ بڕوای بە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەمانی جیاوازی چینایەتی و کۆیلایەتی و بڕوای بە ئازادی و سەربەستی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە.)

قوتابییەکانیشی چ ئەوانەی لە رواندز دەرسی پێدەگوتن و لێی کۆدەبوونەوەو خۆشیان دەویست و متمانەیان پێدەکرد و پرسیارە نەزانراوەکانیان لێدەکرد و پێی کاریگەربوون و چ ئەوانەش کە لە شەقڵاوە ئەگەرچی قوتابیشی نەبوون، بەڵام وەک مامۆستایەکی گرانبەها و خۆشەویست رەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. متمانەیان پێدەکرد، تەنانەت زۆربەشیانی فێری خوێندنەوەی کتێبی سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبی کردبوو، خەریک بوو درکیان بە شتەکانی دەوروپشتی خۆیان دەکرد. هاورێ و دۆستانی خۆی لە دەسەڵاتی نارەواو پڕ لە کوێرەوەری و دژە مرۆڤی ئاغا و بەگزادەکانی شەقڵاوە و دەوروبەری ئاگادار کردبووەوە. خەریک بوو شانەی نهێنی لە شیوعیەکان دروست دەبوون دژی دەسەڵاتی مەلەکی و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی. ئاغا و بەگزادەکان هەستیان بەم مەترسییە کرد دەیانزانی مەترسی گۆڕینی سیستەم، واتە نەمانی حوکمڕانی ئەوان. بۆیە نەک هەر دژی ئەم کۆبوونەوانە، بگرە رێگریش بوون لە کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی، ئەوان نەیاندەویست خەڵکەکە چاوی بکرێتەوەو هۆشیار ببێتەوە لە هەموو هۆشیاربوونەوەیەکی رووناکبیری دەترسان بۆیە ئەو کەسانەشیان بە گرتندا کە داوای کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندییان کرد تا خەڵک هەر لە خەودا بێت و ئەوانیش هەر لە خۆشی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بن. ئاخر ئەگەر خەڵک هۆشیار بووەوە ئەوان بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسی. بۆیە پێیان رەوا بوو هەرچییەکی بیکەن تا کورسییەکانیان پارێزراو بێت. ئەوان دەیانزانی مامم خەڵکی هانداوە تا داواکاری کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی بکەن،

بەڵام لەبەر ئەوەی بە رەسمی ناوی لەنێو داواکاراندا نەبوو نەیانتوانی بیخەنە بەندیخانە، بەڵام پیاوانیان چاودێری مامم و ئەو کەسانەیان دەکرد کە لێی کۆدەبوونەوەو لەگەڵیدا دادەنیشتن ئەمەش نە مامم و نە کەسانی دەوروبەرەکەی نەدەترساند، بەڵکو زیاتر لە کاری خۆیان رشتتری دەکردن. ئەوان هەستیان پێکرد وا خەریکە کەسانی شیوعی و ئەڵقەکانی مارکسی و نیشتمانپەروەرەکان و کەسانیتری رۆشنبیر دەیانویست گۆمی بێدەنگی بشکێنن و دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی خەبات بکەن. هەستیان بەوەکرد کە وروژاندنی بابەتی مرۆیی و یەکسانی و چینایەتی و نەتەوەیی و تەنانەت هەموو بابەتێکی هزری و جموجۆڵێک لێدانە لە پایەی ئەوان. ئەوانیش کەوتنە خۆ. کەمال ئاغا و حاتەم ئاغا ئەم جموجۆڵ و پێشکەوتنانەیان لە کەسی مامم‌دا دەبینی بەتایبەتی دوای ئەوەی کچی مامم بەدەستی کوڕەکەی کەمال ئاغا کوژراو کەسیش هیچی پێنەکراو بە ناهەقیش یونەیان کردە بکوژ. مامم ئەڵقەی رۆشنبیری زیاتر رێکدەخست و دوای ئەم رووداوەش ئاگادارکردنەوەو تێگەیاندنی راستی رووداوەکەو چۆنیەتی رزگاربوونی ئیسلام و مەسیحی و جوولەکەکانی شەقلاوەی لە دەسەڵاتی هەمەجی ئاغاکان لە خەڵکەکە دەگەیاند. دەیانزانی مامم کاریگەری لەسەر خەڵک لە شیوعییەکانی تر زیاتر بوو، بۆیە یەکەم هەنگاو بڕیاریاندا کار بۆ گواستنەوەی مامم بکەن لە رواندزەوە بۆ کۆیە، دواتریش وردە وردە پیلان بۆ نەهێشتن و دوورخستنەوەو بەگرتندانی نەیارانیان بکەن. ئەوەبوو کەمال ئاغاو حاتەم ئاغا بە هەردووکیان سەردانی بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێریان کردو دواتریش بە دیاری و داوەت فەرمانی گواستنەوەی مامم بۆ کۆیە دەرچوو. ئەمەش هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ ئاغاکان تاکو بە دوورخستنەوەی مامم بتوانن نەیارانیان پەرت و بڵاو و پەراگەندە بکەن و لە شەقلاوەیان دووربخەنەوەو بیانخەنە بەندیخانە و چرای زانستی و رۆشنکردنی خەڵک لە دژی ئەوان بکوژێننەوەو خەڵک هەر لەناو تاریکی و ژێر سێبەری ئەوان بە نەزانینی بمێنێتەوە.

# خەنجەری ژەهراوی

ئەوەی حیکمەتی نەبێت، حوکمڕانیشی نابێت

(ئیبن عەرەبی)

کاکە زیادی کۆیە پیاوێکی خانەدان و خاوەن دیوەخان و دەستکراوەو هەژاردۆست بوو، خەڵکی کۆیە گەورەو بچووک، ڕۆشنبیر و نەخوێندەوار هەموو خۆشیاندەویست. هەمیشە ڕێزی لە شاعیر و نووسەرانی کۆیە دەگرت و پرسی پێدەکردن و قسەی نەدەشکاندن، ئەگەر یەکێکیان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری هەبووا زۆر بە کەڵکی دەهات. پیاوێکی کوردپەروەرو مرۆڤدۆست بوو. زۆر ڕێزی لە پێکهاتەکانی کۆیە دەنا. جوو و دیانەکان هەمیشە پەنایان بۆ دەبرد. لەبەر ئەو بوو کەس نەیدەوێرا بە چاوێکی سووک بڕوانێتە دیان و جوولەکەکانی کۆیە، دەیگوت: هەمووومان لەم شارەدا وەک برا پێکەوە دەژین، ئامانجی هەمووومان خزمەتکردنی وڵات و نیشتمانەکەمانە با دینیشمان جودابێت. کە مامم بۆ کۆیە گوێزرایەوە بۆ ڕۆژی دووەمی دەستبەکاربوونی کاکە زیاد بەدوایدا نارد، نیوەڕۆ خوانێکی شاهانەی بۆ ڕازاندەوە، ئینجا پێیگوت: تۆ لێرە خۆت خاوەن ماڵی، ئەگەر کەسێک لەسەر دین، یان بیروباوەڕەکەت پەلاماری دایت یاخود گێچەڵیان پێکردی ئەوا یەکسەر بەمنی بڵێ.. هەر زوو خانووێکی بچووکی بۆ دابینکرد و کرێشی لێوەرنەدەگرت. کاکە زیاد هەمیشە هەواڵی شەقڵاوە و برادەرانی خۆی لەم شارە لە مامم دەپرسی. داوایلێکرد مامۆژن و ئەستێرەو فەرحەش لەگەڵ خۆی بێنێ. بۆ ئەستێرەو فەرحە پێخۆش بوو و هەردەبووایە بشیانهێنێ بۆ کۆیە چونکە ئەستێرە، لەگەڵ خۆی بوو لە ناوەندی ڕواندز و فەرحەش لە سەرەتایی بوو بە تەنیا حەزی نەدەکرد بچێتە قوتابخانە، ئەگەرچی ئەو لە قوتابخانەدا تەنیا کچ نەبوو، بەڵکو یەک دوو کچی تریشی لەگەڵدا بوون لەوانە نەسرینی کیژی زەکی هەناری کە بابی نووسەر و شاعیر بوو لە کۆیە و لەبەر کوردایەتی وەزیفەیان گواستبووەوە بۆ شەقڵاوەو ماڵیشیان لە باخچەیەکی لای ماڵی ئەوان نزیک بوو ئەگەرچی پێکەوەش دەچوونە قوتابخانە و پێکەوە دەهاتنەوە، بەڵام مامم دڵی هەر پێوەبوو.

ئەگەرچی کاکە زیاد داوایلێکرد کە بە تەواوی خێزانەوە بێنە کۆیە. واتە هەموومان بچین، بەڵام مامم لەبەر بابم نەیتوانی هەمووومان لەگەڵ خۆیدا ببات تەنیا ئەستێرەو فەرحەی لەگەڵ خۆی برد، منیش بە تەنیا مامەوە کە بۆ خوێندن دەچوومە رواندز، بەڵام دوای گواستنەوەی مامم بۆ کۆیە شەوان لە رواندز نەدەمامەوە بەیانیان بە پەستەکەی هەینی کاوانی و رەشیدی سالح ملخواری کە لە نێوان شەقڵاوەو رواندز کاریان دەکرد، بەیانیان لەگەڵ ئەوان دەچووم و ئێوارانیش لەگەڵ کاروانی گەڕانەوەی ئەواندا دەهاتمەوە شەقڵاوە، ئەمەش ئەگەرچی کاتی زۆری بەفیڕۆ دەدام و ماندوو دەبووم، بەڵام کە ئێواران دەگەڕامەوە ماڵەوە بۆ دایک و بابم و مامۆژنم دەبوومە ئاوەدانی. بۆیە نەمدەتوانی بەجێیان بهێڵم و دڵم سوکنایی نەدەدا بێ ئەوان.

مامم لە کۆیە توانیبووی جێی خۆی لای رۆشنبیران و شاعیر و نووسەرانی کۆیە بکاتەوەو لەگەڵ شیوعی و مارکسییەکان و چەپەکان و پارتییەکانیش بەینی باش بوو، هەمیشە پرس و رایان پێدەکرد و بەهۆی ئەوەوە و بە پشتیوانی کاکە زیاد یانەیەکی رۆشنبیرییان دامەزراند و بایەخیشیان بە کتێبخانەی گشتی کۆیەدا و لەم یانەیەدا کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و رۆشنبیرییان ساز دەکرد، زۆربەی شاعیر و نووسەرانی کۆیە دەهاتنە یانەکە و بوون بە ئەندام. لەم یانەدا خەباتی سیاسی و کۆڕی سیاسی لە نێوان رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و چالاکوانانی کۆیە دەکرد و لە خەباتی سیاسی و چالاکی حیزبی خۆشی بەردەوام بوو و پەیوەندی رێکخستنی لەگەڵ کادیرانی حیزبەکەی خۆی هەبوو و بەردەوام پلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرزدەبووەوەو ببوو بە جێی باوەڕ و متمانەی کەسانی حیزبەکەی خۆی و حیزبەکانی تریش بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بیروباوەڕی ئەو نزیک بوون، چونکە ئەو وەک کوردستانییەک بیری نەدەکردەوە، بەڵکو وەک عێراقییەک دەیگوت دەبێ سەرەتا خەبات بۆ

ئازادی و رزگارکردنی عێراق بکەین لە دەست سیستەمی مەلەکی و دەبێ سەرەتا سیستەمی سەرمایەداری و فیئودالی برووخێنین و یەکسانی لە نێوان عێراقییەکاندا دەستەبەر بکەین. ئەوجا نۆرەی خەباتی نەتەوەییە، بەڵکو هەر بڕواشی بە خەباتی نەتەوەیی نەبوو ئەو دەیگوت: هەموو ئینسانەکان پێویستە ئازادبن و سەربەست بژین ئەو بڕوای بەم دروشمەی حیزبی شیوعی هەبوو کە دەیانگوت: (نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختەوەر) ئەمەش دروشمی سەر رۆژنامەی حیزبی شیوعی بوو، بەڵکو لە هەموو بڵاوکراوەکانیشیاندا ئەم دروشمەیان دەنووسی و بڕوایان بە عێراقێکی ئازاد و سەربەست هەبوو. ئەو دەیگوت ئەگەر هەموو خەڵکی عێراق ئازادبوون و رزگاربوون هیچ نەتەوەو چینێک و پێکهاتەیەکیتر کێشەی نامێنێ .لای ئەو کێشەکە کێشەی سیستەم و کێشەی مرۆڤەکان بوو نەک خاک و نەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش مامم ئەوەندە پیاوێکی قسە خۆش و شێوازی هەڵسوکەوتی نەرم و جوان بوو بۆیە کەسانی نەتەوەیی و بێلایەنەکان و زۆربەی هەرە زۆری شیوعییەکان خۆشیان دەویست و رێزیان لە خەبات و رۆشنبیرییەکەی دەگرت.

با چیتر سەرتان بەم قسانە نەیەشێنم، مامم مانگی جارێ کە هەفتەیەک بە پشوو و بە سەردان دەهاتەوە شەقڵاوە لەم هەفتەیەدا کە دەمایەوە جگە لە خوێندنەوەی کتێب، ئامادەی کۆبوونەوەکانی حیزب دەبوو. ئەم هەفتەیە بۆ ئەو زۆر بوو کە قوتابییە دڵسۆزەکانی هاموشۆی بکەن.

بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن دەچوونە دەرەوەی شەقڵاوە هەندێکجار بە پێیان تا گوندی سپیگرە یەک یەک و دوو دوو و بە جیا جیا دەچوونە ماڵی نوورەدین سپیگرەیی کە شیوعی بوو و چەند جارێکیش لە خۆپیشاندانەکانی شەقڵاوە گیرابوو، بەڵام دوایی کە موختاری گوند پێیزانی ئیتر نەدەچوونە ئەوێ. دەچوونە بێترمە هەر جارەی لە ماڵێک لە ماڵی شیوعییەکان کۆدەبوونەوە، بەڵام دوایی کە ئەو ماڵ و شوێنانە

چاودێرییان دەکەوتە سەر ئەمجارە لە ماڵی موسڵمانە شیوعییەکان کۆدەبوونەوە. بیرمە لە شەقڵاوە شیوعییەکان لە چایخانەی (مەحموودی مەلا سەعید)ی دادەنیشتن و پارتییەکانیش لە چایخانەی (رەسووڵ کاکۆ)ی دادەنیشتن.

پارتییەکانیش شان بە شانی شیوعییەکان لە ماڵەکانی خۆیان هەر جارەی لە ماڵێک کۆدەبوونەوە.

مامم لەگەڵ ئەوەی کە خۆی شیوعی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو توانیبووی هەموو پێکهاتەکانی شەقڵاوە و خەباتگێڕانی و بەرهەڵستکارە بێلایەنەکانیش بکات بە چەپکێکی بەرهەڵستکاری  یەک رێباز کە یەکەم رووخانی سیستەمی مەلەکی و نەمانی دەرەبەگایەتی کە کاری پێشینەی هەردوو حیزب بوو، ئەگەرچی ئامانجی ستراتیژی هەردوولاش جیاوازبوو، بەڵام جارێ لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئامانجی ئێستایان هەریەک شتە، بۆیە ئەگەرچی ئامانج و شیعاراتیشیان جیاواز بوو، بەڵام جارێ لە دژی یەکتر نەدەوەستان ئەگەرچی هەرلایەک پێشبڕکێی بوو کە زیاتر خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ دەسەڵات هەردووک یەک ئامانج بوون کە دەبووایە بگیرێن و نەهێڵن چالاکی بکەن.

کەمال ئاغا و حاتەم ئاغا بیریان لەوە کردەوە کە یەکە یەکە کەسە دیارەکانی بەرهەڵستکارییان لەسەر رێی خۆیان نەهێڵن بۆیە هەردوولا ئەگەرچی ناکۆکی نێوانیشیان هەبوو لەسەر ئەوە کۆک بوون کە یەکەم کەسی مەترسیدار کە دەبوو لەسەر رێگای خۆیانی لادەن ئەوا مامم بوو. لەولاوەش جووەکانی تری ئێمە کەلە ژێر قەڵەمڕەوی حاتەم ئاغا بوون داوای تۆڵەکردنەوەی یونەیان لە ئاغای خۆیان کرد. ئەویش بەڵێنی تۆڵەکردنەوەی پێدان. حاتەم ئاغا دەبووایە کەسێک لە جووەکانی ژێر قەڵەمڕەوی کەمال ئاغا بکوژێ بۆیە پیاوکوژەکانی پێیانگوت: پێویستە ئەم هەڵە بقۆزنەوەو دوو چۆلەکە بەیەک بەرد بکوژن و لەمەیان

ناکۆکی خۆیان وەلانێن. باشترین بیرۆکە لای ئەوان و ئاغایان ئەوەبوو کە لە تۆڵەی یونە کە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەوان بوو بچن مامم بکوژن کە هەم نەیار و هەمیش ئەگەر جوولەکەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی گوتیان پێیانبڵێ منیش دیارترین کەسی ژێر قەڵەمڕەوی کەمال ئاغام بۆ کوشتن. لەژێرەوەش هەردوو ئاغا لەگەڵ یەکتر رێککەوتن و ئاگاداری پیلانەکە بوون و دەبووایە لەسەر جۆری کوشتنەکەی و سیناریۆکەی رێککەون، چونکە دەیانزانی بەدوورخستنەوەی مامم بۆ کۆیە مەترسی لەسەر ئەوان هەر مابوو. زانیاری زیاتریشیان لە ئاغاکانی کۆیە بۆ دەهات کە مامم لەوێش بنکەی رۆشنبیری دامەزراندووەو خەڵکەکە لە دژی ئاغا و سیستەمی مەلەکی ئاگادار دەکاتەوە و دژی دەرەبەگەکانە و بیری شیوعییەت بڵاودەکاتەوە کە بەلای ئەوان کە وایان لەلایەنگرانی خۆیان دەگەیاند کە بیری شیوعییەت بیری گاورانە و بێ دینن و کۆمەڵگا بەرەو بێباوەڕی دەبات، ماميشم دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو و خەڵکی بەردەوام دژی دەسەڵاتی ستەمکاری ئەوان هاندەداو ئاگاداری دەکردنەوە. ئیتر مامم نەک هەر بۆ کەمال ئاغا، بەڵکو بۆ حاتەم ئاغاش مەترسی بوو. سیناریۆکەیان بۆ لادانی مەترسی ئەو ئەوەبوو کە بیر لەوە بکەنەوە خەڵکی لە دژی هان بدەن بەتایبەتی دەیانزانی شیوعییەت بوونی، ئەو گوایە ئەوان پیاوی عرووسانن و ئەوانیش کاتی خۆی چییان بەسەر کوردستان هێناوەو ئەو شیوعیانەش بیروباوەڕییان لە بێ دینییەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە تۆمەت دانە پاڵی ئەو وەک خەنجەری ژەهراوی بوو کە بتوانن خەڵک لە دژی مامم هان بدەن و ئەگەر بشیکوژن ئاغاکان تۆمەتبار نەبن هەر بە خەڵکەکە خۆی بە کوشتنی بدەن و ئەوانیش وەک ماستی ناو موو بێنەدەر و تووشی لۆمەی خەڵکیش نەبن، ئەگەرچی یاسا لە سەرووی ئەوان نەبوو، بەڵام دەیانەویست لایەنگری خۆیان دڵنیابکەنەوە کە ئایین و پاراستنی دینی موسڵمانان لە سەرووی هەموو

شتێکەوەیە لای ئەوان و لەولاوەش ئەگەر جوولەکەکان گلەییان کرد بڵێن ئەوە لە دەسەڵاتی ئەوان نەبووەو نەیانتوانیووە لە مەسەلەیەکی وەها لە دژی ئەم هەموو خەڵکە بن. واتە ئەوان وەک پەندەکە دەڵێ (هەم لە ناڵیشیان دەدا هەمیش لە بزمار.) زۆر لە خەڵکەکەش بۆ ئەم مەبەستە ساویلکە بوون و تەماشای رووکەشی شتەکانیان دەکرد. بۆیە هەردوو ئاغا خەڵکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان لە دژی مامم هاندا.

پیاوانی خۆیان راسپارد تا لەناو خەڵکەکە ئەم قسانە بڵاوبکەنەوە کە بتوانن خەڵک هان بدەن دژی ئەو و پێیان بڵێن دژی ئەوانە بووەستن. ئەوەبوو بە ئەمری هەردوو ئاغاکە چەندان کەسیان لە خەڵکی ژێر قەڵەمڕەوی هەردوولا و بەتایبەتیش لایەنگرانی خۆیان کۆکردەوەو پێیانوتن: (هۆ خەڵکینە بە ئاگاوەرن خەتەرێک هەیە دەبێ هەمووان بیزانن و پێکڕا بتوانن رێگا لەو مەترسییە بگرن. ئەوانە کرێگرتەی عروسانن. ئەوانە دارودەستەیەکی بێگانەپەرستن. ئەوانە ئەڵقە لەگوێی ئەو عروسانەن کە باب و باپیرانی ئێوە لە سەردەمی گرانیدا لەدەست حوکمی دڕندانەی ئەوانە تووشی تالان و کاولکاریی ببوون. ئەوانە لەکاتی هاتنیان بۆ ولاتی ئێمە لەشکرەکەیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هەموو ماڵ و حاڵی خەڵکیان بە تالان برد، تەنانەت خواردن و زەخیرەی ناو مالانیشیان تالان کرد، تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند. ئەودەمان خەڵک واتە کەسوکار و باب و باپیرانی ئێوە وا برسی کرابوون بەستەزمانانە پشیلەشیان دەستکەوتبایە گۆشتیان دەخوارد لە برسان گیاو گۆڵیش نەمابوو بیخۆن. هەزاران کەس لەم گرانیەدا لە باب و باپیرانی ئێوە لە برسان مردن. ئیتر بەسە با ئەم مێژووە رەشە دووبارە نەبێتەوە. با چیتر نەهێڵن ئەوانە ئەو عروسە کافرانەمان بۆ نەهێننەوە. ئەوەی سەری رمەکەشە و لە هەمووان خراپترە و دوژمنی ئێوەیە شیوعییە و بڕوای بە دین نییە و لەسەر باوەڕی ئەو عروسانەن کە دەیانەوێ دنیا

لە دین دابماڵن. خۆشتان دەزانن لەگەڵ کێمانە. جارێ ئێوە سەری مارەکە پانبکەنەوە ئەوانی دی خۆیان لە جوولە دەکەون. خەڵکەکە هەندێکیان دەیانزانی ئەم قسانە بۆ نەهێشتنی نەیارانی ئاغایە بەتایبەتی ئەو ئاغایەی کە قەڵەمڕەویی ئەو فراوانتر بوو.

هەندێک لەو کەسانە کە زۆر توندڕۆبوون و لەوانیتر زیاتر رقیان لە شیوعییەکان دەبووەوە، لە نێوان خۆیان وا رێککەوتن کە ئیتر خۆیان کۆبکەنەوەو یەکەم کەس سەری مارەکە واتە مامم پان بکەنەوە، چونکە ئەوان واتێگەیەندران کە ئەمەش پاداشتی دنیاو قیامەتی بۆ ئەوان دەبێت. ئیتر چەند کەسێکی توندڕەو و نەخوێندەوار هاتن بەرەو لای ئەوانیتر. هەموویان لە گەڕەکی چۆمی خوێنی یەکیانگرتەوە. پۆلیسەکانی مەخفەریش کە ئەم جمووجۆڵەیان هەستپێکرد هاتنە خوار تا رێ لە هێرشکەران بگرن، بەڵام پیاوانی ئاغا هەڕەشەیان لێکردن. عەلی قامچی رەش کە مفەوەزی مەخفەر بوو زۆر بێویژدان و دڕندە بوو کە بینی پیاوانی کەمال ئاغا و حاتەم ئاغا پشتیوانی ئەو کەسانە دەکەن، ئەمری بە پۆلیسەکان کرد وازیانلێبێنن. ئیتر هێرشەکە بە هەڕەشە و پڕ لە رق و تووڕەییەوە وردە وردە لە ماڵێ ئێمە نزیک بوونەوە. ئێمە ئەوکاتە کە ماڵمان لە گەڕەکی مەندیسخانە بوو، ئاگامان لە هیچ نەبوو تا لەبەردەم ماڵی ئێمە نەوەستان و داوای مامميان نەکرد، نەماندەزانی هەموو ئەم هەراو هێرشە بۆ سەر ماڵی ئێمەیە و ئامانجیش مامه.

# لێرە گێڕانەوەکە بگێڕەوەی هەموو شتزان و ئیسحاق تەواوی دەکات

لێرە من نووسەری ئەم ڕۆمانە ئیسحاق لە گێڕانەوە دەوەستێنم، چونکە ئەو لەو دەمانەدا هەموو برینەکانی کولاونەتەوەو دڵنیام دڵی زۆر بەم بیرهێنانەوەی یادەوورییە تاڵە پڕ خەم و پڕ لە برینە بۆیەش ناتوانێ وەسفی ئەم حاڵەتانە بکات، کە لەپێش چاوی ئەوان مامیان بە ناهەق کوشت و کۆستێکی تریان خستە سەر کۆستی بەناهەق کوشتنی زوهرەی کچی و دۆتامی ئیسحاق، چونکە ساتەوەختی ئەو گێڕانەوەی ئیسحاق کە ئەو کاتانەی وەک شریتی سینەما هاتنەوە پێش چاو، ئیتر چاوەکانی پڕ بوون لە گریان. دڵی خێرا لێیدەدا ڕەنگی ئاڵۆزکا. هەموو گیانی وەک بی ناو ئاو دەلەرزی. دەمی تەتەلەی دەکرد. هەستم کرد قسەکانی پێ دەرنابڕدرێت. خەریک بوو بەربێتەوەو ببوورێتەوە. ئاخر ئەم هەموو نەهامەتی و قەهر و زوڵمە چ دڵێک دەتوانی بیگرێتە خۆ، ئاخر کارەسات لەوە گەورەتر چییە؟ ئەوەبوو من و بێستوون دەستمان لە ملی کرد و دڵنەواییمان کرد. بێستوون پەرداخێک ئاوی دایێ، بەڵام هێشتاکە هەموو گیانی هەلەکە سەمای بوو. لەنێو ئارەقە شەڵال بوو.. چاوەکانی پڕ گریان بوو.. دەنگی نووسا.. نوتقی گیرا.. بۆیە منیش وەک خۆم بگێڕەوەی هەموو شتزانم و هەرخۆشم نووسەری ئەم ڕۆمانەم بە باشمزانی ئالێرە تا تەواوکەری ئەم بەشی ڕۆمانە خۆم بم. بۆیە لەو دەمانە بیرمان لەوە کردەوە بیبەینە ناو شاری عەممان و تۆزێک بیگێڕین و دوایی کە تۆزێک هاتەوە سەرخۆی ئەو تەواوکەری ئەو چیرۆکە خۆی بۆ ئێمەی بگێڕێتەوەو دوای پشوویەکیتر منیش بەمجۆرە ئەم ڕووداوە جەرگبڕەتان بۆ دەگێڕمەوە کە خۆم وەک چۆن لە زاری ئیسحاق بیستوومە ئاوەها وەک خۆی بۆتان دەگێڕمەوە.

ئیسحاق بە ئێمەی گوت:

- ببوورن کە پێشتر ماندوو و هیلاک بووم و یادەوەرییە تاڵەکان بینەقاقایان گرتم و نەمتوانی چیرۆکەکەی خۆم تەواوکەم، چونکە حەزناکەم ئێوەش لە مەراق بەجێبهێڵم چونکە دڵنیام وەک چۆن ئێوە حەزتان لێیە کۆتایی تراژیدیاکە بزانن ئاوەهاش خوێنەرانی ئەم ڕۆمانە حەزدەکەن ئەنجامی

چیرۆکەکە بزانن.
من و بێستوونیش گوتمان:
- بەڕێوەڵڵا ئەگەر دەتوانی بەسەر بەسەرهاتەکاندا زاڵبیت بۆمان تەواو بکە.
- ئەو ڕووداوانە دەکرێ بە هەوێنی ڕۆمانەکەت؟
منیش گوتم:
- وەڵڵا من دەبم بە نووسەری ئەم ڕۆمانەی کە خەریکە لە مێشکمدا تۆمار دەبێت و تۆش پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیت. ئەگەر بۆم بگێڕیتەوە ئەوا چنینی ڕۆمانەکەش لە مێشکمدا تەواودەبێت.
ئیسحاق گوتی:
- بەسەرچاوان ئەم هەموو گێڕانەوانەی من لە مێشکی خۆتدا تۆمار بکە و بیانکە بە هەوێنی ڕۆمانەکەت دواییش لە کات و شوێنیتر تراژیدیاکانی ناو مێشکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. زۆر پێمخۆشە کاتی خۆی زۆر کەسی نووسەری عێراقی کە هاتنە ئیسرائیل دوای ناردنەوەمان بە زۆرەملێیی یادەوەری و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیان بە شێوەی ڕۆمان و یاداشتنامە نووسییەوە زۆریش ڕۆمان و نووسینەکانیان کاردانەوەی باشیان لای خوێنەرانی عێراقی هەبوو، چونکە ئەوانە نووسینەکانیان بە زمانی عەرەبی چاپ دەکرد و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی عەرەبییە گرینگەکانیش بۆیان چاپ دەکردن. بەڵام بەداخەوە من دەستی نووسینم نەبوو تا منیش تراژیدیای جوولەکەکانی کوردستان بنووسمەوە چ بە شێوەی ڕۆمان و چ بە شێوەی یاداشت. زۆرم پێخۆشە بوومە هاوڕێی ئێوەو بە ئێوە شادبووم وا ئێستاش تۆ پرۆژەی ڕۆمانێکی تراژیدیای ئێمە لە مێشکی خۆتدا تۆمار دەکەیت. هیوادارم دوای گەڕانەوەتان بۆ کوردستان تۆش بتوانی ئەم ڕۆمانە بنووسی تا بەسەرهاتی زوڵملێکراوی ئێمەی جوولەکەی کوردستان وەک شاکارێک بگاتە هەموو دنیا و چەشنی ئەم شاکارانەی کە لەبارەی هۆلۆکۆست نووسران و دواییش بوون بە ڕۆمان و فیلمی گەورەی

دنیا و مرۆڤایەتییان گریاند و هەژاند و لە ژانی ئێمەیان بە ئاگاهێنان. ئیتر بەمجۆرە ئیسحاق دوای ئەوەی هاتەوە سەر خۆی و ئارام بووەوە جارێکیتر هاتەوە ناو گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە و گوتی:

- ئەمە بوو ئەو چەند کەسە فریودراوانە کە نزیکەی بیست کەسێک دەبوون. هاتن بەسەر ماڵی ئێمەیان دادا. منیش هەرگیز ئەم دیمەنە ناخۆشانەم لەیاد ناچێ. ئەم ترس و تۆقەی ئەم رۆژە. ئەم هات و هاوار و هێرشکردنە دڕندانەی کە کردیانە سەر مامم. ئەوکاتە من تەمەنم چواردە ساڵان بوو جاحێڵ بووم بۆیە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە، هێشتا وادەزانم دوێنێیە. هەموومان تاسابووین. هەرچەندە باوکم و دایکم و مامۆژنم هاواریان کرد. مامیشم بێ منەت بوو لەوەی چی لێدەکەن بەبێ ترسەوە دەیەویست لە هەڕەشەکەران بێتە پێش، بەڵام باوکم و دایکم و مامۆژنم و من و ئەستێرە و فەرحە خۆمان دەدایە پێش مامم وەکو ئەوەی بەربەستێک بین لە پێشی، ئەوانیش دەیانەویست ئەم بەربەستەی پێش مامم لابدەن و بیخەنە بەردەستی خۆیان و بە ئەنجامی خۆیان بگەن. لەودەمەی هەدوو ماڵە جیرانەکانمان ماڵی مەنسووری دیان و ماڵی حاجی ساڵح ملخواری بە هەموو کەسانی خێزانەکانیان ئەوانیش هاتن بۆ لای ئێمە و بەربەستەکەیان بەهێزتر کرد. بەڵام هێرشبەرەکان زیاتر بوون و لە پشتەوەش چەند چەکبەدەستێکی هەردوو ئاغاکە پشتیوانیان لە هێرشبەرەکان دەکرد. ئێمە هێندە تکامان کرد و پاڕاینەوە تا واز لە مامم بێنن، بەڵام ئەوان وەک ئەوەی ئەم کارە لایان غەزابێت وەها بوو.

مامیشم هەر دەیگوت: (لێیان بگەڕێن بزانن چیم لێدەکەن. با بمکوژن، خۆ من لەسەر کارێکی هەڵە ناکوژرێم. مادام ئەوانە دۆست و دوژمنی خۆیان ناناسن و نازانن من بۆ ئەمانمە و دەمەوێ چیتر نەبن بە کۆیلە و داردەستی ئاغاکان و بە قسەی ناهەق هەڵخەڵەتێنراون، ئیدی نازانن بوونە پشتیوانی زۆردار و نەزان و میللەت فرۆشان، ئەگەر ئەوان بە دوژمنی خۆمم دەزانن ئەگەرچی من لەسەر هەقیشم، بۆ ئەوانمە. مادام

ئەوان دوژمنی خۆیان کە ئەوانی ناردووەو نازانن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەوان دەیانەوێ من لەسەر ڕێی خۆیان رابماڵن.مادام ئەوان ئەوەندە ساویلکە و خۆش باوەڕن، سەد ساڵی تریش من و هاوشێوەی من هەرچی بۆیان بکەین، ئیتر چاویان نوقاوەو هیچ نابینن. ئیتر لێیانبگەڕێن با بمکوژن، ئەوانە هەر دواکەوتوییو نەزانی قابیلیانە و من و سەدانی وەک منیش تازە پێمان راست ناکرێنەوە. لێیانگەڕێن توخوا با بمکوژن. ئەگەر ئەوان بە کوشتنی من رزگاریان دەبێت با پیرۆزیان بێت ئەم ژیانەکە بە کوڵەمەرگی دەژین. دەلێگەڕێن توخوا. بابزانین چیم لێدەکەن، بەڵام ئەم قسانە هەموو کاری لە هێرشبەران نەکرد، بەڵکو زیاتر ئاگری تووڕەیی لە نێوچاوانیان دەباری. ئیتر نەوەستان، بە هەمووان درپیان بە بەربەستەکەی ئێمەداو مامیان هێنایە دەرەوە. بەرد بەدەستەکان لەپێش ماڵی ئێمە مامیان بەردباران کرد. ئێمەش هەر دەگریاین و هاواری خوامان دەکرد، بەڵام هیچیشمان پێنەدەکرا. بابم بیری بۆ ئەوە چوو پەنا بۆ کەمال ئاغا ببات، چونکە هەموو جارێ ئەگەر یەکێک غەدری لێکردبا پەنای بۆ ئەو دەبرد، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی خۆی داکۆکی لە ئێمە و ئەو جوولەکانەش دەکرد کە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەو بوون، بەڵام ئەمجارە بەرژەوەندی ئاغا لەگەڵ مەرگی مامم بوو. بابم ئەوەی نەدەزانی وایدەزانی هەروەک جارانە چاکەیەکی لەگەڵدا دەکات و ئیتر دەبێ لە پاداشتی ئەمە دیاری گرانبەها بۆ ئاغا بکڕێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەو بێ ئاگابوو لە پیلانی هەردوو ئاغاکە بۆیە دڕی بە خەڵکەکەدا و رایکردە دەرەوەی ماڵەکەمان، بەڵام پیاوانی هەردوو ئاغا نەیانهێشت هەنگاوێکیتر بنێت ئەوان لەودەمە خەریکی ئەو خەڵکە بوون کە مامیان بەردباران دەکرد و بە هەمووان لێیاندەدا. بابم ئەمەی بە هەڵزانی بە غاردان کەوتەڕێ لە رێگاش بیری لەوە دەکردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: مادام پیاوانی هەردوو ئاغا لەگەڵ ئەم خەڵکەن و لەگەڵ هێرشەکەن کەواتە بشچم بۆ لای کەمال ئاغا بڕوا ناکەم داکۆکیمان لێبکات بەتایبەتی دەیزانی کەمال

ئاغا زۆر رقی لە مامەمە بۆیە لە چوونەکەی دوو دڵ بوو، بەڵام بیری لەوە کردەوە هەوڵی خۆی بدات چی دەبێ لەبەر ئاغا بپاڕێتەوەو بەڵێنی دیاری و پاداشتی گرانبەهاشی بداتێ تەنانەت بیری لەوە کردەوە کە ئاغا هەرچەندی بوێت تەنانەت ئەگەر سەروماڵی خۆشی بێت دەیداتە ئاغا بەس تەنیا براکەی بپارێزێ و نەهێڵێ بیکوژن. لەم بیرکردنەوانە بوو کاتێ زانی گەیشتۆتە بەردەم ماڵی کەمال ئاغا. پاسەوانانی نەیانهێشت لە ماڵێ ئاغا نزیک بێتەوە، بەڵام ئەو بە هەموو هێزی گەرووی هاواری ئاغای کرد. چەند جارێک پڕ بە دەنگی هاواری کرد وەک ئەوەی کەسێک خەریکی خنکان بێت ئەگەر بنکە گیایەکیش ببینێ دەستی خۆی بۆ ببات، ئەویش هاوارەکەی بە تاکە چارەسەر و فریادڕەسی خۆی زانی. لەو هاوارەدا کەمال ئاغا وازی لە دەستنوێژ شووشتن هێناو هاتە دەرەوەو ئاماژەی بە پاسەوانەکانی کرد تا رێی بدەن. باوکم بە گەرووی پڕ لە گریانەوە دەخالەتی ئاغای کرد و بەڵێنی دایە هەرچی ئاغا بخوازێ ئەو خاوەنی نەبێت تەنیا براکەی رزگار بکات و زوو پیاوانی خۆی بنێرێ تا کار لە کار نەترازاوە. بەڵام ئاغا کوشتنی مامی پێ لە هەموو سامانی بابم گرینگتر بوو بۆیە هەرچەندی بابم پێی لەسەر رزگارکردنی مامم دادەگرت، بەڵام ئەو یەکەم وەڵام و دوا وەڵامی هەر ئەوە بوو کە بە بابمی گوت:

– ئیتر ئەوە لە دەسەڵاتی ئەو چۆتە دەر. ئەوە بڕیاری خەڵکە، کێشەکەش پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، ئیتر ئەو هەرچی بکات ناتوانێ ئەو هەموو خەڵکە لە خۆی تووڕە بکات و بۆ مەسەلەی دژی شیوعییەت خەڵکی هەیە خۆی لەسەر بە کوشتن دەدات، ئەگەر من پێشیانبلێم واز لە براکەت بێنن ئیتر خەڵکەکە تووڕەن رەنگە دژی منیش بوەستنەوە. ئیتر ئەویش بەخۆی نەوەستا دەستی بۆ کاری لەخۆی گەورەتر برد، بڵێ کوڕم تۆ گوتمان شیوعی و جوولەکەشی بۆچی بۆ خۆت نەوەستای و بە ئارامی لە ماڵی خۆت دانەنیشتی خۆ کوفر نەبوو من داکۆکیم لە ئێوە دەکرد، ئیتر ئەویش ئەمەی بە هەڵزانی دەستی بۆ شانەی زەنگەسوورە

برد. تازە کار لە کار ترازاوە منیش ناتوانم داکۆکی لێبکەم. خۆ ئەگەر منیش بە خەڵکەکە بڵێم ئەوا حکوومەتی مەلەکی گەورە ناهێڵێ مەترسی بکەوێتە سەر دینی زۆرینەی خەڵکەکە و لەولاوەش براکەت لایەنگیری یەکیەتی سۆڤیەتە و دەیەوێ سیستەمی مەلەکی بڕوخێنێ و شیوعییەت بڵاوبکاتەوەو وڵاتەکەمان بکەوێتە دەستی عرووسە گاورەکان. ئیتر بڕۆ هەموو سامانی خۆشتم بدەیتێ ئیتر نە من و نە هیچ کەسێکیش ناتوانین بیپارێزین. تازە کار لە کار ترازاوە.

ئیتر بابیشم بە خەمباری و بێ هیوا گەڕایەوە.

لەملاوەش جیرانەکانمان لە هەوڵی خۆیان بەردەوام بوون. مام مەنسوور خۆی و ئیلیا گۆگە و کوڕەکانی و خێزانی و مریەمی کچی ئەوانەی لە ماڵیش بوون ئەودەمی هەموو لەناو خەڵکەکە بوون و هەموو پێکەوە تکایان لە خەڵکی هێرشبەر کرد. مام مەنسوور بە پەلە غاریدا ماڵەوەو ئینجیلەکەی ماڵی خۆیانی هێناو بڵندی کردو بەردەوام پێیدەگوتن: (تو خوا لەبەر خاتری ئەم ئینجیلە کە ئەمەش کتابی خوایە واز لەو پیاوە بێنن لە ماڵ و منداڵی خۆی مەکەن و دەستی خۆتان بە ناهەق بە خوێن سوور مەکەن) یەکێک لەو کەسانە وەڵامی دایەوەو وتی: (جا پیرە دیان تۆ لەسەر هەقی، یان پیرە جوو، یان ئێمە. دیارە تۆش وەک ئەو، ئێمەت پێ ناهەقە.. ئێمە داکۆکی لە دینی خۆمان دەکەین بۆ خۆت بێدەنگ بە دەنا تۆش بە دەردی ئەو پیرە جووە دەبەین.)ئەودەمی حاجی ساڵحی ملخواری جیرانەکەی تریشمان کە دووکانەکەی لە پشت ماڵی خۆیان بوو و لەکاتی بێکاریدا قورئانێکی لەسەر تەختەی قورئان خوێندن دانابوو بۆ خۆی دەیخوێندەوەو زوو غاریدا قورئانەکەی لە دووکانی خۆی هێناو ئەویش وەک مام مەنسوور قورئانەکەی بڵند کردبوو و پێیدەگوتن: (توخوا بۆ خاتری ئەم قورئانە وازیلێبێنن.. کەی دینی ئێمە کوشتنی بە ناهەقی داناوە.) ماڵێ ئەوانیش ڕەشیدی کوڕەکەی و هەردوو خێزانەکەی، بەردەوام داوایان لە هێرشبەرەکان دەکرد و بە هەموو ئەندامانی ئەو سێ

خێزانە دەرهەقی ئەو کەسانە نەدەهاتن کە ژمارەیان زیاتر بوو و بەرد و چەقۆ و خەنجەریشیان بەدەست بوو.
حاجی مەلا ساڵح ملخوار بە هێرشبەرەکانی گوت: براینە وەرنەوە سەرخۆتان ئەو کابرایە کە مامۆستا یۆنانە هەرگیز شەریکی بۆ خوا پەیدا نەکردووە و بە دینی خۆشی خوای خۆی دەپەرستێ و خاوەن چاکە و پیاوێکی بە هەڵوێست و فەقیردۆست و بە رەوشتە.بۆیە تکاتان لێدەکەم وەرنەوە سەرخۆ. دەستم دامێنتان. تکای ئەو خواو قورئانە پیرۆزەتان لێدەکەم، ماڵ و منداڵی هەتیو مەکەن لێیگەڕێن با منداڵەکانتان فێری خوێندن بکات. قوڕبەسەرەی کچێکیان بێ تاوان کوشت و چیتر ماڵەکەی کۆر مەکەنەوە. ئیتر بەسە بیربکەنەوە، کارێکی هەڵە مەکەن کە خوا و پێغەمبەر پێی ناخۆش بێت.
هەندێک لە هێرشبەران بە قسەی حاجی مەلا ساڵح ساردبوونەوەو پەشیمان بوونەوە، چویە ئەقڵیان کە کوشتنی مامم تاوانە و لە گەرم و گوڕی جارانیان ساردبوونەوە. بەڵام هەندێکیتریان تەواو کەوتبوونە ژێر گوشاری قسەکانی پیاوانی ئاغا وایان بیردەکردەوە کە قسەی ئەوان گرینگتر و راستترە وادەڵێن بۆیە لەژێر کاریگەری قسەکانی ئەوان نەهاتنەدەر، هێشتا هەڕەشەیان دەکرد و بەردەوامیش لە مامميان دەدا..
ئەوانە بوونە پەرژینییێک لە دەوری مامم. ئینجا بابم چووە ژوورەوە تەوراتەکەی هێنا و شان بە شانی حاجی مەلا ساڵح ملخوار و مام مەنسوور و ئیلیاگۆگە وەستا. هەرچواریان سێ کتابی خوایان بەرزکردەوە. حانێی خێزانی مام مەنسوور و ئیلیا گۆگە و کوڕی و هەردوو خێزانی حاجی ساڵح، پوورە فاتم و حەبە گۆج و رەشیدی کوڕی حاجی ساڵح، هەموو بوون بەڕێزی دووەمی پەرژینەکە. دوای ئەوە قەشە جوبرائیل شێر کە دەیەویست بەرەو دێرێ بڕوات لەودەمەی مەسیحییەکان لە رێگادا ئەم هەواڵەیان پێڕاگەیاند، ئەویش لەگەڵ دوو کەسیتر گەیشتنە لای ماڵی ئێمە. مام مەنسوور کە قەشە جوبرائیل هات، ئەو ئینجیلەکەی

دایە دەستی و گەڕایەوە ریزی دووەمی بەربەستەکە. کە (مالم)یش هات ئەو خۆی کتابی تلمودی پێبوو هاتە ریزی پێشەوەو بابم تەوراتەکەشی دایە دەستی و ئەویش گەڕایەوە ریزی دووەمی بەربەستەکە. دوای ئەوە خەجیج خان و مریەم باسە و زەخۆک و فاتە هەلۆش گەیشتنە لای مالی ئێمە، ئەوانیش هاتن بە تووڕەییەوە دڕیان بە هێرشبەراندا. هێشتاکە تەرازووی هێز بەدەست هێرشبەراندا دەشکایەوە، چونکە بەربەستی داکۆکیکاران تەنیا کتابەکانی خوایان پێبوو و کەسانی شەڕانگێز نەبوون، بەڵام هێرشبەران بەرد و چەقۆ و خەنجەرییان پێبوو و پاڵپشتیشیان پیاوانی هەردوو ئاغا بە تفەنگەوە پاڵپشتی هێرشکاران بوون و زیاتر هانیان دەدان کە بە قسەی هیچ کەس و ئامۆژگاری هیچ لایەک لە پیاوانی ئایینی پەشیمان نەبنەوە. مامم بێ ئەوەی تۆزقاڵێک لە مردن ترسی هەبێت زۆر بە غیرەتانە هاواری دەکرد و رووی دەمی لە هێرشبەران بوو و پییێووتن:

(براینە ئیتر بەسە بە ئاگا وەرنەوە. ئیتر بەسە چیتر مەبن بە کۆیلەی ئاغاکان و بە کەیفی خۆیان یاری بە هەست و سۆزتان بکەن و ماڵ و سەروەت و سامانتان بە تالان ببەن.) ئەوجا ئەو هەرچەندی باسی ئاغا و چەوسانەوەو فڕوفێڵ و قۆرخکردنی دەسەلاتی کرد. هەرچەندە باسی فەقیرحالی ئەو خەلکەی کرد هەرچەندە باسی لووتبەرزی و لەخۆبایی بوونی ئاغاکانی کرد. ئیتر وەک قسەکانی حاجی مەلا سالح و مام مەنسوور و قسەو ئاگادارکردنەوەکانی قەشە جوبرائیل و مالمی ئێمە. هەموو ئەوانە چەند فێرکراوێکی ئاغا و داروەدستەو بەکرێگراوانی و چەند فریودراوێکی گوایە لای خۆیان واتێگەیشتبوونبە هەستی دینی بوون وازیان نەدەهێنا. دوو کەس لە نێوان هێرشکەران کە پێدەچوو پێکەوە تەگبیریان کردبێت لە یەک کاتدا پڕیان دایە دەستی دوو چەک بەدەستی کەمال ئاغا و تفەنگییان لەدەست رفاندن، ئەمەش من خۆم تا ئێستاش پێموابوو ئەمەش هەر سیناریۆی ئاغاکان بوو بۆ نەگەڕانەوە لە کوشتنی

مامم ئەگەرچی بەربەستیش دروست کرا. بۆیە هەردوو پێکڕا تەقەیان بۆ ئاسمان کرد و پیاوانی هەردوو ئاغاش تەقەکانیان بەسەر خەڵکەکە لە ئاسمان کرد تا بەربەستەکە بڕووخێنن و بگەنە مامم. ئەمە پشێوی لە هێڵی بەرگری دروستکرد. کەسێکی قین لە دڵ کە خەنجەری لەدەست بوو لەم پشێوییە خۆی بەناو ریزی خەڵکە بەربەستەکەدا ئاودیو کرد و خۆی گەیاندە مامم بە هاوارکردنەوە خەنجەری ژەهراوی خۆی لە سینگی مامم چەقاند. مامم خلّتانی خوێن بوو. داکۆکیکاران هەموو خۆیان گەیاندە مامم. بووە هات و هاوار و شین و رۆڕۆ و قیژەو داواکاری: بیگرن و مەهێڵن رابکات. بەڵام بەکرێگیراوانی ئاغاکان کە هەردوو تفەنگەکانیان لە پیاوانی ئاغا رفاندبوو دیسان تەقەیان کردەوەو خەنجەر وەشێنیان دەرباز کرد. ئێمە خەڵکی شەقڵاوە هەموو یەکتر دەناسین ئەو کەسانە خەڵکی شەقڵاوە نەبوون، ئاغاکان لە گوندەکانی دەوروبەر بەکرێ و رازیکردن هێنابوویان بۆ ئەنجامدانی سیناریۆکەیان تا کەس نەیانناسێتەوەو دواییش ئەگەر گیران ئاغاکان بکەنە سەرچاوەی ئەنجامدانی ئەم سیناریۆیە بۆیە وەک بەرزەکی بانان دەرپەڕین و دوای ئەوانیش هەردوو تفەنگ بەدەستەکان ئەوانیش بە تفەنگەوە رایانکرد. بابم و مام مەنسوور و ئێلیا گۆگە و حاجی مەلا ساڵح و قەشە جوبرائیل شێر و مالم هەموو لە دەوری مامم بوون، ئەویش هێشتا هەر خوێنی لەبەر دەڕۆیشت. ژن و منداڵی خۆمان و هەرسێ ماڵ و خەجیج خان و فاتە هەڵۆ و مریەم باسە و زەخۆکیش، بەدەم هاواری بابمرن ئاغا و چەوسێنەران و هوتاف کێشانەوە هەموو بەدوای بابم کەوتن کە مامی بە برینداری لە باوەش کردبوو و وەک خەمخۆر و بە زاری قسە و نەفرەت و ناڕازی بوون بەم رووداوە و هەر کەسە و بەجۆرێ قسەی خۆی بە شێوەی ناڕازیبوونەوە بەم رووداوە هەموو بەرەو خەستەخانەی شەقڵاوە بەڕێکەوتن کە لە گەڕەکی ئەمبەری مەندیسخانە بوو. ئەو خەڵکە هەموو پەشۆکابوون.

# دیسان دەبمەوە بگێڕەوەی هەموو شتزان

من بە دینی خۆشەویستییەوە دیندارم،
خۆشەویستی دین و ئیمانی منە.

(ئیبن عەرەبی)

ئیسحاق دیسانەوە یادەوەرییەکانی گرِیان تێبەردا. نەیتوانی ئەم دیمەنە تراژیدییە تەواو بکات و پێمانبڵێ مامی چی لێهات. بۆیە من وەک رۆماننووس و بگێرِەوەی هەموو شتزان بەمجۆرە لە گێرِانەوە بەردەوام دەبم و دەڵێم:

هەموو بە شەکەتی و ماندووبوونەوە گەیشتنە خەستەخانە تا گەیشتنە ئەوێ چەند جارێک کەسانی تر مامی ئیسحاقیان لە باوەشکرد. گەیشتنە خەستەخانە. ئیسحاق و خێزانەکەی و ماڵی حاجی ساڵح و ماڵی مام مەنسوور لە خەستەخانە لە دەوری مامۆستا یۆنان بوون. لە دەرەوەش خەڵکێکی زۆر کە وردە وردە دەیانزانی و دەهاتن لە دەوروبەری خەستەخانە کۆبوونەوە چەند پلەبەرزێکی حیزبی شیوعی و پارتی و چەندان کەسی دیاری مارکسی و نیشتمانپەروەر و بێلایەنەکان هەموو ئەو کەسانەی دژی ئاغا و سیستەمی مەلەکی بوون، هاتن. دوو سێ کەس لە ئامادەبووان گلەییان هەبوو کە چۆن دەبێت بەم چەشنە خەڵکی لەناو ببرێت.

مالم رووی لە خەڵکەکە کردو گوتی:

لای خوای گەورە هەموو مرۆڤەکانی خۆی قەدریان گیراوە، خوای گەورە هەموو مرۆڤەکانی خۆی خۆشدەوێ و هەموو دروستکراوی ئەون. ئیتر ئێمەش خوامان هەیە ئەو خۆی ئاگای لە هەموو شتێکە. ئێمە چیمان پێناکرێ و ناشتوانین تۆڵەی خۆمان بکەینەوە. لەم شارەدا ئێمە کەمینەین بۆیە ئێوەش دەتوانن زەفەرمان پێببەن، لەبەر ئەوەش نییە کە ئێمە ترسنۆکین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە مانەوەی ئێمە لەوەدایە خۆمان کرِ بکەین و وەڵام نەدەینەوەو ناهەقییەکان بدەینە دەست خوا تا هەقمان بۆ بکاتەوە، هەربۆیەشە ئێوە ناوی ئێمەتان هاوشێوەی ناوی ترسنۆک کردووە، ئەگەر لە خۆشتاندا کەسێک ترسنۆک بێت پێیدەڵێن: بۆچی ئەوەندە دەترسی؟ دەڵێی جوولەکەی! لەم شارەدا خۆم بیستوومە بە یەکتر دەڵێن: بۆچی ئەوەندە ترسنۆکی وەک جوولەکەی. دیارە ئێمەی

جوولەکە هەر کڵاوی خۆمان گرتووە و بۆ مانەوەی خۆمان بەرگەی هەموو جۆرە ئازاردانێکمان گرتووە. بەڵێ راستە ئێمە ترسنۆکین، چونکە ناتوانین بەگژ زۆرینەدا بچینەوەو هەمیشە هەوڵمانداوە پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆمان بکەین.

قەشە جوبرائیلیش قسەکەی لە مالم وەرگرتەوەو گوتی: هەموو دینەکان لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، بۆ ئەوەش هاتوون تا مرۆڤ لەناو دادپەروەری و خراپە دووربخاتەوەو رێی راست و دروست نیشانی مرۆڤ بدات و بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و لێکتر جیاکردنەوەی کارە باشەکان و خراپەکانی دنیا هاتووە. هیچ دینێک بۆ توندوتیژی نەهاتووە، بەڵکو بۆ ئاسوودەیی و نزیکبوونەوە لە خوای گەورە هاتووە، بۆیە ئەو کارانە کە کاری خراپە و کوشتن و ئازاردانە لە هیچ دینێکدا رێگاپێدراو نییە. خوای گەورەش هەقی بزنێکی بێ شاخ لەسەر بزنێکی شاخدار ناهێڵێ. هەمیشە گوناهکاران لای خواو عەبدانی خوا ریسواو روو رەشن و خوا تۆڵەی خۆیان لێدەکاتەوە. ئێمەش هەموومان داوای خۆمان لە خوای گەورە دەکەین ئەو خوایەی کە خوای هەموومانە. تەنانەت خوای باوەڕدار و بێ باوەڕیشە، خوای هەموو بوونەوەرێکی سەر زەمینە. خوای زەوی و ئاسمانە.

خەجیج خان و فاتە هەلۆ و زەخۆک و مریەم باسەش هەریەکە بە گوێرەی ئاستی بیرکردنەوەی خۆی لەم گفتوگۆیە بەشدار بوون. تا دەهات خەڵکی تریش دەهات و ئەڵقەی ناڕەزایی زیاتر دەبوو.

ئیسحاق کە ئەم کارەساتەی گێڕایەوە وتی:

ئەوەبوو مامم لە خەستەخانە گیانی لەدەستدا، هەرچەندە پزیشکەکان هەوڵیاندا گیانی رزگار بکەن. دکتۆر ئاگوب ئەرمەنی بوو، کاتی خۆی کەسوکاریان لە کوشتاری گەورەی ئەرمەنەکان لە تورکیا رایانکردبوو و خۆیان لە شەقلاوە گرتبووەوەو دکتۆرێکی زیرەک بوو، لەگەڵ ئەمەش نەیتوانی کاریگەری ئەم خەنجەرە ژەهراوییە کە کاری خۆی لە دڵی مامم

کردبوو نەهێڵێ. ئیتر بە ئامادەبوونی ئەم هەموو خەڵکە تەرمەکەیمان هێنایەماڵەوە، هەموو ئامادەبووان بۆ مامم تاسابوون بەتایبەتی خێزانی ئێمە و زیاتریش بابم کە لە خەمان هەموو گیانی دەلەرزی. چەند کاتژمێرێکی پێچوو مەلا تەهای مامەجەلکەش بە خۆی و چەند فەقێیەکی گەیشتنە ماڵی ئێمە. وردە وردە کەسایەتییەکان و کەسە دیارەکان دەهاتن، چەندان کەسی شیوعی، پارتی، مارکسییەکان، پیاوە نەتەوەییە بێ لایەنەکان، رۆشنبیر و هونەرمەندان، بێ لایەنە نیشتمانپەروەرەکان و زۆربەی ئەو کەسانەش کە سەر بە هیچ لایەنێک و حیزب و گرووپێک نەبوون تەنیا دژایەتی ئاغاکانیان دەکرد و نەدەچوونە ژێر رکێفی ئەوانەوە. هەموو دەهاتن و پەرۆشی خۆیان بۆ ئەم رووداوە نیشاندەدا تەنانەت میری هەژارانیش هات، ئەو میرەی کە برای کەمال ئاغا بوو، بەڵام نە کەمال ئاغا بایەخی بەو دەدا و نە ئەویش هاموشۆی ئەوی دەکرد و خۆی بە کەسوکاری ئەوان نەدەزانی، چونکە ئەو زاڵم نەبوو و لەبەرەی خەڵک بوو بۆیە پێیاندەگوت میری هەژاران، چونکە دیوەخانی هەمیشە بە خەڵکی هەژار گەرم بوو،کاتی خۆی بە زۆری لەناو باخچە و گوڵان بەسەر دەبرد. میری هەژاران زۆر کەیفی بە دەسەڵات نەدەهات هەرچەندە ساماندار بوو، بەڵام دەرحەق کەمالی براشی نەدەهات، چونکە کاتی خۆی کە کەمال ئاغای برای، باوکی خۆی لەسەر دەسەڵات و میراتەکەی دایە بەر خەنجەر و کوشتی و دەستی بەسەر سامان و موڵکی بابی داگرت تەنیا ئەم دیوەخانەی بۆ میری هەژاران هێشتەوە ئەوەی تری هەمووی بۆ خۆی برد، ئەویش نەیتوانی تۆڵەی بابی لە براکەی بکاتەوە، بەڵام لێی دوورکەوتەوەو بڕیاریدا تێکەڵ ژیانی ئەو نەبێت.

ئەو میرە لەگەڵ ئەو جیاواز بوو، هەمیشە بە هانای جووتیار و هەژارانەوە دەهات و لەسەر هەق دەهاتە دەنگ، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوکوژ و خزمەتکاری رانەدەگرت دەسەڵاتی بەسەر کاروباری شارەکەدا نەدەشکا،

خۆشی ئەگەر کاری خۆی نەبووایە نەدەچووە دامودەزگاکانی میری. زۆربەی کاتەکانی خۆی بە خوێندنەوە بەسەردەبرد، تەنانەت زۆریش حەزی لە خوێندنەوەی کتاب بوو. دەنگیشی خۆش بوو زۆرجار لەناو باخچەکەی بە تەنیا دادەنیشت،ئەگەر سۆزی دەبزوا دەستی لەبن گوێی خۆی دەناو لاوکێکی کاوێس ئاغای دەچڕی، چونکە زۆر حەزی لە لاوکەکانی کاوێس ئاغا بوو بەتایبەتی لەگەڵ ئەم لاوکەی کاوێس ئاغادا دەگریا ئەوەی دەڵێ:

**(شێخ مەحموود ب سێ دەنگان گازی دکەت کەریمی فەتاح بەگ، گەلی عەگیدان، ئەورۆ دەست هەڵینانەکی بکەن، ئەوە سێ رۆژە، وەمی حاسی بووین، ل چیایێ سورداشی لمە دیار نییە بۆ مەبێ ئیمدادی وانێ دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، دەلۆیلۆ، شێخی منۆ، بەڵێ فایدە نییە هاوار دکەم هاوارێ تورکان گەلەک دوورەو بلاو کورد خائینۆ...)**

چونکە ئەو بیری لە سامان و موڵک و ئاغایەتی نەدەکردەوە، بەڵکو هەمیشە بیری لە شۆڕش و شکستەکانی کورد دەکردەوە، وێنەی سەرکردەکانی کوردی لەناو دەفتەری یادەوەرییەکانی دانابوو، کە کۆماری مەهاباد کەوت و قازی محەمەد لە سێدارە درا ئەو ماوەیەک شاری بەجێهێشت رووی لە هیران کرد و لە تەکیەکەی کاکی هیرانێ لە خەڵوەت مایەوە، دوایی کاکی هیرانێ دڵنەوایی دایەوەو هاتەوە، بەڵام زۆر غەمبار بوو تەنانەت زۆر خۆشی لە منداڵەکانی نەدەگەیاند ئەوجا کە هاتەوە خانێی خێزانی کچێکی بوو بوو، ئەویش لە خۆشەویستی قازی محەمەد و لە خەفەتی کەوتنی کۆماری مەهاباد ناوی لە کچەکەی نا مەهاباد. دواییش بڕیاریدا خۆی بۆ خەباتی کوردایەتی تەرخان بکات و ببێتە بەردی بناغەی شۆڕشی کوردستان بۆ رزگارکردنی کوردستان و خەباتی سیاسی میللەتەکەی. میری هەژاران خەڵک خۆشی دەویست، هەمووجار کە لاوکی کاوێس ئاغای دەگوت دەنگی دەگەیشتە لای ماڵی ئێمە لە گەڕەکی مەندیسخانە ئەوسا دەمزانی کە میر خەفەتی کوردبوون و خیانەتەکانی کورد و خۆخۆری

میللەتەکەی بەرۆکی بەرنادەن بۆیە بە هاواری لاوک خەمەکانی خۆی هەڵدەڕێژێ. میر کە دەیبیست یەکێک لە شکستەکانی کۆماری مەهاباد جیا لە خۆ کشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەبەر بەرژەوەندی خۆی کوردی فرۆشت، ئەوا هۆکاری ناوخۆشی هەبوو کە چەند سەرۆک هۆزێکی مەهاباد و دەوروبەری لەژێرەوە دەستیان لەگەڵ شای ئێران تێکەڵ کردبوو زۆر پێی ناخۆش بوو نەفرەتی لەو سەرۆک هۆزانە دەکرد و دەیگوت: باشە دیارە هەستی نیشتمانییان نییە و دەیانەوێ پیاوی بێگانە و خۆفرۆشانبن، دەیگوت: ئەدی ئەوە نییە منیش میرم ئەدەی بۆچی من ناتوانم وڵاتی خۆم بفرۆشم و ببم بە پیاوی مەلیک و بەرژەوەندی خۆم بخەمە سەر بەرژەوەندی میللەتەکەم. بۆیە ئەمەش خەمێکیتری میری هەژاران بوو.

تا دەهات خەڵکی بە پەرۆشی شەقڵاوەو دەوروبەری دەهاتن بۆ ماڵی ئێمە و پەرۆشی خۆیان بۆ ئەم کارەساتەی دەرهەق مامم کرا نیشاندەدا. جوولەکەکانی شەقڵاوەو دەوروبەری ئەوانیش زۆربەیان هاتن بە تایبەتی ئەوانەی گوندی بالیسان و خەتێ و توتمێ و هەردوو چیوەو گوندەکانیتر، لەملاوەش هی گوندەکانی خۆران و هەردوو ئاقووبان و گوندەکانیتری ئەم دیوو ئەو دیوی چیای سەفینی کە زۆربەیان شیوعییەکانیان لە ڕێکخستنی مامم بوون و زۆریش بە کەسایەتی و ڕۆشنبیری مامم سەرسام بوون. ئەوانیش ئەوانەی زانیان و پێیانکرا هاتن. بابیشم ئەگەرچی خۆی بازرگانی قووماش بوو، وەلێ لە شەقڵاوەو گوندەکانی دەوروبەر و تەنانەت هی دووری شەقڵاوەش دەهاتنە لای ئەو و لە دووکانی ئەو قووماشیان دەکڕی و خۆشیان دەویست. بابم ببوو بە سندووقی باربووی جووەکانی شەقڵاوە پارەی بۆ سندووقی دامەزراندنی دەوڵەتی یەهوودی کۆدەکردەوەو دەیدایە لێژنەی پارە کۆکردنەوەی جوولەکەکانی هەولێر و ئەوانیش نوێنەرییان هەبوو و دەیاننارده ئورشەلیم، بۆیە هەموو شەمووان کە ئێمەی جوولەکەکانی شەقڵاوە چ ئەوانەی لەبەر دەستی

قەڵەمڕەوی کەمال ئاغا و چ ئەوانەش لەژێر قەڵەمڕەوی حاتەم ئاغا بوون هەرجارە لە جێگایەکی دەرەوەی شەقڵاوە کۆدەبووینەوەو باسی داهاتووی خۆمان و بارودۆخی جوولەکەکان و سیاسەتی ناوچەکە و بارودۆخی عێراق و یەهوودییەکانی دنیا و کارەساتی یەهوودییەکانی ئەوروپا و چەوساندنەوەی یەهوودییەکانی هەموو دنیامان دەکرد، چارەنووسی ئەو جووانەش کە دوای قەتلوعامی هۆلۆکۆست رزگاریان بوو و مانەوەو بەدوای کونجێکی دنیا بگەڕێن کە تیایدا بحەوێنەوە. بۆیە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کە هیتلەر بڕیاری سڕینەوەی یەهوودییەکانیدا لەسەر نەخشەی ئەڵمانیا و ئەگەر دەستیشی بگەیشتبایێ و زیاتر دنیای بگرتبایە لەوێش لە هەموو شوێنێ دەیخستنە ناو کارگەکان و دەیتواندنەوە، چونکە لە بەرانبەریەهوودییەکاندا ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، بەڵام دوایی لە رووسیا شکاو دەستی لە دنیا و جوولەکەکان بەربوو. بۆیە هەموو یەهوودییەکای دنیا تاقە پەناگەیان دەوڵەتی یەهوودی بوو لە ئیسرائیل کە ساڵی ١٩٤٨ دروست بوو. ئیتر لەو ساڵەوە کە ئەوکاتی ئێمە هێشتا لە شەقڵاوە بووین کاردانەوەی توندڕەوەکان لە هەموو لایەکی عێراقەوە بەرانبەر ئێمە خراپ بوو و هێرشی ناڕەوایان دەکردینە سەر و خەڵکی ئێمەیان دەکوشت و تاڵانیان دەکردین. ئاغاکانیش جارێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەیاندەهێشت خەڵکی توندڕەوەکە راستەوخۆ هێرشمان بکەنە سەر، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییان بیخواستبایە خەڵکیان لێ هاندەداین وەک ئەوەی ئەمجارە مامیان بەکوشتدا و بێ ئاگایی خۆشیان دەردەخست، بەڵام هەموو ئاماژەکان و لەگەڵ بوونی پیاوانییان و بە پشتیوانی ئەوان مامیان بە کوشتدا، کەچی بێ ئاگایی خۆیان لای ئێمە دەردەبڕی. بۆیە ئێمەش وەک جوولەکە بیرمان لە تاقە پەناگەمان دەکردەوە کە دەبێ دەوڵەتێک بۆ حەوانەوەو داڵدەدانی ئێمەش هەبێ لە دنیا و لە دەست چەوساندنەوە رزگارمان بێت، بۆیە ئێمەش لەم کۆبوونەوانەی خۆمان کە

لە شەقڵاوە بە سەرپەرشتی مالم و بابم بەرێوەدەچوو بەشداری سیاسەتی نهێنی خۆمان دەکرد و پارەشمان بۆ سندووقی دەوڵەتی ئیسرائیل باربوو دەکرد، هەربۆیەش خەڵکی شەقڵاوە بەتایبەتی موسڵمانەکان کە ئێمەیان دەدیت رۆژانی شەمووان دەچووینە دەرەوەی شارو کۆدەبووووینەوە و دوو دوو و سێ سێ بەرەو شوێنێک دەڕۆیشتین لەلای خۆیانەوە دەیانگوت: (ئەها ئەوانە شێت بوونە بەدوای شیری مووسادا دەگەڕێن) تەنانەت هەندێکیان برێک سەرییان لەسەر بردەی مێژوویی و ئایینی دەردەچوو و بۆیان راستدەکردنەوەو دەیانگوت: ( نەخێر ئەوانە بەدوای گۆچانی مووسادا دەگەڕێن ئەو گۆچانەی وەک مام عەبدوڵڵا سەڕاج و بێستوون سەرەتان باسیان دەکرد و دەیانگوت ئەم چیرۆکە لە قورئانی ئێمەدا واهاتووە کە مووسا پێغەمبەر قەومی جوولەکەی لە میسر لە دەست فیرعەون رزگار کرد، ئەو گۆچانەی بە ئەمری خوای گەورە زێی نیلی شەقکرد و جوولەکەی پەڕاندەوە و لەدەست ستەمی فیرعەون رزگاری کردن و ئەو زۆردارە گەورەشی نقوومی زێ کرد، ئەو پیاوەی خۆی بە خوا دەزانی کەچی لە کۆتاییدا خوای گەورە پێی نیشاندا کە کێ خوایە.) تا دڵسۆزان خەریکی شووشتنی تەرمەکە بوون وردە وردە لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ئازادیخواز و لایەنگر و خۆشەویستانی مامم بە جیاوازی ئایین بەرەو ماڵی ئێمە دەهاتن. شیوعییەکان بیریان لەوە کردەوە کە کوشتنی مامم هەروا بە ئاسانی تێنەپەڕێ، بەڵکو لە ناشتنی ماممدا رێورەسمێک رێکخەن کە هەم ناڕەزایی بوونی خۆیان بۆ حوکمڕانی دەرببڕن، هەمیش بۆ لایەنگرانی خۆیان بیسەلمێنن کە ئەوان لە کەسان و ئەندامانی خۆیان خۆشنابن. رێکەوتیش وابوو ئەم رێورەسمە هاوکات بوو لەگەڵ یادکردنەوەی نەورۆز کە هەموو ساڵ کورد بە ئاگرکردنەوە ئەم یادەی دەکردەوەو مانەوەی خۆی نیشانی داگیرکەر و دنیا نیشان دەدا.

# ڕێوڕەسمی ناشتنەکە

ئەم ڕووداوە کۆستێکی گەورە بوو بۆ بنەماڵەی ئێمە بەتایبەتی و جووەکانی شەقڵاوەو هەولێریش بەگشتی. حیزبی شیوعیش کە مامم ئەندامێکی کارابوو تیایدا هەستیان بە شکانی هەژموونی خۆیان کرد، بۆیە هەروا ئاسان نەیاندەویست مەیتی مامم وەک ئاسایی خۆی بنێژن، بەڵکو حەزیانکرد ناشتنەکە لە شێوەی ڕێوڕەسمێکدا بێت، چونکە جاری پێشوو کە زوهرەی کچی مامم کوژرا ئێمە هیچ هەرایەکمان نەنایەوەو بێ دەنگی تەنیا جوولەکەکانی شەقڵاوە کۆبووینەوەو چووین لە قەبرستانی جوولەکانی شەقڵاوەدا ناشتمان. ئەمجارە بڕیاردرا ئەم ڕێوڕەسمە هەم بە خاک سپاردنێکی شایستە بێت بۆ مامم و هەمیش دەربڕی ناڕەزاییەکی خەڵکی ئەم شارە بێت بەدەست دارودەستەی حوکمڕانی ئاغاکان و پۆلیسی دەوڵەتی مەلەکی عێراقی. حیزبی شیوعی ئەم هەڵەی قۆستەوەو دەیانویست سۆزی خۆیان بۆ ئێمەی جوولەکە دەرببڕن و لە هەمانکاتیشدا نیشانی خەڵک و هەوادارانیان بدەن کە هەر حیزبی شیوعیە دژی چەوساندنەوەی چینایەتین و دژی ستەمی ئاغاو بەگزادەکان و دەسەڵاتیان خەبات دەکەن و دەیانەویست ئەمە بە کردار نیشانی خەڵکی شەقڵاوە بدەن.ئاغا و بەگزادەکانیش بە ڕواڵەت وا خۆیان نیشانی جوولەکەکان دەدا کە هەر ئەوانن داکۆکیان لە ئێمە کردووە و هەر ئەوانیش ئێمەیان پاراستووە لە دەست ڕێگر و چاوچنۆکان و ئەو کەسانەی کە ویستوویانە بەناوی ئایین و بێ دەسەڵاتی ئێمە بمانچەوسێننەوەو پارەمان لێوەرگرن و بەخۆڕایی شتمان لێبستێنن و هەڕەشەی جۆراوجۆرمان لێبکەن. لە دڵەوەش پێیان ناخۆش بوو ئەم ڕێوڕەسمە بە شێوەیەکی جەماوەری بێت، چونکە دەیانزانی هەموو خۆنیشاندانێک کە دژی دەسەڵات بێت پرووشکی زۆر بەر ئەوان دەکەوێت، چونکە خۆیان بەشێک بوون لە دەسەڵات، بەڵام ئیتر کە بوو بە پێشبڕکێ لەسەر ئەوەی کامە لایان دڵسۆزی خۆی بۆ مەزلوومیەتی ئێمە نیشان بدات ئەوا ئەوانیش بیریان لەوە کردەوە کە لە سەرەوەو بە ڕواڵەت پیاوانی خۆیان ناردە ناو خەڵکەکە و لە ژێرەوەش پۆلیسیان بەگژ

خەڵکەکەوە هاندا، چونکە دەسەڵاتی شار ئەگەرچی بە رووالەت لەدەست میری و پۆلیس بوو بەڕێوەبەری ناحیە و پۆلیس هەبوو وەک شاریش حاکم و ئیدارەی هەبوو، بەڵام هەموو ئەم داروودەستانەی ئیدارەی میری لە ژێرەوە ئەڵقە لە گوێی ئاغا و بەگزادەکان بوون. هەردوو ئاغای شەقڵاوەش دەیانەویست نیشانی ئێمەی بدەن و پێشبڕکێیان بوو بۆ خۆ دەرخستنیان وەک داکۆکیکار لە مافی ئێمە و هەریەکەیان زیاتر خۆی وادەردەخست ئێمەی جوولەکەی ژێر هەژموونی هەر لایەکیان کە ئەوان لایەنگری ئێمەن، بەڵام ئەوەی کە روویداوەو کراوەو بووە گوایە ئەوە رقی خەڵک بووە لە دژی بیروباوەڕی شیوعییەکان و ئەوان لەم حاڵەتانەدا ناتوانن بەرانبەر بەرقی جەماوەر و پیرۆزی ئایین بوەستن و کاردانەوەیان هەبێت. بۆیەش رێوڕەسمی ناشتنەکە وەک پێشبڕکێیەکی لێهاتبوو زیاتر خۆنیشاندان تا دەهات زیاتر گەورەتر دەبوو. لەژێرەوەش هەردوو ئاغای شەقڵاوە تەدارەکی حکوومەتیان هاندا کە دەبێ دژی رێوڕەسمەکە و خۆنیشاندانی خەڵکەکە بوەستن. ئەوەبوو عەلی قامچی رەش خۆی و پۆلیسەکانی ژمارەیەکی زۆر هاتن تا بەرانبەر خۆنیشاندانەکە بووەستن. لەملاوەش ژمارەیەک لایەنگرانی بیری توندڕەوی ئایینی دژی ئایینی ئێمە و دژی جوولەکە کاریگەر بە بیری فەرهوود و بیری شۆڤینی نازییەت گوایە لایەنگیری نازییەکانن بۆ لەناوبردنی ئێمەی جوولەکە، ئەگەر نازییەت سەرکەوێ ئەڵمان کە یەک رەگەزن و وەک کورد ئارین دەتوانن دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن، بۆیە دەبێ ئەو خەڵکەش وەک زەمانی فەرهوودەکەی بەغدا دەبێ لەگەڵ ئەڵمان و نازییەکان بن بۆ لەناوبردنی جوولەکە و بۆیە هەندێک کەسی هاوسۆزی ئەڵمانەکان و لایەنگری بیری نازییەت و هەستی بە ئاری بوون و دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری ئینگلیزەکان دەبووایە بجەنگن. ئەمانە بە پێشرەوی و چاوسوورکردنەوەی عەلی قامچی رەش لە جەماوەری خۆپیشاندانەکە هاتنە پێش. عەلی قامچی رەش بۆ ئەوەی نیازپاکی میری و ئاغاکان بسەلمێنێ کە گوایە حکوومەت تۆڵەی کوشتنی مامم دەکاتەوەو بکوژەکان دەستگیر

دەکات، سیناریۆیەکی ئامادەکرد، ئەوەبوو دوو کەسی بەندکراوی لە زیندان هێنایەدەر و هێنانی لە پێش چاوی خەڵک ماستی بەسەردا کردن و بە پێچەوانە سواری گوێدرێژی کردن و هێنای بەناو خەڵکەکە نیشانیدەدان کە گوایە ئەمانە بوون بکوژی مامم و تۆڵەیان لێدەکاتەوەو میری سزایان دەدات و وا خۆی نیشاندەدان کە لەم شارەدا تەنیا یاسا سەروەرەو هیچ کەسێک لەبەردەم یاساو حکوومەت چاوپۆشی لێناکرێ، ئەگەر ئەو پیاوانە سەر بە هەر کەس و لایەنێک بێت دواجار یاسا بۆ هەمووان وەک یەکە. شیوعی و پارتییەکان و چەپڕەو و مارکسی و رۆشنبیرانی شارەکە دەیانزانی ئەمە سیناریۆی عەلی قامچی رەشە بە پشتگیری هەردوو ئاغا و بەگزادەکانی ئەم شارە بۆیە زۆر بە گاڵتەجاڕییەوە هاواریان دەکرد.

- درۆیە.. درۆیە.. ئەمە سیناریۆی دروستکراوی خۆتانە.

ئاپۆرای رێوڕەسمی ناشتنەکەی مامیشم لەو ناوە نزیک دەکەوتەوەو وردە وردە خەڵکی شارەکە رووەو گردبوونەوەی ئەو خەڵکە دەچوون کە دەیانەویست رێوڕەسمی ناشتنی مامم بکەن بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری و نیشاندانی ناڕەزایی هەم دژی ناعەدالەتی ئاغا و بەگزادەکان و هەمیش پشتگیری بۆ بە ناهەق کوشتنی مامم و شاردنەوەی تاوانباران و هەمیش وەک داکۆکی بۆ جوولەکەکانی شەقڵاوە، لەمەشدا هەم حیزبی شیوعی بە مافی خۆی دەزانی کە مامم ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە بوو و هەمیش پارتییەکان کە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی دەبێ ئەم رێوڕەسمە بکەنە ئامانجی خۆیان تا پشتگیری حیزب وەک ئەرکێکی نەتەوەیی نیشان بدەن و بە خەڵکەکە بڵێت ئێمە داکۆکی لە مافی کەمینەکانیش دەکەین، چونکە ئەوانیش ئەگەرچی بە ئایین جوولەکەن، بەڵام بە نەتەوە کوردن بۆیە داکۆکی لە کێشە مرۆڤایەتییەکان دەکات. لەملاوەش ئەڵقەکانی مارکسی و رۆشنبیرەکانی شارەکە ئەوانیش دەیانەویست بۆنەکە بکەنە خۆپیشاندانێکی جەماوەری هەم دژی سیستەمی سیاسی وڵات کە سیستەمی مەلەکی بوو و هەمیش وەک بەگژداچوونەوەیەکی ئەم سیستەمە لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی

و سیاسی و چینایەتی و وەستان لە بەرانبەر زوڵم و ستەمی چینایەتی کە ئاغا و بەگزادەکان بە پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی دەیانکرد و هەمیشە خەڵکی هەژار و داماوی شارەکەش قوربانی بوو. ئیتر ئەوەتا ئەوجارە جوولەکەیەکی شیوعی بەستەزمان بێ چەک و توندوتیژی و تەنیا بە قەڵەم و قسەکانی بەرەنگاری جەورو ستەمی ئەو ئاغانە و سیستەمی سیاسی بووەتەوە، کەچی ئەوان نەیانتوانی قەڵەمەکەی و قسەکانی لەکار بخەن، تەنیا تاکە رێگای وەستاندنیان و بەرەنگاربوونەوەیان بۆ ئەم بە لەناوبردنی جەستەیی ئەو پیاوە بیر رووناکە بوو، چەندانی تریش بە درێژایی مێژووی حوکمڕانییان کەوتبوونە بەر ئامێری ئەم دەسەڵاتە کە ئاغا و بەگزادەکان ئامێرەکەیان بەدەستبوو و سیستەمی سیاسیش بۆ بەرژەوەندی خۆی پاڵپشتی دەکردن.

عەلی قامچی رەش لە گردبوونەوەی خەڵکەکە نزیک بووەوەو هاواری کرد:

- یەڵڵا پەرتەی لێبکەن، هەر کەسە بچێتە ماڵی خۆی تەنیا خزم و کەسوکاری مردووەکە بمێننەوە. تەنیا با برایانی جوولەکە مردووی خۆیان بنێژن. ئێوە پەرتەی لێوە بکەن، ئەوەتا قەبرستانی ئەوان لێرەوە نزیکە با نەبێتە دووبەرەکی ئایینی ئێوە موسڵمانەکان کەی لە ناشتنی مردووی ئەوان بەشداربوون. یەڵڵا ئەوەتا تاوانبارانمان گرتووە وا بە بەر چاوی ئێوە بە پێچەوانە سواری گوێدرێژم کردوون و بە چاو بەستراوەیی ماستم بەسەریاندا کردووە تا رووڕەشی لای ئێوەو قیامەت بن. ئینجا دەسەڵاتیش مافی خۆی و تۆڵەی یونانی رەحمەتیش لەوانە وەردەگرێ. ئیتر حاکم حوکمی خۆیان بەسەردا دەسەپێنێ.

لەودەمە عەلی قامچی رەش هەڕەشەی دەکرد، قامچییە رەشەکەی لە دارو دیوار دەدا و لەگەڵ وەشاندنی قامچییەکەی دەنگی وژە وژی قامچییەکەی دەگەیشتە گوێی خەڵکەکە، لەملاوە مەلا تەقییەدین قسەیەکی لەگەڵ مامۆستا مەلا تەهای مامەجەلکەیی کرد. ئەویش هەڵیدایێ و گوتی:

- بەڕێز ئەوە ئێوەن بە پشتیوانی ئاغاو بەگزادەکانتان ئەو تەباییەی ئێمە

تێکدەدەن و ناکۆکی ئایینیمان لە نێواندا دەچێنن، دەنا باب و باپیری ئێمە هەمیشە پێکەوە ژیاوەو لە خۆشی و ناخۆشی یەکتریدا بەشدار بووینە. ئێمە هیچ ناکۆکییەکی ئایینیمان لە نێواندا نییە، بەڵێ با جوولەکەش بن، ئەم دینەش دینی پێغەمبەران (مووسا و داود و دانیال و عوزێر و حونەین و میشایل)ن، هەموو ئەو زاتانە پێغەمبەرانی خوا بوون. بەسە وازمان لێبێنن. ئێوە بڕۆن دوو پیاوەکەی سەر گوێدرێژ چیتر بە ناهەق نیشانی ئێمەیان مەدەن. چیتر سوکایەتییان پێمەکەن. بەسە ئیتر با ئەم سیناریۆیە ببڕێتەوە. ئیتر خەڵکی ئەم شارە کوێر نین.

لەملاوە قەشە جوبرائیل هەڵیدایێ:

– بەڕێز عەلی گیان قامچییەکەی خۆت لەسەر ئەم خەڵکە هەڵگرەو هەڕەشەمان لێمەکە. تۆ ئامۆژگاری ئێمە مەکە. ئەگەر ئێوە لێمانبگەڕێن، ئێمە بۆ خۆمان دەتوانین لە نێوان خۆماندا بە ئاشتەوایی بژین. ئەوەتا ئێمەش کریستیانین وا شان بە شانی مامۆستا مەلا تەهاو مەلا تەقیەددین و مالمی شەقلاوە نوێنەری هەر سێ ئایین پێکەوە لێرەین. ئەوەتا ئێمە لە هەموو ناخۆشییەک و لە هەموو پرسەیەکدا لەگەڵ یەکتریدا هاوشان و پێکەوەو تەباو بەشدارین. ئەوەتانێ جەنابی مالم کە نوێنەری برا جوولەکەکانە ئەگەر وانییە با بڵێ قسەکەی تۆ ناتەواوە.

مالم لەولاوە لێیوەرگرتەوەو وتی:

– بەڵێ راست دەکەیت جەنابی قەشە جوبرائیل ئەگەر دەسەڵات و دارو دەستەکەیان لێمانبگەڕێن ئێمە لە نێوان خۆماندا هیچ کێشەیەکمان نییە. ئێستاش لێمانگەڕێن با ڕێوڕەسمەکە بە جوانی بەڕێوەببەین.

عەلی قامچی رەش جارێکیتر قامچییەکەی بە هەوادا وەشاند و رووی تێکردن و وتی:

– نابێ ئەوە ئەمری بەڕێوەبەری ناحیەیە ئەویش لە موتەسەریفەوە ئەمری پێکراوە کە نابێ رێ بە هیچ خۆپیشاندانێک بدرێت بەبێ مۆڵەتی فەرمی. کوا ئێوە مۆڵەتتان لە کێ وەرگرتووە؟

لەولا شیوعییەکان کەوتنە جوولە و دژی ناشەرعی دەسەڵات هوتافیان لێداو هاواریان دەکرد:

– ئێوە دەبێ مۆڵەت لە میللەت وەرگرن. کوا ئەم وڵاتە رەوایی تێدایە تا داوای مۆڵەت بکەن ئەی ئاغاکان مۆڵەتیان لە کێ وەرگرتووە بە کەیفی خۆیان خەڵک دەکوژن و خەڵک دەردەکەن و موڵکی خەڵک داگیردەکەن. ئێوە بڕۆن مادام ناتوانن دادپەروەری بۆ میللەت دابین بکەن بڕۆن وازبێنن.

سامیەشاکر چاوشلی ئافرەتێکی رۆشنبیری گەنجی شیوعی خوێنگەرم بوو لەولاوە هاتە پێش و توورەگەی بە ملی خۆیەوە کردبوو و پڕی کردبوو لە مشکی. هاتە پێشەوەی خۆپیشاندانەکە. کە پۆلیسەکان جوولەیان کرد و هاتنە پێش، ئەو مشکی لە توورەگەکەی دەردێناو بەناو لەپی بە پۆلیسەکانی دادەکرد. پۆلیسەکان تۆزێک پاشەکشەیان کرد. عەلی قامچی رەش لە هەڕەشەکانی خۆی نەدەوەستا.

بوو بە غەلبە غەلب و بژی و بڕۆ. لەوێ پێشبڕکێی شیوعی و پارتییەکان پەیدا بوو. حەمەدکەی کەنناس لەسەر شانی یەکێک لە شیوعییەکان بەرزکرایەوەو هاواری کرد: ((حیزبی شیوعی پۆلایە بۆ جمهوریەت فیدایە)) ئەوانیش شیوعییەکان هەموو بە دوایاندا ئەم دروشمەیان دەگوتەوە. ماوەیەکی زۆری نەبرد، پارتییەکانیش جوولەیان تێکەوت، یەکێکیان سالحە درێژی لەسەر شانی خۆی بەرزکردەوەو هاواری کرد:

((پارتیمان پۆڵا شکێنە، زۆر بەهێزو بەتینە))

ئەندام و لایەنگرانی ئەوانیش هەموو ئەم دروشمەیان وتەوە.

عومەر تۆربۆ هەبوو لە شەقڵاوە بە هەستی عێراقچییەتی بەناوبانگ بوو دیاربوو ئەویش ویستی ناڕەزایی خۆی بەم شێوەیە نیشان بدات. ئەوەبوو تەنیا سێ کەسی لەگەڵدا بوون یەکێکیان خستیە سەر شانی خۆی و هاواری کرد:

((بژی عارەب و کورد و جوو هەموومان بۆ یەک ئارەزوو))

دیاربوو وەڵامدانەوەی کەمی لایەنگرانی کە هەر ئەو سێ کەسە و خۆی دەبوون

به چوار نەیتوانی دەنگی ئەوانیتر دابمرکێنێتەوە بۆیە پاشەکشەیان لێکردو ئەوانیتر بە مۆرەلێکردنەوە لە نێو درِی خەڵکەکە دووریانخستنەوە. عەلی قامچی رەش ئەمری بە پۆلیسەکانی کرد تەقە بکەن و پەرتە بە خەڵکەکە بکەن. ئەوان تەقەیان کردو ئەوانیش دوو کەسە ماست بەسەرداکراوەکانیان بردەوە قشڵە و نێو زیندان. دوایی پڕیاندایە سامیە شاکر چاوشلی و ئەو کەسانەی کە هوتافیان لێدا و بەناو خەڵکەکە وەربوون. هەردوو ئاغاش پیاوانی خۆیان هێنا و ئەوەی مەبەستیان بوو چوون گرتیان و بردنیان بۆ قشڵە.

جەنازەی مامم هێشتا چاوەڕوانی شاردنەوە بوو، هەموو بە دەوریدا کۆببوونەوەو چاوەڕوانی دەرفەتێکیان دەکرد دۆخەکە هێور ببێتەوە. دەمەوعەسر گەنجە خوێن گەرمەکان بیریان کەوتەوە کە ئەم ئێوارەیە وەک ئێوارەی هەموو ساڵێک خەڵکەکە لەسەر چیا و لە نێو ماڵان و لە هەموو کوچە و کۆڵانەکان ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە. دەڵێن ساڵی پار واتە ساڵی ١٩٤٧ عەونی یووسف لە هەولێر بە فەرمی مۆڵەتی ئاگرکردنەوەی وەرگرتبوو، لەم شارە ئاگری نەورۆز بە ئاهەنگی جەماوەرەوە بەڕێوەچوو. دەڵێن سەلیم سەیدۆک بە تەنیا لەسەر قەلات لە ماڵی خۆی لە سەربان ئاگری کردەوەو دوای ئەو ماڵەکانی تریش مەشخەڵی ئاگری نەورۆزیان بە بەرزی نیشانی شارەکانی دەوروپشتی هەولێردا. دەڵێن هەندێک لە خەڵکی هەولێر بە قسەی حیزبێکی دینی بەناوی حەرامەوە چەندان خێزانی لە ئاگرکردنەوەو بەدیار ئاگرەوە دووردەخستنەوە. ئەو ساڵەش واتە ساڵی ١٩٤٨ لە شەقلاوە ئەم خۆپیشاندانە هاوکات بوو لەگەڵ ڕێوڕەسمی ناشتنی مامم کە ساڵانی پێشتر یەکەم کەس بوو خۆی دەگەیاندە سەر چیای سەفین و لەگەڵ یاوەرانی مەشخەڵی نەورۆزیان نیشانی شار و دێهاتەکانی ئەم دیوو ئەودیوی چیای سەفین دەدا، تەنانەت ئەم مەشخەڵە لە هەولێریشەوە تێکەڵ ڕووناکی و مەشخەڵی قەلا دەبوو و لە سلێمانی و کەرکووک و بنار حەمرین و دهۆکیش ئەو گڕە نیشانەی ناڕازیبوون و بڕوا بە داهاتووی کورد بوو بە

رزگاربوون و سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئاوات و نەمانی ستەم و هێنانەدی خەونی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەرزەمینە بە پێکهاتە جیاوازییەکانییەوە بە ئایینە جیاوازەکانییەوە، ئەم وڵاتەی کە ناوی کوردستانە.
ئەم دەمەوعەسرە بە دەم یادکردنەوەی نەورۆزەوە هەموو تێکڕا رژانە سەر شەقامەکان. گەنجان گەیشتنە سەر بەرزاییەکانی چیای سەفین. ئاگریان کردەوە. ئەو شارەیان رووناک کردەوە. خەڵکەکە هەر کەسە رووی کردە سەر شەقامەکان و تایە و لاستیکیان سووتاند. دوایی وردە وردە خەڵکەکە زیادی کرد تا وایلێهات دەسەڵات و پۆلیس و پیاوانی ئاغا نەیانوێرا چیتر بەربەست لە بەردەم خەڵکەکە دروست بکەن. نە حکوومەت و پۆلیس و ئاغاکان دەنگ نە خەڵکەکەش دەنگ. ئیتر دەرفەتی رێورەسمی ناشتنی مامم زیاتر لەبار بوو.
گۆڕستانی ئێمە کەوتبووە بناری سەفین و ئەم دیوی قەبرستانی کریستیانەکان. لە چیای سەفین نزیک بوو و لەملاوەش لە قشڵە نزیک بوو.ئیتر دوای مشتومڕی گەورە پیاوانی بەڕێوەبردنی رێورەسمەکە بەم شێوەیە رێککەوتن:
رێورەسمەکە لەلای ماڵی ئێمەوە دەستپێبکات کە لە گەڕەکی مەندیسخانە بوو. یەکەم ماشێنیش پەستەکەی تۆماسی دیان بوو وەک کریستیانێک هەمیش لە شەقڵاوەو دەوروبەریدا بەرەو هەولێر نەفەری دەگواستەوە. بەم پەستەش تەرمەکەی مامم دەبووە هێمایەکیتر.. ئەگەرچی زۆر کەسی تریش ناڕازی بوون و دەیانویست ماشێنی ئەوان هەڵگری تەرمەکەی مامم بێت وەک میری هەژاران و کریکۆر و سیمۆن و ئاگوب و مستەقوت وەک هێمای ئەرمەنییەکان لە شەقڵاوە، هەروەها نوریئێل یەهوودی سەرۆکی تایفەی یەهوودییەکان لە هەولێر، هەروەها هەردوو ئاغا پیکابی خۆیان ناردو خۆیان و پیاوانیشیان هاتن وەک نیشاندانی نیەتپاکی خۆیان ئەگەرچی هەر بە روخساریش بوو، بەڵام شیوعی و پارتییەکان نەیانهێشت ئەوان هەڵگری تەرمی مامم بن، بەڵکو لە مەراسیمەکەشدا دووریانخستنەوە.

دواجار مەلا تەها و مەلا تەقییەدین و مالم و قەشە جوبرائیل بڕیاریاندا کە پەستەکەی تۆماس هەڵگرو یەکەم ماشێنی کاروانەکە بێت کە هێمای کریستیانی شەقڵاوەیە.
مەلا تەها مامەجەلکەیی بەخۆی و فەقێکانییەوە لەگەڵ مەلا تەقییەدینی مەلای مزگەوتی گەورە لە ریزی پێشەوەی خەڵکەکە وەستابوون.مەلا تەها کە هەندێک کەسیش پێیاندەگوت مەلا مارکسی بەتایبەتی ئاغاکان ئەو ناوەیان لێنابوو زۆریش پیلانیان بۆ دادەنا تا لە مەلایەتی دووری بخەنەوە، بەتایبەتی تۆمەتی مارکسییان بۆ هەڵدەبەستاو لای میری راپۆرتیان لەسەر دەنووسی و دەیانگوت: (مەلا و مارکسییەت کوجا مەرحەبا! چۆن دەبێ مەلا بێت و مارکسی بێت! کوا مارکسییەکان بڕوایان بە دینی خوا هەیە ئەسڵەن ئەوان دین بە تلیاکی میللەتان پێناسە دەکەن وەک لەسەر زاری مارکسی بیرمەندییان هاتووە!!)
دواجار پیلانەکانیان سەریگرت و لە خوتبە و ئیمامەتی مزگەوت دوورخرایەوە، بەڵام نەیانتوانی حوجرەو مەکتەبەکەی کە لە گوندی خۆیان بۆ دەرسگۆتنەوەی فەقێیانی دانابوو دووری بخەنەوەو ئەو بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو نووسینی کتێبەکانی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بە تۆمەتی مارکسی بوون هەرجارەی کەسانی مارکسی، یان شیوعییەکانیان بگرتبووایە ئەویشیان لەگەڵ ئەوان رادەپێچا بۆ بەندیخانە.
ئەودەمەی رووداوی مامم روویدا ئەو تازە لە بەندیخانە بەرببوو و خەریکی قوتابخانەکەی بوو، بەڵام کە ئەم رووداوەی بیست بەیانی زوو لەگەڵ چەند فەقێیەکی خۆیداخۆیان گەیاندە لای مەلا تەقییەدین لە مزگەوتی گەورەو لەبن دار چنارە گەورەکە قسەی خۆیان کرد و هەردووکیان بڕیاریاندا بە جوانترین شێوە لە رێوڕەسمی ناشتنی مامم بەشداربن. ئەوەبوو کە ئەو دوو مەلایە هاتنە لای ئێمە، ئەوان بیرۆکەی رێوڕەسمەکەی ناشتنی مامميان پێشنیار کرد و هەموو لایەنەکانی تریش پەسندیان کرد ئەگەرچی دامودەزگای حکوومەت رەتیانکردەوەو سەرەتا چەندان جار زەبر و زەنگیان

بەکارهێنا بەڵام دواجار لەبەردەم ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی شەقڵاوە ناچاربوون خۆیان کڕ بکەن. ئاغاکانیش بە ناچاری بۆ دیوەخانەکانیان تەنیا وەک تەماشاکار مانەوە. ڕێوڕەسمەکە وادانرا کە چەند ئۆتۆمبێلێک دوای پەستەکەی تۆماس کە هەڵگری تەرمەکە بوو بە پەڕۆی ڕەش داپۆشرێن. دوای پەستەکەی تۆماس کە هێمای کریستیانەکانی شەقڵاوە بوو و هەموو پێکهاتە ئایینییەکانیش سواری پەستەکەی ببوون و بۆ هەمووان وەک یەک بوو. دوای پەستەکەی تۆماسیش ئۆتۆمبێلی میری هەژاران بوو کە هەردوو مامۆستای هەڵگرتبوو،مەلا تەقییەدین و مەلا تەهای مامەجەلکەیی. دوای ئەویش ئۆتۆمبێلی قەشە جوبرائیل شێربوو کە ئەویش هێمای ئایینی کرستیانەکانی شەقڵاوە و لێبووردەیی ئایینی مەسیحی بوو لەو شارە. دوای ئەویش ئۆتۆمبێلی سیمۆن و کریکۆر و ئاگوب و مستەقوت بوو کە هەموو پێکەوە سواری ئۆتۆمبێلی کریکۆر بوون. مستەقوت ناوی بنچینەیی خۆی بەلەدروز بوو ئەوانە هەموویان لە قەتلوعامی ئەرمەنەکان بەدەست دەوڵەتی عوسمانی لە کارەساتی شەڕ هەڵاتبوون و لە شەقڵاوە گیرسابوونەوە، کریکۆر و سیمۆن یەکەم کەس بوون لە شەقڵاوە دوو چێشتخانەی گەورەیان کردەوەو دوو گەڕەکی شەقڵاوەیان ئاوەدانکردەوەو تائێستاشی لەگەڵدابێت ئەو دوو گەڕەکە هەر بەناوی ئەوانەوەیە کە پێیاندەڵێن گەڕەکی کریکۆر و گەڕەکی سیمۆن. ئینجا ماشێنی ناجی شاووڵ کە سەرۆک و لێپرسراوی جوولەکەکانی شاری هەولێر بوو لەگەڵ ئەویشدا (یۆنا حەبیب)ی موختاری گەڕەکی تەعجیلی جوولەکەکانی هەولێری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. دوای ئەویش ماشێنی نوریئیل یەهوودی سەرۆکی تایفەی یەهوودی لە هەولێر بوو کە لەگەڵ ئەودا دانیال قەسابی هونەرمەند و پنحاس ئەفەندی و مامۆستا ناجی ڕەحیم هاتبوون کە ئەوانیش جوولەکەی هەولێر بوون.
ئینجا ماشێنی (مالم)ی شەقڵاوە کە من و باوکم لەگەڵ ئەو سواربووین. دوای ئەوانیش پیکابی فۆردەکەی عەولا فۆرتۆ بوو کە تیپی مۆسیقای (زەکی بارۆخ)ی هەڵگرتبوو ئەو پیاوە مامۆستای مۆسیقا بوو لە شەقڵاوە

و جوولەکەیەکی کوردپەروەر بوو، هەمیشە منداڵانی فێری سروود و گۆرانی کوردی دەکرد. لەگەڵ ئەویشدا حەمید قەسابی هونەرمەندی کەمانچەژەن هاتبوو کە هەرچەندە ئەو موسڵمان بوو، بەڵام لەگەڵ زەکی بارۆخ لە زۆر بۆنەی نیشتیمانیدا پێکەوە بوون. هەر لەناو ئەم پیکابەدا مەلا کچکەی شاعیر بەگەڵیان کەوت، ئەو پیاوە یەکەم بەشداری کۆماری مەهاباد بوو لە شەقڵاوە کە بەشداری کۆماری کردو دوای ئەوانیش پێنج کەسیتر لە شەقڵاوە پەیوەندییان بە کۆمارە ساواکەی کوردستان کرد. هەر لەناو ئەم پیکابەدا (رەبەنی سۆمەی) حەیرانبێژییان هەڵگرتبوو. ئەو پیاوە دوای کاوێس ئاغا وەک حەیرانبێژێکی میللی پەیدابوو، ئەگەرچی خۆی کریستیان بوو، بەڵام جێی کاوێس ئاغای چۆل نەکردبوو. دوای کاروانی ئۆتۆمبێلەکانیش حەمەدکەی کەنناس کە یەکەم شیوعی بوو لە شەقڵاوە وەک سۆز و وەفایەک بۆ کادیرێکی رۆشنبیر و بە توانای حیزبەکەی کە مامم بوو زۆریشی خۆشدەویست مامم بەردەوام فێری خوێندنەوەو نووسینی دەکرد. ئەویش خۆی و عەرەبانەی کەنناسییەکەی و گەسکەکەی کە پەڕۆکێکی سووری لە یاخەی خۆی دابوو و پەڕۆکێکی رەشیشی لە سەری گەسکەکەی ئاڵاندبوو. ئەو دوا کاروان بوو دوای ئەمیش خەڵکیتر بە رێپێوان بەدوای قافڵەی ئۆتۆمبێلەکان دەڕۆیشتن و هەر کەسە هوتافی حیزبەکەی خۆی دەگوتەوە ئەوەی بێلایەنیش بوو بەردەوام بژی.. با.. بڕووخێ سیستەمی مەلەکی و داوای یەکسانی و مافی ئازادی میللەتیان دەکرد. کە خەڵکەکە هەموو گەیشتنە گۆڕی ئامادەکراوی مامم لە قەبرستانی جوولەکەکانی شەقڵاوە، ئەگەر لە ئاسمانەوە بە فڕۆکەیەک سەیرت بکردایە واتدەزانی خوای گەورە خەڵکی ئەم شارەی هەموو بە یەک پارچە و یەک رەنگ و یەک نەتەوەو یەک ئایین دروستکردووە. ئەوەی لەناو حەشامەتی خەڵکەکە جیادەکرایەوە پەڕۆکی سووری یاخەی حەمەدکەی کەنناس و قامچییە رەشەکەی عەلی قامچی رەش بوو کە لەپێش مەخفەر دەیلەراندەوە بێ ئەوەی بتوانێ هیچ بکات، یانبێتە بەربەست لەبەردەم

حەشامەتی خەڵکەکە. ناشتنەکە تەواو بوو، قەبرەکەیان پەستایەوە. چەند کەرپووچێکیان لە شێوەی ئەستێرەیەک دروستکرد کە لەسەر قەبرەکانی ئێمە وەک هێمای جوولەکەیەک دەنەخشێنرا، عەلی قامچی رەش لە خەفەتان قامچییە رەشەکەی لە هەوادا دەهێناو دەبرد گیڤەی دەنگی قامچییەکە لە ئەوانەی لە دواوە بوون دەبیسترا، چونکە مەخفەری پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی ناحیە لە قەبرستانی ئێمە دوور نەبوو. ئەم قامچییە رەشە هێمای زۆرداری و چەوساندنەوە بوو بۆ هەموو پێکهاتەکانی شەقڵاوە. ئەوەی ئەو عەقڵی نەگرتبایە دەیدایە بەر قامچییان تەنانەت مامیشم کە قوربانی دەستی زوڵم بوو سەدان جار بەر قامچی ئەو پیاوە کەوتبوو. ئەویش زۆرداربوو و خۆی بە دوژمنی سەرسەختی شیوعی و پارتییەکان ناسرابوو. کەچی ئاغا و بەگزادەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان پشتیوانیان لێدەکرد و بەردەوام دیاری و پارەیان دەدایێ. ئەگەرچی ئەو خەڵکە لە دین و بیروباوەڕ جیاواز بوون و وا بەدیدەکرا هەموو یەک پارچە بن بەرانبەر زوڵم و زۆرداری کە هەموویان ئامانجێکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە، ئەویش پیاوێکی تێکۆشەرو رۆشنبیری ئەو شارە کە مامم بوو. ئەو خەڵکە هەموو پەرۆشی کوشتنە غەدرلێکراوەکەی مامم بوون. ئەو خەڵکە هەموو ئەوجارە یەک ئامانج کۆی کردنەوە کە ئیدانەی ئەو تاوانە قێزەوەنەی جوولەکەیەکی دەست و پێ سپی و بێ زەڕی ئەم شارە و خزمەتکاری ئەم شارەو شیوعی و مامۆستایەکی پەرۆشی فێرکردن و بە ئاگاهێنانەوەی شارەکەی بوو. بۆیە بە جیاوازی سیاسی هەموولایەک خۆشیاندەویست. بەجیاوازی ئایینی هەموو ئاینزاکان خۆشیاندەویست تەنیا ئەوەی رقی لێی بوو ئاغا و بەگزادەو پیاوانی میری و پیاوانی ئاغا و بەگزادەو عەلی قامچی رەشی ستەمکار بوو.

ئێمە خۆمان دەمانزانی لەناو ئاپۆڕای ئەم خەڵکەدا کێ بە پەرۆشی ئێمەیە. کێ پەرۆشی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوە ژیانە. کێ جیاوازییەکان دەپارێزێ. دوای ئەوەی تەرمەکە ناشترا و مالم و پیاوانی ئایینی ئێمە

تەراتیلی ناشتنیان وت. ئینجا تیپی مۆسیقای زەکی بارۆخ و حەمید قەساب بە هاوکاری رەبەنی سۆمەی و مەلا گچکە و محەمەد مەلوود مەم و بەگۆکە فەندی و قادری گۆزێ و حاجی هەمینێ و میری هەژاران و سالْحی قادری وەسمانی و برایمی کەچەلێفێ و حەسەن ناسر و رەشیدی سالْح ملخواری و رەسووڵ وسوانی و مەحموودی مەلا سەعیدی و عەبۆی حەللاق و چەند کەسێکی تریش بوون بە کۆرس و مۆسیقای ئەی رەقیب کە سروودی نیشتمانی کۆماری مەهاباد و سروودی نیشتمانی کوردە مۆسیقایان لێداو سروودەکە هەموو ئامادەبووان گەورە و بچووک و ژنەکانیش کە لە دووری حەشامەتەکە ئاپۆرەیان کردبوو و بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی هەموو تێکرا ترسێکیان دەخستە نێو دەروونی ئاغا و بەگزادەو پیاوانی میری و بەتایبەتی عەلی قامچی رەش کە بەردەوام بە پێچەوانەی ئەو سروودە وەک رەتکردنەوەیەک قامچییەکەی لە هەوادا گڤە پێدەکرد و خەڵکەکەش بە قێز و رقەوە زیاتر دەنگی خۆیان بەرزدەکردەوە تا ئاواز و دەنگەکە لەلای ئەو کەسانەی چووبوونە سەر چیای سەفین دەبیسترا و لە هەموو ماڵێکی شەقڵاوە دەبیسترا و لە گوندەکانی دەوروپشتی شەقڵاوەش دەنگی دەدایەوە.

ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەبوو لەکاتی دەستپێکردنی مارشەکە دوو کەس هاتنە ناو کۆرسەکە، کەس چاوەڕوانی ئەو دوو کەسەی نەدەکرد ئەوانیش (مام هێمن)ی شاعیر و (زەبیحی) نووسەر بوون کە هەردووکیان دوو کوردی دڵسۆزی خەڵکی مەهاباد بوون و دوای کەوتنی کۆماری مەهاباد لەگەڵ مەلا گچکە و محەمەد سالْح کامەلاو قادر سەلیم و عەبدوڵڵا ئۆمەر و حاجی خدر سەعید کامەلا کە بە (حاجی هەمینێ) ناسرابوو ئەوانە لە دوای کەوتنی کۆمار گەڕابوونەوە شەقڵاوەو (هێمن) و (زەبیحی)یش لەگەڵ ئەوان هاتبوون و بە نهێنی لە ماڵی میری هەژاران بوون. بەڵام لەکاتی بیستنی مارشی ئەی رەقیب خۆیان پێڕانەگیرا و ماڵی میری هەژارانیش لە گۆڕستانی جوولەکان نزیک بوو و بەخشکە هاتن و خۆیان گەیاندە

ناو ئاپۆڕای خەڵکەکە و دریان بە قەڵەباڵغییەکەدا تا گەیشتنە لای تیپی مۆسیقاو لەگەڵ کۆرسەکە وەستان. ئەو دوو کەسە پەرۆکی رەشیان نەبەستبوو، بەڵام هەردووکیان وێنەی قازی محەمەدیان هەڵگرتبوو و لە یاخەی خۆیان دابوو. کە لە سروودەکە گەیشتنە (کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە.) هەموو ئامادەبووانی ئەو ناوە ئاماژەیان بۆ وێنەی قازی محەمەد کرد وەک ئاماژەیەک کە ئەو پیاوە لە دڵی هەموو کوردێک بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئیتر تا مارشەکەش تەواو بوو ئەوان و کۆرسەکە و کەسانی نزیک لە کۆرسەکە بە خوڕ فرمێسکیان لەچاو دەباری خەڵکەکەش بەتایبەتی خەڵکە نیشتیمانپەروەرەکە و پەرۆشانی مامم فرمێسکەکانمان بوو بە دوو فرمێسک یەکێکیان بۆ تاکە کۆماری کوژراوی کورد و ئەوەی تریشیان بۆ قوربانی زوڵم و زۆرداری و ستەمی رژێم و ئاغا و دەسەڵاتی مەلەکی کە کەوتبووە دەست ئاغا و بەگزادەکان و بە کەیفی خۆیان لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا خەڵکیان دەکوشت و دەگرت و دەربەدەر دەکرد و لەسەر ماڵ و موڵکی خۆی بەدەریان دەناو دەستیان بەسەر سامان و موڵکی خەڵک دادەگرت و هەر زەوی و زارێکی باش هەبوو، یان بە زۆر بە نرخێکی هەرزان لەگەڵ خاوەنەکەی دەبوونە شریک و زوو لە تاپۆ بەناوی خۆیان تۆماریان دەکرد. یانیش بە نرخێکی هەرزان لەبەر دەستیان دەردێنان. یانیش بەگرتنیان دەداو کابرا خۆی و خێزانی و بنەماڵەکەی بەرەو شار و گوندان دەربەدەر دەبوون و دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکیان دادەگرت. قوربانی ئەمجارەش کە خەڵکەکە بۆی دەگریان مامم بوو، راستییەکەشی ئەوەبوو زۆربەی خەڵکەکە بەڕاستیش بۆ مامم بە پەرۆش بوون، بەڵام ئەوانە لە ژێرەوە بۆ چارەنووسی رەش و نادیاری خۆشیان دەگریان.

ئەمڕۆژە رێکەوت بوو لەگەڵ رۆژی نەورۆز کە خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لەم رۆژەدا وەک هێمای سەرکەوتن بەسەر زوڵم و زۆرداری و وەک هاتنی یەکەم رۆژی بەهار ئاگری سەرکەوتنی دەکردەوە وەک ئەفسانەکان باس دەکەن سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بوو بەسەر زوڵم

و ستەمی زووحاكی خوێنمژ كە دوو ماری لەسەر شان بوو دەبووایە هەموو رۆژێ دوو گەنج سەربڕبڕن و مێشكەكانیان دەرخواردی دوو مارەكەی سەرشانی زووحاك بدەن. ئەمەش نارەزایی زۆری خەڵكی لێكەوتەوەو رۆژێكیان كە وەک ئەمڕۆژە سەرەتای بەهار بووە كە كاوەی ئاسنگەر خۆی و كوتكی ئاسنگەری بەپێش خەڵكە رەش و رووتەكە دەكەوێ و شۆڕشەكەی سەردەگرێ و زووحاك لەناو دەبات، دەڵێن ئەوكاتە خەڵكی لەسەر چیاكان ئاگریان كردۆتەوە، ئەمەش وەک هێمایەک بووە بۆ خەڵكی هەموو ناوچەكانی دەوروبەر كە شایی سەركەوتن بكەن و شۆڕشەكەی كاوە سەركەوتنی بەدەستهێناوە. بۆیە لەم رۆژەدا زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا ئەم رۆژە بە یەكەم رۆژی بەهار و رۆژی سەركەوتن بەسەر زوڵم ستەم دادەنێن و شایی و ئاهەنگ دەگێڕن لەسەر چیاو شوێنە بەرزەكاندا بە رێوڕەسمی میللی ئاگر دەكەنەوەو ئەم یادە پیرۆز دەكەن. ئێستاشی لەگەڵدابێت ئێمە لە قودس و تەلئەبیب و چەند شارێكیتری ئیسرائیل یادی نەورۆز دەكەینەوەو ئاگر دەكەینەوەو ئاهەنگ و شایی دەگێڕین و بە جلی كوردی خۆمان دەڕازێنینەوەو بە زمانی كوردیش ئاهەنگ دەگێڕین. ئەو رۆژەی رێوڕەسمەكەی ناشتنی تەرمی مامم رێكەوتی نەورۆز بوو. بۆیە ئەمڕۆژە وەک خۆپیشاندانێكی سەرتاسەری لە شەقڵاوە رەنگی دایەوە. هاوكات لەگەڵ چڕینی مارشی ئەی رەقیب هەندێک لە گەنجانی خوێن گەرمی ئەم شارە خۆیان گەیاندە سەر چیای سەفین و چیای سۆرک بە چیلكەدار ئاگریان كردەوەو گڕی ئاگر لە هەموولایەكی دەوروپشتی ئەم دوو چیایە بەدیدەكرا. لەملاوەش ناو شار بەرگی ماتەمی پۆشیبوو. هەموو خەڵكەكە ئەوانەی نەهاتبوونە سەر قەبران لەسەر بانەكانیاندا وەستابوون و تەماشای گڕی ئاگری سەر هەردوو چیای سەفین و سۆركیان دەكرد و گوێی خۆشیان بۆ سروود و مۆسیقای هونەرمەندان قوڵاغ كردبوو كە لە رێوڕەسمی ناشتنی مامم بەرێوەدەچوو.تەنیا ئەو كەسانە نەبێ كە پیاوی میری بوون، لەگەڵ ئاغا و بەگزادە و پیاوەكانیان و دەست و پێوەند و

بەکرێگیراوانیان ئەوانە لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدا کاتەکانیان بەڕێدەکرد و لە ناخەوە ژانی ڕاپەڕینی میللەت گرتبوونی و لە ناوەوە دەکوڵان،بەڵام نەیاندەتوانی ببن بە بەربەست لە بەردەم ئەو هەموو خەڵکە. ئەو خەڵکەیتر ئەوانەی بەشداری ڕێوڕەسمەکە نەبوون هەموو ماڵ ماڵ لە سەربان تەماشای گڕی ئاگر و گوێیان لە سروود و مۆسیقا ڕاگرتبوو و چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانیان دەکرد. کیژو ژنانی ئێمەش کە لە هەموو پێکهاتەکانیتر زیاتر غەمبار بوون هەمووان ئەوانەی لەژێر هەژموونی هەردوو ئاغا بوون. لە مەراسیمی ناشتنەکەی مامیشم پیاوان و نێرینەی ژێر هەژموونی هەردوو ئاغا تێکڕا لە مەراسیمەکە ئامادەبوون و سەرتاپا جلی ڕەشمان پۆشیبوو. ژنانیشمان هەر لە بەیانییەوە چووبوونە خمخانەکەی خدرۆکە جوو لە گەڕەکی کانی خۆمانێ کە لەم شارەدا بەناوبانگ بوو، تەنانەت لە شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەریشی ژنان دەهاتن جلی خۆیان لە خم دەنا هەربۆیەش ئەو گەڕەکەی ئەوێ ناوی لێنرا کانی خومان، چونکە خمخانەکە کەوتبووە سەر کانییەک کە خدرۆکە خۆی و کوڕەکانی ئەم خمخانەیان بەڕێوەدەبرد. بۆیاغی خمەکەشیان بە تەنەکە لە تاران و بەغدا بۆ دەهات.
ئەو ڕۆژە هەموو ژن و کچانی عازەبی ئێمەی جوو بە جلی خۆیانەوە چووبوون، هەموو وەک نیشاندانی کۆستێکی گەورە لە خمخانەکە کەلانگوچکی کراسەکانیان لە خمی ڕەش نابوو. ئینجا بە ڕێپێوان هەموویان کەلانگوچکی دەستیان خستبووە سەر سەریان و بە بێدەنگی سینگی خۆیان دەکوتی. بەرەو گۆڕستان هاتن تا دوای مەراسیمی پیاوان ئەوانیش ماتەمی خۆیان نیشان بدەن. ڕێپێوانی ژنان لە ئاوی ناوەنجی تێپەڕی. لەولاوە ژنانی کریستیانیش لە گەڕەکی بێترمەوە بەڕێکەوتبوون ئەوانیش بە جلی ڕەشەوە لەوێ گەیشتنەوە یەکتر. ماڵە موسڵمانەکانی ناو باخچە و ئەوانەی لە گوندی بوون (ئەو شوێنەی مزگەوتی گەورەی لێیە خەڵکی شەقڵاوە پێیاندەگوت گوند) ئەوانیش لە دوولاوە تێکەڵ ڕێپێوانەکە بوون. ئەوان پەڕۆی ڕەشیان هەڵگرتبوو. تێکڕا ئاپۆڕاکە بوونە بەشێک لە ژنانی

ناڕازی شەقڵاوە هەم وەک نیشاندانی خەمی ماتەمی مامم و هەمیش وەک دەربڕینی ناڕەزایی دژی سیستەمی حوکمڕانی و حوکمی مەلەکی عێراقی کە لەو دەمە و لەم ساڵەدا لە شارەکانی عێراق ئەو ساڵە کە ساڵی ١٩٤٨ بوو لە هەموو شارەکانی عێراق و بەتایبەتیش لە بەغدا ڕاپەڕین بوو پێیاندەگوت ڕاپەڕینی (وثبة كانون) کە دژی ڕێککەوتنی پۆرتسمۆس بوو کە ساڵی ١٩٣٠ مۆرکرابوو ئەو کاتە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی دووەم بوو و وەسی لەجێی ئەو حوکمی دەکرد و ساڵح جەبر سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو. خەڵکەکە دەیانەویست ئەم پەیماننامەیە هەڵبوەشێتەوەو نوێ نەکرێتەوە و عێراق لەژێر ئینتدابی بەریتانی بێتەدەرەوە. ئەو کاریگەرییە بەر شاری شەقڵاوەش کەوت. ئەوەبوو لە ڕێوڕەسمی ناشتنی مامم کە کەوتە ڕۆژی نەورۆز خەڵکەکە هەم وەک نیشاندان و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەییان ئاگریان کردەوە و یادی نەورۆزیان پیرۆز کرد، هەمیش وەک نیشاندانی ناڕەزایی دژی زوڵم لێکراوی مامم و وەک شیوعییەکی کوردپەروەر و یەهوودییەکی چەوساوە دژی دامودەزگاکانی ئەم شارە ڕاپەڕین. ئەوە بوو میری داروودەستەی حوکمڕانی وەک قامچی ڕەش و پۆلیسەکان و ئەفسەرانی حکوومەت و پیاوانیان ئاغا و بەگزادەکان تەنیا توانیان لە دوورەوە تەماشای خۆپیشاندانی خەڵکەکە بکەن کە لە هەموو نەتەوەو ئایین و چینە جیاجیاکان و حیزبەکانی شیوعی و پارتی و مارکسییەکان و کوردپەروەران و هەموو هێز و گرووپێکی سیاسی بێ جیاوازی داوای ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی و نەمانی ئاغا و بەگزادە چەوسێنەرەکانیان دەکرد. ئەو ژنانەی سەرقافڵەی ژنان بوون لە موسڵمان و کریستیان و جوولەکەکان بریتی بوون لە: سامیە شاکر چاوشلی وەک ئافرەتێکی گەنجی خوێنگەرمی شیوعی و زەخۆک و فاتەهەڵۆ و خەجیج خان و مریەم باسە و فاتیمە بەیتار و عەیشە بسک زێڕ و حانێی مەنسووری و پلکە فاتمی خێزانی حاجی ساڵح ملخواری و خێزانی قەشە جوبرائیل شێری و خێزانی مالمی و فایزە کۆر و حەیاتی سیستەر و

سەبریەی سیستەر و خەجیجی مەحموودی پیرەژنێ و خاتوون ئاقووبانی و مامۆژنم و دایکم و خوشکم و هی تریش کە زۆریان خێزانی شیوعی و مارکسی و پارتییەکانیش ئامادەبوون، هەروەها خۆخێ خێزانی بنیامینی موختاری جووەکانی شەقلاوە و هی تریش کە پێویست ناکات یەکە یەکە ناوی هەموویان بێنین.

ئیتر ئەو رۆژە بوو بە رۆژێکی دیار و بەرچاو لە شەقلاوە، تەنانەت لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش ئەم رووداو و رێورەسم و خۆپیشاندانەی خەڵک دەنگی دایەوە. ئیتر دەسەلاتیش ئاغاکانی لۆمە کرد و زیاتر کەوتنە وێزەی خەڵکەوە و دەیانویست زیاتر ترس و تۆق بخەنە دڵی خەڵک و زیاتر بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەوە بوو بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەری پۆلیس و هەموو کاربەدەستانی بالاّ و عەلی قامچی رەشیش بە تۆمەتی کەمتەرخەمی لە بەرانبەر خەڵکی راپەڕیو، گوێزرانەوە شوێنی جیاجیا، ئەوەندە دەزانم عەلی قامچی رەش بۆ سلێمانی گوێزراوە. خەڵکەکە بە سەربەرزی مامیان بۆ رێی هەق بەڕێکرد و لە مەراسیمێکی شکۆداردا مەزلوومیەتی ئێمەیان نیشانی شەقلاوەو شارو شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەریدا و لە هەموو شارەکانیتری کوردستانیش دەنگی دایەوە. ئەمەش بوو بە شکستێکی سیاسی و جەماوەری بۆ دەسەلاتی مەلەکی بۆیە هەر بە گواستنەوەی کارمەندانی پۆلیس و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی خۆی نەوەستا، بەڵکو ئەم دارو دەستە نوێیەی کە لەجێی ئەوان هات بۆ نیشاندانی دڵسۆزی خۆیان زیاتر کەوتنە وێزەی خەڵک و پیاوانی خۆیان کە بەهۆی ئاغا و بەگزادەکانەوە لە خەڵکەکە بەردەبوون زیاتر راپۆرتنووسەکان خۆیان تەنگاو کرد تا راپۆرتەکانیان بنووسن و بزانن ئەو کەسە کاریگەرانەی لە پشت خۆپیشاندانەکانی پێش رێورەسم و لەکاتی رێورەسمەکەی ناشتنی مامم هانی خەڵکیاندەدا تا دژی دامودەزگاکانی میری و پۆلیس و دەسەلاتی ئاغاکان خەڵکیان هاندەدا بۆ توندوتیژی و راپەڕین و بەگژ داچوونەوەی میری، بزانن کێ بوون و کەسە کاریگەرەکانی شیوعی

و پارتی و مارکسییەکانیش لەم حەملەیەدا دەسگیر بکەن و بیانخەنە زیندانەکانەوە. ئەوەبوو جگە لەو چەند کەسەی کە پێشتر گرتبوویانن چەندان خەڵکی تری چالاکوانی سیاسی و کەسە کاریگەرەکانیان هەڵپاچی و خستنیانە بەندیخانەکانەوە لە هەولێر و شارەکانی تریش خەڵکیان لەسەر بیروباوەڕ خستنە ناو زیندانەکانیانەوە. دوای ئەوە خەڵکێکی زۆریان لەم شارانەی کوردستان رەوانەی دادگای ئەنجوومەنی عەسکەری عورفی کرد (محكمة المجلس العرفي العسكري) لە بەغدا. ئەم دادگایە حوکمەکەی بە شێوەیەکی قەتعی بوو. واتە دوابڕیار بوو هیچ دامودەزگا و دادگایەکیتر نەیدەتوانی تانەی لێبداو هەڵیوەشێنێتەوە. دەهاتن تەماشای گرتووانیان دەکرد بێ پرسین بە ژمارە چەند کەسێکیان دەژمارد و دەیانناردە زیندانە سەختەکان وەک نوگرە سەلمان و شوێنی تری مەترسیدار. هەندێک لەو گرتووانەی شەقڵاوە کەوتنە نوگرە سەلمان و هەندێکیتریش بۆ زیندانەکانی مووسڵ و بەغدا و شوێنی تری جیاجیا و حوکمدانەکانیش بەگوێرەی میزاجی ئەو حاکمە بوو کە بەریزە ئەو کەسانەی دەکەوتە بەردەست، بێ جیاوازی هزری و لێپرسینەوە، چی بەسەر زاریدا دەهات ئەوەندە ساڵەی بۆ دادەنا.

دوای ئەم ڕووداوانە بابم چاوی بەرایی نەدەدا چیتر لە شەقڵاوە بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی شەڕەفمەندی ئەم شارە داکۆکیان لێدەکردین. ئاغاکانیش بەتایبەتی ئاغای قەڵەمڕەوی ئێمە چەندجار دەستی لە پشتی بابمدا کە چیتر ناهێڵێ هیچ کەسێک لە ئێمە نزیک بێتەوە، بەڵام باوکم بڕوای بەم بەڵێنانەی ئەوان نەهێنا چونکە دەیگوت:

– ئەدی پێشتریش لەژێر سابات و پارێزگاری ئاغا نەبووین بۆچی نەیتوانی بمانپارێزێ. ئەوەتانێ ئەو پیاوە نازدارەو زانایەمان لەدەستدا، کیژێکی وەک گوڵمان لەدەستدا، کوا داکۆکیان لێکردین، بەڵکو کیژەکەمان کوڕی ئاغا خۆی کوشتی!! بەخوا جارێکی تریش هەر گۆڕانکارییەک بێتە ئاراوەو بەرژەوەندی ئەو وابخوازێ جارێکیتر گوێ بەوە نادات بمانفرۆشێتەوە،

ئەگەرچی هەردوو ماڵە جیرانەکانمان ماڵی حاجی ساڵح ملخوار کە لای ڕاستەی ماڵمان بوو و ماڵی مام مەنسووری دیان لەلاکەیتر بوو ماڵی ئێلیا گۆگەی دیانیش هەر لە تەنیشت ماڵی مام مەنسوور بوو. ئەوانە بۆ ئێمە پشت و پەنا بوون و لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ ئێمە بوون. ئەوانیش کە دەیانزانی ئێمە باردەکەین و دەچینە هەولێر زۆر پێیانناخۆش بوو. ئەوەبوو وا ڕێکەوت کە ڕەشیدی حاجی ساڵح ملخواری لەم ماوەیەدا لە باوکی جیابووەوەو لەگەڵ یووسفی ئیلیا گۆگە ڕێکەوتن ماڵی خۆیان پێش ئێمە لە پەستی تۆما بارکردوو بۆ ئێمەش شوێنیان دۆزییەوەو خانوو و دووکانیشیان بۆ بابم پەیدا کردوو ئێمەش لە یەک ماوەدا کەوتینە هەولێر و چارەنووس وابوو لە یەک گەڕەک گیرساینەوە کە ئەویش گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان بوو واشڕێککەوت کەوتینە دوو کۆڵانەوە ماڵی یووسف و ڕەشید لە کۆڵانەی تەنیشت ئێمە بوون. ئەوانیش و ئێمەش کەوتینە خانوو و دووکانی کرێ.

ئیتر تا ئێرە من بگێڕەوەی ئەم بەشەی ڕۆمانەکە بووم. ئیتر ئێوەش خۆتان وەک چیرۆکبێژی هەموو شتزان چی ڕووداو و چیرۆکیتر هەیە ناوە ناوە ئێوەش بیگێڕنەوە بەتایبەتی تۆ مام عەبدوڵڵا سەڕاج کە خۆت دەبیت بە ڕۆماننووسەکە و هەر خۆشت ڕۆڵی چیرۆکبێژی هەموو شتزانت پێ دەسپێردرێ و خۆشت ڕۆماننووسێکی کارامەی و دەتوانی لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەدا و ئەگەر ئەم ڕووداو و گێڕانەوانەی منت کرد بە ڕۆمانێک، دەتوانی لە بەشێکیتری ئەم ڕۆمانەدا کە دەبیتە هەقایەتخوانی هەموو شتزان و ئەوسا ئەوەی من نەمگێڕاوەتەوەو تۆ زیاتری لێدەبیستی و کەرەستەی خۆشت دەخەیتە ناو ئەم ڕۆمانەوە کە بە تەمای بینووسی، ئەوا تیشکی بڵاژیکتۆرەکەت بخەرە سەر ئەم خاڵانە کە من لە بیرم نەبووە، یان لەبیرم بووەو لێرە دەرفەت نەبووە بیگێڕمەوە.گرینگ ئەوەیە ئێمە بە هەموومان ژان و ئازاری مرۆڤەکان بنووسینەوەو بیگێڕینەوە، بێ جیاوازی دین و تایفە و ڕەگەز و نەتەوە.

# بەشی دووەم

# گەڕان بەدوای ئارامی

ئەو شارەی سەگی پاسەوانی لێنەبێت
چەقەڵ حوکمڕانی ئەوێ دەکات

(پەندێکی سۆمەری)

مرۆڤ ئەگەر لە شوێنی نیشتەجێی خۆی نەحەوێتەوە بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە. ئیتر پێهەڵدەگرێ و دەڕوا تا شوێنێکی ئارامتر دەدۆزێتەوە، هەرچەند لە وڵاتی ئێمەدا هیچ شوێنێکی ئارام نییە تا مرۆڤەکانی وڵاتی ئێمە تێیدا بە ئارامی و بێ ترس بنوون و بەیانی هەڵبستن و بچنە سەر کاری خۆیان. لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن (بزن بۆ تاکە شەوێکیش بێت جێی خۆی خۆش دەکات.) ئیتر ئەوانیش نەیانتوانی چیتر بۆ تاقە شەوێکیش لە شەقڵاوە بە ئارامی لێیبخەون، بەڵکو بەردەوام لە کێشە و گرفت دابوون و ئاسوودە نەبوون. بۆیە بەدوای شوێنێکی ئارامتر دەگەڕان کە بتوانن دوای ئەم هەموو نسکۆ و نەهامەتییەی کە ئەوان تێیدا دەژیان تۆزێک ئاسوودەتر بن و بیر لە داهاتووی خۆیان و خێزانەکەیان بکەنەوە، نەک هەر خەریکی بەرگری کردن بن لە ژیان و مانەوەی خۆیان و سەرەنجامیش باجی گەورە بدەن و نەشتوانن لە ژیاندا بەمجۆرە بەردەوام بن. قەدەری ئەوان وەهابوو نەتوانن وەک خەڵکی دیکە ئارام و بێ کێشە بژین. باوکی ئیسحاق لە ئایینی خۆیاندا شارەزابوو پیاوێکی لەسەرخۆ و خۆڕاگربوو ئەو کە بیری لە ڕۆژانی ڕەشی خۆی و خێزانەکەی و خێزانی براکەی دەکردەوە کە چۆن ببوون بە قوربانی ئەوەی وەک خەڵقی ئەو خوایە جارێک بە جوولەکە و جارێکیش بە کورد قەدەری خوا خستبوونییە ناو ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەمیشە گڕگرتووەی دنیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کەوتبوونە نێو نەخشەی عێراقی هەمیشە پڕ لە کێشە و کێشمەکێشی نەتەوەیی و چینایەتی و ئایینی کە بە درێژایی مێژوو سەدان نا، بەڵکو بە هەزاران فیتنە و کێشەی بۆ ڕۆڵەکانی دروست بووەو هەمیشە ڕۆڵەکانی باریان لەسەر پشتی وڵاخ بووەو لەم شار بۆ ئەم شارو لەم چیا بۆ ئەم چیاو لەم دەشت و بیابانە بۆ ئەولاکەیتر باریان کردووەو دوایی بارگەیان لە شوێنێکیتردا خستووەو بەردەوام بەدوای ئارامیدا گەڕاون، بەڵام لەوێش دەستیان نەکەوتووەو بەناچاری هەندێکیان بوونە قوربانی و ئەوانیتریش هەرگیز ئاسوودەو دامەزراو نەبوونە لە شوێنی خۆیان لەوەتەی لەسەر

نەخشەی جیهاندا ئیمپرپیالیزمی جیهانی و لە سەردەمی بەریتانیای مەزن کە ئەم عێراقە دروستکراوە بە شێوەیەکی وەها تێکەڵکراوە هەرگیز ڕۆڵەکانی ئاسوودە نەبن و نەحەسێنەوە. لە عێراقیشدا کەوتوونەتە کوردستان کە هەمیشە دەستی داگیرکەرانی لەسەر بووەو بە ئاگر و ئاسن خەڵکەکەیان بە زۆری بە عێراقەوە نووساندووە. لە کوردستانیش کەوتوونەتە هەولێر و لە هەولێریش کەوتبوونە شەقڵاوە کە تا ئەوکاتەی ئەوان ئەم شارەیان بەجێهێشت ئاغا و بەگزادەکان ئەم شارەیان بەڕێوەدەبرد و حکوومەتی مەلەکی بۆ سەپاندنی حوکمڕانی خۆی خستبوویە دەست ئاغاکان، یان ئاغاکانی بەکاردێنا بۆ زاڵبوون بەسەر خەڵکەکەی و تا هەر بەم عەقڵیەتە خێڵەکییە بمێنێتەوەو ئەوانیش بۆ مانەوەی خۆیان لایان گرینگ نەبوو کێ و چۆن حوکمی شارەکە دەکرێ، گرینگ وەک ئەوەی ئەوان دەیانەویست بەمجۆرە حوکمی ئەم شارە بکرێ و ئەنجامی سیاسەتەکەی بۆ حوکمی مەلەکی عێراق بێت و هیچیتر.

(مام مۆشێ)ی بابی ئیسحاق هەموو جار کە لەبەر خوا دەپاڕایەوەو دەیگوت:

((خودایە خۆ ئێمە هێلانەی پەڕەسێلکەمان تێکنەدابوو!! ئەدی بۆچی ئێمەت وەک کورد دروستکرد و بۆچی ئێمەت خستە سەر ئایینی جوولەکە!! بۆچی ئێمەت خستە ناو عێراقێکی پڕ لە زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە. چی دەبوو ئەگەر ئێمەشت وەک هەر خەڵقێکیتری خۆت بخستبایە وڵاتێک تێیدا ئارام بین!!))

ئیتر دەبووایە بڕۆن پشت لەم شارە بکەن کە بۆ ئەوان نەهامەتی و هەموو ڕۆژێ مردنێک بوو. بەڵکو ئێ ئەمە خوایە لە هەولێر ژیانێکی ئارامتر و ئاسوودەتریان دەستکەوێ و بتوانن وەک مرۆڤ درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

ئەم ماوەیە کە بیریان لە ڕۆیشتن کردبووەوە خانووەکەیان هەرزانفرۆش کرد.دووکانەکەشی دایەوە حاجیساڵح ملخواری کە بەکرێ لێیگرتبوو.

قووماشەکانی ناویشی ئەوەی بە هەڕاج فرۆشتی و ئەوەی کە مایەوە هەرزانتر لە نرخی خۆی دایەوە دووکاندارەکان. هەندێک پارچە و بابەتی نەفرۆشراویشی پێچایەوەو لەگەڵ ئەم بزگورِ و پێویستیانەی کە بۆ ناو ماڵ هێشتبوویانەوە دەنا ناو ماڵە زیادەکەشی ئەوەی فرۆشتی و ئەوەشی دایە ماڵە جیرانەکانی. ئەوەندەی مایەوە چەند بوخچەیەک بوو و بوون بە پریاسکەی سەفەر.

رۆژێکی هەینی بوو مام مۆشێ و خێزانی و ئیسحاق و مامۆژنی ئیسحاق و هەردوو کچەکەی ئەستێرەو فەرحە کە ژمارەی هەردوو خێزانەکە ببوون بە شەش کەسی یەک خێزان. بە پەستەکەی تۆماسی دیان گەیشتنە هەولێر، لە گەراجی پەستەکان راوەستا ئەم گەراجەی پێیاندەگوت گەراجی قۆر واتە قووڵ. لە گەراج سواری کەر و عارەبانەیەک بوون و لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان دابەزین. چوونە ئەم خانووەی کە مام مۆشێ لەم ماوەیەدا بەهۆی یووسفی ئێلیا گۆگەی کە ماوەیەکی کەم پێش ئەوان لەگەڵ رەشید ساڵح ملخواری پێکەوە لە شەقڵاوە باریانکردو هاتن لەوێ خانوویان بەکرێ گرت. یووسف لە شەقڵاوە جیرانی ماڵی مۆشێ بوو بۆیە لە هەولێریش کەوتنە کۆڵانەکەی پشت ماڵی ئەوان و پشت ماڵی رەشیدی ساڵح ملخواری. مام مۆشێش وەک ئەوان بازرگانی قوماش بوو. بۆیە ئەوان کە پێشتر لە قەیسەری ناو بازاڕ دووکانیان بەکرێگرت دووکانێکیشیان بۆ مام مۆشێ دۆزییەوە.

لە کۆڵانی ماڵی مۆشێ تەنیا دوو ماڵ موسڵمان بوون دەنا هەموو ماڵەکانیتر جوولەکە بوون. قوتابخانەیەکی سەرەتایی جوولەکانیش لەو کۆڵانەی ئەوان هەبوو کە دەکەوتە سەر کەندەکەی تەعجیلی. ئەوبەری ماڵەکانیش واتە پشت کەندەکە تەعجیلی موسڵمانان و لای سەرەوەشی سەعدووناوە بوو، لە تەنیشتی سەعدووناوەش گەڕەکی کورەچیان بوو کە زۆربەیان تورکمان بوون..

ئەگەر بە دیقەت و وردبینییەوە تەماشای جۆری دروستکردنی خانوو و

کۆڵانەکانی جوولەکان بکەیت دەبینی کە کۆڵانەکان زۆر تەنگەبەر بوون و خانووەکانیشیان زۆر لە یەکتر نزیک بوون بە شێوەیەک ئەگەر لە خانوویەک دەنگ هەڵبڕی، یان هاوارێک بکەیت لە زۆربەی خانووەکانی دەورووپشت و بەرانبەری خانووەکە گوێیان لە یەکتر دەبوو. زۆربەی زۆریان ماڵە براو ماڵە خوشک و ماڵە کوڕ و باب و خزمی یەکتر بوون. دیواریشیان، یان نەبوو، یان لە نێوان یەکتر نەوی بوو ئەمەش دوای بیرلێکردنەوەیەکی زۆر من وەک رۆماننووس و بگێڕەوەی هەموو شتزان کە رای خۆمە وای بۆ دەچم کە بۆ ئەوەیان بووە تا ئاگایان لە یەکتر بێت لە ترسی بەسەرردادان و دزی شەوانە تا بەزووترین کات بە هانای یەکترەوە بێن. کە من پرسیم لە خەڵکی دانیشتووانی ئێستای ئەم کۆڵانانە دەیانگوت: لەکاتی خۆیدا لەسەری کۆڵانەکانیاندا دەرگای گەورەیان هەبووەو شەوان دایانخستووەو ئێشکگریشیان هەبووە. دەڵێن ئەو جووانە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان هەموو هۆکارێکیان بەکارهێناوە تا لەم شارەدا بەرەنگاری مانەوەی خۆیان بکەن.

مۆشێ وەک گوتمان دووکانێکی لەناو قەیسەری بە کرێگرت و لەگەڵ ئیسحاقی کوڕی بوون بە کوتاڵفرۆشی جوملە. کە مام مۆشێ دەچووە سەفەر ئیسحاق بە تەنیا دووکانەکەی بەڕێوەدەبرد. مام عەوڵاشیان هێنابووە لای خۆیان. ئەو پیاوە لە دوای کەوتنی کۆمارە ساواکەی مهاباد لەوێ ئەفسەر بوو بۆیە خۆی و خێزانەکەی کە جگە لە ئامەی خێزانی کوڕ و کچێکی دە ساڵە و دوازدە ساڵانیان هەبوو، چونکە درەنگ ژنی هێنابوو. سەرەنجام لە هەولێر گیرسانەوەو هەر کە بێکار بووایە مام عەوڵاش لەپێش دووکانەکەی ئەوان کورتانی پشتی و چەنگاڵەکەی دادەناو قووتووە جگەرەکەی دەردێناو پەڕاویەکی وەرەقولشامی تێدەکرد و خەمی خۆی بە جگەرە بە با دەکرد. ئەو لەگەڵ ئیسحاق و مۆشێ زۆر تەبا بوو، ئەوانیش یارمەتیان دەداو لە جەژن و بۆنەکاندا جلوبەرگ و خواردنیان بۆ منداڵەکانی دەکڕی. مام عەوڵا هەمیشە باسی مهاباد و سەردەمی کۆماری بۆ ئیسحاق باسدەکرد. ئەویش

کتێبی مێژوویی زۆر دەخوێندەوەو دەیزانی هۆکارەکانی کەوتنی کۆمار چین بۆیە هەمیشە دڵی مام عەولای دەدایەوەو دەیگوت:

(مام عەولا خەم مەخۆ رۆژێک دێ ئێوەش دەگەڕێنەوە سەر واری خۆتان. رۆژێک دێ کوردیش دەبێ بە دەوڵەت و هەموومان بێ جیاوازی ئایین و نەتەوە لەژێر چەترێکی ئارامدا دەحەوێینەوە .ئیتر ئێمەی جوولەکەی کوردستانیش بەشێکین لە ئێوە بەڵام بەداخەوە عەقڵییەتی تەسکی خێڵەکی هەندێک کەس و خۆخۆری کورد کە لەوەتەی کورد هەیە بەدەست ئەم نەخۆشییە دەناڵێنێ. ئەوەی لە هەمووشی ترسناکترە کاریگەربوونی هەندێک کەسی توندڕەو بە ئایدیای تەسکی خۆیان کە بەداخەوە وایانتێگەیاندوون رێی بەهەشتیان لە رێگەی کوشتنی ئێمەوەیە لە کاتێکدا بیر لەوە ناکەنەوە کە خوای گەورە ئەم هەموو دینە جیاوازەی خۆی دروستی کردووە تا یەکتربناسن نەک دینێک ئایینێکیتر لەناو ببات و نەتەوەیەک ئەویتر لەناو ببات بەڵام وادیارە ئەم دنیایە لای ئەوانە بریتییە لە شەریعەتی دارستان تا گەورە بچووک بخوات و لەناوی ببات!

ئەم خەم و بیرکردنەوانە هەمیشە قسە و دیالۆگی نێوان ئیسحاق و مام عەولا بوون. ئەوکاتانەی ئیسحاق دەچووە قوتابخانە، یان ئیشێکی دەبوو و لە دووکان نەبوو مام عەولا زیاتر لای مۆشێ دەمایەوەو کڕیارەکانی لەگەڵ بەڕێدەکرد و چاوی لە دووکان بوو.

ئەوان رۆژانی شەممە پشوویان بوو و دووکانیان نەدەکردەوە. لە ماڵەوەش وەک نەریت و پەیڕەوییان ئاگریان نەدەکردەوەو پێیان شووم بوو. زۆربەی جاران بە شەو خواردنیان ئامادە دەکرد و دەبووایە تا بەرەبەیان ئاگر دابگیرسێ لەوی بەملاوە تەنانەت ئاگری مۆمێکیشیان دانەدەگیرساند و شقارتەیان لێنەدەدا تا رۆژی دواتر ئاگریان نەدەکردەوە. رۆژانی شەممە هەموویان جلی تازەیان لەبەر دەکرد ئەوەی نەشیبووایە جلی پێشتری دادەکەند و هی خاوێنی خۆی دەپۆشی. ئەم شەممانە مام مۆشێ خێزانەکەی دەبردە دەرەوەی شار و هەرجارەی دەیبردنە سەیرانگایەک. ئیتر مام بایزی

شوفێر زۆربەی ڕۆژانی شەممە لەگەڵیان بوو. جارجارەش ئەگەر جوولەکەکان لە نێوان خۆیاندا بەتایبەتی پیاوەکان شوێنێکیان دەستنیشان بکردایە بۆ کۆبوونەوەی خۆیان ئەوا یەک یەک و دوو دوو و سێ سێ بەڕێدەکەوتن و لە دەرەوەی هەولێر لە شوێنێک یەکتریان دەگرتەوەو کۆبوونەوەی خۆیان دەکرد و لای گەورەکانیان کە هەموو دەهاتن بۆ ئەم کۆبوونەوانە سکالای خۆیان دەردەبڕی و باسی ئایندەی خۆیان دەکرد و پارەیان کۆدەکردەوە.
بەڵام ماڵی ئیسحاق و مام مۆشێ کە بۆ خۆیان زۆربەی شەمموان سەیران و گەشتیان دەکرد نەدەچوونە شەقڵاوە تەنیا هەندێکجار دوو مانگ جارێک، یان مانگی جارێک بەگوێرەی ڕێکەوت دەچوونە قەبرستانی جوولەکان و دەچوونە سەر گۆڕی مامی ئیسحاق و کچە مامەکەی و جارجارەش دایکی ئیسحاق و مامۆژنی داوایان لە مام مۆشێ دەکرد تا سەردانی کۆنە جیرانەکانی پێشووی شەقڵاوە بکەن و دەچوونە ماڵی حاجی ساڵح ملخوار و ماڵی مام مەنسوور و ماڵی مام ئێلیا گۆگەی کە ئەوان پێشتر و لەکاتی ڕۆیشتنی ماڵی مام مۆشێ و یووسفی ئێلیا گۆگەو ڕەشیدی ساڵح ملخواری بۆ هەولێر هەم لەگەڵ کوڕەکانیان جیرانی نوێ بوون و هەمیش لەگەڵ ماڵە باوانیان تەبا مابوونەوەو ئەوانیش کە دەهاتنە هەولێر و سەردانی ماڵە کوڕانیان دەکرد سەریان لە ماڵی مام مۆشێ دەدا.
ئەگەر جاریواش هەبوو درەنگ دەچوونە شەقڵاوەو گلەییان لێدەکردن، مام مۆشێ وەڵامی دەدانەوەو دەیگوت:
(چی بکەم دڵم بەرایی نادات، بەدەست خۆم نییە ئەوان خۆشەویستی ئێمە و ئێوە بوون. چاوم بەرایی نادا کە دێمە شەقڵاوە یەکسەر هەردوو کارەساتی براو برازا غەدر لێکراوەکەم بیردەکەوێتەوە. هەمووکات ئەم دوو کارەساتە بوونەتە مۆتەکە و بینەقاقایان لێگرتووم.)
ئەوان لەم شەممانەدا کە لەگەڵ یەکتر کۆدەبوونەوەو هەموو دەهاتن سەرۆکی تایفەی یەهوودییەکانی هەولێر و مالم و پیاوانی ئایینی و موختاری گەڕەکی جوولەکەکانی قەڵات و گەڕەکی جوولەکەکانی هەولێر و زۆربەی

پیاوانیتر ئەوەی کارێکی گرینگی نەبووایە دەهاتە ئەم کۆبوونەوانە. ئەوان سندووقی باربووی خۆیان هەبوو، پارەیان بۆ دەوڵەتی جوولەکەی ئیسرائیل کۆدەکردەوەو دەیاننارد. بەڵام زۆربەی موسڵمانانی خەڵکی هەولێر لەنێو خۆیاندا گاڵتەیان پێدەکردن. زۆربەی خەڵکەکە نەیاندەزانی ئەوانە بۆچی کۆدەبنەوە، بۆیە لە نێوان خۆیاندا گاڵتەیان پێدەکردن و بە گاڵتەجارییەوە پێیاندەگوتن: ئەوانە بەدوای شیرەکەی مووسادا دەگەڕێن. هەندێکیش دەیانگوت: ئەوانە بەدوای گۆچانەکەی مووسادا دەگەڕێن. هەندێکیشیان دەیانگوت: ئەوانە بەدوای شیرەکەی داوود پێغەمبەردا دەگەڕێن!

ڕۆژانی شەممە جوولەکەکان بە ئاگرکردنەوە قەڵس دەبوون، هەبوو لەم خەڵکی هەولێرە رقی لە جوولەکەکان دەبووەوە، ئەمەش لای هەندێک کەسی ئەم شارە و شارەکانیتری کوردستان دوای ئەوە پەیدا بوو کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، هیتلەری نازی دژی جوولەکەکانی دنیا بوو و لە هەر شوێنێک بەتایبەتیش لەم وڵاتانەی داگیری دەکردن پێش هەموو شت جوولەکەکانی لەناودەبرد و دەیسووتاندن و دەیانخستنە ناو کارگەی ئاسن و سابوون و دەیانتواندنەوە. ئەوانەش کە لە وڵاتەکانی ئەورووپا رزگاریان دەبوو دەبووایە بە چاوی سووک تەماشایان بکرێ و دەبووایە ئەوانیش خۆیان نیشانەیەکی جوولەکایەتی لە سینگی خۆیان بدەن و پێی بناسرێنەوە. دەبووایە کە سواری پاس دەبن دوا کەس ئەوان سواری پاس بن. لە نۆرەی نان و هەر سرە و نۆبەتێکی هەبوو دەبووایە ئەوان دوا کەس و سرە بن. ئەوە بوو لەلایەن نازییەکانەوە. ئەوەبوو ئەم رقەی نازییەکان گەورەترین کۆمەڵکوژی مرۆیی لە دنیادا تۆمارکرد کە دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی بوو بە هێمای پاکتاوی رەگەزی جوولەکەکان و مۆزەخانەی ئەم کۆمەڵکوژییە کرایەوەو کردیان بە هێمای خۆیان و دەنگی چەوساندنەوەی خۆیان پێگەیاندە هەموو ئازادیخوازان و مرۆدۆستانی دنیا. هەر ئەم رقەش بوو لە کوردستان رەنگی دابووەوە، چونکە سۆزی رەچەڵەکی لە نێوان ئەڵمان و کورد هەبوو کە هەردوو نەتەوە بە رەچەڵەک

ئاريين، بۆیە رەگەزپەرستانی کورد و نەتەوەپەرستە تەسکبینەکان ئەوانەی ئەم سۆزەیان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەبوو لەنێوان خۆیاندا بە یەکتریان دەگوت:

مادام ئەڵمانەکان رقیان لە جوولەکە دەبێتەوە ئێمەش کە لە رەچەڵەکی ئەوانین دەبێ هاوسۆزی ئەوان بین و رقمان لە جوولەکە بێت. ئەوانە بیریان لەوە نەدەکردەوە بڵێن: گەلۆ ئەدی جوولەکەکانی کوردستانیش بە رەگەز لە ئێمە نین و خۆیان بە کورد دانانێن! بەڵام وادیارە ئەوان سۆزە ئایینی و رەچەڵەکی ئاری بوونیان بەسەریاندا زاڵ بوو، بۆیە دەهاتن لە گەڕەکی جووەکان و لەناو بازاڕدا بەتایبەتیش لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان و ماڵە جووەکانی قەڵاتدا گێچەڵیان پێدەکردن و ئازاریان دەدان. موسڵمانەکان هەرگیز لە ماڵی جوولەکەکان نەدەنووستن، چونکە هەرگیز متمانەیان بە جوولەکە نەبووە بۆیە هەر لەسەر زاری ئەو جۆرە کەسانەوە بوو کە وەک ئیدیۆم بەکاریانهێناوەو دواییش بۆتە وێردی سەر زاری خەڵکی کە دەڵێن: (لە ماڵی جوو نان بخۆ — لە ماڵی دیانی بنوو) ئەمە ئەگەرچی نانیشیان لە ماڵی جوولەکە نەدەخوارد، چونکە سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەریشیان کە بەدەستی مالم دەیانکوشتەوەو دەیانگوت دەستاوی جوولەکە حەرامە، بەڵام بۆ ئەوەیان وتووە کە جوولەکە پاک و خاوێنن لە خواردن و خواردنەوەدا، بەڵام لایان وابووە ئەمین نین، بەڵام ماڵی دیانانیان پێ ئەمین بووە، هەروەها جوولەکە وەک موسڵمان سوننەت دەکران، کەچی کریستیانەکان سوننەت نەدەکران.

رۆژانی شەممە پشووی جوولەکان بوو، ئەوان لەم رۆژەدا جلی نوێ و پاکیان دەپۆشی و ئیشیان نەدەکرد. نەفس نزم و رەگەزپەرستانیش بەهۆی ئەم هۆکارانەی کە پێشتر باسمانکرد دەهاتن لەبەردەم ماڵی جووەکان ئاگریان دەکردەوە، ئەگەر دەرگاشیان بکردایەوەو بە جواب بهاتبان ئیتر ئەوان سووکایەتییان پێدەکردن، وەک ئەوەی بە شقارتە ئاگریان لە ریشییان بەردەدان، یان بە ئاگر سەرو قژیان دەسووتاندن. زۆر پیاوچاکی ئەم

شارەش هەبوو زگیان پێدەسووتان و داکۆکیان لێدەکردن، بەڵام تا پیاوێکی خێرومەندت دەدۆزییەوە دوو کەسیتر لەملاوە تەشقەڵەی پێدەکردن.
هەر لەم چیرۆکانە رۆژێکیان ئیسحاق ئیسحاق ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە منیش حەزدەکەم بیخەمە ناو ئەم رۆمانە ئەویش هەر پەیوەندی بە ریش سووتاندنەوە هەیە، دەیگوت:
رۆژێکیان بابم بۆی گێڕامەوە کە لە شەقڵاوەدا مام ناحووم دووکانی سەوزەفرۆشتنی هەبووە دیارە دووکانەکانی جیرانیشی نەیانتوانیوە وەک ئەو بفرۆشن. رۆژێکیان لەتیفی دووکاندار کە جیرانی ئەوە تەماشا دەکا خەڵکەکە هەموو روویان لە دووکانی ناحوومە، ئەویش پەست دەبێت و نازانی چی بکات هەڵدەستێ دەیکاتە هەراو فەرتەنە سەوزەو میوەکانی خۆی دێنێتە سەر شۆستە و بە نیوە نرخ هاوار دەکات تا کڕیارەکان بێنە لای ئەو، ناحوومیش لە رقی ئەمکارەدا لەویش کەمتر هاوار دەکات. لەتیف رق لەنێو چاوەکانی دەبارێ و زۆر لێی توڕە دەبێت. دێ بە پێلەقان بەناو دووکانی ناحووم دەکەوێ، دواییش شقارتە دەردێنێ و ئاگر لە ردێنی بەردەدات. خەڵکەکە دێن لێکیان بکەنەوە. ناحووم تووڕە دەبێت و دەچێتەماڵەوە. دوایی ردێن سپییەکان لەتیف لەگەڵ خۆیان دەبەن تا پێکیان بێننەوە. کە تەوقەی پێکهاتنەوە لەگەڵ یەکتر دەکەن، ناحووم پێیدەڵێ: کێشە نییە ئێمە لێتان قبووڵ دەکەین، بەڵام منداڵەکانی ئێمە کە گەورە بوون چیتر غەدرتان لێ قبووڵ ناکەن و تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.
جووەکان لەناو بازاڕ و مامەڵەشدا زۆر لە موسڵمانەکان زیرەکتر و لێزانتر بوون، زۆربەی بازرگانە گەورەکانی ناو قەیسەری، کاتبە باشەکانیان و حیساب راگرەکانیان جوولەکە بوون، دەڵێن سەعید جامباز دوو کاتبی هەبوو هەردووک جوولەکە بوون و باشترین کاتبی شار بوون. ئەوانیش خۆیان بازرگانیان زۆر بوو. بازرگانانیشیان بە قسەی خۆش و هەرزانفرۆشی بەناوبانگ بوون و کڕیاری زۆریان هەبوو.لە بابی خۆم بیستبوو دەیگوت: لەم هەولێرە نەسیم بەغدایی هەبوو، دەستی لە هەموو بازرگانەکانی شار

ستاندبوو. دەیانگوت: دیاری و خەڵاتی دەدایە کڕیارانی خۆی. دەیانگۆ: لەم هەولێرەی خدرۆکە جوو هەبوو، دووکانی شەکر فرۆشتنی هەبوو، تا جیرانەکانی فەردەیک شەکریان دەفرۆشت ئەو رۆژێ بیست فەردە شەکری سەرفدەکرد. دەیانگۆت بە چەندی دەیکڕی بە جوملە بە کیلۆش هەر بەم نرخە دەیفرۆشتەوە. کە لێیاندەپرسی: بۆ وادەکەی چیت لەم مامەلەیە قازانجە؟ ئەویش دەیگوت: تا ئەوان فەردەیەک دەفرۆشن من بیست فەردەی لێدەفرۆشم، ئەگەر هەر تەنیا پارەی گوشە بەتاڵەکانم بۆ بمێنێتەوە بۆمن بەسەو قازانجی من لەوەدایە. دەڵێن جووەکان دێوەرەکانیشیان لە هی موسڵمانان ئازاتر بوون، بەم کەروبارەی بە گوندەکانی هەولێردا دەگەڕان بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان ئەوا لە ماڵەوە بە خۆیان بازنی کچان و بووکۆکە و فڕفڕۆک و ئەنگوستیلە و جۆرەها یاری منداڵانەیان دروستدەکردو بە خۆڕایی لەگەڵ شتفرۆشتنەکانیان دەیاندا منداڵان، ئەوانیش کەیفیان پێدەهات و شتیان لێدەکڕین. دەڵێن کە لە گوندەکان نزیک دەبوونەوە لە دوورەوە دەیانزانی دێوەرەی جووەکانە و دەیانزانی دیاریان بۆ دێنن، ئەوانیش پارەیان ئامادە دەکرد و خۆیان بۆ دیاری و شت کڕین ئامادە دەکرد.

جووەکان لە پیشەی تریش دەستڕەنگین بوون، باشترین زەرەنگەر لە بازاڕ جوو بوون، باشترین وەستای خانوو کە خانووی ماڵە چەلەبی و خانەدان و دەوڵەمەند و ئاغاکانی هەولێری دروست دەکرد جوولەکە بوون. ئەندازیارە باشەکانیش هەر لەوان بوون. دەڵێن یەکەمین کەسیش کە پیشەی وێنەگری و ئامێری وێنەگرتنی هێنایە کوردستان هەر جوولەکە بوو. دەڵێن وەستاکانیان لە نێوچەوانی خانووەکاندا بە کەرپووچ وەک نەخشی خانووەکە ئەستێرەی شەش پاڵوویان دروستدەکرد کە هێمای ئەستێرەی سەهیۆنی بوو، یان هێمای ئایینی جوو بوو، بەڵام موسڵمانەکان نەیاندەهێشت ئەو ئەستێرانە لە خانووەکانیدا دروست بکرێ و دەیانگوت: ئەم نەقشەمان بۆ مەکەن و نامانەوێ. تەنیا کاری کورەچیاتی نەبێ کە پیشەی تورکمانەکان بوو و

ئەوان لەم پیشەیەدا شارەزا بوون تەنانەت گەڕەکەکەشیان لە نزیک گلکەند بوو کە خۆڵیان بۆ کورەچیاتی لێدەردێناو کورەکانیشیان هەر لەوێ بوو و ئەمەش تایبەتمەندی پێدابوون. دەڵێن گوایە ئەم گلکەندەش لە سەرەتاوە وا قووڵ نەبووە، ئەم ناوە چۆلەوانی بووە، کورەچییەکان لەوێ نزیک بوونە و خۆڵەکەشی بۆ دروستکردنی کەرپووچ لەباربووە، بۆیە وردە وردە بە کەروبار خۆڵیان لێدەرهێناوەو بۆ کارگەکانی کەرپووچی خۆیان بردووە کە لەوێ نزیک بوونە. ناوەکەشی هەر لەمەوە هاتووە: گڵ+کەند واتە گڵی شوێنێکی قووڵ و کەند، هەر وتوویانە گڵی ئەم کەندە تا ناوەکەی بووە بەم گڵکەندە. دواتر کە شوێنەکە ئاوەدانی تێدەکەوێ و دەوروپشتی کورەو ئەولاتریشی ماڵەکانی کورەچییان، ئەوێ هەر بە قووڵی دەمێنێتەوەو دواتر میری بڕیاردەدا کە ئەم ناوە بە چۆڵی نەمێنێتەوەو بیکاتە پارک. سەرەتا کورەچییەکان تێدەگەیەنێ تا کورەکانیان بۆ شوێنی تری چۆلەوانی هەولێر بگوازنەوە، ئەوەبوو لەسەر ڕێگای مەخموور زەوییان دەدەنێ و کورەکان لەوێ نامێنن، بەڵام خانووەکان هەروەکو خۆیان دەمێننەوە. بۆ دروستکردنی پارکەکەش شوێنە قووڵەکە وەک خۆی دەمێنێتەوەو پڕناکرێتەوەو دوایی لە سەرەوە تا خوارەوە پەیژەی بۆ دروست دەکەن و ناوەندەکەی بە گوڵ دەڕازێننەوەو دەوروپشتی قووڵاییەکەش بە شێوەی درەخت و جێ جێ فریز ڕێکدەخەن و دەیکەن بە پارکێکی جوان و ناوداری شار. ئەمەش جوانییەک و تایبەتمەندییەک بە پارکەکە و جوانکاری شار دەبەخشێ.

دەشڵێن جووەکانی شاری هەولێر لە چەند پیشەیتردا پێشەنگ بوون بەتایبەتی لە جۆلایی و چنینی ڕانک و چۆغەی کر کە کەم کەس وەک ئەوانی زانیوە، هەورەها خمچییەکانیش هەر ئەوان بوون، دەڵێن لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان داودۆکە جوو بەناوبانگ بوو. لە گەڕەکی جوولەکانی تەعجیلیش کە دەهاتیەوە لای بازاڕی گەورەو لە بەرانبەر قەیسەری بازاڕ دووخان هەبوو، یەکێکیان هی خدر خانچی بوو، ئەویتریشیان خانی حەمە سەعید جامباز بوو. ئەم دوو خانەش دوو خمچی تری جوولەکەی

لێبوو یەکیان ناتان بوو ئەویتریشیان موراد قەمبوور بوو. مامۆستای بەناوبانگیشیان هەبوونە کە لە قوتابخانەی جوولەکانی تەعجیل دەرسیان گوتۆتەوە، یان لە قوتابخانەی ئەربیل ئەلئولا بوون کە ئەم قوتابخانەیەش تا هەنووکە ماوەو ئێستا بووەتە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر و ئەوانەی لەم قوتابخانەدا بەناوبانگ بوون مامۆستا دانیال قەساب یەکێکیان بوو کە هونەرمەندێکی بەناوبانگی شێوەکاری بوو لە شاری هەولێر و کوردستان و تا ئێستاش تابلۆکانی لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر و لە چەندان ماڵدا هەڵگیراون، هەروەها مامۆستا پنحاس و ناجی رەحیم و هیتریش. لە پیشەی پارێزەریشدا چەند پارێزەرێکیان هەبوو لە هەموویان بەناوبانگتر ناجی شاووڵ بوو کە بەوە بەناوبانگ بوو لە دادگا نەیدەزانی دۆڕاندن چییە.

موختارەکانیشیان هی گەڕەکی تەعجیلی جوولەکە: پنحاس و دواتر ئەلیاهۆ و دواییش یۆنا عەمران و دوای ئەویش یۆنا حەبیب بوو. سەرۆک و لێپرسراوی جوولەکەکانی شاری هەولێر ساڵح یووسف بوو دواییش بوو بە نیسان کانۆ. گۆڕستانی جوولەکەکانی شاری هەولێر لەودیو گۆڕستانی چراغ بوو، جوولەکەی گوندەکانی دەوروپشتی هەولێریش مردووی خۆیان هەر لەوێ دەناشت، چونکە لە گوندەکاندا جووەکان قەبرستانی تایبەت بە خۆیان نەبوو. مام مۆشێ باوکی ئیسحاق هەموو جار کە بەناو قەبرستانی چراغدا دەچووە گۆڕستانی جوولەکان دوعای بۆ مردووانی گۆڕستانی چراغیش دەکرد ئەوجا پێیدا تێدەپەڕی. رۆژێکیان لە ماڵی مام مۆشێ باسی قەبرستانی چراغ دەکرێ، ئیسحاق لە بابی دەپرسێ:

– باوە ئەم گۆڕستانە بۆچی ناوی لێنراوە چراغ؟

ئەویش دەڵێ:

– کوڕم ئەوە لەبەر ئەوەیە لەم گۆڕستانەدا شەوان فریشتەکان بۆ پیاوچاکانی ئەم گۆڕستانە رووناکی دێننە ناو گۆڕستان و هەمیشە شەوان ئەم گۆڕستانە وەک چراخان وایە رووحی مرۆڤە پاکەکان لە تاریکی دەردەخات. دەڵێن:

لەم هەولێرە دوو کەنیشتەی جوولەکان هەبووە، لە قەڵات کەنیشتە گەورە بووە پێیاندەگوت (کنیشتا ڕبتە) و لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکەش کەنیشتەی بچووکتر هەبووە پێیانگوتووە (کنیشتا زورتا).
ماڵی مالم کە پیاوی ئایینی جوولەکەکان بووە لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان بووە. دەڵێن جووەکان پەلەوەرو ئاژەڵیان بەخۆیان سەرنەبڕیووەو هەمیشە بردوویانەتە لای مالم. ئەویش تەماشای چەقۆکەی دەکردن بەرانبەر ئاستی چاوەکانی رادەگرت و دیقەتی دەدایە تیژی چەقۆکە، ئەگەر تیژبووایە سەری ئاژەڵ و پەلەوەرەکانی دەبڕی و ئەگەر چەقۆکەش تیژ نەبووایەدەبووایە بچن چەقۆیەکی تیژ بێنن ئەوجا بۆی سەردەبڕین. دەڵێن ئەگەرچی جووەکان بە مالم سەری ئاژەڵ و پەلەوەری خۆیان دەبڕی، بەڵام یەک تاقە قەسابیان هەبوو ئەویش بابی دانیال قەسابی بوو، کە موسڵمانەکان گۆشتیان لێنەدەکڕی و دەیانگوت: حەرامە ئێمە نایخۆین بەدەستی جوو کوژراوەتەوە لە ئێمە حەرامە!!
ئیتر ئەوە من وەک چیرۆکبێژی هەموو شتزان بۆ خوێنەرانی ئەم ڕۆمانە گەڕامەوە ئەم سەردەمەی کە ئیسحاق و ماڵی ئەوان لە هەولێر بوو و تایبەتمەندی و پێوەندی نەپساوەی ئەم شارەشمان بۆ بەدیارخستن کە چۆن پێکەوە ژیاون و تاڕادەیەک تیشکمان خستە سەر ژیانی ئەوکاتە و بنەماڵەی ئیسحاق، بەتایبەتی کە خۆی پاڵەوانێکی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە و جوولەکەکانی هەولێریش بە شێوەیەکی گشتی و تاک تاکە وەک کەسایەتی تری لاوەکی بەشدار دەبن لە بنیادی ئەم ڕۆمانەدا.
ئینجا دەمەوێ لە بەشێکیتری ڕۆمانەکەدا بتانگەڕێنمەوە لای ئیسحاق و وازیلێناهێنین تا زۆربەی چیرۆک و سەربردەو بەسەرهاتەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. با یەکێک لەم چیرۆکانەش سەربردەی دڵداری خۆی و کچە موسڵمانەکەی جیرانیان بێت کە دەیکەین بە بەشی داهاتووی ڕۆمانەکە.

# چیرۆکی ئیسحاق و خونچە
# لە دیدی ئیسحاق خۆیەوە

**عیشق ئایینە و گەردوونیش کتابە پیرۆزەکەیەتی**

**(جەلالەدینی رۆمی)**

لە کۆڵانی ئێمەدا تەنیا دوو ماڵ موسڵمان بوون، ناشزانم بۆچی و چۆن ئەم دوو ماڵە کەوتبوونە ئەم کۆڵانە، دەنا ماڵەکانیتر هەموو جوولەکە بووین. کۆڵانی ئێمەش لەگەڵ چەند کۆڵانێکی دیکەدا کە لەلایەک رووی دەکەوتە لای بازاڕی گەورەو لایەکەیتریشی دەکەوتە سەر کەندی تەعجیل کە پێیاندەگوت: تەعجیلی جوولەکان. ئەم دوو ماڵە، ماڵێکیان ماڵی عیسا بن دیان بوو، کە بنەچەیان لە گوندێکی لای مەخموورەوە هاتبوون، دەیانگوت: کاتی خۆی کێشەیەکیان لەگەڵ ئاغای گوندەکەیان هەبووە، بۆیە هاتوونەتە هەولێر. مام عیسا لەم خانووەدا کە هی نەسیم بەغدایی بوو، نە کرێچی بوو نە خاوەن ماڵ بوو، بەڵکو شەوانە لە کۆگای نەسیم بەغدایی پاسەوان بوو و وا رێککەوتبوون کە کرێی خانووەکەی لێوەرنەگرێ لە بەرانبەر پاسەوانییەکەی و یارمەتییەکی کەمیشی دەدا، ئەویش لە بەرانبەردا قەت لای خەڵک نەیدەگوت ئەم خانووە هی فڵانە کەسە، بەڵکو زۆربەی خەڵکی وایاندەزانی هی خۆیەتی. کە لە لادێ هاتنە شار مام عیسا یەک تاقە کوڕی جاحێڵی هەبوو ئەویش لە رەوانی شەڕێکی نێوان گەنجێکی موسڵمانی سەرەڕۆو جوولەکەیەکی ئەم گەڕەکە چەقۆیەکی بەر دڵی دەکەوێ و بەم زامەوە مام عیساو ژنەکەی بە تەنیا هێشتەوە. ماڵی خونچەش کە من ئێستا دەمەوێ چیرۆکی خۆم و ئەو و خۆشەویستی ئەوتان بۆ بگێڕمەوە، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و بەتایبەتیش لە گەڕەکی رەحیماوا هاتوون. من لە خەڵک چیرۆکی جۆراو جۆرم بیستبوو، بەڵام ئەوەی بە تەواوی لە خونچەوە بیستم ئەوەیە، ماڵی ئەوان کە بریتی بوون لە مام جەباری بابی و کەلسومی دایکی و جەلیلی برا گەورەی و نەجمەدینی برا بچووکی و خۆی و فاتیمەی خوشکی بوون. ئەو دەیگوت: ئێمە کاتی خۆی لە رەحیماوای کەرکووکەوە هاتووین بۆ هەولێر. سەرەتا ماڵمان چووە قەڵات و دوو ساڵ لەوێ بووین، دوایی هاتین بۆ تەعجیلی جوولەکان و ئەم کۆڵانە، ئەویش دوای ئەوەی دایکم و باوکم یەکتریان خۆشدەویست ماڵی باپیرەشم واتە باوکی دایکم هەر

لە منداڵییەوە دایکمیان دابوو بە ئامۆزایەکی خۆی.ئیتر کە کاتی هات ویستیان لە قسەوە بیکەنە کردار و هاتنە پێش بۆ لێکتر مارەکردنیان، باوکم و دایکم تەگبیر دەکەن کە شەو جێیەک بۆ ژوان دابنێن و لەوێوە بە پێدزە بەرەو دەرەوەی کەرکووک بەڕێدەکەون. ئیتر سەرهەڵدەگرن و دێنە هەولێر و ئەنجام دەیانگەیەنێتە ئەم کۆڵانە. نامەوێ سەربردەی ئەم خێزانەتان بۆ بگێڕمەوە کە خۆی لە خۆیدا کەرەستەی رۆمانێکە، وەلێ ئەوەندە دەزانم بەم دواییانە پێش ئەوەی ئێمە لەم گەڕەکە بڕۆین دەمدیت ماڵە ئامۆزاکانیان ناوە ناوە سەردانیان دەکردن، خونچە دەیگوت: خێزانی ماڵی باوکم و ماڵی دایکم پێکهاتوونەتەوە و لە باوکیشم خۆش بوونە بەم مەرجەی هاتووچۆی یەکتر نەکەن، ئەوە لەوساوە تەنیا ئامۆزاکانی دایکم و باوکم و ماڵی باپیرەم واتە باوکی باوکم دێنە ماڵی ئێمە سەردانمان دەکەن، بەڵام ماڵە باوکی دایکم سەردانمان ناکەن.
ئیتر ئەمە پێشەکی ئەم بەشەی گێڕانەوەکەی من بوو کە دەبووایە بۆتانبگێڕمەوە، دەنا لە دڵتان دەبووە مەراق. جا قوربان مام عەبدوڵڵا سەڕاج کە رووی دەمم لە تۆیە و دەزانم ئەم بەسەرهاتانەی من دەکەیتە رۆمان و دوایی پرسیاری چۆنیەتی ئەم پەیوەندییەم لێنەکەی لەگەڵ خونچە.
ئیتر چیرۆکی من و خونچە بەمجۆرەیە کە دوایی بۆ خۆت دەتوانی وەک رۆماننووس تۆزێک بەهاراتی خۆشتی پێدابکەی و بۆ خوێنەرانی بگێڕیتەوە.
ماڵمان بەرانبەر ماڵی یەکتر بوو. من پێیەکم لە دووکان بوو لەگەڵ بابم، پێیەکەی دیکەشم لە قوتابخانە بوو. ئەو ماوەی کە بوارم هەبووایە بەردەوام لەسەربان بووم. کۆترباز بووم، سەربان بۆمن خۆشترین شوێن بوو کە تێیدا ئاسوودە بووم، هەم لەبەر خۆشەویستی کۆترەکانم، هەمیش لەبەر چاوچاوانێ لەگەڵ خونچەدا، من و خونچە دڵمان چووبوو بە یەکتر و حیسابی تخووبی دینمان نەدەکرد کە پەرژین بوو لە نێوانماندا، بەڵکو

خۆشەویستیمان لە هەموو پەرژینەکاندا ئاودیو ببوو، کە لە دواییشدا تا ئەوکاتەی وا ئێستا من لاتانم بۆ یەکتر نەبووین و پەرژینەکان لێکتریان دابڕین. ئێستا وادەبینم ماڵی بێستوون لەجێی ماڵی مام جەبارە. واتە باوکی خونچە کە دوایی بێستوون با خۆی بۆتبگێڕێتەوە، چۆن لە گوندی هەمزە کۆری بابی هاتۆتە هەولێر و بۆچی!! بێگومان ئەمەش چیرۆکی خۆی هەیە با ئەم چیرۆکە بێستوون بیگێڕیتەوە، ئەو خۆی باشتر دەزانێ، هەرچەندە بۆ منیشی گێڕاوەتەوە، بەڵام گێڕانەوەی خاوەن چیرۆک زۆر خۆشتر و بە سەلیقەترە لە کەسێک بۆیانگێڕابێتەوە و دوایی ئەویش جارێکیتر بیگێڕییێتەوە، بێگومان ئەمەش دەوەستێتە سەر مام عەبدوڵڵا سەڕاج ئاخۆ چیرۆکی بابی بێستوون و هاتنی لە گوندی هەمزە کۆرەوە بۆ کۆڵانی تەعجیلی جوولەکان بۆ ئەو و رۆمانەکەی چ سوودێکی دەبێت؟ ئەها سەیری بکە مام عەبدوڵڵا وا بێستوون پێدەکەنێ و سەری نا بە گوێمەوە و وتی: تۆ لێگەڕێ دوایی من خۆم بە وردی ئەم چیرۆکە بۆ مام عەبدوڵڵا دەگێڕمەوە. دەی ئیتر با چیتر سەرتان نەیەشێنم. ئەودەمەی کە خۆشەویستی من و خونچە ئاشکرا بوو، ماڵی ئەوان هەموویان بە باوکی و براو دایکی و خزمەکانیشیان ئەوانەی هاتوچۆیان دەکردن، زۆر هەڕەشەیان لە ئێمە کرد. زۆر زەنگی ئاگادارکردنەوەیان بۆ بابم لێدا. بابیشم زۆر تکای لێدەکردم و زۆر ئاگاداری دەکردمەوەو هەڕەشەی لێدانی لێدەکردم تا وازی لێبینم. رۆژێکیان منی جیاکردەوەو بردمییە ژوورێکی تەنیاو پێیگوتم:

- کوڕم خۆت دەزانی ئەوان موسڵمان و ئێمەش جوولەکە، تخووبێکی زۆر گەورە، بەڵکو زەندۆڵێکی گەورەشمان لە نێواندایە، وەڵا نەک زەندۆڵ بگرە خەرەندێکی گەورەشمان لە نێواندایە وەک خەرەندی رواندزێ گەورەو فراوانە. ئیتر نابێ ئەم بابەتە قەدەغەیە بۆ ئێمە و ناکرێ. ئێمە ناتوانین ئەم قەدەغەشکێنییە بسڕینەوە. ئیتر بەسە واز لەو کیژە بێنە با بە فەتارەتمان نەدەن. بەسە بە هیلاکمان مەدە. ئیتر بەمجۆرە هەڕەشەکان

بەردەوام بوون تا لێکتریان دوورخستینەوە. کار گەیشتە دەرگا لەسەر داخستنی هەردووکمان، لەلایەن خێزانەکانمانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەیانەویست خونچە بە شوو بدەن، بەڵام ئەو هەر کێی دەهاتە خوازبێنی شووی پێنەدەکرد. ئەوەبوو هەر بەوەندە وازیان لێنەهێنان. ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەهاتمەوە هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو گەیشتمە سەر کەندەکەی تەعجیلی لەناکاو دوو کەس لە پشتەوە پڕیاندامێ و دەمیان گرتم و خستمیانە ناو پیکابێک و چاویان بەستمەوە، دوای ماوەی نزیکەی ڕۆیشتنی سەعاتێک خۆم لە شارێکیتر دۆزییەوە دوایی لە شێوەی ئاخافتنیان زانیم منیان بردووە بۆ کەرکووک و لە گەڕەکێکی ئەم شارەدا لە ژووری حەسارێک بەندییان کردم. لە شەو و ڕۆژێکدا جارێک ئاو و خواردنیان دەدامێ. جارجارەش دوو گەنج دەهاتن لێیاندەدام و دەیانوت:
- گاوری خوێڕی ئێوەش فێربوون و جورئەتی ئەوە بکەن حەز لە کیژە موسڵمانان بکەن.ئێوەش فێری خۆشەویستی بوون. کەی خۆشەویستی لە قامووسی ئێوەی گاوردا بوونی هەیە. وەڵڵا دەبێ بۆ هەموو جوولەکان تەمێت بکەین و ڕەوانەی دۆزەخت بکەین!!
ئیتر دوو هەفتە زیاتر منیان گل دایەوە، دوایی خۆشم نازانم چۆن بوو سواری ماشێنێکیان کردم و بە چاو بەستراوەیی لە نزیک هەولێر چاویان کردمەوەو بەرەڵلایان کردم. کە گەڕامەوە ماڵەوە هەموو حەپەسابوون ئەم ماوەیە بە هیچ شێوەیەک سۆراخی منیان نەدەزانی. بابم لەم ڕۆژەوە بڕیاریدا کە لەم کۆڵانەی لێیبووین بڕۆین و بچینە شوێنێکیتر. ئیتر خانووی خۆمانی فرۆشت و دوو کۆڵان هاتینە پێشتر بەلای بازاڕی گەورەو هەر لە گەڕەکی تەعجیلی جوولەکان ماینەوەو ئەم ڕێکەوتە وابوو کە بێستوون شوێنی ماڵی خۆیانی بۆ وەسف کردم، ئەوسا زانیم ئێمە لە دوو زەمەنی جیاوازدا لە هەمان کۆڵان بووینە. ماڵی خونچەش بەتایبەتی باوکی و ئامۆزاکانی کە زانیان و ئاشکرا بوو ئێمە زانیومانە ئەوان دەستیان لە پشت ڕفاندنی منەوە بووە، ئیتر ئەوانیش خانووەکەیان دایە دەلال و

فرۆشتیان. هەر لەم کاتەش بووە کە بابی بێستوون سەرەتان کە خۆشی لێرەیە و دواییش خۆی بۆی گێڕامەوەو هەمان ساڵ و کات بووە کە ئەوان لە گوندی هەمزە کۆرەوە هاتوونەتە هەولێر و خانووەکەیان لە مام جەبار کڕیوە. ئەو زەمانی مام جەبار خانووەکەی کڕیوە خانووی جوولەکان تاپۆکراوە بەڵام دوایی راگیراوە بۆیەش لە کۆڵانی ماڵی بێستوون سەرەتان تەنیا ماڵی ئەوان و ماڵێکیتر موسڵمان بوونە دەنا کۆڵانەکە هەموو جوولەکە بوونە و لەم کۆڵانەشدا مەکتەب و کەنیشتەی لێبووە. ئیتر ئەمەش رێکەوت و چیرۆکی خۆی هەیە با دوایی بێستوون بۆ مام عەبدوڵڵا سەڕاجی بگێڕێتەوە تا ئەم چیرۆکەش بخاتە ناو رۆمانەکەیەوە. نازانم چیتر بگێڕمەوە، ئەوەندە دەزانم من و خونچە لێکتر دابڕاین. ئیتر تا رۆژی ئەمڕۆشمان من وا لێرەم لە عەممان لای ئێوەو بە تەمام بگەڕێمەوە هەواری خۆم، دوای خونچە من بە رەبەنی ماومەتەوە، نە ژنم هێناوە، نە کەسی تریشم خۆشویستووەو نەدەشتوانم کەسی ترم خۆشبوێت.

ئیتر کە هاتمە هەولێر و هاتمەوە گەڕەکی جارانی خۆمان، بۆ چەند شەوێک دێمە ماڵی کاک بێستوون و دواییش سەر لە خانووە کۆنەکەی خۆمان دەدەم، ئەوکاتە رەنگە سەربردەو چیرۆک و بەسەرهاتی تریشم بە بیردابێتەوە، یان شەوان لێکتر کۆدەبینەوەو وەک زەمانی جاران سەربردەو هەقایەتی پێشتری خۆمان دەگێڕینەوە ئەوکاتیش رەنگە منیش سەربردەی ترم بە بیربێتەوەو دەبن بە هەوێنی رۆمانەکەی مام عەبدوڵڵا سەڕاج با ئەویش خۆی زیرەکانە وەک پیشەی رۆماننووسین وەهایە رایەڵەکان لێکتر گرێ بدات و ئەوەشی کە لای بە نەزانراوی ماوەتەوە بیکاتە شێوەی پرسیار و وەڵام تا چی پێویست بوو بۆی بگێڕمەوە، ئەوسا رۆمانەکەی دەبێتە بەشێک لە داستانی ستەم و مەینەتییەکانی میللەتی ئێمە و چۆنییەتی پێکەوە ژیانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی شاری هەولێر نیشان بدات کە تا رۆژگاری ئەمڕۆش پێیەوە دەناسرێتەوە. ئەگەرچی ئێمەش لەم شارە وەدەرنراین، بەڵام ئەمە بڕیارێکی حکوومەتی مەلەکی عێراقی

بوو و تاوانی خەڵکی ئەم شارەی تێدا نەبووە، راستە لەم شارەدا ئێمە لەلایەن کەسانی خەڵکی ئەم شارەوە ئازار دراوین، بەڵام ئەمە هەست و هەڵسوکەتی هەموو خەڵکی شارەکەنەبوو، بەڵکو زۆریش لە خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ ئێمە دۆست و رەفتار جوان بوون و هەشبوو لە خەڵکی ئەم شارەو ئەوانەش زۆر بوون کە ئێمەیان بە بەشێکی جیانەکراوەی خۆیان دەزانی، بەشێک لە مێژووی پڕ کوێرەوەری کوردییان دەزانی. وایان دادەنا کە ئەوان لەژێر کاری دین و نەتەوە نین بەتایبەتیش شیوعییەکان ئێمەیان خۆشدەویست و خەڵکی ئێمەش شیوعیان زۆر بوو، هەروەها کەسانی نیشتیماپەروەر و کوردپەروەر و وڵاتپارێز و نەتەوەپەرستەکانیش وایاندادەنا کە کورد خۆی کەوتۆتە ژێر دەستی نەتەوەیتر و دابەشکراوەو بێ دەوڵەت ماوەتەوە، بۆیە ئەوان وایان بیردەکردەوە کە ئێمەش بە جیاوازی دینەوە هەموومان دەبێ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ تێبکۆشین. هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان بە جیاوازییانەوە دەبێ یەک جەستە بن، یەک گیان بن بۆ بەدەستهێنانی مافی زەوتکراویان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لەژێر دەستی رزگاری بکەن. ئیتر بەسە ماندوو بووم با لێرە گێڕانەوەی من تەواو بێت تا شەوێکیتر و لە دانیشتنێکیتردا بتوانم، ئەگەر دەرفەت هەبوو چیرۆک و سەربردەیترتان بۆ بگێڕمەوە هەرچەندە هەگبەم پڕەو بڕواناکەم بە چەندان ڕۆمانی تریش تەواو بێت، بەڵام گێڕانەوەیتر و چیرۆک و بەسەرهاتیتر با بۆ دەرفەت و کاتیتر بێت، ئەگەر خوا تەمەن بدات.

# چیرۆکی
# فەرحە و سیامەند

من هی تۆم، ئیتر مەمدەوە بەخۆم

(جەلالەدینی رۆمی)

ئـەم چیرۆکـەش بەشـێکیترە لـە بنیـادی رۆمانەکـە، کـە ئیسـحاق لـەم چەنـد رۆژو شـەوەی لـە عەممـان پێکـەوە بوویـن بـۆ مـن و بێسـتوونی گێڕاوەتــەوە. مــن نامــەوێ لــەم رۆمانــەدا هەمــوو چیرۆکــەکان لەســەر زاری ئیســحاق بگێڕمــەوە، بەڵکــو منیــش وەک بگێــڕەوەی هەمــوو شـتزان حەزدەکـەم مـن خـۆم ئـەم چیرۆکـە بـۆ خوێنەرانـی رۆمانەکـەم بگێڕمــەوە. چیرۆکەکــە بــەم شــێوەیە دەســتپێدەکەم و دەڵێــم:
لــە گەڕەکــی ئەوانــدا و بەتایبەتیــش لــە کۆڵانــی ماڵــی ئیســحاقی لێبـوو تەنیـا دوو ماڵـی موسـڵمانی لێبـوو. پێشـتر چیرۆکـی ئیسـحاق و خونچەتـان لەسـەر زاری ئیسـحاق خـۆی بـۆ گێڕدرایـەوە. ئەمجـارە لـەم کۆڵانـەدا چیرۆکێکـی هاوشـێوەو پێچەوانـەی ئـەم چیرۆکـە دەگێڕینـەوە کـە ئەمیـش هـەر لـە بنەماڵـەی ئیسـحاق روویـداوە، ئەمیـش چیرۆکـی فەرحــەی کچــە مامــی بچووکــی ئیســحاقە. دیــارە لــە پەیــڕەوی ئایینــی جوولەکـەدا کچـە مـام بـە یەکتـر نـەدەدران، بۆیـە ئەگـەر ئیسـحاق و فەرحــە یەکتریــان خۆشویســتبا بــۆ یەکتــر نەدەبــوون، بــەڵام لەگــەڵ ئەمــەش ئــەوان هــەر لــە منداڵییــەوە لــە ماڵێکدا پێکــەوە ژیــاون و وەک خوشـک و بـرا رەفتاریـان لەگـەڵ یەکتـر دەکـرد. فەرحـە کچێکـی زۆر جـوان و ناسـک بـوو لـە پۆلـی چـواری ئامادەیـی بـوو. کوڕانـی دەوروبـەر زۆر بــەدوای بــوون و گێچەڵیــان پێدەکــرد، بــەڵام ئــەو هیــچ کوڕێکــی بــە دڵــدا نەدەچــوو و هیــچ کــوڕە جوولەکەیەکیــش لــە تەمەنــی خــۆی پەیوەنــدی خۆشەویســتی لــە گەڵیــدا نەبــوو. ئەوەبــوو رۆژێکیــان لــە کۆڵانــی ماڵــی ئەوانــدا ئاهەنگــی بــووک گواســتنەوەی کــوڕی نەســیم بەغدایــی بــوو. ئەوانیــش دەوڵەمەنــد بــوون و لــە ماڵــی خۆیانــدا ئاهەنگیــان ســازکردبوو و چەنــد گۆرانیبێژێکــی هەولێــر و ســلێمانی و کەرکــووک و دهۆکیــان هێنابــوو. لــە بەیانییــەوە تــا درەنگانــی شــەو ئاهەنگــی گۆرانــی و شــایی و هەڵپەڕکــێ ســازکرا، کــوڕان و کچانــی

موسڵمان و جوولەکە و کریستیانەکان هەموو ریز بە ریز لە بەرانبەر یەکتردا وەستابوون و لە دەرەوەی ماڵەکەشدا لەم سەرەوە تا ئەوسەری کۆڵان لەنێوان کچ و کوڕاندا بەزم و رەزمی دڵداری و سەرەدیقانێ گەرمتر دەبوو و هەر کەسە بەدوای خۆشەویستی دڵێ خۆیدا دەگەڕا. فەرحە خۆی زۆر حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا بوو لە تیپی مۆسیقای قوتابخانەی خۆیان بوو. لە گەرمەی گۆرانی و ئاهەنگدا نیگای کەوتە سەر گۆرانیبێژێکی شاری سلێمانی کە ناوی سیامەند جەزا بوو و دەنگەکەی و جۆری گۆرانی گوتنەکەی سەرنجی فەرحەی بۆ لای خۆی راکێشا، ئیتر ئەو گۆرانیبێژە کە هەستی بە نیگاکانی فەرحە کرد گۆرانی بەسەردا هەڵگوت و وەسفی جلوبەرگ و جوانییەکەی کرد، لەم ساوە دڵیان کەوتە سەر یەکتر. سیامەند چەند رۆژێک لە هەولێر لای ماڵی پورێکی مایەوە. لە رێگای قوتابخانە توانی بەهەر شێوەیەک بێت فەرحە ببینێ. ئیتر هەر ئەوەبوو دەیانزانی لە رێی داخوازییەوە بۆ یەکتر نابن چونکە ئایین پەرژین بوو. بڕیاریاندا پێکەوە ئەم شارە جێبهێڵن و روو بکەنە شاری سلێمانی. لەوێ ماوەیەک لەگەڵ ماڵی باوکی سیامەند مانەوە، دوایی دایک و باوکی سیامەند داوا لە فەرحە دەکەن ببێتە موسڵمان، ئەویش دەڵێ با هەردووکمان هەرکەسە لەسەر دینی خۆی بێت. ئەوانیش دەڵێن نابێ چۆن دەبێت دینی ئێمە قبووڵ ناکات. ئیتر ئەویش کچی ئەو باوکەیە و پێدادەگرێ کە هەریەکێکیان لەسەر دینی خۆی بێت. ئەوانیش دەڵێن: باشە دەچین لەگەڵ ماڵی مامت گفتوگۆ دەکەین و دەڵێین با ببینە خزمی یەکتر و بە رەسمی داوای تۆیان لێدەکەین و پێشیاندەڵێین کە فەرحە لەسەر دینی خۆی ماوەتەوە. ئیتر دایک و باوکی سیامەند دەچنە هەولێر و سەردانی ماڵی باوکی ئیسحاق و مامی

فەرحـە دەکـەن، بـەڵام دوای تـکاو پێداگرتنـی زۆر باوکـی ئیسـحاقیش زیاتـر پێدادەگـرێ و دەڵــێ:
- تـازە فەرحـە ڕۆیشـت و ئێـوەی هەڵبـژارد تـازە لاشـمان گرینـگ نییـە ببێتـە موسـڵمان، یـان لەسـەر دینـی خـۆی مابێتـەوە تـازە ئـەو لـە خێزانەکـەی ئێمـە چـووەدەر و ئێمـە سـڕیمانەوە.
دایکـی فەرحـە زۆر تـکا لـە ئیسـحاق دەکات بـا کچەکـەی بـۆ بێننـەوە ئەویـش دەڵــێ:
- هەرکاتێکی بێتـەوە مـاڵ ماڵـی خۆیەتـی، بـەڵام تـازە ئـەو ناگەڕێتەوەو تـۆش لەبیـری بکـە.
دایکـی فەرحـە چەنـدی تـکا لـە ئیسـحاق دەکات بـا ڕازی بێـت هاتووچـۆی یەکتـر بکـەن، بـەڵام ئـەو ڕوو لـە دایـک و باوکـی سـیامەند دەکات و دەڵــێ:
- نەخێـر تـازە ئـەو لـە خێزانـی ئێمـە چـووە دەرەوە، تـازە ئـەو خێزانـی ئێـوەی هەڵبـژاردو کوڕەکـەی ئێـوەی هەڵبـژارد. ئێمـەش هیچمـان پێناکـرێ و دەسـەڵاتمان نییـە و کەسـیش ناکوژیـن، بـەڵام بـڕۆن لـە یاخەمـان ببنـەوەو حەواڵـەی خواتـان دەکـەم.
هەرچەنـدە دایکـی فەرحـە و خوشـکەکەی داوا لـە باوکـی ئیسـحاق دەکـەن و دەڵێـن:
ئـەو کچـە هـەر ڕۆییـە ڕۆییـە وەرە پیـاوی چـاک بـە لەگەڵیـان پێکـوەرە هەرنەبـێ جارجـارە ئـەو دێتـە لای ئێمـە، یـان ئێمـە دەچینـە لای ئـەو دەیبینیـن، واباشـترە، بـەڵام مـام مۆشـێ پێیاندەڵـێ تـەواو تـازە مـن بڕیـاری خـۆم داوەو تـەواو بڕایـەوە. ئیتـر ئەوانیـش بـە دڵسـاردی لـەم ماڵـە دەچنـە دەرەوەو دەگەڕێنـەوە سـلێمانی.
ئیتـر دایـک و باوکـی سـیامەند کـە دەزانـن فەرحـە هێشـتا لەسـەر دینـی خـۆی ماوەتـەوەو کوڕەکەشـیان زۆری خۆشـدەوێ و دەسـتی

لێبەرنابـێ زیاتـر قورسـایی دەخەنـە سـەر فەرحـە تـا ببێـت بـە موسـڵمان و دەڵێـن: (چـۆن دەبـێ خەڵـک قسـەمان پێدەڵێـن و حەیامـان دەبـەن و پێماندەڵێـن ئەوانـە ژنـە جوولەکەیەکیـان کـردووە بـە بووکـی خۆیـان.) ئیتـر سـیامەند و فەرحـە ئـەم ماڵـە جێدێڵـن، سـیامەند دایکـی و باوکـی و خوشـک و براکـەی خـۆی جێدێڵـێ و تەنیـا دوو بوخچـە جلـی خۆیـان لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن و دەچنـە گەڕەکـی سـابوونکەران و لـەوێ خانوویەکـی بچـووک بەکـرێ دەگـرن. سـیامەند بـە پـارەی ئاهەنـگ و ئەگلەنجـەی شـەوانەی مـاڵان دەتوانـی بژێـوی خـۆی و فەرحـە پەیـدا بـکات. ڕۆژێکیـان برادەرێکـی سـیامەند داوای لێـدەکات بێنـە بەغـداو لـەوێ سـیامەند داواکاری پێشـکێش بـە ئێزگـەی کـوردی بەغـدا بـکات، ئەویـش داوا لـە فەرحـە دەکات ڕازی بێـت، ئیتـر بارگەیـان بـۆ بەغـدا تێکدەنێـن و لـە حەیدەرخانـە لـە خانووەکانـی بەرانبـەر پەیکـەری ڕەسـافی و لـەلای مـام نـادر ژوورێـک بەکـرێ دەگـرن. دوای چەنـد ڕۆژێـک سـیامەند برادەرەکـەی خـۆی دەبینێتـەوەو پێکـەوە دەچنـە ئێزگـە و تاقیدەکەنـەوەو وەردەگیـرێ. دوایـی فەرحـەش داواکاری پێشـکێش دەکات و ئەمیـش وەردەگیـرێ و نـاوی هونـەری خـۆی بـە (نەسـرین خۆشـناو) بڵاودەکاتـەوە.

فەرحـە منداڵـی نابـێ. هـەروا لـە ماڵێکـی سـاردو سـڕی بـێ منـداڵ دەمێننـەوە. جارجـارە سـیامەند دەگەڕێتـەوە سـلێمانی و سـەردانی کەسـوکاری خـۆی دەکات و دوایـی دەگەڕێتـەوە، بـەڵام فەرحـە ناتوانـێ سـەردانی کەسـوکاری خـۆی بـکات بۆیـە بـێ کەسـوکار لەگـەڵ سـیامەند لـە بەغـدا دەمێنێتـەوە. فەرحـە، یـان نەسـرین خۆشـناو بـووە بـە گۆرانیبێژێکـی نـاودار، بـەڵام لەگـەڵ ئەمـەش هەرگیـز دڵـی خـۆش نییـە، هەمیشـە غەریبـی دایـک و خوشـکی و مامـی و مامـۆژن و ئیسـحاق دەکات. دوای چەنـد سـاڵێک سـیامەند تووشـی نەخۆشـی

شـێرپەنجە دەبێـت و یـەک سـاڵ بـەدەم ئـازارەوە دەناڵێنـێ، تـا دواجـار فەرحـە جەنازەکـەی دەباتـەوە سـلێمانی و لـە گـردی سـەیوان دەینێـژن. فەرحـەش دەگەڕێتـەوە بەغـداو بـە تەنیـا دەمێنێتـەوە. ئیتـر نەسـرین خۆشـناو ناوبانگـی لـە هەمـوو کوردسـتاندا بڵاودەبێتـەوەو بـۆ هونەرەکـەی خـۆی دەژی. دوایـی لـە بەغـدا دەوڵەمەنـد دەبێـت و دەچێتـە گەڕەکـی بەتاویـن لـەوێ خانوویەکـی خـۆش دەکـڕێ و ئۆتۆمبێلـی خۆشـی دەبێـت و شـوفێرێکیش بـۆ خـۆی رادەگـرێ. ئیتـر لـە ئێسـتگە دەمێنێتـەوە تـا دوایـی لـە چیرۆکێکیتـردا کـە دوایـی بـە وردتـر لەسـەر زاری ئیسـحاق دەیگێڕینـەوە ئەوکاتـەی لەکاتـی جەنگـی عێـراق- ئێرانـدا ئیسـحاق دێتـە تورکیـاو لەوێـش ئاودیـو دەبێـت بـۆ نـاو کوردسـتان و کەسـێک دەنێرێتـە بەغـدا و فەرحـە، یـان نەسـرین خۆشـناو دەبینێتـەوە بـە رەزامەنـدی خـۆی کەسـەکە لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێتـە هەولێـر و لەوێـش دەیگەیەننـە نـاو شـۆڕش و دەیپەڕێننـەوە نـاو تورکیـاو لەوێـش ئیسـحاق مامەڵـەی بـۆ دەکات و بـە رەسـمی دەیباتـەوە نـاو ماڵـی خـۆی لـە ئیسـرائیل. لەوێش فەرحە، یـان نەسـرین خۆشـناو وەک هونەرمەندێکـی کـوردی ئیسـرائیل لەنـاو کوردەکانـدا دەناسـرێ و بایـەخ بـە هونەرەکـەی دەدەن و سـاڵانە لـە ئاهەنـگ و یـادو بۆنەکانیانـدا بەتایبەتیـش بـۆ ئاهەنگـی نـەورۆزی هەمـوو سـاڵ لەنـاو کوردەکانـی ئیسـرائیل ئاهەنـگ دەگێـڕێ و ئـالای کوردسـتان بەرزدەکاتـەوەو بـە جلـی کوردیـش گۆرانـی دەڵـێ.

# بەشی سێیەم

# ئیسحاق دێتە هەولێر
# یان
# ئیسحاق دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی

**ژیان لەوە گەورەترە کە تەنیا عاشقی**
**کەسێک بیت**

**(کازۆئیشیگۆرۆ)**

**• ئەم بەشە لەسەر زاری بێستوون سەرەتان دەگێڕدرێتەوە**

زۆر مەراقـم بـوو لـە نزیکـەوە ئـاگاداری زیاتـری ئـەو پیـاوە بـم. دەمویسـت ئـەوەی لـە عەممـان قسـەی بـۆ نەکـردووم و نهێنـی نـاو ماڵـە کۆنەکەیـان لـە هەولێـر کـە کەوتبـووە کۆڵانـی ئێمـە و ژیانـی نهێنـی خۆشـی زیاتـری لێبزانـم. زیاتریـش هۆگـری ئەوەبـووم نهێنـی ئـەم کڵاوی سـەخرەجنە بزانـم کـە لـە هەندێـک پیـاوی بـە تەمەنـی کۆڵانـی خۆمانـم بیسـتبوو دەیانگـوت: باپیـرە گـەورەی ئیسـحاق واتـە باپیـرەی مۆشـێ، کڵاوێکـی سـەخرەجنی هەبـووەو پشـتاو پشـت بـۆ مـام مۆشـێ ماوەتـەوە. دەڵێـن گوایـە مـام مۆشـێ گەلێکجـار بـۆ کاری پێویسـت بەکاریهێنـاوە، بـەڵام نەیویسـتووە لێـی ئاشـکرا بێـت، لای هەندێـک باوەڕپێکـراوی خـۆی باسـی کـردووە. دەڵێـن لـە شـەقڵاوەش زۆرجـار بەکاریهێنـاوە، بـەڵام لـە شـەقڵاوە لەبـەر ئاغـا و بەگـزادەکان نەیوێـراوە کـەس پێـی بزانـێ نـەوەک لێیبسـتێنن. دەڵێـن لـە هەولێریـش هەندێکجـار بەکاریهێنـاوە، بـەڵام ئـەم بابەتـە زۆر بـە نهێنـی ماوەتـەوە. دەڵێـن ئـەم کڵاوە هـەر کێـی لەسـەری بـکات لەبـەر چـاوان ون دەبێـت و دیارنامێنـێ دەتوانـێ هەرشـتێک بـکات کـەس پێینەزانـێ، بـەڵام ئـەوەی لـە بـە تەمەنەکانـی گەڕەکەکەمانـم بیسـتووە دەڵێـن: ئـەم گۆتانـە هـەر قسـە بوونـە، چونکـە جارێـک لـە هەولێـر قسـە گەیشـتە موتەسـەریف ئەویـش مەفرەزەیـەک دەنێـرێ بـۆ ماڵـی مۆشـێ، هەرچەنـدی دەگەڕێـن هیـچ نادۆزنـەوە، گوایـە مۆشـێ ماوەیەکیـش گیـراوە تـا چارەنووسـی کڵاوەکـەی ئاشـکرا بـکات و بیخاتـە دەسـت میـری، بـەڵام هیـچ کاردانەوەیـک لـە مۆشـێ نەبـووەو بـەردەوام نکۆڵـی لـە بوونـی کڵاوێکـی لـەم چەشـنە کـردووە تـا دواجـار بـە ناچـاری بەریانـداوە. پیـاوە بـە تەمەنـەکان دەیانگـوت: کاتـی خـۆی باپیـرە گـەورەی ئیسـحاق کـە نـاوی حەسـقیل بـووە ئـەم کڵاوەی لـە هیندسـتان دەسـتکەوتووە و بـۆ دوای خـۆی ماوەتـەوە. دەڵێـن: ئـەم کڵاوە بـۆ کاری دزی و کوشـتن کارنـاکات باوکـی ئیسـحاق تەنانـەت حەسـقیلیش

نــە پیاوکــوژ و نــە دز بووە،تەنیــا لــە کاتێکـدا بەکاردێـت ئـەو کەسـە هەڕەشـەی کوشـتنی لەسـەر بێت و بـە ناهـەق بیانـەوێ بیکـوژن دەتوانـێ خـۆی پـێ دەربـاز بـکات. هەندێکیـش لـە بـە سـاڵاچووان هـەر خۆیـان دەیانگـوت: ئـەوە هـەر قسـەیە و دەگوتـرێ دەنـا ئەگـەر مـام مۆشـێ ئـەم کڵاوەی لابووایـە بۆچـی لـە شـەقڵاوە کاتـێ هاتـن براکـەی بکـوژن بـەکاری نەدەهێنـاو نەیدەکـردە سـەری و دەربـازی نەدەکـرد!! ئەمـە لای ئەوانـە بەڵگـەی نەبوونـی ئـەم کڵاوە بـوو. هەندێـک قسـەی تریـش دوای ڕۆیشـتنیان بڵاوکرایـەوەو دەیانگـوت پێشـی ئێمـە دەیانگـوت: باپیـرە گـەورەی ئیسـحاق واتــە حەسـقیل کاتـی خـۆی زمانـی لەمەچێترانـی زانیــووە و لەگەڵیانــدا تێکــەڵ بــووەو لــە شــایی و داوەتــی ئــەوان داوەتکـراوە، چونکـە لـە پزیشـکیدا دەسـتێکی باشـی هەبـووە، گوایـە ڕۆژێکیـان گـەورەی شـاری ئەجنـدان نەخـۆش دەکـەوێ و بانگـی حەسـقیل دەکات، ئەویـش کـە تەبیـب بـووە چارەسـەری دەکات. دەڵێـن: گـەورەی شـاری ئەجنـدان هەندێـک پەلکـە سـیرو پەلکـە پیـازی داوەتـێ، ئەویـش گاڵتـەی پێهاتـووە و وەرینەگرتـووە و دوایـی زانیویەتـی کـە پەلکـە سـیرو پیـازەکان بوونەتـە زێـڕ بـەڵام گـەورەی شـاری ئەجنـدان لـەم چاکەیـە نەیوسـتووە دڵـی بشـکێنێ دەڵێـن لـەم چاکەیـە ئـەم کڵاوە سـەخرەجنەی کـە باسـی دەکـەن داویەتییـە حەسـقیل. هەندێـک پیرەمێـردی تریـش ئەفسـانەکەیان گەورەتـر دەکـرد و دەیانگـوت: گوایـە حەسـقیل تەبیـب بـە کڵاوی سـەخرەجنی چووەتـە هیندسـتان، دوای ئـەوەی سـواری سـەر پشـتی سـیمرخ بـووە کـە شـای ئەجنـدان بـۆی دەسـتەبەر کـردووە، لـەوێ چـووە بـۆ شـاری جابولقـا کـە لـە بنـی دنیایـە لـەوێ شـێرێک چارەسـەر دەکات کــە چەنــدان ســاڵ بــووە ئــازاری قاچەکانــی هەبــووە، گوایــە شـێرەکەش تـا چاکـەی بداتـەوە شـیرێکی لابـووە کـە هـی پاڵەوانێـک بـووە ویسـتوویەتی بیکـوژێ، بـەڵام شـێرەکە پاڵەوانەکـەی خـواردووە و ئـەم شـیرەی لـێ بەجێمـاوە، ئەویـش لـەم چاکەیـە شـیرەکە دەداتـە

حەسـقیل. جـا ئـەوەی لـەم ئەفسـانەدا دەگێڕدرێتـەوە ئەوەیـە کـە لـە ڕێـگا لەسـەر پشـتی سـیمرخ بایەکـی بەهێـز هاتـووە کڵاوەکـەی لـێ فڕیـوەو نەیدۆزیوەتـەوە، بـەڵام دەڵێـن شـیرەکەی هێنـاوە.
مـن زۆر مەراقـم بـوو بزانـم لـە کۆنـە ماڵـی ئیسحاق ئـەم کڵاوە، یـان شـیرە ئەفسـانەییەکە نادۆزمـەوە!! ئەگەرچـی زۆر بڕواشـم بـەم خورافانـەوە نەبـوو کـە باسـیان دەکـرد. لـە ئیسحاقیشـم پرسـی ئەویـش نکۆڵـی لێکـرد کـە شـتی وای بیستبێت، یـان لەکاتـی خۆشـیدا گوێـی لێبووبێـت، بـەڵام ئەگـەر ئـەم قسـانەش وانەبێـت قسـەیتر هەیـە ڕەنگـە وابێـت و لەگـەڵ مەسـەلەی بوونـی شـیرەکەش تێکدەکاتـەوەو دەڵێـن باوکـی ئیسحاق شـیرێکی جوانـی بەهـاداری هەبـووە، ئـەم شـیرەش ئەفسـانەیی بـووە، گوایـە لـە باپیـرە گەورەیـەوە بـۆی ماوەتـەوە، دەڵێـن تـا پێـش ڕۆیشتنیشـیان لـە هەولێـر لـە سـەرینگانی ژووری مێوانـان هەڵیواسـیبوو. پیـرەکان دەڵێـن پێـش ڕۆیشـتنیان بـە یـەک دوو ڕۆژ لەنـاو خانووەکەیانـدا شـاردوویەتییەوە، بـەڵام مـن کـە ئـەم مەسـەلەم زانـی چەنـد شـەوان بـە دزی ئاودیـوی خانووەکـە دەبـووم و زۆریشـم هەڵکۆڵـی، هیچـم نەدۆزییـەوە، لەمـەش زیاتـر نەوێـرام خانووەکـە هەڵکۆڵـم چونکـە خانـووەکان بوونەتـە موڵکـی شـوێنەوار و لـەوە دەترسـام شـک بکـەن و بـە تۆمەتـی دەسـکاری کردنـی شـوێنەوار دەسـگیرم بکـەن.
ئیتـر ئـەم خانووانـە موڵکـی هیـچ کەسـێک نەمـاون و بوونـە موڵکـی حکوومـەت و شـوێنەوار ئەمـەش حکوومـەت و ڕژێمـی مەلەکـی لـە سـاڵی ۱۹٥٠دا ڕێکیـش لـە ۱۹٥٠/۳/۱٠ حکوومەتـی عێراقـی بـە یاسـایەک کـە بـە گوێـرەی بڕگـەی (ج) لـە بابەتـی (٥)ەم لـە یاسـای ژمـارە (۱۲)ی سـاڵی ۱۹٥٠ بڕیاریـدا بـە دەستبەسـەرداگرتنی موڵـک و ماڵـی گوێـزراوەو نەگوێـزراوەی یەهوودییـەکان، ئەمـەش وای لـە یەهوودییـەکان کـرد بـە کۆمـەڵ بگوێزرێنـەوە و تەنیاجـل و بەرگیـان لەگـەڵ خۆیـان بـرد. بێگومـان ئـەم ڕووداوانـە هـەر لـە سـاڵی ۱۹٤۸دا پەیدابـوون کاتـێ کـە

دەوڵەتـی ئیسـرائیل دامـەزرا ئەمـە بـۆ جوولەکـەی عێـراق کاردانەوەیەکـی لای خەڵکەکـە دروسـتکرد کـە رقیـان لـە جوولەکـە ببێتـەوەو چەنـدان سـەرکردەو کەسـایەتی دیارییـان گیـران، زۆربـەی خەڵکەکـە دەسـتیان بـە تـالان و لێسـەندنی پـارەو کەلوپەلەکانیـان کـرد. قوتابخانـەکان جوولەکەیـان تێـدا نەمـا. زۆریشـیان کۆچیـان کـرد تـا حکوومەتـی عێراقـی هـەر لـە سـاڵی ١٩٥٠ کـە یاسـای دەستبەسـەرداگرتنی موڵـک و ماڵـی یەهوودییەکانـی دەرکـرد وایکـرد یاسـایەکی تریـش دەربکـەن کـە هاوشـێوەی ئـەم یاسـایە بێـت ئەویـش یاسـای لێسـەندنەوەی رەگەزنامـەی عێراقـی سـاڵی ١٩٥٠و وایلێکـردن بـە زۆر کۆچییـان پێبـکات لـە هەمـوو شـارو شـارۆچکەکانی عێراقـدا بـۆ ئیسـرائیل لـە رێـگای قوبرسـەوە. خانووەکانـی گەڕەکـی تەعجیلـی جوولـەکان تـا ئـەم سـالانەی دواییـش زۆربەیـان مابـوون کـە حکوومـەت بـە کـرێ دابوونـی بـە فەرمانبەرانـی خـۆی ئیتـر وردە وردە لەبـەر کۆنـی گەڕەکەکـە و مانـەوەی وەک کەلەپـووری کـۆن وردە وردە خانووەکانـی لـە کرێچـی و ئـەم کەسـانەش وەردەگرتـەوە کـە کاتـی خـۆی خانووەکانیـان کڕیبـوو و تاپۆیـان هەبـوو و زەوی و پـارەی دەدانـێ تـا لـە گەڕەکیتـری هەولێـر شـوێنیان بـۆ بکاتـەوەو دوای ئەمـەش ئـەم لێژنەیـەی پارێـزگا کـە خانووەکانـی پـێ چـۆڵ دەکـردن مێـژووی چۆلکردنـی خانووەکانـی لەسـەر دەنووسـی و قفڵێکـی گەورەیـان لـە دەرگاکان دەدا ئەوانـەی دەرگایـان مابـوو ئەمانـەش کـە دەرگایـان نەمابـوو ببـوون بـە شـوێنی عـەرەق خـۆر و منداڵبـاز و قەحپەگێـکان تـا بـەم دوا دواییـە دەرگاکانیـان بـە بلـۆک داخسـتن و سـەری کۆلانەکانیشـیان داخسـت. مـن چەنـد شـەوێک قوفڵـی ئـەم خانـووەم شـکاندبوو و قوفڵێکیتـری هاوشـێوەم لـە دەرگاکـە دابـوو و هـەر خـۆم دەمتوانـی بیکەمـەوەو بچمـە نـاوی ئەویـش بـە شـەو نـەوەک خەڵکـی کـۆلان بزانـن و لێـم ئاشـکرا بکـەن. ئیتـر چەنـد شـەوێک هەڵمکۆڵـی کەچـی هیچـم نەدۆزییـەوە. لـە ئیسحاقیشـم پرسـی

و گوتم: ئیسحاق دەڵێن باوکت ئەم شیرەی لە شوێنێکی خانووەکەدا شاردۆتەوە!!
ئەویش گوتی:
- راستە بابم پێش مردنی پێیگوتم:
- کورِم من دەمرم، ئەوە دنیایە ئەگەر ئێوە رۆژێک لە رۆژان گەرِانەوە شاری خۆتان و چوونەوە گەرِەک و ماڵی خۆتان لە هەولێر، ئەمە وەسیەتم بێت ماڵی خۆتان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام شیرەکەی باپیرە گەورەتان لەبیر نەچێ برِۆن لە کەنیشتەی کۆلانی خۆماندا لەژێر میحرابی کەنیشتەکەدا شاردوومەتەوە، چونکە کە ئێمە هاتین بۆ ئیسرائیل من نەمتوانی بیدەمە کەس و نەشمتوانی لەگەڵ خۆمدا بیهێنم بۆ ئیسرائیل. ئەگەر خانووەکان مابوون و تێکنەدرابوون لەبن میحرابی کەنیشتە وەک کەلەپوورێکی بە نرخ دەریبێنن، چونکە ئەم شیرە هەر تەنیا شیرێکی ئاسایی نییە، بەڵکو شیرێکی ئەفسانەییە بەتایبەتیش کە لە بابم وەرمگرت و بۆی بەجێهێشتم و پێیگوتم: دەڵێن ئەم شیرە ئەفسانەی جۆراوجۆری لە پشتەو هەندێک دەڵێن گوایە ئەمە شیری مووسا پێغەمبەرە، هەرچەندە من لەم برِوایەدا نیم، چونکە مووسا پێغەمبەر وەک لە قورئانیشدا باسی کراوە گۆچانی هەبوو نەک شیر. هەر چۆنێ بێت ئەم شیرە نرخێکی مێژوویی خۆی هەیە، ئەگەر خانووەکانی تەعجیلی جوولەکان بمێنێ رەنگە ئەم شیرە بدۆزنەوە مێژووەکەی بۆ ئەو کەسە دەبێت کە بەدەستیدێنێ.
ئیسحاقیش بۆی گێرِامەوە گوتی:
- ئێمە لەکاتی رۆیشتنمان لە جانتاو بوخچە و نوردییەنان و جلی بەرمان بترازێ نەیانهێشت هیچ شتێک لەگەڵ خۆماندا ببەین تەنانەت لە بەغدا پێش ئەوەی سواری فرِۆکەمان بکەن دەرمانی زگچوونیان دەرخواردی هەمووماندا، چونکە قسە لەناو کارمەندانی فرِۆکەخانە و ئاسایشی فرِۆکەخانە وا بڵاوکرایەوە کە خەڵکی ئێمە بۆ رزگارکردنی

بەشـێکی سـامانەکەیان لیـرەی زێڕیـان کڕیـوەو قوتـداوە. ئیتـر ئـەوەی لیـرەی قووتـدا بـوو بـە دەرمانـی زگچـوون لـە پیسـاییاندا دەهاتـەدەر و ئەوانیـش لـە ئاودەسـتەکان پیـاوی خۆیـان دانابـوو دەچـوون لیرەکانیـان لەنـاو گـوو دەردێنـاو دەیانگـوت: چـۆن دێڵیـن جوولەکـە موڵـک وماڵـی ئـەم عێراقـە ببەنـە دەرەوەو بـۆ خۆیـان ببـەن. بـەڵام لەگـەڵ ئەمـەش وەک ئیسـحاق بـۆی گێڕاینـەوەو دەیگـوت: بـەڵام خەڵکـی ئێمـە فێڵـی تریـان کردبـوو و هەندێکیـان سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنابوو. دەیگـوت: هەبـوو هێلکـەی کـون کردبـوو و زێـڕی تـوواندبـووەوە نـاوی، یـان هەبـوو زێـڕی لـە کوببـە کردبـوو و دەربازیـان کردبـوو، یـان چەنـدان فێڵیتـر کـە رەنگـە ئێمـەش نەمانزانیبـێ، بـەڵام زۆریـش زەحمـەت بـوو حکوومەتـی مەلەکـی ئەوسـا هەمـوو شـتێکیان دەپشـکنی بـەڵام بیریـان بـۆ ئـەوە نەدەچـوو خواردنەکانمـان زێـڕی تێـدا شـاردرابێتەوە.

دوای ئەم شتانە کە ئیسحاق بۆی باسکردین منیش پێمگوت:

- بۆچـی لەگـەڵ ئێمـەدا نایەیتـەوە هەولێـر تـا شـارو کـۆڵان و هـاوڕێ دێرینەکانـی ئەوسـات بەسـەر بکەیتـەوەو پێکـەوەش بـەدوای شـیرەکەدا دەگەڕێیـن؟

ئەویـش زۆری پـێ خـۆش بـوو. دوایـی رازی بـوو کـە لەگەڵمانـدا بێـت بـۆ هەولێـر.

بەیانـی چووین بـۆ کۆمپانیـای فڕۆکەوانـی عێراقـی لـە عەممـان تـا بلیتـی چوونـە هەولێـر ببڕیـن، بـەڵام کـە ئیسـحاق پاسـەپۆرتی خـۆی نیشـانی بلیـت بـڕی پشـت کۆمپیتەرەکـەدا تەماشـایەکی ئیسـحاقی کـرد و بـە زەردەخەنەیەکـەوە وتـی:

- ببـوورە تـۆ ناتوانـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان سـەفەر بکەیـت، چونکـە نووسـراوی وەزارەتـی دەرەوەی عێراقمـان بـۆ هاتـووە کـە جوولەکـە ناتوانـن سـەفەری عێـراق بکـەن.

چووینـە کۆمپانیـای فڕۆکەوانـی زاگـرۆس و هێڵـی فڕۆکەوانـی مەلەکـی

ئوردونـی، ئەوانیـش هـەر هەمـان قسـەیان کـردو گوتیـان بـۆ جوولەکـە ڕێگـە نـەدراوە بێنـە عێـراق. وادیـارە ئـەو بڕیـارەی کـە لـە سـاڵی ١٩٥٠ دەرچــووەو پێـی نێردراونەتــەوە ئیســرائیل و لەســەر پاســەپۆرتی جوولەکانیـان دەنووسـی (ناتوانـن بگەڕێنـەوە عێـراق) دیـارە هێشـتا هـەر لەسـەر ئـەم یاسـاو ڕێسـایە دەڕۆن، بـەڵام لەگـەڵ ئەمـەش ئێمـە هـەر کۆڵمـان نـەداو وازمـان نەهێنـا. ڕۆژی دواتـر سـەردانی سـەفارەتی عێراقمـان کـرد لـە عەممـان کاربەدەسـت و لێپرسـراوی پرسـگەکەیان پێیگوتیـن:

- جـا وەزیـری دەرەوە لـە خۆتانـە و کـوردە بزانیـن چـی دەڵـێ. ئێمـە لەبـەر خاتـری ئێـوە بـە جەنابـی سـەفیر دەڵێیـن و ئیمێلێکـی بـۆ دەکەیـن و وێنـەی پاسـەپۆرتی ئیسحاقیشـی بـۆ دەنێریـن. بزانیـن چـی دەڵـێ!! ڕۆژی پاشـتر بـۆ ئەنجامـی ئیمێلەکـە چووینـەوە، وەڵامەکـەی نەڕێنـی بـوو. ئیتـر ئیسـحاق هاتنـی بـۆ کوردسـتان و هەولێـری کەوتـە کەللـەی و دوای بیرکردنەوەیەکـی زۆر ڕووی لـە ئێمـە کـردەوەو گوتـی:

- ئێـوە ژمـارەی تەلەفـۆن و ناونیشـانی خۆتانـم بدەنـێ مـن چەنـد ڕۆژێـک لـە دوای ئێـوە دەگەمـە هەولێـر!

گوتمان: چۆن دێی؟

گوتی:

- بە ڕێگای تورکیاوە دێمە هەولێر.

منیـش ژمـارەی ئاریافۆنـی ماڵـەوەم پێـدا. شـەوێک تەلەفۆنێکـم بـۆ کـرا ژمارەکـەی لای مـن نامـۆ بـوو. وەڵامـم دایـەوە، کـە قسـەم لەگـەڵ کـرد زانیـم ئیسـحاقە و لـە هۆتێـل (خـەوی نـاو هـەور) لـە هەولێـر تەلەفۆنـم لەگەڵـدا دەکات. داوایلیکـردم بچمـە لای. منیـش خـۆم کۆکـردەوەو چوومـە هۆتێـل و پرسـیاری ژوورەکـەم کـرد و پێیانگوتـم و چوومـە ژوورەکـەی. لــە دەرگامــدا، فەرمــووی لێکــردم، کــە چوومــە ژوورەوە، چــی ببینــم، واقـم وڕمـا. قـەت بـڕوام نەدەکـرد، کـە چاوەکانـم زیاتـر کـردەوە، بینیـم

چەنـد ئافرەتێـک بـە رووتـی دەوریـان دابـوو، ئەویـش لەسـەر زەوییەکـە دۆشـەکێکی راخسـتبوو و بـە شـەش ئافرەتـی جـوان دەیانشـێلا و مەسـاجیان بـۆ دەکـرد. یەکێـک لـەو ئافرەتانـە ئاسـوودەی گۆرانیبێـژ بوو.ئـەو لەودەمـەی مـن چوومـە ژوورەوە پـارەی خـۆی وەرگـرت و بـە تیچاوێـک سـەیرێکی منـی کـردو رۆیـی. ئیسـحاق هەڵسـایەوە تەنیـا دەرپێقووتەیەکـی لەبـەر بـوو، گۆتییـە ئافرەتـەکان برۆنـە ژوورەکـەی ئەمدیـو.. چـوون.. داوایکـرد لەگەڵـی بخۆمـەوە.. مێـزی رازانـدەوە.. ئافرەتەکانـی بانگکـرد.. هاتـن لەگەڵمـان دانیشـتن و خواردیانـەوە.. منیـش بـە فزولییەکـەوە لێمپرسـی:

- ئەو هەموو ئافرەتانەت لەکوێ پەیداکردووە وا دەورەیان داوی؟
- گیانەکەم پارە هەموو شتێکت بۆ دەکات.

ئەویش بە سەرسوورمانەوە لێیپرسیم:

- ئـەدی کـە لـە عەممـان بوویـن لـە تـۆم پرسـی و گوتـم: شـارەکەم ئێسـتا چۆنـە و چیلێهاتـووە، ئێسـتا جێـی کەیـف و رابواردنـی لێیـە؟ منیـش زۆر پێـی خـۆم لـەوە دادەگـرت کـە خەڵکـی شـارەکەم بەدیـن و رەوشـت بـەرزن و کریسـتیانەکانیش دابونەریتـی خۆیـان پاراسـتووەو ئەوانیـش هـەر لەگـەڵ دابونەریتـی ئێمـەدا بەرێـی راسـتدا دەڕۆن.

ئەو پێدەکەنی و دەیگوت:

- بەخوا با بێم بۆ هەولێر نیشانت دەدەم!

منیـش هـەر پێـم لەسـەر ئـەوە دادەگـرت کـە شـارەکەم شـتی ناشایستەی دژ بـە دابونەریتـی کـوردەواری لێناوەشـێتەوە. تومـەز مـن هاتووچـۆی هوتێلـە گەورەکانـی شـارم نەدەکـرد بۆیـە نەمدەزانـی کـە شـار لایـدەی زۆری تێکەوتـووە بۆیـە گـۆڕاوە و هوتێلـە گـەورەکان بـۆ قازانجـی خۆیـان ئافرەتـی لەشـفرۆش لـە هەمـوو کونجێکـی دنیـا دێنـن بـۆ ئـەم شـارە، بـەڵام ئـەوەی مێشـکی منـی تێکـداو پێـم سـەیر بـوو بوونـی ئاسـوودەی گۆرانیبێـژ بـوو لای ئیسـحاق و وەرگرتنـی کرێـی ئـەم شـەوەی کـە لـە

پێـش چـاوی مـن لـە ئیسـحاق وەریگـرت. منیـش زۆر مەراقـم لێیخـوارد بۆیـە بـە سەرسـووڕمانەوە لـە ئیسـحاقم پرسـی:
- ئیسـحاق گیـان مێشـکم قبووڵـی نـاکات پێمناڵێـی تـۆ چـۆن ئاسـوودەی گۆرانیبێـژت دەسـتەمۆ کـرد لـە کاتێکدا بـۆ خەڵکـی وەک ئێمـە گەیشـتن بـەم جـۆرە کەسـانە خەونـە!؟
- وەک خـۆت بینیـت پـارە هەمـوو شـتێک دەکات، ئەوانـە بـۆ خەڵکـی بێگانــەی شــارەکە بــە شــێوەیەکیتر خۆیــان نیشــاندەدەن!
منیش گوتم: باشە زانیم پارەیە بۆی هێناوی بەڵام چۆن؟
- بـە گارسـۆنی هۆتێلەکـەم گـوت: ئافرەتێکـی خـڕو پـڕی ئـەم شـارەم بـۆ بـدۆزەرەوە تـا شـەو بیکـەم بـە دۆشـەک و سـەرینی خـۆم. سـەرەتا گوتـی: کـەس شـک نابـەم، دوایـی کـە پارەیەکـی باشـم دایـێ رازی بـوو گوتـی: گۆرانیبێژێـک هەیـە مێردەکـەی دەڵاڵـی بـۆ دەکات و بـۆ بێگانـە دەوڵەمەندەکانــی دەبــات و لەگــەڵ چەنــد کەســێک رێککەوتــووەو منیــش ژمــارەی برادەرێکــم لایــە کــە پەیوەنــدی لەگــەڵ مێردەکــەی هەیـە. شـتێکی دەدەمـێ تـا بۆتـی بهێنـێ.
ئیتـر ئەوەبـوو پارەمانـدا و هێنامـان، ئەگـەر تـۆش حـەزت لێیـە و بـڕوا ناکــەی دەتوانــم ســبەی شــەو بیهێنمــەوەو لای هەردووکمــان بێــت. تــۆ ســبەی شــەو لــە ئاســوودە خانــی هونەرمەنــد دەعوەتــی منــی دەبــێ گۆرانیشـمان بـۆ بڵـێ و سەماشـمان بـۆ بـکات.
ئیتــر ئەوەبــوو ویســتم هــەم ئیســحاق تاقیبکەمــەوە و هەمیــش لــەوە دڵنیابـم کـە ئاسـوودەی هونەرمەنـد بـۆ کاری لەشفرۆشـی لای ئیسـحاق بـووە.
شـەوی پاشـتر منیـش خـۆم خزانـدە بەهەشـتی ژوورەکـەی ئیسـحاق و گەیشـتمە مەرامـی خـۆم و شانازیشـم بـە خـۆم دەکـرد کـە توانیوومـە لەگــەڵ گۆرانیبێژێکــی نــاوداری شــارەکەم ســەرجێیی بکــەم، ئەمــەش بێگومـان بەهـۆی ئیسـحاقەوە بـوو دەنـا بۆمـن خەونێکـی گـەورە بـوو.

ئەویش دوای ئەم شەوە گاڵتەی پێدەکردم و دەیگوت:

- بزانە تۆ بە خۆڕایی هەموو خەڵکی شارەکەت بە فریشتە دەزانی، کەچی وا بە چاوی خۆت بینیت کە خەڵکی بێگانە لەم شارەدا هەم دەتوانن کڕیار و هەمیش فرۆشیار بن منیش هێشتا داکۆکیم دەکردو دەمگوت:

- ئێ کاکە ئەوە شارە بێگومان شاریش گەورە دەبێت و خەڵکی لایەدی دێتە ناو و دەبێتە دانیشتووی شارەکە و لە شارێکی گەورەی وەک هەولێریش کە سەردەمانی ئێوە بە قەد گەڕەکێکی ئێستای هەولێر بووە، کە گەورەش بوو بێگومان هەموو جۆرە کەسێکی تێدا جێدەبێتەوە، باشیشی تێدا دەبێت و خراپیشی تێدا دەبێت، ئاخر ئەوە شارە شار خۆ شارۆچکەی جاری جاران نییە هەموو یەکتر بناسن و ئاگاداری هەڵسوکەوتی یەکتربن. ئەگەر لە شارێکی گەورەی وەک هەولێریش خەڵکی هەموو وەک یەکتر بن و وەک یەکتر بیربکەنەوەو هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان یەک بێت. ئیتر ئەو شارە دەبێتە شامی شەریف، کەچی لە هیچ شارێکی دنیاشدا هەموو خەڵکی وەک یەکتر نین، ئەگەر شار ئەوها بێت وەک تۆ دەڵێی شامی شەریف بێت ئەوسا چ پێویست بە هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان دەبوو ئەوسا هەموو بە ئیسراحەت دەژیان. بزانە خوا خۆی بنیادەمی وا دروست کردووە سەیرکە تەنانەت پەنجەکانی دەستێکیش وەک یەکتر نین و لە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا باش و خراپ هەر هەبووەو هەیە ئەمە سروشتی مرۆڤە و خوا وەهای داناوە.

ئەویش هەر سەری خۆی دەلەقاند و دەیگوت:

- لە هەر شارێکدا ئەوەی خەڵکی بێگانەی شارەکە دەیبینێ، خەڵکی شارەکە خۆی ئەوەندە ئاگای لە وردەکاری و ناخی شاراوەی شارەکەی نییە.

# گەڕان بە دوای شیری مووسا،
# یان شیرەکەی باوکی ئیسحاق

*** ئـەم بەشـەی ڕۆمانەکـەش هـەر بێسـتوون سـەرەتان بۆتـان دەگێڕێتــەوە**

نیوەڕۆیـەک چـووم ئیسـحاقم لـە هۆتێـل هێنایـە دەرو لـە ماڵـی خۆمـان دەعوەتـم کـرد. جیرانەکانیشـمان بانگهێشـت کـرد. مـام عەبدوڵــڵا سـەڕاجیش هـەر ئامـادەی دەعوەتەکـە بـوو، لـە دانیشـتنەکان لـەوێ بـوو. گفتوگـۆ و قسـە و بـاس و گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی رابـردوو، باسـی مێـژوو و جوگرافیـا و پێکهاتـە و ژیانـی جارانـی ئـەم شـارەو بەتایبەتیـش کۆڵانەکانـی جوولـەکان و ئـەم کۆڵانـەی ئێمـە کـرا، دوا چیـرۆک چیرۆکـی ڕۆیشـتنی جوولەکـەکان و بیرەوەرییەکانـی ئیسـحاق بـوو، لـەم شـارەو لـەم کۆڵانـەی خۆمانـدا. تـا شـەو مابنـەوە، کـە میوانـەکان هەمـوو ڕۆیشـتن تەنیـا ئیسـحاق لـە ماڵـی ئێمـەدا مایـەوە، مـن مەسـەلەی شـیرەکەی بابـی ئیسـحاق، یـان شـیرەکەی مووسـا پێغەمبـەر لـە کەللـەی دابـووم بۆیـە چوومـە بـن کلێشـەی ئیسـحاق و داواملێکـرد بچیـن بـۆ نـاو شـوێنی کەنیشـتە، کلیلـی دەرگای لای خـۆم بـوو و کردبوومـان بـە شـوێنی بەخێوکردنـی پەلـەوەر، مریشـک و قـاز و مـراوی و کۆترمـان تێـدا بەخێـو دەکـرد ئەمـە بـە ڕۆژ، شـەوانیش تەیـرو تواڵەکـەم لـە کۆڵیـت دەکردنـەوەو کۆترەکانـم دەخسـتنەوە نـاو لیـس و دەرگام دادەخسـت و زنجیرێکـم لـە دەرگاکـە دابـوو قفڵەکەشـم وەک ئـەم قفڵـەی کـە پارێـزگا لێیاندابـوو مـن بـۆم کڕیبـوو و لای خـۆم بـوو، ئێمـە لـە کۆڵانـی خۆمانـدا چـوار مـاڵ مابوویـن هەریەکەمـان خانووێکـی بـۆ خـۆی گل دابـوو و هـەر کەسـە کلیلێکـی بـۆ خـۆی پەیـدا کردبـوو، چونکـە خانـووەکان لەلایـەن لیژنـەی پارێـزگا قفـڵ و زنجیـر کرابـوون و جێهێشـترا بـوون ئێمـە ئـەم چـوار ماڵـە هـەر کەسـە قفڵـی شـوێنەکانیان بـۆ خۆیـان گۆڕیبـوو و کـەس نەیدەزانـی و ئێمـەش لـە نێـوان خۆمانـدا قسـەمان نەدەکـرد. بـە ڕێکەوتیـش شـوێنی کەنیشـتە بـە بـەر مـن کەوتبـوو و کلیلـی لای مـن بـوو. مـن ئەوەنـدە سـاڵەی کەنیشـتە لەبـەر دەسـتم بـوو هەرگیـز شـکم لـە ژێـر میحرابـی کەنیشـتە

نەدەکرد کە رووی پێچەوانەی قیبلە بوو و رووی بەرەو قودس بوو. شەو لەگەڵ ئیسحاق بە لایتێکی پاتری گەورەی بەهێز دەرگام کردەوەو چووینە ناو کۆنە کەنیشتەی جاران و شوێنی پەلەوەری ئێستای من، کە ئیسحاق ناو ژووری میحرابی کەنیشتەی دیت شاگەشکە بوو، بە دوعای خۆیان دوعایەکی خوێند بە عیبری بوو من تێینەگەیشتم. ئینجا دەستمان کرد بە هەڵکۆڵینی ژێر میحرابی کەنیشتەکە. دەم نا دەم دەمگوت ئێستا بریسکەی شیرەکە لە چاوم دەدات. زۆرمان هەڵکۆڵی ئەگەر چیتر هەڵمانکۆڵیبا میحرابەکە هیچی نەدەماوە. هیوا بڕبووین لە دۆزینەوەی شیرەکە. ئیسحاق زۆر بە نائومێدییەوە رووی لەمن کردو گوتی:

- تەواو با وازیلێبێنین تازە هیچ شتێک نادۆزینەوە، پێدەچێ ئەم شوێنە جارێکیتر هەڵکۆڵدرابێت و شیرەکەیان دەرهێنابێت، بەڵام تەنیا جێی تێکدانی پێوەدیارە. دیارە دەستی هەڵکۆڵینی پێشتری پێوە دیارە، ناچێتە عەقڵ ئەم میحرابە بە جارێک بەم شێوەیە رووخابێت، بەڵام دیارە ئەوانەی هاتوون زۆر شارەزا بوونە لە شوێنەوار دزین و نەیانهێشتووە شوێنەواری هەڵکۆڵینی زۆر پێوە دیاربێت.

ئێمەش وەک ئەوان ژیرانە هەڵمانکۆڵی. نابێ لەوە زیاتر تێکی بدەین، ئەوە شوێنەواری باب و باپیرانی جوولەکانە و حەزناکەم بیفەوتێنین. لەگەڵ ئەمەش هێشتا میحرابەکە هەست بە بوونی دەکرێ، ئەگەر هاتن و سەیریشیان کرد وادەزانن خۆی لەگەڵ تێپەڕینی رۆژگار لەبەر کەمتەرخەمی فەرمانگەی شوێنەوار پشتگوێ خستن و نۆژەن نەکردنەوەی وردە وردە رووخاوە. ئێمە بۆ هەڵکۆڵینی تەنیا شەکرشکێنێکی کۆنمان لەلا بوو کە لە ماڵی ئێمەدا بابم هەڵیگرتبوو من هێنام و وردە وردە من بەدەست خۆڵەکەم لادەدا ئیسحاقیش لەسەرەخۆ میحرابەکەی بنکۆڵ دەکرد. تا درەنگانی شەو خەریکی ئەم کارە بووین، دوایی بێ هیوابووین،

هیچمان نەدۆزییەوە. ئەم شەوە بێ دۆزینەوەی شیرەکە هەردووکمان بە کزی و بێ ئەوەی قسەیەک لە دەممان بێتەدەر واقمان وڕمابوو لە بزر بوون و نەدۆزینەوەی شیرەکە، بۆیە درەنگانی شەو ئیسحاقم گەیاندەوە هۆتێل و منیش بێ ئەنجام و دەستکەوت گەڕامەوە ماڵەوە. شەو خەونی جڕناو فڕنام هەر بەم شیرەوە دەبینی.
کە لە کەنیشتە بووین ئیسحاق دەیگوت:
– لەوەتەی هەیە ئێمە بەدوای گۆچانی مووسا پێغەمبەردا دەگەڕێین، یان وەک خەڵکی ئێوە نەیدەزانی و دەیانگوت ئەنگۆ بەدوای شیرەکەی مووسا پێغەمبەردا دەگەڕێن و جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان گۆچان و شیر. ئاخر مووسا پێغەمبەر شیری نەبووە، بەڵکو گۆچانەکەی توانای خوایی هەبووە. بە هەرحاڵ ئێمە هەمیشە بەدوای ئەم گۆچانەدا دەگەڕێین تا لە دەست فیرعەونەکانی هەموو سەردەم و زەمانێکدا رزگارمان بکات و بە گۆچانەکەی دەریای زوڵم و ستەم شەق بکات و بمانپەڕێنێتەوە ئەودیوی دەریای ئارامی و ئاسوودەیی.
ئینجا ئیسحاق زەردەخەنەیەکی هاتێ، منیش پێمگوت: بەچی پێدەکەنی. ئەو سەری خۆی باداو گوتی:
– ئێوە زۆر ساویلکە دەڕواننە شتەکان تەنانەت زۆربەشتان لە دینی خۆشتان شارەزانین دەنا چۆن نازانن مووسا پێغەمبەر بە گۆچانەکەی زێی شەق کردووە ئەو شیری پێنەبووە ئێوە بە ئێمەتان دەگوت (بەدوای شیری مووسادا دەگەڕێن) کەچی لە قورئانیشدا ئەم چیرۆکە و چیرۆکەکانیتری مووسا پێغەمبەر هەیە، کەچی ئێوە دیارە هەندێکتان شارەزای قورئانەکەشتان نین، ئێمە جاران کاتێ لە کوردستان بووین، لەگەڵ خەڵکی خۆماندا رۆژی شەمموان کە دەچووینە دەرەوەو پۆل پۆل بۆ دەرەوەی شارەکان دەچووین، ئێمە دەچووین لە یەکتر گرد دەبووینەوەو یەکترمان بەسەر دەکردەوەو لەگەڵ گەورە پیاوانی ئایینی و سیاسی خۆماندا

باسی دنیا و کێشەکانی خۆمان دەکرد و دواییش پارەمان بۆ سندوقی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان ئیسرائیل کۆدەکردەوە تا بگەینە دەوڵەتی خۆمان و لە جەور و ستەم و چەوساندنەوە رزگارمان بێت و تیایدا بحەسێینەوە، چونکە لە هەموو گۆشەیەکی دنیادا زۆر لە نەتەوەو سەرکردە سیاسییەکان رقیان لە ئێمە دەبووەوە تەنانەت لە ئەڵمانیای نازی و چەند دەوڵەتێکی تری ئەوروپا لە سەردەمی حوکمی نازییەکاندا ئێمەیان لەناودەبرد و پاکتاوی رەگەزییان دەکردین و دەیانویست تۆمان ببڕنەوە. لە عێراق و کوردستانیشدا بەتایبەتی لە عێراق و پایتەختەکەیدا سەردەمی فەرهوودمان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە قەتل و عامی ئێمەیان کرد و زۆربەی خەڵکی ئێمەیان لەپێش چاوی خەڵک لە جادەو کۆڵانەکاندا سەربڕی و ماڵ و موڵکی ئێمەشیان هەموو تالان کرد. لەو عێراقە و لە کوردستانیشدا سۆزێک هەبوو بۆ ئەڵمانیای نازی بەتایبەتی لە کوردستاندا خەڵکانێک هەبوون بەهۆی ئەوەی کوردو ئەڵمان لە یەک رەچەڵەکی ئارییین وایاندەزانی بە سەرکەوتنی ئەڵمانەکان و نازییەکان ئەوان سۆزی ئاری بوون و یەک رەچەڵەکی دەیانبزوێنێ و دێن دەوڵەتی نەتەوەییتان بۆ دادەمەزرێنن کەچی لەگەڵ سەرکەوتنەکانیشیان رۆژێک ئەم نازیانە بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێک نەدەکردەوە بۆ کوردەکانی هاوڕەگەزی خۆیان، کەچی مخابن هەبوون لە خەڵکی ئێوە و لە شارەکانیتری عێراقیش هەبوون هاوسۆزییان لەگەڵ ئەڵمانەکان هەبوو و دژی ئینگلیزەکان بوون و نەیاندەویست ئینگلیز لە عێراق بمێنێ. هەبوو لەو کەسانە بەتایبەتی شیوعییەکان لەبەر ئەوەیان دژی ئینگلیز بوون، چونکە وەک ئیمپریالیزم هاتبوو عێراقی داگیرکردبوو، کەچی لە هەمانکاتیشدا دژی ئەڵمانیای نازی و بیری نازی بوون، بەڵکو ئەوان کاریگەربوون بە بیری ئوممەمیەت. هەشبوو لە خەڵکی عێراق و کوردستان بەهۆی سۆزی ئایینییەوە ئێمەیان دەکوشت،

بەڵکو کوشتنی ئێمەشیان بە پردێک دادەنا تا پێوەی بپەڕنەوە بۆ بەهەشت.

ئەو کاتانەی ئێمە پێکەوە کە دەچووینە دەرەوە بیرمان لەوە دەکردەوە کە لە گیروگرفتی خۆمان بدوێین و بەدوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕاین ئەوەبوو ئێمە پارەمان بۆ سندوقی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆدەکردەوە، چونکە نەماندەتوانی چیتر لەژێر ئەو زوڵم و ستەمەی لێماندەکرێت بژین وەک چۆن خەڵکی ئێوەش هەمیشە بەدەست داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە رووتان لە چیاکان کردووەو بەردەوام شۆڕشتان کردووەو ویستووتانە لە داگیرکەرانی کوردستان رزگاربن. بەداخەوە هەندێک لە خەڵکی ئێوە لەبەر هەستی تەسکی ئایینی ئێمەیان بە بەشێک لە مێژووی خۆیان نەدەزانی و کوردبوونی ئێمەیان رەتدەکردەوە. ئەوساکە خەڵکێکی زۆری ئێوەش نەخوێندەوار بوون و ئاغاکانیش کە حوکم حوکمی ئەوان بوو بۆ مەرامی خۆیان نەیاندەویست خەڵکی خوێندەوار و هۆشیار بێت مەلاکانیشتان بۆ ئێوەی راست نەدەکردەوەو بەم خەڵکانەیان نەدەوت کەشتەکان بە هەڵە وەردەگرن و پێیان نەدەگوتن کە مووسا پێغەمبەر بە هێزو توانای خوا بەگۆچانەکەی نەک شیرەکەی دەریای نیلی شەق کردووە و میللەتەکەی لە دەست جەورو ستەمی فیرعەون رزگارکردووە، بەڵام نەخوێندەوارەکانی ئێوە لە جیاتی بڵێن ئێمەی جوو بە دوای گۆچانی مووسادا دەگەڕێین دەیانگوت بە دوای شیرەکەی مووسادا دەگەڕێن، دیارە ئەوەشیان راستە، نابینی وائێمە لەژێر میحرابی کەنیشتەدا بەدوای شیرەکەی بابمدا دەگەڕێین کە کاتی خۆی هەندێک لە خەڵکی موسڵمان دەیانگوت مام مۆشێ شیرەکەی مووسا پێغەمبەری لایە. بۆیەشە ئێمە ناحەقمان نییە کە لە هەموو سەردەمێکدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت تەنانەت لە داهاتووشدا هەمیشە بەدوای ئەم شیرەی مووسا، یان گۆچانەکەی مووسا پێغەمبەردا دەگەڕێین تا لە دەستی

فیرعەونەکانــی هەمــوو ســەردەمەکانی دنیــادا رزگارمــان بــکات.
منیش بەسەرسووڕمانەوە بە ئیسحاقم گوت:
- ئەگـەر وابـێ مـن گومانـم لـە شـیرەکەی بابـت هەیـە کـە دەڵێـن لـە باپیرەیــەوە بــۆی ماوەتــەوە. کــێ دەڵــێ ئــەم شــیرە شــیری مووســا پێغەمبــەرە. باشــە رەنگــە شــیرەکە هــی ســەردەمانێکی زۆر کــۆن بێــت بـەڵام مـن پێـم سـەیرە ئەگـەر وابێـت هـی مووسـا پێغەمبـەر بێـت بۆچـی لــە جیاتــی هەمــوو جوولەکەکانــی دنیــا ئــەم شــیرە کەوتــە دەســت باپیـرەی بابـی تـۆ بۆچـی نەکەوتـە دەسـت جوولەکەیەکـی ئیسـرائیل کـە ئێسـتاکێ لـە گـەورە مۆزەخانـەی تەلئەبیـب دانرابـوو؟!
ئیسـحاق دیاربـوو زەردەخەنــەی دەهاتــێ و گومانــی شــتێکی هەبــوو، بــەڵام نەیدەدرکانــد. منیــش زۆر گوشــارم خســتە ســەر تــا هەندێــک هەقیقەتــی لەبــارەی ئــەم شــیرەوە بــۆ درکانــدم، ئەویــش دوای ئــەوەی کـە هیوابـڕ بوویـن لـە دۆزینـەوەی شـیرەکە. بۆیـە پشـتی خـۆی دایـە دیــوار و قاچەکانــی خــۆی راکێشــاو لایتەکــەی کوژانــدەوە نــەوەک پاتریەکــەی هێــزی تێدانەمێنــێ، ئینجــا داوای جگەرەیەکــی لــە مــن کـرد. منیـش بـە ئەسـپایی جگەرەیەکـی ئەبـوو بەزونـم بـۆ داگیرسـاند. منیـش جگەرەیەکـم بـۆ خـۆم داگیرسـاند. ئینجا پشـتی دایـە دیوارەکـە و تەنیـا بزۆتـی جگەرەمـان لـە یەکتـر دیـار بـوو ئینجـا هەناسـەیەکی قووڵــی هەڵکێشــا و گوتــی:
- چیــت لێوەشــارم تــازە هەمــوو شــتێکت پێدەڵێــم: هەندێــک لــە جوولەکەکانـی ئێمـە و بەتایبەتیـش خزمانـی ئێمـە و پیرەکانمـان کاتـی خـۆی کـە ئـەم شـیرەیان لای باوکـم بینیبـوو دوو بۆچوونـی جیاوازیـان هەبـوو. هەندێکیـان کـە بەرژەوەندییـان لەوەدابـوو و دەیانویسـت وەک شــانازییەک بــە باوکــم و جووێکــی خەڵکــی ئــەم شــارە دەیانگــوت: شـیرەکەی مووسـا پێغەمبـەر لای جوولەکەیەکـی کوردسـتان پارێـزراوەو مــاوە. بێگومــان ئەوانــە لــە روانگەیەکــی تەســکی ئایینییــەوە تەماشــای مەســەلەکەیان دەکــرد و بیریشــیان لــەوە نەدەکــردەوە کــە مووســا

پێغەمبەر شیری نەبووەو گۆچانی هەبووە، بەڵام قەناعەتیان بەخۆیان دەهێناو دەیانگوت: مادام مووسا پێغەمبەر دژی زوڵم و ستەم جەنگاوە بەتایبەتیش دژی گەورەترین فیرعەونی دنیا کە خۆی بە خوا دەزانی و دەسەڵاتی رەهای هەبوو. ئەوانە پێیانوابوو رێی تێدەچێ کە مووسا پێغەمبەر پێویستی بە شیرێک بووە تا دژی ئەم هەموو زوڵم و زۆردارییە بجەنگێ.

لایەنی دووەمیشیان کە زیاتر لە شتەکان دەگەیشتن و بە تەواوی شارەزای بیروباوەڕە فەلسەفییەکان بوون و بڕوایان بە دین نەبوو و بە شێوەیەکی ماتریالیزمی تەفسیری دنیاو کەونیان دەکرد دەیانگوت: نەخێر وانییە ئەسڵ و ئەساسی ئەم شیرە لە گۆڕێدا نییە. ئەوەی ئێمە بیزانین و گوێمان لە پیاوە بە تەمەنەکان بووە دەڵێن ئەم شیرەی مام مۆشێ کە لە باپیرەیەوە بۆی ماوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و بەڕاستیش هی میرێکی ئەرمەنی بووە کە میری ناوچەی ئارارات بووە، لەساڵی ١٩١٥ کە دەوڵەتی عوسمانی قەتل و عامی ئەرمەنەکان دەکات باپیری بابم ئەوکاتە سەربازی دەوڵەتی عوسمانی بووە دوای ئەوەی کە شەڕ و کوشتار نامێنێ و سەربازی تەواو دەبێت، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی واتە بۆ رواندزی شاری هەولێر دەیەوێ دیارییەک بۆ کوڕەکەی بێنێ کە چەند ساڵە بە منداڵی جێیهێشتووەو تا ئەو دەچێتەوە گەورە بووە. دەچێ لە دووکانێکی ئەنتیکە فرۆش لە ئیستەنبۆڵ بەدوای شتێکی کۆندا دەگەڕێ و چاوی بە شیرێک دەکەوێ زۆر لای جوانە و سەرنجی رادەکێشێ، کە پرسیاری کۆنی شیرەکە دەکات دەڵێن ئەم شیرە هی میرێکی ئەرمەنە و دەستاو دەستی کردووە تا گەیشتۆتە ئەم ئەنتیکەخانە. ئەویش شیرەکە دەکڕێ و دەیهێنێتەوە کوردستان. ئەم چیرۆکە ماوەیەکی زۆری بەسەردا رۆیشتووە. باپیرانم بۆ بەرژەوەندی خۆیان چیرۆکەکەیان گۆڕیوەو کردوویانەتە شیری مووسا پێغەمبەر!

# شەوێک لە کۆنە هەواردا

ئەمشـەو بۆخـۆم پاشـای ئـەم مەملەکەتـەم. ناوەڵـڵا پاشـای هەمـوو عێـراق و کوردسـتانم. کـوڕە ناوەڵـڵا خـاوەن هەمـوو دنیـام. ئەوەتانـێ بـۆ خـۆم بـە تەنیـا و بـەم گەرمـای هاوینـە لـە سـەربانی خانـووی هـەواری کۆنمـان دەخـەوم. هیچم لا نییـە تەنیـا یاتاغێـک کـە بێسـتوون لـە ماڵـی خۆیـان بـۆی هێنـاوم و شـەربەیەکیش ئـاو کـە ئەمیـش هـەر هـی ماڵـی ئەوانـە. دەسـتم بـۆ شـەربەکە بـرد ئاوێـک بخۆمـەوە دیقەتـی حەوشـەی خانووەکەمـدا بیرمکەوتـەوە جێـی کووپەکـەی بابـم هاتـەوە یـاد کـە کاتـی خـۆی لـە شـارۆچکەی پـردێ بۆیانهێنابـوو. کووپەکـە خڕبـوو و تۆزێـک لـە کووپەیـلای ئێمـە کورتتـر بـوو. ئـەم کووپـە بـەردەوام ئـاوی شـیرین و فێنـک و سـازگار بوو، چونکـە بابم زۆر کەیفـی بـەم کووپەیـە دەهـات و جـۆرە گیایەکـی لـە دەوری چاندبـوو و گیایەکـە خـۆی لـە کووپەکـە ئالاندبـوو کـە هەمیشـە سـەوز بـوو و بەهـۆی ئـەم گیایەشـەوە ئـاوی نـاو کووپەکـە بـەردەوام فێنـک بـوو، گیاکـەش نـاوی باڕێـزە بـوو کـە بەهۆیـەوە ئاوەکـە هەمیشـە فێنـک بـوو، ئـەم کاتـەش بەفـر و سـەهۆڵ نەبـوو خەڵکـی بـۆ ئـاو ساردکردن و خواردنـەوە پشـتیان بـە کووپـە و شـەربە دەبەسـت.. بیرۆکـەی گیاکـەش هـی ناتـان سـیۆنی تەبیـب بـوو کـە تاقـە دەرمانسـازی ئـەم شـارە بـوو. بیرۆکـەی ئـەم گیایـەش تەنیـا لـە ماڵـی ئـەوان و ماڵـی ئێمـەدا هەبـوو.

بێستوون ئەم شەوە زۆر هەوڵیدا لەگەڵم بمێنێتەوە گوتی:

- بـاش نییـە پیاوخـراپ زۆرن ئەگـەر بزانـن، دێـن پـارەو پولـت هەمـوو لێدەسـتێنن و ڕەنگـە خوێنیشـت حـەڵاڵ بکـەن. ڕەنگـە ئەگـەر بزانـن جوولەکەیـەک بـە تەنیـا هاتۆتـە نـاو کۆنـە خانوویـەک هەرگیـز دەربـازت نابێـت. لـەم هەرێمـە و ئـەم شـارەدا تونـدڕەوی وا هەیـە کوشـتنی تـۆی پـێ غەزایـە و گۆشـتی تـۆی لا حەڵاڵـە، بەڵکـو بـە کوشـتنی تـۆ خـوا بیخاتـە بەهەشـتەوە!!

منیش بڕوام بە بێستوون هێناو پێمگوت:
- نـا بێسـتوون گیـان تـۆ بـڕۆ مـن حەزدەکـەم ئەمشـەو لـە کۆنـە هـەواری خۆمـدا تەنیابـم و فلاشـباکەکان برینەکانـم بکولێننـەوە. کـەس پێمنازانـێ تەنیـا مـن و تـۆ و ماڵەوەتـان دەزانـن، خـۆ قابیلـە ئێـوەش ناتانـەوێ بمکـوژن!!
بە پێکەنینەوە گوتم: قابیلە ئێوە بمفرۆشنە توندڕۆکان!!
سـەرتان نەیەشـێنم مـن لـە بێسـتوونم گەیانـد ئەگـەر بـۆ پـارە بێـت ئـەوا پارەکانـم هەمـوو لـە هۆتێـل دانـاوە، ئەگـەر بـۆ کوشـتنی جوولەکەیەکیـش بێـن ئـەوا ئەوسـا دەسـتی تـۆ و خێزانەکـەی تـۆی تێدایـە. ئیتـر ئـەو جێیهێشـتم. منیـش ئـەم شـەوە کردمـە سـەرەڕۆیی، شـەیتان هاتـە بـن کلێشـەمەوە کـە ئەمشـەو لـە کۆنـە هـەواری خۆمـان بمێنمـەوە، چونکـە سـۆزی جارانـم رایچڵەکاندبـووم، دوای ئـەوەی بە رۆژ لەگـەڵ بێسـتوون چوویـن سـەردانی کۆنـە قوتابخانەکـەی سـەرەتایی کۆڵانـی جارانـی خۆمـان کـرد. هـەر ئـەم رۆژە جارێکیتـر تەماشـای کەنیشـتەم کـردەوە و هەمـوو ژوورەکانـم بەسـەر کـردەوە. شـوێنی هەڵکۆڵینەکەمـان داپۆشـی و دوایـی چوینـە ئەوبـەر ماڵـی جارانـی خۆمـان و سـەرم لـە کۆنـە ماڵـی خونچـەدا و چوومـە سـەربانی ماڵیـان. بـۆ ئـەو یادەوەرییانـە زۆر گریـام، ئـەم یادگارییانـە برینـی چەنـد سـاڵەی منیـان کولاندەوە. لەوێـوە تەماشـای سـەربانی ئەوبـەری ماڵـی خۆمـان دەکـرد، هەمـوو ساتەکانی چاوچاوانێـی سـەربانی خـۆم و خونچـەم بیرهاتـەوە. رۆژگارەکانـی رابـردووم وەک شـریتی سـینەما دیمـەن دیمـەن دەهاتنـەوە پێـش چـاوم. ئەودەمـی بێسـتوونم لەگەڵـدا بـوو شـەرمم دەکـرد بـە ئاشـکرا و بـە دەنـگ بگریـم، بـەڵام لـە دڵـەوە بـۆ ئـەم سـاتە غەمبارانـەی ژیانـی رابـردووم گریـام. بـە فلاشـباک گەڕامـەوە ئـەم سـەردەمانە و بوومـەوە کـوڕە لاوەکـەی ئەوکاتـی و وامدەزانـی مـن تـا ئـەو سـەردەمەی ئێسـتام هـەر لـەم خانـووەدا

ماومەتـــەوەو هەرگیـــز لێـــی نەڕۆیشـــتین و کۆچمـــان نەکـــردووە. ئەمشـــەوە لـــە ســـەربان تەماشـــای ئاســـمانم دەکـــرد، ئەســـتێرەکانم یەکـــە یەکـــە دەژمـــارد و لێکتـــرم جـــودا دەکردنـــەوە. مانگـــە شـــەوێکی خـــۆش بـــوو. لـــە نێـــو ئـــەم ئەســـتێرانەدا یـــەک تاقـــە ئەســـتێرەم دەبینـــی کـــە ســـەرەدیقانێی لەگەڵـــدا دەکـــردم و پێمپێدەکەنـــی و دەهاتـــە خـــوارەوەو باوەشـــی تێوەردێنـــام و ماچـــی دەکـــردم و پێکـــەوە بـــەدوای یەکتـــردا راماندەکـــرد، دوایـــی دەگەیشـــتینە دووڕیانێـــک ئـــەو ســـەریمان لـــێ دیـــار نەبـــوو، پاشـــان لەنـــاو تاریکـــی تونێلێکـــی نوتەکـــدا نقـــووم دەبوویـــن و یەکترمـــان بـــزر دەکـــرد و لێکتـــر دەترازایـــن. دەڕۆیشـــتم.. هـــەر دەڕۆیشـــتم.. مانـــدوو دەبـــووم.. دەکەوتـــم و هەڵدەســـتامەوە.. دوایـــی کـــە چـــاوم دەبڕیـــە ئاســـۆوەو رووناکیـــم بەدیدەکـــرد تەماشـــام دەکـــرد خونچـــە لێـــم ون بـــووەو لەگەڵـــم نەمـــاوە.. دەســـتم دەکـــرد بـــە گریـــان. نەمدەزانـــی چـــی بکـــەم. بەدوایـــدا دەگـــەڕام. دنیـــام هەمـــوو بـــە دوادا دەپشـــکنی. نەمدەدۆزییـــەوە. پاشـــان زانیـــم لێـــم برزبـــووە، یـــان لـــە دەســـتیان دەرێنـــاوم. ئیتـــر واملێهـــات لـــە هەمـــوو کاتەکانـــی تەمەنمـــدا بـــەدوای بگەڕێـــم. ئێســـتاکەش کـــە تەماشـــای ئـــەم ئاســـمانە شـــین و جوانـــە پـــڕ لـــە ئەســـتێرانە دەکـــەم هـــەر بەدوایـــدا وێڵـــم. هەندێکجـــار دێتـــەوە بەرچـــاوم و خۆیـــم نیشـــاندەدات، دوایـــی لـــە چـــاو قوچانێکـــدا لەبـــەر دیـــدەم ون دەبێـــت، ئەوســـا کـــە هۆشـــم دێتەوەبـــەر هەســـت دەکـــەم ئـــەوە خەیاڵـــە و مـــن بـــەدوای ســـەراب کەوتـــووم. ئیتـــر ببـــڕای ببـــڕ خونچەکـــەی خـــۆم نابینمـــەوە. ئیتـــر لـــەم دنیایـــەدا لەمـــن حەرامکـــراو لێیانســـتاندم، مەگـــەر خـــوای گـــەورە لـــە دنیاکەیتـــر بمداتـــەوەو جارێکیتـــر بیدۆزمـــەوە، بـــەڵام ئـــەدی ئەگـــەر یەکێکمـــان کەوتینـــە بەهەشـــت و ئەویتریـــش کەوتـــە جەهەننـــەم ئەوەیـــان چـــۆن دەبـــێ؟ حەتمـــەن ئەمـــەش هـــەر خـــوای گـــەورە خـــۆی دەزانـــێ بێگومـــان ئەوکاتـــە رەحمـــی خـــۆی بەکاردێنـــێ و دەزانـــێ ئێمـــە لـــە دنیـــا بـــە یەکتـــر نەگەیشـــتووین و

بـه میهرەبانـی خۆیـەوە هەردووکمـان دەخاتـە شـوێنێکی دنیاکەیتـر.
لای خـوای گـەورە گرینـگ نییـە لەسـەر کامـە دیـن بیـن هەمـوو دینـەکان ئایینـی ئـەون، ئـەدی ئـەو پێغەمبەرانـە کـە خـوا بـۆ هەمـوو نەتـەوەو پێکهاتەیـەک پێغەمبەرێـک، یـان نێردراوێکـی بـۆ نـاردوون هەمـوو خـۆی خاوەنیـان نییـە و ئـەو نەینـاردوون.
مـن هەمیشـە رووم لـە خوایـە و تەنیـا داوای ئـەوەی لێدەکـەم وەک چـۆن لـەم دنیایـەدا خونچـەم نەبـوو و بـە قیسـمەتی نەکـردم، بەڵکـو لـە دنیاکەیتـردا بـە خەونـی خـۆم بگـەم. خەونـی گـەورەی مـن لـە دنیـا و قیامەتـدا تەنیـا بەیەکگەیشـتنی مـن و خونچەیـە.
ئەمشـەویش کـە بـە تەنیـام و لـەم سـەربانەدا تەنیـا ئاسـمان و ئەسـتێرە جوانـەکان دەبینـم. هەربـەم خەیاڵانـەوەم. هـەر بـە خەیاڵـی خونچـەم، ئەگەرچـی تـا نەگەڕابوومـەوە ئـەم شـارە خـەون و خۆزگـەم ئەوەبـوو جارێکیتـر بـە دیـداری شـارەکەم و کۆنـە کۆڵان و کۆنـە هەواری جارانـم شـادببمەوە، بـەڵام والێـرە خۆزگـە و خەونەکانـم فراوانتـر بـوون و جارێکیتـر خەونـی بەیەکگەیشـتنی خونچەشـم کەوتـە کەڵلـەم و کەتـە نـاو خـەون و خەیـاڵ و خۆزگەکانـی تـرم. بـەم خۆزگـەی کـە جارێکیتـر گەنـج ببمـەوەو بگەڕێمـەوە هەمـان ئـەم سـەربانە و بـەدەم فڕاندنـی کۆترەکانمـەوە تەماشـای ماڵـی خونچـە بکـەم و لـە سـەربان سـەرەدیقانێی لەگەڵـدا بکـەم. مەراقـی ئەوەشـم بـوو وەسـیەتی بابـم بێنمـەدی کـە سـەردانی کۆنـە هـەواری خـۆم بکـەم و شـیرەکەی بدۆزمـەوەو بیبـەم بـۆ ئیسـرائیل و لـەوێ لـە ژوورەکـەی خـۆم لەژێـر وێنـەی بابـم لـە دیـوار هەڵیواسـم، هـەم بـۆ یـادگاری و هەمیـش بـۆ بەرەکەتـی بابـم و بـۆ ماوەیەکـی رابـردووی نەوەکەمـان، ئەگـەر دەشـمزانی بردنـی چەنـد زەحمەتـە، بـەڵام مـن دەمزانـی بـە پـارە هەمـوو شـتێک دەکـرێ، کەچـی مخابـن نەمانزانـی ئـەم شـیرە چیلێهـات زەوی قووتیـدا، ئاسـمان بردیـەوە، هیـچ گومانـی تێـدا نییـە ئەمـەش

وەک هــەزاران و زۆرێــک لــە کەرەســتەی مێژوویــی و کەلەپــووری ئــەم وڵاتــە چاوچنۆکــەکان بــۆ پــارە ئاودیــوی وڵاتانــی دراوســێیان کــردووە، دڵنیــام کــە دەســتێکی رەش دەریهێنــاوەو بردوویەتــی، بۆیــە منیــش لــەم ســەفەرەمدا و هاتنــەوەم بــۆ وڵاتــی خــۆم ئــەم خەونــەو داخوازییــەی بابــم نەهاتــەدی. ئەمشــەو لــە مەراقــی خونچــە و ئــەم شــیرە ئەفســانەییەی بابــم خــەو لــە چاوانــم تــۆراوە، لــەم ســەربانەدا بــەردەوام لــە دڵەڕاوکێدا ئارەقــە دەکــەم و ئــاوی شــەربە دەخۆمــەوە. بیــرو خەیاڵــم فڕیــون. ئەمشــەو مەراقــی دۆزینــەوەی خونچــە لــە کەللــەی داوم. دەبــێ داوای یارمەتــی لــە بێســتوون بکــەم لەگەڵمــدا بێــت و شــوێنی خونچــە بدۆزمــەوە. تــازە مــادام هاتوومەتــە هەولێــر، ئــەم دەرفەتــە دەقۆزمــەوەو بــۆ چەنــد رۆژێکــی تریــش دەمێنمــەوە. سۆراغی شــوێنی خونچــە دەکــەم. ئەگــەر چووبێتــە شــارێکی دیکەیــش شــوێن بــە شــوێن وەک شــوونهەڵگر بەدوایــدا دەچیــن تــا دەیدۆزینــەوە. ئەوســا دەچیــن دەبینــە میوانیــان و دەڵێیــن: ئێمــە چەنــدان ســاڵ بــوو دوای لەناوچوونــی شۆڕشــی ئەیلــوول ئــاوارەی ئێــران بوویــن و ئێســتاکە هاتووینەتــەوە و ســۆراغی خزمانــی خۆمــان کــردووەو پــێ بــە پــێ هاتوویــن تــا ئێوەشــمان دۆزیوەتــەوە. ئەوســاکە ئەگــەر گوتیــان: ئێــوە کێــن؟ ئێمــەش دەڵێیــن: ئێمــە بــن عامــی مــام جەبــاری باوکــی تۆیــن، کاتــی خــۆی لــە شــاڵاوی ئەنفــال ئێمــە لــەم گەرمیانــە دەربازبوویــن و رووماکــردە شــاخ و چووینــە نــاو شــۆڕش تــا دوای لەناوچوونــی شــۆڕش ئــاوارەی ئێــران بوویــن و لــە شــاری نەغــەدە ماینــەوە، تــا ئــەم ســاڵانە حکوومەتــی هەرێــم یارمەتیدایــن و ئێمــەی هێنایــەوە کوردســتان. ئێســتاکەش هاتووینەتــەوە هەولێــر و دوای ماوەیــەک وردە وردە بــەدوای خزمانــی خۆمانــدا گەڕاویــن دوایــی زانیمــان ئێــوەش لێــرەن لــەم شــارە وتمــان بابچیــن خزمایەتــی خۆمــان نــوێ بکەینــەوەو وا ئێســتاش بــە پرســیار ئێوەمــان دۆزییــەوە، هاتیــن ســەردانتان دەکەیــن

و دەگەڕێینــەوە.

ئەوەنــدەم بەســە جارێکیتــر خونچــە بــە چاوەکانــی خــۆم ببینمــەوە، ئەگــەر خــاوەن خێزانیــش بێــت و کۆشــێک منداڵــی هەبــن، دەزانــم تــازە بۆمــن نابــێ، بــەڵام هــەر پێمخۆشــە خــۆ خورپەکانــی دڵــم بــۆی تۆزێــک دادەمرکێتــەوە. خــۆ جارێکیتــر چاوەکانــم وێنەکــەی بــە شــێوەیەکی نوێتــر لــە مێشــکمدا تۆمــار دەکاتــەوە. خــۆ فێنکاییــەک، هەناســەیەکیتر، خۆشــییەک بــە ژیانمــدا دێــت. هەردەمــەوێ بزانــم ئێســتا ئــەو چۆنــە. شــێوەی ئێســتای چۆنــە. ئاخــۆ پیربــووە. ئاخــۆ چەرمەســەری و ڕۆژگاری ســەختی ئــەم گەرمیانــە چــی بەســەرهێناوە؟ ڕەنگــە زۆر گۆڕابــێ. ڕەنگــە ســەختی ژیــان دەم و چــاوی لــۆچ کردبــن؟ حەزدەکــەم بزانــم ئێســتاکێ چەنــد منداڵــی هەیــە. بزانــم ئــەو ئێســتا گوزەرانــی چۆنــە؟

ئــای خودایــە دەبــێ ئێســتا خونچەکــەی مــن چــۆن بێــت. بیــر لەچــی بکاتــەوە. دەبــێ منــی لەبیــر مابێــت؟ دەبــێ بمناســێتەوە؟ بێگومــان ئەگــەر بمناســێتەوە ئێمــە پلانەکەمــان هەمــووی هەڵدەوەشــێتەوە. ئەوســا زەحمەتــە. ڕەنگــە ئەگــەر بشمناســێتەوە لەبــەر بارودۆخــی خێزانەکــەی، یــان لەبــەر منیــش قســە نــەکات. ئەگــەر بچینــە ماڵیــان خــۆ مێردەکــەی مــن ناناســێ و منــی نەدیــوە، ئیتــر چــۆن بزانــێ مــن ئامــۆزای باوکــی خونچــە نیــم و ئیســحاقم و کۆنــە یــاری خونچــەم؟! بەخــوا ئەوســا ئەگــەر بزانــن و بمناســنەوە، دەرچوونــم ســەخت دەبێــت، ئەوســا هەمــوو خزمەکانیتــری خۆیــم لــێ گــرد دەکاتــەوە. بێشــک ئەوســا پاڵێــک بــە بێســتوونەوە دەنێــن و مــن دەکــوژن، خــۆ کوشــتنی جوولەکەیەکیــش ئەگــەر بگاتــە ڕادەی پێداگرتنــی ئایینــی توندئاژۆکانــەوە زیاتــر ڕێــی تێدەچــێ. کەواتــە کارەکــەم مەترســی تێدایــە، بــەڵام لێشــم بــووە بــە مــەراق و ســەرێکە هێناومــە هەردەبــێ ئــەم گەشــتە بکــەم و بەدوایــدا بگەڕێــم و جارێکیتــر ببیبینمــەوە. بــا

بـۆ تەنیـا جارێکیـش بێـت ببینـم، بەسـە، ئەوسـا دڵـم شـادییەکی دێتەوەبـەر. ئەوسـا دەبمـە بنیادەمێکیتـر، ئەوسـا هیواکـەی نـاو دڵـم سـەرلەنوێ سـەرهەڵدەداتەوە. ئەوسـا بەشـێوەیەکی نوێتـر وێنەکـەی لەنـاو دڵما هەڵدەگـرم. نـا هەردەچـم، تـازە سـەری خۆشـم لـە پێنـاوی دانابـێ هەردەچـم و بەدوایـدا دەگەڕێـم. یـا بـە تـەرم دەمبەنـەوە ئیسـرائیل، یـان بـە خەیاڵێکـی خۆشـەوە دەگەڕێمـەوە. خەیاڵێـک کـە بـە دیدەنـی خونچـە دڵـم جارێکیتـر بـە خۆشەویسـتی ئـاو درابێتـەوە. خەیاڵێـک بـۆ ئاییندەیەکـی نادیـار. بـۆ دنیایەکیتـر، بـەڵام تـازە سـەرێکە هێناومـە و پەژیـوان نابمـەوە. لـە سـۆراخی خونچـە وازناهێنـم. ئەگـەر بێسـتوون لەگەڵمدا هـات باشـە و پێمخۆشـە و سوپاسـی دەکـەم، دەنـا خـۆم لێرەوە لـەم گەڕەکـەوە دەسـتپێدەکەم و دەپرسـم لـە موختـاری گەڕەکـەکان دەپرسـم، لـە خەڵـک دەپرسـم تـا بزانـم جێبەجـێ و شـوێن دوای شـوێن بـۆ کـوێ ڕۆیشـتوون. ئیتـر هەنـگاو بـە هەنـگاو شـار دوای شـار تـا دەیدۆزمـەوە. خـۆ ئەگـەر بـە نامـورادی گەڕامـەوە ئیسـرائیل و شـیرەکەی بابیشـم، یـان شـیری مووسـا پێغەمبەریشـم نەدۆزییـەوە و لەگـەڵ خـۆم نەمبـردەوە سـەر گۆڕەکـەی بابـم و بڵێـم بـاوە گیـان وا هاتمـەوە، هـا ئـەوە شـیرەکەی لەمـەڕ تۆیـە. ئیتـر ئاسـوودەبە. ئیتـر ئـەوا شـیرەکەت لای منـە، ئـەو شـیرەی کـە هەمیشـە ئێمـەی جوولەکـە بەدوایـدا گەڕاویـن و بەردەوامیـش دەگەڕێیـن، بـەڵام شـیرەکەم نەدۆزییـەوە، خـۆ دەبـێ خـەون و خۆزگەکـەی تـرم بێنمـەدی. دەیدۆزمـەوە. خونچـە دەدۆزمـەوە. ناڕۆمـەوە بـێ دیتنـی خونچـە ناڕۆمـەوە. هەردەبـێ بیدۆزمـەوە لـە بـن عـارد و لەبـن هەورانیـش بێـت دەیدۆزمـەوە. نـاڕۆم دەیدۆزمـەوە و دەسـت لـە سـۆراخی هەڵناگـرم.

# گەڕان بەدوای خونچە
# یان
# ئەو چارەنووسە کە نەدەبوو بیزانم

بڕیاری من بوو دەبووایە خونچە بدۆزمەوە. تازە لێم بۆتە مەراق دڵم پێمدەڵێ: بێ دیتنەوەی خونچە نابێ بگەڕێیتەوە. تازە سەری خۆشم لە پێناوی دانابێ دەبێ خواستی دڵم بێنمەدی. لەگەڵ بێستوون چووینە ئەو گەڕەکەی کە دوای رۆیشتنیان لە کۆڵانی ئێمە ماڵی چووبووە ئەوێ. بێستوون برادەرێکی هەبوو لەم گەڕەکە زۆر شارەزا بوو ناوی دەرباز بوو کوڕی موختاری گەڕەکەکە بوو پێیاندەگوت ئیحسان تەتەری موختار. ئیحسان تەتەر لەبەر ئەوەی موختاری گەڕەک بوو هەموو خێزانێکی ئەم گەڕەکەی دەناسی و دەیزانی لە کوێوە هاتوون و چەند کەسن و هەر کەسێکیشیان لەم خێزانەدا چ کارەیە و لایەنگری کامە حیزبە. ناوەکەشی لەوە هاتبوو کە کاتی خۆی لەناو شۆڕشدا پێشمەرگە بووەو کاری تەتەرییان پێکردووە، پیشەکەی ئەو وەک پێشمەرگە ئەوە بووە کە بەرپرسی ئەو لقەی ئەو لێی بووە کاری هێنان و بردنی نامە و هەواڵی پێکردووە. دەڵێن لەم هێزە ئەو لێیبووە ناپاکییەک لە ئامیر هێزەکەیان دەبینێ ئەویش ئەوە بووە دەزانێ کە ئەو ئامیرە پێشمەرگەیەکی خۆی دەنێرێتە سەر رەبییەکی جاشان تا بە کوشتنی بدات و دوای ئەو ژنەکەی مارە بکاتەوە. دیارە پێشمەگەکە تازە ژنەکەی هێناوەو لە شارەوە هێناویانە بۆ ئەم گوندەی ئەوان و رۆژێکیان پێشمەرگەکە ئامیر هێزەکەی داوەتی ماڵەوەیان دەکات لەگەڵ چەند پێشمەرگە و دەست و پێوەندی ئەو. کاتێ ئامیر هێزەکە ژنەکەی دەبینێ لە جوانییاندا بۆی شاگەشکە دەبێت، دەڵێن لەوساوە بۆ هەموو شەڕەکان دەینێرێتە پێشەوەی شەڕ، بەڵام بەخت یاوەری دەبێت و ناکوژرێ، تا رۆژێکیان زۆر لێی پەست دەبێت هەستی ئازایەتی دەبزوێنێ و لەگەڵ دوو پێشمەرگەیتر دەیاننێرتە سەر رەبییەکی جاشان، بەڵام لە بنەوە لەگەڵ دوو پێشمەرگەکەیتر کە باوەڕپێکراوی خۆی

بـوون رێكدەكـەوێ كـە هەركـە لـە رەبییەكـە نزیـك بوونــەوە ئــەوان وردە وردە خۆیانـی لێبدزنـەوە تـا بـە تەنیـا دەمێنێتــەوە، ئەویـش تا دوا فیشـەك شـەڕ دەكات و دوایـی شـەهید دەبێـت. ئـەم زانیارییـە بڕوایـی بـە ئیحسـان تەتـەر ناهێنـێ تـا دوایـی دەبینـی ئامیـر هێزەكـە ژنـی پێشــمەرگەكەی برادەریـان مــارە دەكاتــەوەو دەیگوێزێتــەوە، ئینجـا دەزانــی پێشــمەرگایەتی كردنــی لەگــەڵ ئــەم جــۆرە كەســانە بــێ سـوودە و دەزانـێ ئـەوەی بكـوژرێ لـە تـرێ سـەی دەچـێ و ئـاو و ئـاو دەڕوا بۆیــە خــۆی دەدزێتــەوەو بەنــاوی پشــوو مۆڵەتێـك وەردەگـرێ و بەهـۆی خزمێكیـان كـە سـەرۆكی مەفـرەزەی تایبەتـی سـەدام بـوو هەواڵـی هاتنـەوەی پێـدەدات و كارەكـەی لـەلای حكوومـەت رێكدەخـات و دێتــەوە شـار و دواییـش دەسـت لەگـەڵ حكوومـەت تێكـەڵ دەكات و بەهــۆی خزمەكەیانــەوە دەیكــەن بــە موختــاری گەڕەكێكــی هەولێــر، بــەڵام نازنـاوی تەتــەری لێنابێتــەوە دوایـی لـە شـار كوڕێكیـان دەبێـت نــاوی لێدەنــێ (دەربــاز) بــەو مانایــەی كـە لــە پیـاو خراپانــی نـاو شـۆڕش دەربـازی بـووە.

ئیتـر ئـەوە بـوو موختـار ئـەم هەواڵـەی داینـێ كـە ماڵـی مـام جەبـاری بابــی خونچــە تــا چەنــد ســاڵێك دوای هاتنیــان بــۆ ئــەم گەڕەكــە لــەوێ نەماونەتــەوەو دوایــی خانووەكەیــان فرۆشــتووەو لــەم گەڕەكــە باریانكــردووە.

لە ئیحسان تەتەرم پرسی:

- نازانی كە لێرە رۆیشتوون چوونەتە كوێ؟
- ناوەڵڵا نەمپرسیوە بۆ كوێ دەڕۆن.
- چارە چۆن بیاندۆزینەوە؟
- چ كارتــان پێیانــە بۆچــی بەدوایانــدا دەگەڕێـن. ئــەی ئەوكاتــی بــۆ لێتــان نەپرســین؟

پێـش ئـەوەی مـن وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە بێسـتوون وەهـا

هاتــه وەڵام:
- کاکــە ئێمــە کاتــی خــۆی جیرانــی ئــەوان بوویــن، ئــەو پیــاوەی وا لەگەڵمدایــە ئامــۆزای ئەوانــە، کاتــی خــۆی پێــش ئــەوەی ئــەوان بێــن بــۆ ئێــرە، ئــەو ئامۆزایــەی ڕۆیشــتبوو بــۆ هەنــدەران. ئێســتا ئــەو گەڕاوەتــەوەو دەیــەوێ بیانبینێتــەوە.
موختار گوتی:
- بابچیــن لــە ماڵەکــەی شــوێنی ئــەوان بپرســین بزانیــن پێیــان نەگوتــون بــۆ کــوێ ڕۆیشــتوون. ئیتــر ئــەوە بــوو بەهــۆی موختــارەوە زانیمــان کــە دوای ئــەوەی ماڵــی مــام جەبــار کــە خانووەکەیــان لــەم گەڕەکــە فرۆشــتووەو لەکاتــی ڕۆیشــتنیاندا بــەم ماڵەیــان گوتــووە: ئێمــە دەگەڕێینــەوە لای کەســوکاری خۆمــان لــە کەرکــووک. منیــش ئــەو دەمــە بیــرم هاتــەوە کــە کاتــی خــۆی منیــان ڕفاندبــوو بردبوومیــان بــۆ حەســارێک لــە گەڕەکــی ڕەحیمــاوا.
منیش بە بێستوونم گوت:
- هەبــێ و نەبــێ ئــەوان دوای ئــەم گەڕەکــە چوونەتــەوە لای کەســوکاریان لــە کەرکــووک و لەوێــش بــۆ گەڕەکــی ڕەحیمــاوا. بــۆ بەیانییەکــەی، لــە بەیانییــەوە لەگــەڵ بێســتوون بەڕێکەوتیــن بــەم ئۆتۆمبێلــەی کــە مــن لــە کۆمپانیــای پێدانــی ماشــێن بەکــرێ هێنابــووم، چووینــە کەرکــووک. چووینــە ڕەحیمــاوا لــە شــوێنێک ماشــێنەکەمان ڕاگــرت، بــەڵام لــەم گەڕەکــە گــەورەی ڕەحیمــاوادا ماڵــی مــام جەبارمــان چــۆن بــۆ دەدۆزرێتــەوە. ئەوەیــان زۆر زەحمــەت بــوو بۆیــە دوای تۆزێــک بیرکردنــەوە رووم لــە بێســتوون کــردو گوتــم:
- بــا بپرسـین لـە بەسـاڵاچووەکان و بزانیـن لە سـاڵانی کۆتایی چلەکاندا کامــە لای ئــەم گەڕەکــە حەســاری لێبووە،ئەگــەر حەســارەکە ببینینــەوە ئــەوا بێشــک ماڵــی مــام جەباریــش نزیــک حەســارەکەیە و لــەوێ بــە پرســیار دەیدۆزینــەوە.

چووین لـه چەنـد کەسـێکمان پرسـی دواجـار کابرایەکـی بەسـاڵاچوو ئێمـەی نـاردە ڕۆژهەڵاتـی گەڕەکـی ڕەحیمـاوا کـە کاتـی خـۆی چەنـد حەسـارێکی لێبـووە. ئێمـەش چوویـن. سـۆراغ بـە سـۆراغ تـا شـوێنی ماڵـی مـام جەبارمـان دۆزییـەوە، بـەڵام چـۆن بچینـە ماڵیـان و چـی بڵێیـن و چـۆن خۆمـان بـە ناسـراوێک و نەناسـراوێک نیشـان بدەیـن واتـە وەک ناسـراوێک بچینـە ماڵیـان و وەک نەناسـێکیش نەزانـن مـن ئیسحاقم و ناسینی بێستوونیش بۆ ئـەوان ئاسـایی بـوو. هەردووکمـان بیرمـان لـە ڕێگاچارەیـەک کـردەوە. دواجـار ئەوەمـان بـە مێشـکدا هـات کـە بچیـن لـە دەرگایـان بدەیـن و بڵێیـن: ئێمـە ڕێکخراوێکـی نێونەتەوەیـی خێرخوازیـن هاتوویـن نـاوی ئـەم خێزانانـە دەنووسـین کـە کاتـی خـۆی لەبـەر هـەر هۆیـەک بێـت لـە کەرکـووک ڕاگوێـزراون و دواییـش هاتوونەتـەوە، یـان ئەوانـەی لـەم شـارەدا لەبـەر هەرهۆیـەک ڕۆیشـتوون و گەڕاونەتـەوە شـارەکە. ئێمـە دەمانـەوێ سـەرژمێرییەک بـۆ ڕێکخراوەکەمـان بکەیـن و ئـەم خێزانانـەی بـە بـەر ڕاگوێـزان کەوتـوون پاداشـتیان بدەینـەوە. ئـەوان چووزانـن ڕێکخـراو چییـە، ئەگـەر بشـزانن چووزانـن ڕێکخـراوی وا لـە دنیـادا نییـە. ڕەنگـە لەبـەر وشـەی پاداشـتەکە بتوانیـن زانیارییـان لێوەربگرین.گرینـگ ئەوانـە متمانـە بـە ئێمـە بکـەن و بچینـە ماڵیـان و زانیارییـان لەبارەی ماڵـی خونچـە لێوەرگریـن، بـۆ ئێمـە هـەر ئـەوە مەبەسـتەکەمانە، دەنـا ڕێکخـراوی وەهـا هەرگیـز لـە دنیـادا دروسـت نەبـووەو ناشـبێت.

پێشـتر لەنـاو ماشـێنەکەمدا جانتایـەک و هەندێـک کاغـەز و دەفتـەرم هەڵگرتبـوو، ئەمجـارە بـە کەڵکمـان هـات. مـن جانتاکـەم دەرهێنـاو وەک کادیـری ڕێکخراوێـک خـۆم نیشـاندا و دەفتـەر و هەندێـک کاغـەز و قەڵەمێکیشـم دایـە دەسـت بێسـتوون. چوویـن لـە دەرگای ماڵـی مـام جەبارمانـدا. پیرەمێـرد و پیرێژنێـک دەرگایـان لێکردینـەوە. فەرموویـان لێکردیـن. ئێمـەش وەک تەگبیرمـان کردبـوو وامانگـوت.

چووینـە ژوورەوە. دانیشـتین. چایـان هێنـا. مـن زۆر بـە وردی دیقەتـی هەردووکیانمـدا ناسـینمەوە. روخسـاریان هـەروەک خۆیـان مابـوو بـەڵام نیشـانەی پیـری بـە دەموچاویانـەوە دیاربـوو. بـاش بـوو ئـەوان منیـان نەناسـییەوە. زۆر پرسـیارمان لێکـردن. بـۆ ئـەوەی گومانیـان نەبێـت جارجـارە بـە بێسـتوونم دەگـوت: ئـەم وەڵامـە بنووسـە ئـەوە گرینگـە بـۆ ئێمـە و بـۆ ئـەوان. دوایـی مـن مەبەسـتم ئەوەبـوو بزانـم خونچـە چیلێهاتـووە و لـە کوێیـە؟! بەڵکـو ئـەوان شـوێنەکەم بـۆ دیـاری بکـەن و بـە دوای ماڵــی ئەوانیشـدا بچیـن. ئیتـر لـە ئەنجامـی پرسـیاری یەکـە یەکـەی نـاوی خێزانەکەیـان و پرسـینی جێیـان. کـە نـاو هاتـە سـەر خونچـە هەردووکیـان بـاوک و دایکـی ئاهێکـی ساردییان هەڵکێشـا، ماوەیـەک لەبـەر گریـان قسـەیان لـە دەم نەهاتـەدەر، دوایـی بـەدەم بزوانـی سـۆزێکی بـاوک و دایکانـە بـۆ رۆڵەکەیـان دایکـی کـە لەسـەرخۆتر بـوو تێیگەیاندیـن کـە ئەوکاتـە دوای ئـەوەی خونچـە تووشـی گۆشـەگیری هاتبـوو چەنـد سـاڵێک بردوویانەتـە لای دکتـۆر و سـەر مەرقـەدی پیـرو چـاکان و بردوویانەتـە لای دەیـان شـێخ و سـۆفی و تەقـوادار، دوای چەنـد سـاڵێک چاکتـر دەبێـت و بـە شـووی دەدەن و دەیدەنـە خزمێکـی خۆیـان کـە ماڵیـان لـە حەسـاری گـەورە بـووە لـە قـەراغ کەرکـووک، منیـش ئـەم چیرۆکانـەم بـە پەرۆشـەوە گوێلێرادەگـرت تـا لـە کۆتایـی چیرۆکەکـەدا زانیـم کـە لـە سـاڵانی شـاڵاوی ئەنفالەکانـدا خونچـە خـۆی و مێردەکـەی و دوو منداڵـی بـەر ئـەم شـاڵاوە کەوتـوون، ئیتـر منیـش لـەم دەمـەدا هـەم گریانـم دەهـات و هەمیـش پێکەنیـن. گریانـم بـۆ ئـەم چارەنووسـە دەهـات کـە قـەدەر خونچـەی منـی لەسـەر دنیـا هەڵگـرت و بـۆ دنیاکەیتـر لێیفرانـدم. پێکەنینیشـم بـەوە دەهـات و لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: ئاخـر ئـەو داک و بابـە ئەگـەر بزانـن ئـەوە منـم ئـەو کەسـەم کـە کاتـی خـۆی کیژەکەیـان لەبـەر مـن تووشـی دابرانـی خۆشەویسـتی

بـووەو لێـی بـووە بـە نەخۆشـی دەروونـی و ژیانـی تێکـداوەو دواییـش چارەنووسـی گەیاندییـە ئـەم گونـدەو لـەوێ لەبـەر شـاڵاوی ئەنفـال کـەوت. ئەمـەش ئـەم چارەنووسـە رەشـە بـوو کـە نەدەبـوو، یـان حـەزم نەدەکـرد بیزانـم. دەبووایـە هـەر بـە هیـوای مانـی خونچـەوە بژیابـووام.

بـە دڵسـاردییەوە لـە ماڵـی مـام جەبـار هاتینـەدەر، بـەڵام بیرۆکەیەکیتـرم بـە بیرداهـات، بۆیـە رووم لـە بێسـتوون کـردو پێمـوت:

- حـەز دەکـەم بچینـە گونـدی حەسـاری گـەورەو سـەردانی گـۆڕی خونچـە بکـەم.

بێسـتوونیش بـە ئاهێکـی ساردەوە و بـە نیمچـە گاڵتـە ئامێزییەکـەوە گوتـی:

- ئازیـزم کـوا ئەنفالکـراوەکان گۆڕیـان هەیـە!! هەندێـک ئێسـک و پرووسـکی ئـەو ئەنفالکراوانـە وردە وردە لـە گـۆڕی بـە کۆمەڵـی بیابانەکانـی ناوەڕاسـت و خـواروی عێـراق دۆزراونەتـەوەو حکوومەتـی هەرێـم ئێسـک و پرووسـکی ئەوانـەی بـە جلوبـەرگ و هەندێکیشـیان بـە ناسـنامەیان ناسـراونەتەوەو لەنـاو سـندووق کـراون و لـە گۆڕسـتانی ئەنفالکراوانـدا، یـان لـە گۆڕسـتانی شـوێنەکانیان نێـژراون، دەنـا زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو خەڵکـەی کـە ئەنفالکـراون تـا ئێسـتاش چارەنووسـیان دیـار نییـە و لەبـن عاردێکـی دووری لمـاوی ئـەم عێراقـە هەتـا ئێسـتاکەش وەک چـۆن بـە زیندوویـی و بـە کۆمەڵکوژییـەوە لەژێـر خـاک نـراون، هەتـا ئێسـتاکەش ئەوانـەی نەدۆزراونەتـەوە وا لەژێـر ئـەم عـەردەی بیابانەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق ماونەتـەوەو چاوەڕوانـی دەسـتێک دەکـەن بـە دوایانـدا بگـەڕێ و بیاندۆزێتـەوەو جارێکیتـر ئێسـک و پرووسـکیان کۆبکاتـەوەو بیانشـارێتەوە. ئەویـش مەگـەر کەسـوکارییان بـە جلوبـەرگ، یـان ئەگـەر ناسـنامەیان پێبێـت دەنـا ئەوانـە وەک شـەهیدی ونبـوو کـە دەدۆزرێنـەوە لـە گۆڕسـتانی

ئەنفالکراواندا بە کۆمەڵ بە خاک دەسپێردرێنەوە. زۆریشیان نازانرێ خەڵکی کامە شارو کامە ناوچە و کامە گوندن، چونکە سەدامی خوێنرێژ عەلی کیمیاوی راسپاردبوو زۆربەی هەرە زۆری بگرە ئەگەر دەستیشی برۆیشتبا هەموو کوردی ئەنفال و زیندە بەچاڵ دەکرد ئەوەندە رقی لەم کوردە بەستەزمانە بوو.

من ئەو رۆژە وەک ئەوەی شتێکی گرینگم لەدەست، دابێت یان کەوتبمە ناو دەریایەک تووشی رووخان و حاڵەتێکی دەروونی خراپ بووم. ئاخر ئەوە من بووم هەواڵی خونچە و چارەنووسی رەشی نادیاریم زانی کە بە دەستی زاڵمانی ئەنفالچی لە ژیان دابڕاوەو جارێکیتر نایبینمەوە، بگرە گۆڕەکەشی دیار نییە و بێ سەرو شوێن لەژێر عاردێکی بیابانەکانی عێراق خوا بزانێ کەوتۆتە کوێندەر!!

ئەم رۆژە لەگەڵ بێستوون بە غەمباری گەڕاینەوە هەولێر. هەرچەندە بێستوون لە رێگا دڵی منی دەدایەوەو گاڵتەی لەگەڵ دەکردم تا من لەم هێدمەیە بڕەوێمەوە، بەڵام من هێشتا تاسابووم هێشتا ئەم هێدمەیە بەری نەدەدام، بەڵام وێنە و دیمەنەکانی رابردوو و ژوانەکانی خونچە و چاوچاوانێی سەربانی و هەموو ژانی رابردووی ئەوسا وەک دیمەنی سینەما گرتە بە گرتە دەهاتنەوە پێش چاوم. ئەوسا هەستم بەوەکرد کە تاکە وێنەیەک کە ناتوانم لەپێش چاوم لابچێت و هەرگیز ناسڕێتەوە ئەوا بێگومان وێنەی خونچە بوو کە تازە بە وێنەیەکی تری غەمبار و تراژیدیتر خۆی خزاندەوە ناو بیرو مێشکم و ناتوانم ببڕای ببڕ لە هزری خۆمدا بیسڕمەوە، بەڵکو وێنەکەش لە جاران تۆختر بووەوە، ئەمجارە دڵنیام تا هەتایە هەر بە هەویای دیتنەوەی دەبم و دڵم وابەستەی ئەو دەبێت.

# پڕۆژەکەی ئیسحاق

ئیسحاق کە لە دۆزینەوەی خونچە بێ هیوا بوو، بیری لەوە کردەوە شوێنپێیەکی ئابووری لە کوردستاندا دابنێت، ئەمەش دوای ئەوە بوو کاتێ لەناو ئۆتۆمبێل بوون و دەگەڕانەوە هەولێر و لەگەڵ بێستوون قسە و گفتوگۆیان کرد و ئەودەمە بێستوون لێیپرسی:

– بێجگە لە کاری بازرگانی پرۆژەی چیترت هەیە لە ئیسرائیل؟

ئەویش گوتی:

– کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی مریشکی بێ پەڕەمووچم هەیە.

– چۆن مریشکی بێ پەڕەمووچ کوا هەیە؟

– بەڵێ هەیە من لە ئەوروپاوە هێناومەتە ئیسرائیل. جیناتی مریشکم گۆڕیوەو لەم کێڵگەیەدا مریشکی بێ پەڕەمووچ بەرهەمدێنم. ئەمەش بۆ چێشتخانە و ئوتێلەکان ئاسانکارییەکی باشەو رەواجی هەیە.

– وەڵا پێم سەیرە من گوێم لە شتی وا نەبووە!!

– وابزانم لە کوردستاندا شتی لەم شێوە نییە؟

– نەک هەر لە کوردستان، بەڵکە لە هەموو عێراقیشدا شتێکی لەم چەشنە نییە.

– لەوێش لەم شارەی من تیایدا دەژیم تەنیا من هەمە.

– بۆچی نایهێنی بۆ کوردستان؟

– لێرە مریشک قازانجی هەیە؟

– بەڵێ چۆن نییەتی، ئەگەر نەبێت ئەم هەموو کێڵگەی پەلەوەرە چۆن دادەمەزرێن. هی تۆ زیاتریش دەبێت یەکسەر لە کوشتارگەوە بۆ پێچانەوەو فرۆشتن.

– باشە ئەدی زەوییەکە لە کوێ بێنم؟

– لە حکوومەتی وەردەگری، سبەی دەچینە وەزارەتی کشتوکاڵ و داواکارییەک دەنووسین و دوایی حکوومەت رەزامەندی نیشاندەدات و زەویت بۆ دەستنیشان دەکەن. تۆش من بکە بە بەڕێوەبەری کارگە و پارەیەکی باشم بۆ ببڕەوە، من بە جوانی بۆت بەڕێوە دەبەم. کارەکە ئاسانە ئەندازیار و پارێزەر و کرێکاری پێویستی بۆ دابین دەکەین. بۆ

خۆمان پێکەوە کاردەکەین و هەدووکمان سوودەمەند دەبین.
بەم خەیاڵانەوە بۆ ڕۆژی پاشتر چووینە وەزارەتی کشتوکاڵ. داواکاریمان پێشکێش کرد. ئەوانیش داواکارییەکەیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکردەوە. پێویستیان بە کەسێک بوو لەوێ کارەکەیان بۆ رایی بکات و بیڕوێنێ. سێ ڕۆژان چوون بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نەیانتوانی بەرپرسە باڵاکەی ئەم کارە ببینن. دوایی بێستوون برادەرێکی خۆی دۆزییەوە گوتی: من دەتوانم لە رێگای حیزبەوە ئەم کارەت بۆ ئەنجام بدەم. برادەرەکەی رۆژێک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەرپرسێکی حیزب بۆ ئەنجامدا لەناو رەزەکەی خۆی لە دەرەوەی شار بێن یەکتر ببینن و رێککەون، بەڵام پێش ئەوەی بەرپرسەکە ببینن بردنیانە ژوورێکەوە لەگەڵ کابرایەکی عەینەک رەش دانیشتن. دیاربوو ئەم عەینەک رەشە پیاوی دەستە راست و جێی متمانەی بەرپرسەکە بوو. کە لە ژوورەکە دانیشتن کابرایەکی خزمەتکار چایەی بۆ هێنان. دوایی بە کابرای گوت: چیتر با کەس نێتە ژوورەوە ئێمە هەندێک کاری نهێنیمان هەیە. عەینەک لە چاو لەبارەی پڕۆژەکەی ئیسحاق پرسیاری لێکرد و لە قازانج و سوودی پڕۆژەکەی پرسی. ئەویش وردەکاری هەموو پڕۆژەکەی بۆ باسکرد، بەڵام ئەو قازانجی پڕۆژەکەی زیاتر لا مەبەست بوو. لە دواییدا عەینەک رەش رووی تێکردو گوتی:
- ئێمە پڕۆژەکەت بۆ جێبەجێ دەکەین و زەوی پێویستیشت پێدەدەین و پاڵپشتیشت دەکەین، بەڵام تەنیا مەرجێکمان هەیە ئەگەر رازی بیت هەردووولامان سوودمەند دەبین.
ئیسحاق دڵی خۆش بوو لە دڵی خۆیدا گوتی: (ئۆخەی پڕۆژەکەم سەریگرت. ئیتر دەتوانم هەم خزمەتی کۆنە وڵات و شارەکەی خۆم بکەم و هەمیش پێگەیەکم لەم وڵاتە دەبێت و قازانجی باشیشم لێرە دەستدەکەوێ بەم هۆیەشەوە دەتوانم برادەر و دۆستەکانی کۆنم بخەمەکارو هەمووان بە ئیش بخەم.)
بێستوون بە پێکەنینەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: (دیارە خوا بەڕێوەبەرایەتی ئەم پڕۆژەم بە قیسمەت دەکات.) بۆیە سەری لەبن گوێی ئیسحاق ناو

گوتی:

- بپرسە مەرجەکەی ئێوە چییە و هەرچییانگوت: بڵێ سەرچاو من لە خزمەتتاندام.

ئەویش رووی لە عەینەک رەش کرد و گوتی:

- جا قوربان مەرجەکەی ئێوە چییە؟

- دەبێ گەورەی من بکەیتە شەریکی پرۆژەکەت،

ئەویش لای خۆی بیری لەوە کردەوە کە بۆ پاڵپشتی کردن چەند پشکێک بە گەورەی عەینەک رەش بدات، بەڵام ئەم کە ئەو وەڵامەی پێگوت، کابرای عەینەک رەش بە توندی مستێکی لە مێزەکەی پێش خۆیدا و بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئاوا نابێت، گەورەم بەوە رازی نابێت!

- ئەی بەچی رازی دەبێت؟

- کاکی خۆم زۆر ماندوومان مەکە، ئەگەر دەتەوێ ئێمە بەهۆی حیزبەوە بۆت رێکدەخەین و مۆڵەت و زەویت بۆ وەردەگرین، بەڵام لە بەرانبەردا تۆش دەبێ سەدا پەنجاو یەک بدەیتە گەورەم و خۆشت سەدا چل و نۆ بیت. وای تۆمار دەکەین.

ئیسحاق پێی سەیر بوو ئەم پرۆژە کە ئەو لە ئیسرائیلەوە، یان لە ئەوروپاوە بیهێنێتە کوردستان و ئەم پارە قەبەیەی لێ سەرف بکات، کەچی گەورەی عەینەک رەش لەسەر خوانی ئامادە سەدا پەنجاو یەک بۆ خۆی بەرێت و چەوراییەکە بە هەوەنتە وەرگرێ، لە بەرانبەر ئەوەی کە رەزامەندی بۆ وەرگرێ و زەوی پێویستی بۆ دەستەبەر بکات. بیری کردەوە کە ئەو هیچی لە گیرفانی خۆی دەرناهێنێ و زەویش هی حکوومەتە و پێویستە حکوومەتیش بۆ پرۆژەی گرینگ پاڵپشتی لە وەبەرهێن بکات تا کوردستان لە دواڕۆژدا بتوانێ ببێتە پێگەیەکی ئابووری بەهێز و بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستی. ئەوجارە بیری بۆ ئەوەچوو کە بۆ ئەوەیانە سەدا پەنجاو یەک بەناوی خۆیان تۆمار دەکەن تا ئەگەر زانییان پرۆژەکە خێر و بەرەکەتی هەیە بە شێوەیەکی یاسایی لە پرۆژەکەی بەدەرنێن و بە

ئاسانی لێی بکرێنەوەو بۆ ئەمەیش بێت تا کاروباری پرۆژەکە و ئیدارەکەی هەموو لە دەست خۆیان بێت. ئەو بیرو هزرەی لە بێستوون گەیاند، زانی ئەویش بەم شێوەیە زەرەرمەند دەبێت و ئیدارەکە ناکەوێتە دەست ئەو، بەڵکو گەورەی عەینەک رەش خۆی کەسێکی تری خۆی دەکات بە بەڕێوەبەری پرۆژەکە. ئیسحاق کەوتە مقۆمقۆ لەگەڵ بێستوون. عەینەک رەش پێی راسپارد ئەگەر رازی بن بەم داواکارییە ئەوا دەتوانن گەورەی ئەو ببینن دەنا چاوپێکەوتنەکەیان هەر لێرە کۆتایی پێدێت.

ئیسحاق لەگەڵ بێستوون سەریان لەبن گوێی یەکتر نا، دوایی ئیسحاق رووی لە عەینەک رەش کرد و گوتی:

– ئێمەش پێویستە بەینی خۆمان مشاوەرەی یەکتر بکەین. جارێ لێگەڕێ ئەگەر ویستمان دێینەوە لاتان، ئەگەر نا هەر کەسە لە ماڵی خۆمان. بۆیە خواحافیزییان کرد و لە رەزەکە چوونە دەرەوە. دوایی لە دەرەوە لەناو ئۆتۆمبێل ئیسحاق بە بێستوونی گوت:

– کاکە گیان من نامەوێ ئەم پرۆژەیەم بەمجۆرە ناوێت، خۆ بە قسەی ئەوان بێت تۆش ناتوانی ببیتە بەڕێوەبەری پرۆژەکە، چونکە ئەوان پشکیان زیاترە خۆیان بە هەموو شێوەیەک دەست بەسەر کاروباری ئیدارەو هەڵسووڕانی پرۆژەکە دادەگرن. بڕوا ناکەم هیچ کەسێک بەم شێوەیە رازی بێت. ئەوە دیارە کارەکەتان وایە لای ئێوە بەرژەوەندی کەسی بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا زاڵە بۆیە نابینی ئەم کوردستانە خۆشە دەبووایە ئێستا بە هەزاران وەبەرهێن پرۆژەی گەورەو گرینگیان دامەزراندبا. من چۆن رازی دەبم و کاری بەم شێوەیەش ناکەم بە پارەی خۆشم شریکێکی لەخۆم گەورەتر بۆ خۆم پەیدا بکەم تا ئەوان دەستی خۆیان دەبینن و دوایی دوو شاپی تەڕم تێهەڵدەن.

بێستوون هەر دەیویست ئیسحاق لە هێنانی پرۆژەکە ساردنەبێتەوە بۆیە رووی تێکرد و بە پەرۆشەوە پێیگوت:

– ئێمە خۆمان پارە کۆدەکەینەوەو تۆش سەرمایەی خۆت بخەرە کار و بە پشک کاردەکەین. من برادەری دەوڵەمەند و بازرگانم هەیە قسەیان

لەگەڵدا دەکەین و پشکیان دەدەینێ. ئیسحاق تووشی سەرسووڕمان ببوو بۆیە بە دوو دڵییەوە پرسی:

- جا کە حکوومەتەکەتان وادەبینی لەبەر دەستی حیزبە، کێ دەڵێ دەهێڵن ئێمە کەرەستەی پێویست بێنینە هەولێر.زەوی گرینگ نییە خۆمان دەیکڕین، بەڵام دڵنیابە بەرپرسان ئەگەر بزانن کەسێکی لێپرسراو لەگەڵ پرۆژەکە دانییە ناهێڵن لە سنوور بێتە ناو هەرێمەوە. رێگری لێدەکەن.

- دەچینە لای بەرپرسێک و لەگەڵ خۆمانی دەکەینە شریک.

- ئەویش هەر دیسان داوای سەدا پەنجاو یەک دەکات!

- نەخێر مەرج نییە.

- من حەزناکەم هیچ بەرپرسێک لەگەڵ من شریک بێت، بۆیە ئەم بیرۆکەیە رەتدەکەمەوەو نابێ.

بێستوون بەڵێنێکی لە ئیسحاق وەرگرتبوو کە گەڕایەوە ئیسرائیل خۆی و خێزانەکەی بەناوی بن جووەوە تۆمار بکات و بتوانێ بیانبات بۆ ئیسرائیل، چونکە ئیسحاق پێشتر خەڵکی لە کوردستانەوە بردبوو بۆ ئیسرائیل، بۆیە بیرۆکەی ئەوەی کەوتە کەللە کە ئیسحاق رۆیشتەوە و تا ئەو خەریکی مامەڵە و تێکەو لێکەی بردنیان دەبێت ئەو بەناوی پرۆژەوە وا لە دەوڵەمەندەکانی برادەری بگەیەنێت کە ئیسحاق بەڵێنی وەرگرتووە و پرۆژەی پەلەوەری بێ پەڕەمووچ لە کوردستان دادەمەزرێنێ بە سیستەمی پشک و قازانجێکی باشیش دەکات بۆیە بۆ ئەوان فرسەتە پارە بدەن و پشک بکڕن. ئەو دەیویست کە ئیسحاق چووەوە پارەیەکی چاک کۆبکاتەوەو لەگەڵ خۆی بیبات بۆ ئیسرائیل، بەڵکو ئەگەر پرۆژەکەش بەڕاستی دروست نەبێت، بەڵام ئەو بتوانێ بۆ خۆی ئەم هەواڵەی دامەزراندنی پرۆژەی مریشکی بێ پەڕەمووچ بکات بە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەندبوونی خۆی و خێزانەکەی بەو خەیاڵەی ئەو، ئەگەر گەیشتە ئیسرائیل تازە کێ دەیدۆزێتەوە. گرینگ ئەوەیە گیرفانی خۆی پڕ بکات و لەم وڵاتە رابکات.

# وازی لێناهێنن

دوای ئـەوەی کـە لەنـاو خەڵـک بڵاوبـووەوە ئـەو پیـاوە جوولەکـەی هاتۆتـە هەولێـر هەمـان ئـەو پیاوەیـە کـە لـە سـاڵانی شـەڕی عێـراق-ئێرانـدا هەمـوو کات هەواڵـی هەولێـری دەزانـی و بـەو پێیـەی کـە ئـەو بەرپرسـی فایلـی جووەکانـی عێـراق بـوو لـە سـەفارەتی ئیسـرائیل لـە تورکیـا. ئـەو خەڵکـی بـن جـووی بـردووە بـۆ ئیسـرائیل بۆیـە خەڵکـی هەولێـر و تەنانـەت شـارەکانیتری کوردسـتانیش بەتایبەتـی لای دهـۆک و زاخـۆ دەیانگـۆ کاتـی خـۆی جوولەکەیـان زۆر بـووە. ئـەو بـن جووانـە هەواڵیـان دەدایـە یەکتـر و دەهاتنـە لای و وازیـان لێنەدەهێنـا. تەنانـەت هەبـوو دەخالەتـی ماڵـی بێستوونیشـیان دەکـرد تـا بـە ئیسـحاق بڵێـن، بەڵکـو بیانبـات بـۆ ئیسـرائیل. ئاخـر ئیسـحاق ئەوکاتـی کـە لـە سـەفارەتی ئیسـرائیل بـوو لـە تورکیـا لـە توانایـدا هەبـوو خەڵکـی عێـراق بباتـە ئیسـرائیل، چونکـە بەهـۆی ئـەو خەڵکـەی کـە لـە عێـراق و کوردسـتاندا هەیانبـوو هەمیشـە هەواڵـی بـن جووەکانـی دەزانـی بەهـۆی ئـەو پەیوەندییـەی کـە لـە شـارەکانی کوردسـتاندا هەیبـوو لەگـەڵ باوەڕپێکراوانـی خۆیـان بـە نهێنـی کـە ئـەوان لەنـاو شـارەکاندا نـاوی بـن جووەکانیـان دەدایـێ و ئەویـش ناوەکانـی دەنـاردە ئیسـرائیل. کـە دڵنیادەبـوون لـەو ناوانـە و دەزانـرا بـن جـوون، ئەوسـا دەوڵەتـی ئیسـرائیل پـارەی بـۆ خـەرج دەکـردن و بۆیـان دەناردنـەوە. تەنانـەت لـە شـارەکانیتری عێراقیـش خەڵکیـان لەبەردەسـتی سـەدام رزگار دەکـرد و دەیانهێنانـە هەولێـر و لەوێـش لـە رێـی قاچـاغ و باندەکانـەوە پاسـەپۆرتی سـاختەیان بـۆ دروسـت دەکـردن و دەیانناردنـە تورکیـا و لەوێـش بـەرەو ئیسـرائیل. ئیسـحاق ئـەم نهێنییـەی بـە مـام عەبدوڵـلا سـەڕاجی رۆماننـووس و بـە بێسـتوون گـوت: گوایـە ئەوکاتـی کـە ئـەو بەرپرسـی ئـەو فایلـە بـووە، لەکاتـی شـەڕی نێـوان عێراق-ئێرانـدا نزیکـەی پێنـج هـەزار کەسـی بـن جوویـان لـە عێراقـەوە بـە کوردستانیشـەوە بردۆتـە تەلئەبیـت. ئیسـحاق دەیگـوت: ئـەو خەڵکـە کـە لـە رێـی باوەڕپێکراوانمانـدا پێوەندییـان

پێـوە دەکردیـن و بـن جـوو بـوون و دەیانویسـت لەبـەر دەسـتی زوڵـم و زۆرداری و سـتەم رزگاریـان بێـت و نیازیـان هەبـوو ببنـەوە جوولەکـە ئـەوا ئێمـە لـە ڕێـی ئـەو باوەڕپێکراوانـەی خۆمـان لـە کوردسـتان و شـارەکانیتری عێـراق پرسـیارمان بـۆ دەنـاردن، ئێمـەش لـە ڕێـی وەڵامەکانیانـەوە و لـە ڕێـگای باوەڕپێکراوانمانـەوە لـە ئیسـرائیل کاتـێ دڵنیـا دەبـوون کـە ئەوانـە بـن جـووی تـەواون لـە ڕێـگای هەولێـرەوە دەمانبـردن بـۆ تورکیـا و لەوێـش دەماننـاردنـە تەلئەبیـب.

مام عەبدوڵڵا سەڕاج بۆ زانیاری ڕۆمانەکەی لێی پرسی:

- دوای ئەوەی کە دەتانبردن بۆ ئیسرائیل چیتان لێدەکردن؟

ئەویش بەڕاستی وەڵامی دایەوەو گوتی:

- کـە دەگەیشـتنە تەلئەبیـب بەگوێـرەی ڕێوڕەسـمی ئاییـنی خۆمـان تەعمیـد دەکـران و دوایـی لـە چەنـدان کۆمەڵگـەی نیشـتەجێ دابەشـمان دەکـردن و یارمەتـی داراییمـان دەدان، پاشـان.

ئیسـحاق لێـرە پشـوویەکی قووڵـی هەڵکێشـا و بڕێـک تێکچـوو، بـەڵام مـام عەبدوڵـڵا سـەڕاج لێـی نەگـەڕاو لێـی پرسـییەوە:

- پاشـان چـی.. توخـوا لێمـان مەکـە بـە مـەرەق دەبـێ هەمـوو شـتێکم پێبڵێـی. دوای ئـەوە چییـان بەسـەرهات، ئایـا ئێسـتاش ئـەو خەڵکـە لـە تەلئەبیـب مـاون؟

- توخـوا لێمگـەڕێ وازملێبێنـە. واز لـەم باسـە بێنـە باسـی نەکـەم باشـترە. ئێسـتاش هەمـان کێشـە خەریکـە رووبـەڕووم بێتـەوە.

- کێشەی چی. کامە کێشە؟

- نابینـی لەوەتـەی هاتوومەتـە ئـەم شـارەوە ئـەو خەڵکـە لێمناگەڕێـن و یەخـەم دەگـرن و دەڵێـن ئێمـەش بـن جوویـن و هەوڵمـان بـۆ بـدەو بمانبـەن بـۆ ئیسـرائیل.

- باشـە بۆچـی نایانبـەی، زیانـی بـۆ تـۆ چییـە؟ باشـتریش بـۆ ئێـوە، جارێکیتـر ئـەو جووانـە دێنـەوە ئیسـرائیل و دەگەڕێنـەوە.

- ناوەڵـڵا مـن تـازە پەنـدم لـەم سـەردەمە وەرگرتـووە کـە لـە

سـەفارەت بـووم و بەرپرسـی ئـەم فایلـە بـووم و هەوڵـم بـۆ دان و بردنـم.
- بۆچی پەشیمان بوویتەوە؟
- چونکە دوای ئـەوەی کـە هاتنـە تەلئەبیـب و رەگەزنامەی ئیسـرائیلیان وەرگـرت و پاسـەپۆرتیان دەرهێنـا. ئـەو خەڵکـە دەتگـوت هەمـوو یـەک سـیفەتیان هەیـە و هەمـوو ژیانیـان چاولێکـەری یەکترییـە. وردە وردە ئــەو خێزانانــە دەچوونــە ئەوروپــا و نەدەگەڕانــەوە ئیســرائیل، تەنانــەت زانیاریمـان هەبـوو کـە هەندێـک لـەو خێزانانـە بـۆ ئـەوەی خـوا لێیانخـۆش بێـت گوایـە گوناهـی خۆیـان پـاک دەکەنـەوە کـە تەعمیـد کـراون و بەناوبوونەتــەوە جوولەکــە، دەچوونــە حــەج و دواجاریـش پیـاو خراپـی بـۆ ئێمـە مانـان مایـەوەو هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـەش بـوو کـە لـە وەزیفـە بـە ناچـاری خانەنشـین کـرام.
- کەواتە بەو خەڵکە بڵێ من هیچم بەدەستەوە نییە با وازتلێبێنن.
- وەڵـڵا پێیاندەڵێـم مـن هیچـم بەدەسـت نییـە. کـە دەزانـن جـاران مـن بەرپرسـی ئـەم فایلـە بوومـە هێشـتا لێمناگەڕێـن، پێدادەگـرن. منیـش زۆر بێـزارم و دەبێ بەزووتریـن کات لـەم شـارە بـڕۆم.
ئیتـر ئیسـحاق بڕیـاری گەڕانەوەیـدا و مـام عەبدوڵـڵا سـەڕاجیش بـۆ ئـەوەی هەمـوو نهێنییەکـی رۆمانەکـەی بزانـێ و بینووسـێ، پێـش ئـەوەی ئیسـحاق بڕواتـەوە بەڵێنییـان لێوەرگـرت شـەوێک لـە ماڵـی بێسـتوون، یـان لـە هۆتێـل لەگەڵـی دابنیشـنەوەو وردەکاری ئـەو کاتانەیـان بـۆ بگێڕێتـەوە کـە بڕیـاری ناردنیـان بـۆ ئیسـرائیل درا تـا وردەکاری ئـەو کاتانەیـان بـۆ بـاس بـکات، چونکـە مـام عەبدوڵـڵا سـەڕاج ئـەم چیرۆکانـەی زۆر گوێڵێبـوو بـوو، بـەڵام پێـی بـاش بـوو لـە زاری شـایەدعەیانێک بیزانـێ. بۆیـە پێـی بـاش بـوو گێڕانەوەکانـی ئیسـحاق بـۆ ئـەو سـاتانە و وردەکاری و بـاری دەروونییـان لەوکاتـەدا بـە فلاشـباکەکانی ئیسـحاق بیگێڕێتـەوە و وەک خـۆی لەسـەر خۆیـەوە بیگوازێتـەوەو بیـکات بـە بەشـێکی گرینگـی رۆمانەکـەی.

# کۆچ، یان دەرکردن، یان قەدەرێکیتر

لێـی نەگەڕایـن. وازمـان لێنەهێنـا. برینەکانمـان کولاندەوە. مـن مـام عەبدوڵـڵا سـەڕاج وەک نووسـەری ئـەم ڕۆمانـە زۆر گوشـارم خسـتە سـەر ئیسـحاق تـا ئـەم بەشـەی کۆچکردنیـان بگێڕێتـەوەو بیخەینـە نـاو ڕۆمانەکـە. ئەویـش ئـەوەی پێـی بـوو لـە دڵـی خـۆی نەیهێشـتەوەو بـۆی هەڵڕشـتم، دەیگـوت: باشـە مـادام کارەسـاتی ئێمـە دەکەیتـە ڕۆمـان بـاش بینووسـە، هیـچ لـە بیـر نەکـەی، هەرچەنـدە تـۆ مێژوونـووس نیـت و مێـژووش نانووسـیتەوە مـەرج نییـە وردو درشـتی ئـەوەی مـن بـۆت دەگێڕمـەوە بینووسـیتەوە، چونکـە تـۆ ڕۆماننووسـی و ئـازادی و دەتوانـی ڕووداوەکان بگـۆڕی و نـاو و شوێنەکانیشـی وەک خـۆی نەنووسـیتەوە. بەڵـێ ئیسـحاق ئـەو شـەوەی پێـش ڕۆیشـتنی کارەسـاتی کـۆچ، یـان ئـەو قـەدەرەی دەرکردنیـان بـۆ ئیسـرائیل هەمـوو بـە وردی بـۆ گێڕامـەوە، بـەڵام مـن هێشـتا دەمویسـت خوێنەرانـی خـۆم بـە چەنـد کتێبێکـی مێژوویـی و ئەوانـەی لـەم کۆچـە و کارەسـاتی جوولەکـەکان دەدوان چ لـە عێـراق و چ لـە کوردسـتان پـڕ زانیـاری تـر بکـەم، چونکـە هەردووکیـان پەیوەندییـان بـە یەکتـرەوە هەبـووەو لێکنەپچـڕاون. جـارێ بـا لـە کتێبەکانـەوە دەسـتپێبکەم:

یەکێـک لـە جوولەکـە کۆچپێکراوەکانـی عێـراق کـە نـاوی (شـموئیل سـامی مورێـی) بـوو دوای ئـەوەی کـە چـووە بـۆ ئیسـرائیل کتێبێکـی لەبـارەی کۆچکردنـی خۆیـان بـۆ ئیسـرائیل و مێـژووی خۆیـان نووسـیوە لـە عێـراق لـەم کتێبـەدا ئـەو هـەر لـە کاتـی جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە دەسـتپێدەکات کـە لـەو کاتییـەوە جوولەکەکانـی دنیـا کارەسـاتیان بەسـەردا هاتـووەو دەڵـێ:

( (لەکاتـی جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا گوێمـان لـەم کارەسـاتە بـوو کـە بەسـەر جوولەکەکانـی ئەوروپـادا هـات، لـەم عەسـکەرتارییەی گرتـن و ڕاوەدوونـان و پاکتاوییـە کـە تووشـی بـوون. ئێمـەش تایفـەی ئیسـرائیلی (هـەروەک پێشـتر لـە عێراقـدا ئـەو ناوەیـان لێنابوویـن) لـە عێراقـدا ماتەمینیمـان ڕاگەیانـد و هەمـوو ڕایـەخ و کورسـییەکانی

کەنیشـتەمان بـە قووماشـی رەش داپۆشـی و سـەلەواتمان لەسـەر گیانـی شـەهیدەکاندا لێـدەدا. خالۆشـم داود ساسـۆن لـە نێـوان ئـەم قوربانیانـە بـوو لـە نێـوان کارەسـاتەکەدا))[1]

ئینجـا هـەر لـەم کتێبـەدا کارەسـاتەکانی کـە بەسـەر جوولەکەکانـی عێراقـدا هاتـووە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٤١ و رۆژانـی فەرهـوود و لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: ((تـا ئێسـتاکەش جوولەکەکانـی گردۆڵکـەی بەغداد لـە ئیسـرائیل ئـەوە دەگێڕنـەوە کـە ئۆتۆمۆبیلێکـی گواسـتنەوەی سەرنشـین کـە لەوێـوە ئامـاژەی دەسـتپێکردنی فەرهـوودی سـاڵی ١٩٤١ دەسـتی پێکـرد ئەویـش ئەوکاتـە بـوو کـە نازییەکانـی دانیشـتووانی گەڕەکـی (بـاب الشـیخ) پاسـەکانی (ام العانه)یـان راگـرت و سەرنشـینە جوولەکەکانیـان هەمـوو بـەزۆری هێنایـە خـوارەوەو وەک بـەرخ لەسـەر رێـگادا سـەریانبڕین بـە بیانـووی ئـەوەی کـە گوایـە ئەمانـە لایەنگـری ئینگلیزەکانـن. لەکاتێکـدا ئینگلیـزەکان وەک پارووییەکـی ئاسـان لەبـەردەم پیاوکـوژان جێیانهێشـتن تـا پێیانـەوە خەریـک بن.لایەنگرانـی نـازی هێرشـیان کـردە سـەر سـەفارەتی بەریتانـی لـە کـەرخ کـە لەوێـدا سـەفیری ئینگلیـزی خـۆی حەشـاردابوو کـە نـاوی (کۆرنوالیـس) بـوو زۆریـش دڵسـۆزی مەلیـک فەیسـەڵی یەکـەم و خێزانـی مەلەکـی بـوو، بـەڵام لـە بـەردەم گەلـی عێراقـدا بەدیارنەکـەوت کـەوا عەبدولئیلاهـ نـووری سـەعید لەژێـر نێـزەی ئینگلیـزەکان هاتنـە بەغـدا. جـا ئـەو فەرمانـی بـە لەشـکر کـرد کـە لـە دەرەوەی بەغـدا سـەربازگە دابنێـن و دەسـت لـە رزگارکردنـی جوولەکـە لـە فەرهوودکـردن وەرنـەدات.))[2]

جوولەکەکانـی هەمـوو عێـراق و کوردسـتانیش لـە حاڵەتێکـی تـرس و تۆقـدا دەژیـان و بـە چـاوی دوژمـن سـەیریان دەکـرا هـەروەک هـەر ئـەو نووسـەرە دەڵـێ: ((بارودۆخەکـە بـە تـرس و تۆقیـن و تیـرۆر بـارگاوی کرابـوو دوای راگەیاندنـی دەوڵەتـی ئیسـرائیل و جەنگـی سـاڵی ١٩٤٨ بـۆ رزگارکردنـی فەلەسـتین. ئەوکاتـە جوولەکـەکان هەسـتیان بـە چەوسـانەوە کـرد و لـە وەرزیفەکانیـان لـەکاری

حکوومەتـدا دەردەکـران، هەروەهـا لـەکاری گشتیشـدا دەردەکـران. تەوقێکـی خنکێنەریـان کرابـووە ملیانـەوە هەروەهـا سـەروەت و سـامانی گوێـزراوەو نەگوێزراوەشـیان دەسـت بەسـەردا دەگـرت.))[٣] هەروەهـا ئـەم کارەسـاتانە رووداوی تـری جەرگبڕیشـی بەدواداهـات. وەک ((لـە سـاڵی ١٩٤٨دا دوای هەڵگیرسـانی کاری دوژمنـداری لـە فەلەسـتین، چـوار سـەرکردەی شـیوعییەکان لـە داردران کـە یەکێکیـان جوولەکـە بـوو، لـە چـوار بنکـە و شـوێنی جیـاواز لـە بەغـدا، ئەمـەش بـۆ ئاگادارکردنـەوەو پەنـد لێوەرگرتـن بـوو. لەکاتێکیتـری هەمـان سـاڵدا بازرگانێکـی ناسـراوی جوولەکـە ئەویـش (شـەفیق عـەدەس) بـوو لـە بەسـڕادا لـە سـێدارە درا دوای ئـەوەی تۆمەتـی ئەوەیـان دایـە پـاڵ کـە (مامەڵـەی لەگـەڵ دوژمنـدا کـردووە.) ئـەم کاری لـە سـێدارەدانە خەڵکێکـی زۆر ئامـادەی بـوون.))[٤] بێگومـان هۆکارەکانـی کـۆچ دوولایەنـی هەبـوو یەکێکیـان چەوسـاندنەوەی جوولەکـەکان و حەزکردنیـان بـە چوونـە دەرەوە لە عێراق و دووەمیشـیان رۆڵی رێکخراوە نهێنییەکانـی بزووتنـەوەی زایۆنیـزم و رێکخسـتنە نهێنییەکانیـان بـۆ گواسـتنەوەو بردنـی جوولەکەکانـی عێـراق وەک نبیـل الربیعـی لـە کتێبـی (تاریـخ یهـود العـراق- ٨٥٩ ق.م- ١٩٧٣م)دا دەڵـێ: ((زۆرتریـن ئـەم لێکۆڵینەوانـەی کـە باسـی هۆکارەکانـی کۆچکردنـی جوولەکـە عێراقییەکانیـان کـردووە لـە سـاڵانی ١٩٥٠/١٩٥١ز دا لـە سـەدەی رابـردوودا، هەروەهـا ئـەو ئەنجامانـەی کـە لـە ئەنجامـی ئـەم کۆچـەدا هاتـەدی ئەوەیـە کـە حکوومەتـی عێراقـی رۆڵێکـی زۆری هەبـوو بـۆ رزگاربـوون لـە تایفـەی جوولەکـە، هەروەهـا رێکخـراوە زایۆنیزمییـەکان کـە هاندانـی کۆچکردنـی گەنجانـی جوولەکـەی دەدا و بەشـداربوون لـەم چالاکیانـەدا، هەورەهـا رۆڵـی هێرشـکاری زاڵمانـە لەلایـەن هەندێـک لـە نەتەوەپەرسـتەکان بەسـەر کۆمەڵـگا یەهوودییەکانـدا و رووبەڕووبوونەوەیـان هەورەهـا سـتەم لێکردنـی بەرچـاو لـە بەرانبـەر خێزانـە جوولەکەکانـدا، بەتایبەتیـش لـە بەغـدای

پایتەختــدا، هەروەهــا ڕێوشــوێنی تونــد لەلایــەن حکوومەتــەوە دژی ئــەو جوولەکانــەی دەســتیان لــە چالاکییەکانــی زایۆنیزمیــدا هەبــووە، هەروەهــا لــە ســێدارەدانی هەندێــک لــە جوولەکــەکان بــە تۆمەتــی یارمەتیدانــی ئیســرائیل.

ئـا لەوکاتــەدا حکوومەتــی عێراقــی یاسـای لێسـەندنەوەی ڕەگەزنامــەی دەرکـرد لـە ٩ی ئـاداری سـاڵی ١٩٥٠ی زایینـدا کـە مـاددەی یەکەمـی یاسـاکە تیایـدا هاتـووە (ئەنجوومەنـی وەزیـران دەتوانـێ بڕیـاری لێسـەندنەوەی ڕەگەزنامـەی عێراقـی دەربکات لـەو جوولەکـە عێراقییـەی کـە دەیـەوێ بـە ڕەزامەنـدی خـۆی بەیەکجـاری عێـراق جێبهێڵێـت دوای ئـەوەی ئەنکێتێکـی تایبەتـی مـۆر دەکات لـە بەرانبـەر ئـەو فەرمانبـەرەی کـە وەزیـری ناوەخـۆ دەستنیشـانی دەکات.)

جـا لـە نیـوان سـاڵانی ١٩٥٠ز و سـاڵی ١٩٥١ز دا سـەد هـەزار جوولەکـە عێراقیـان جێهێشـت. ئـەم سـاڵەش دەتوانیـن بڵێیـن کۆتایـی بـە تایفـەی جوولەکـە هـات لـە عێراقـدا، دوای ئـەوەی لـە وڵاتـی ڕافیدێنـدا زیاتـر لــە ٢٥٠٠ ســاڵە لــە عێراقــدا بوونیــان هەبــووە. جــا بــۆ مەبەســتی جێبەجێکردنــی یاســاکە فەرمانگەیەکــی تایبەتــی لــە بەڕێوەبەرایەتــی ڕەگەزنامــە و ســەفەر پێکهێنــرا بــۆ وەرگرتنــی داخوازینامــەی وازهێنــان لــە ڕەگەزنامــەی عێراقــی، هەروەهــا زۆربــەی جوولەکــەکان لــە موڵــک و مــاڵ داماڵــران ئەوانــەی عێراقیــان بەجێهێشــت. زۆربــەی ئەوانــەش کـە کۆچیـان کـردووە لـە عێـراق لـە یاداشـتنامەکانی خۆیانـدا باسـیان کـردووە، هەورەهـا باسـی خۆشەویسـتی خۆیـان کـردووە بـۆ نیشـتمانی خۆیـان عێـراق بەتایبەتیـش ئەدیـب و نووسـەرانیان وەک میـر بەسـری و ئەنـوەر شـاوول و سـامی مۆریـێ.))[٥]

بـەڵام بەگوێـرەی پیـاوە بـە تەمەنەکانـی لـەم سـەردەمە ژیـاون و بـە گوێـرەی سـەرچاوەی مێژوویـی تـر کۆچـی جوولەکـەکان لـە عێراقـدا بـە کوردستانیشـەوە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٥١ بـووە.

لەولاشــەوە لــە ئیســرائیل هانــی جوولەکەکانــی دنیــای دەدا بێنــە

ئیسـرائیل یاسـای تایبەتـی کۆچـی بـۆ ئامادەکـردن لـەم یاسـایانەش ( (یاسـای گەڕانـەوەی سـاڵی ١٩٥١ز کـە مافـی بـە هەمـوو جوولەکەیەک بەخشـی کـە کـۆچ بکـەن بـۆ ئیسـرائیل و بـە خێرایـی هاوڵاتـی بوونـی خۆیـان بەدەسـتبێنن ئەمـەش وایکـرد ژمارەیەکـی زۆر لـە جوولەکـە بـۆ فەلەسـتین کـۆچ بکـەن، بـە شـێوەیەک کـە ئیسـرائیل لـە نێـوان ئایـاری ١٩٤٨ز و ئایـاری ١٩٥١ز دا نزیکـە (٣١٠) هـەزار کۆچکـردووی لـە وڵاتانـی ئیسـلامی و عەرەبـی وەرگـرت، بـەراورد بـە (٢٧٦) هـەزار کۆچکـردووی ئەوروپـا و ئەمەریـکا و وڵاتانـی کۆمنوێلسـی بەریتانـی.)) [٦]
لـە عێراقـدا جوولەکـەکان بارودۆخیـان زۆر خـراپ بـوو بۆیـە حکوومەتـی ئەوسـای عێـراق بـە یاسـا کۆچـی جوولەکەکانـی ڕێکخسـت، چونکـە دەیانزانـی جوولەکـەکان هیـچ ژیانێکیـان بـۆ نەماوەتـەوە تـا تیایـدا بژیـن، بۆیـە وردە وردە بـە شـێوەی ناشـەرعی کۆچیـان دەکـرد ئەمـە بـوو وایکـرد لـە عێـراق بەتایبەتیـش لـە ( (٢ ئـاداری سـاڵی ١٩٥٠ وەزیـری ناوخـۆی عێـراق سـاڵح جەبـر ڕەشنووسـی یاسـایەکی خسـتە بـەردەم پەرلەمـان کـە بەگوێـرەی ئـەم یاسایە ڕێـگا بـە جوولەکەکانـی عێـراق دەدرێ کـە وڵات جێبهێڵـن بەمەرجێـک کـە واز لـە ڕەگەزنامـەی خۆیـان بێنـن. جەبـر ئـەوەی بـە ئەندامانـی پەرلەمـان ڕاگەیانـد کـە حکوومـەت ناچـارە ئـەم ڕێوشـوێنە بگرێتەبـەر بەهـۆی کۆچکردنـی بـە کۆمەڵـی جوولەکـە عێراقییـەکان بـە ڕێـگای ناشـەرعی. ئەوەشـی ڕوونکـردەوە کـە لەبـەر هەڵگرتنـی حوکمـە عورفییـەکان لـە ١٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٩دا، کۆچـی ناشـەرعی زیـادی کـردووە و لـە بەرژەوەنـدی گشـتیدا نییـە. کـە خەڵـک ناچـار بکرێـت لـە وڵاتـدا بمێنێتـەوە کـە ئـارەزووی مانەوەیـان نەبێـت)) [٧]
ئیتـر لـە عێـراق ئـەم کۆچـە بـە یاسـا ڕێکخـرا ئیتـر پەیوەنـدی نێـوان موسـڵمان و جوولەکـەکان پچـڕا کـە تـا ئـەو سـاڵانە وا تێکنەچووبـوو ئـەم ڕووداوانـەی بەغـداش کـە لـە فەرهـوودە گەورەکـەی سـاڵی ١٩٤١ دەسـتی پێکـرد، هەروەهـا ڕووداوەکانیتـری دوای ئەمـەش

((کاریگـەری لەسـەر موسـڵ و کوردسـتان جێهێشـت. لەوسـاتە شـلۆقە بـەدواوە، جـووەکان تووشـی نەیـاری خێڵەکـی بوونـەوە کـە دەیانویست سوود لەو بێ یاسایی و بارە نائارامەی وڵات وەربگرن و ئەو پڕوپاگەندانەی لە دژی جووەکان دەکران لە سەرتاسەری وڵات لە گەرمەی جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. دووەم، پلەو پایەی جـووەکان پـاش دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئیسـرائیل زیاتـر لاواز بـوو. زیادبوونی رێژەی ئاوارە فەلەستینییەکان لە عێراق، لە ناوەڕاستی سـاڵانی سـییەکان بـە دواوە و بەشـداری یەکـە سـەربازییەکانی عێراق لە جەنگی دژی جووەکان لە فەلەستین، زیاتر وایکرد کە تووڕەیـی لـە دژی جـووەکان بـەرەو هەڵکشـان بچێـت. لـە مـاوەی دواییـن یانـزە سـاڵی بوونـی جـووەکان لـە کوردسـتان، ئـەوان تووشـی چەندیـن هێـرش بوونـەوە، سـەرەڕای تۆقانـدن و دەستبەسـەرکردن و زیندانـی بـە تۆمەتـی پشـتگیری لـە رەوتـی زایۆنیسـت))[٨]

ئیتـر ئـەوە مـن وەک رۆماننـووس پێمبـاش بـوو ئێـوەی خوێنـەر زانیـاری دروسـتتان هەبێـت لەسـەر بنچینـە و هۆکارەکانـی کۆچکردنـی بـە کۆمەڵـی جوولەکـە تـا چێـژ لـە گێڕانەوەکـەی ئیسـحاقیش وەرگـرن کـە رەنگـە ئـەو بـەم شـێوەیە بـە وردی نەیگێڕێتـەوە. جـا لێـرە بـەدواوە بـا خـۆی رووداوەکانتـان بـۆ بگێڕێتـەوە.

ئیتر ئیسحاق بەم شێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی خۆی کرد:

دوای ئـەوەی حکوومەتـی عێراقـی بڕیـاری کۆچپێکردنـی ئێمەیـدا بـە گوێـرەی ئـەو یاسـایەی کـە لـە سـاڵی ١٩٥٠دا دەرچـوو ئێمـە رەگەزنامـەی عێراقیمـان لێسـەندرایەوە. موڵـک و ماڵمـان لەلایـەن حکوومەتـەوە دەسـتی بەسـەرداگیرا. کڕیـن و فرۆشـتنی خانـوو و زەوی بـۆ ئێمـە قەدەغەکـراو بـوو بـە موڵکـی حکوومـەت. ئیتـر لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٥١دا پـۆل پـۆل خەڵکـی ئێمـە کۆدەکرایـەوەو بـە شـەمەندەفەر دەیاننـاردن بـۆ بەغـدا و لەوێـش بـە فڕۆکـە دەیاننـاردینـە تەلئەبیـب. ئیتـر لەوێـش بـەم دڵـە غەمبـارەوە، بـەم

زام و ئێش و ئـازارەی راگواسـتنەوە کـە تەنیـا بـە جلوبەرگـی خۆمـان بوویـن. لەوێـش تووشـی نەهامەتیتـر بوویـن کـە ئەگـەر دەرفـەت هەبێـت و بـۆ رۆمانەکـە درێـژدادڕی نەبێـت بۆتـان دەگێڕمـەوە. وێنـەی کۆچپێکردنـی بـە زۆرەملـێ بێننـە پێـش چـاوی خۆتـان هەسـتپێدەکەن کـە زامەکـەی چەنـدە بـە ئـازارە، چونکـە ئێـوەش تووشـی هەمـان کارەسـات بوونـە و دەزانـن هەڵقەنـدن لەسـەر موڵـک و ماڵـی خـۆت و زەوتکردنـی و راگوێزانـی لەسـەر ئـەم موڵـک و ماڵـە چەنـد ناخۆشـە و ژانەکـەی چەنـد بـە سـۆیە وەک ئـەوەی ئێـوەش لەکاتـی ئەنفالەکانـدا بینیتـان کـە چـۆن سـەدام موڵـک و ماڵـی کوردانـی خاپـوور دەکـرد و خەڵکەکەشـی دەکوشـتن و شـارۆچکە و گوندەکانـی بـە دینامێـت دەتەقاندنـەوەو دەیکـردەوە خـاک و خـۆڵ وەک لـە هەمـوو شـارەکانی کوردسـتاندا ئەنجامیـدا، یـان لەکاتـی بـە عەرەبکردنـی کەرکـووک و ناوچەکانـی دەوروبـەری موسـڵ و گەرمیـان و مەخمـوور و زۆر ناوچەیتـر کـە چـۆن ئـەو خەڵکـەی بـەرەوە هەولێـر و دهـۆک و سـلێمانی راگواسـت و نەخشـەی شـارو شـارۆچکەکانی گـۆڕی. ئـەو ژانـە، ژانـی کـۆچ پێکردنـی بـە زۆرەملێـی لـە ئێمـەوە دەسـتی پێکـرد لە عێراقـدا. ئـەم رۆژانـە بـەلای ئێمـەوە وەک کـوردی عێـراق و جوولەکـەی کوردسـتان هـەر رۆژێـک بـە سـاڵێک تێدەپـەڕی. شـەو و رۆژمـان لێببـوو بـە یـەک. خـەو لـە چاوانمـان تۆرابـوو. بابـم بەهـۆی بەرتیلـەوە توانـی خێزانـی ئێمـە دوا وەجبـەی نـاردن بێـت. دەمانديـت کـە جیرانەکانـی ئێمـە بـە چ ئازارێکـەوە بـە جلـی خۆیـان و چـوار پێنـج بزگـوڕ و چەنـد نوردییـە نانێـک و هەندێـک خـواردن بـۆ رێـگا، بەرێدەخـران بـۆ وێسـتگەی شـەمەندەفەر و لەوێـش دوای پشـکنین پـۆل پـۆل بـەرەو بەغـدا بەرێدەکـران. لـە دواییـدا نـۆرەی ئێمـەش هـات. ئێمـەش سـواری لـۆری کرایـن بـەرەو وێسـتگەی شـەمەندەفەرەکەی هەولێـر، نەشیاندەهێشـت هیـچ شـتێک لەگـەڵ خۆمـان ببەیـن لـە جلـی بەرمـان بەمـلاوە، لەگـەڵ هەندێـک پارچـە جلـی زیـادەو خـواردن و

خواردنـەوەدا. مـن لـەم گێڕانـەوەدا نامـەوێ وەک مێژوونـووس سـەرجەم ئـەم کارەساتانە بگێڕمـەوە کـە بەسـەر ئێمـەی جوولەکـەدا هاتـووە ئـەم کارە بـۆ مامۆسـتا عەبدوڵـڵا سـەڕاج جێدیلـم کـە رۆمانەکـە دەنووسـێ بـا ئـەو لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـەوە دەسـتپێبکات و بیانـکات بـە سـەرچاوەو دۆکۆمێنتـی رۆمانەکـە، چونکـە مـن مێژوونـووس نیـم وەلـێ بـۆ بەرژەوەنـدی رۆمانەکـە کـە ژانەکانـی ئێمـە دەکاتـە رۆمـان ئەوەنـدەی بـە چـاوی خـۆم دیوومـە و گوێـم لێبـووە بۆتاندەگێڕمـەوە. لـەم بەشـەی رۆمانەکـەدا تەنیـا تیشـک دەخەمـە سـەر باسـی کـۆچ و کۆچبـاری زۆرەملێـی خۆمـان کـە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٥١ لـە ئێمـەی جوولەکـەی عێـراق و کوردسـتان بـوو بـە مۆتەکـە و تـا ئەوانـەی ماویـن لـە نـەوەی ئێمـە کـە بـە چـاوی خۆمـان دیومانـە دەیگێڕینـەوە و بـۆ نەوەکانـی خۆشـمانی دەنووسـینەوە، بابزانـن ئێمـە چ ژان و ئازارێکمـان بەدەست ئـەم کۆچـەدا چەشـتووە. ئێمـە بـۆ ئێـوە و بـۆ نـەوەی دوای خۆشـمان دەڵێیـن: لـە کوردسـتاندا ئێمـە دووجـار چەوسـاوە بوویـن جارێکیـان لەبـەر ئـەوەی جوولەکـە بوویـن هـەم بەدەسـت عێـراق و هەمیـش بەدەسـت ئێـوە دەچەوسـاینەوە جـاری دووەمیـش لەبـەر ئـەوەی کـورد بوویـن بـە دەردی ئێـوە بەدەسـت داگیرکـەر و نۆکەرانیـان دەتلاینـەوە. ئـەدی ئێـوەش هەمـان ژانتـان نییـە بەدەسـت داگیرکەرانـی یـەک بـە داوی یەکـی کوردسـتان، بـەڵام مخابـن ئێـوە هەمووتـان نـا، بـەڵام زۆربەتـان دژی ئێمـە وەسـتان و لـە بیرتـان چـوو کـە ئێمـەش وەک ئێـوە کوردسـتانی بوویـن و هەمـان ئـازاری ئێوەمـان هەبـوو. ئـەدی ئێمـەش وەک ئێـوەو لەگـەڵ ئێـوەدا هەمیشـە بەدەسـت داگیرکەرانـی کوردسـتان بـارو بارگەمـان هەمیشـە لەسـەر وڵاخ نەبـووەو هەمیشـە لـەم شـار بـۆ ئـەم شـار و بـەردەوام لەدەسـت دوژمـن رامـان نەکـردووەو دەربەدەریـان نەکردوویـن. لـە عێـراق و کوردسـتاندا زۆرێـک لـە خەڵکـی دژی خواسـتەکانی ئێمـە بـوون. ئێمـە دەمانەویسـت لـەم عێـراق و کوردسـتانەدا لێمانگەڕێـن

بـۆ خۆمـان وەک جوولەکـە بـە ئارامـی بژیـن، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە تەنانــەت دەوڵەتیــش وادەزانــرا کــە دەوڵەتــی ئیســرائیل بــە پــارەو پاڵپشــتی ئێمــە دامــەزراوە نازانــن ئەوانیــش ئەوانــەی دەوڵەتــی ئیسـرائیلیان دامەزرانـدووە هەمـوو لـە وڵاتـی خۆیـان چەوسـاوەبوونە و هەمــوو لەژێــر هەڕەشــەی لەناوبردنــی ڕەگــەزی بوونــە و هەمــوو لــە وڵاتانــی خۆیــان دەرکــراون و لــەوێ لــە ئیســرائیل لەگــەڵ بــرا جوولەکەکانـی خۆیـان بیریـان لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێـک کردۆتـەوە کــە تیایــدا بحەوێنــەوە، بــەڵام لەگــەڵ ئــەوەش خەڵکــی عێــراق و کوردســتان ئــەم دەوڵەتــەی ئیســرائیل بــە پاڵپشــتی ئێمــە دەزانــن. ئەمانــە و چەنــدان بەرژەوەنــدی و بیــری ئایینــی و ناسیۆنالیســتی عەرەبــی وایانکــرد کــە ئێمــە لــە عێراقــدا بــە کوردستانیشــەوە بــە غــەوارە بزانــن بۆیــە ڕەگەزنامــەی عێراقییــان لێســەندینەوەو بــە یاسـا دەسـتیان بەسـەر هەرچـی موڵـک و ماڵـی ئێمـە داگـرت و بـە یاســاش نێردراینــەوە ئیســرائیل. تەنانــەت لەکاتــی ڕۆیشتنیشــمان لەســەر پاســەپۆرتەکانی ئێمەیــان دەنووســی (قەدەغەیــە جارێکیتــر بگەڕێنـەوە عێـراق.) ئیتـر ئـەم نیشـتیمانەی ئێمـە کـە بـاب و باپیرانمـان سـەدان سـاڵە لێـی ژیـاوەو نـاوی عێراقـە لـە ئێمـە قەدەغـە کـرا، ئیتـر قـەدەری ئێمـە وابـوو لـەم وڵاتـە بـەزۆری وەدەرنرایـن، ئیتـر ئـەو ڕۆژەی کــە نێردراینــەوە لــە گۆڕەپانــی شــەمەندەفەری هەولێــر خەڵکێکــی زۆر لــەوێ بــوون بــرادەر و جیــران و دۆســتانی خۆیــان بەڕێدەکــرد. ئـەوەی بیـرم بێتـەوە لـە ئامادەبـووان (قـازی هەولێـر ڕەشـاد موفتـی و گۆرانــی شــاعیر کــە ئەوســا لــە هەولێــر فەرمانبــەر بــوو، هەروەهــا میهــری و کانــی و بورهــان جاهیــدی شــاعیر و گیــوی موکریانــی و شــاگردەکانی چاپخانــەی کوردســتان. هەرســێ بــرا، مــەلا محەمــەد ومـەلا عەبدوڵـڵا و مـەلا سـادقی فەرهـادی و خـدر مەولـوود و چەنـدان مامۆسـتای قوتابخانــەی ئەربیــل ئەلئــولا و جیرانەکانــی خۆمــان... تاد)دەیانگـوت کۆمەڵێـک لـە شـاعیر و نووسـەرانی هەولێـر چوونەتـە

لای موتەسەریفی شار و داوانامەیەکیان داوەتێ کە گوایە ئێمە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە کوردستاندا هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە ژیاوین و هیچ گرفتێکمان لەنێواندا نەبووە و دەمانەوێ حکوومەتی عێراق بەوە رازی بن دەتوانن دڵنیاییان بدەینێ کە ئێمە لەمەودواش وەک برا دەژین و دەیانپارێزین و با ئەم تەبایی و برایەتییەش بمێنێ و تێکنەچێت.ئیتر دەڵێن ئەوکاتە موتەسەریف داواکەی رەتکردۆتەوەو بیانووەکەشی ئەوە بووە کە ئەم بڕیارە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی عێراق دەرچووەو پەرلەمانیش پەسندی کردووەو یاسای ساڵی ١٩٥٠ی پێ دەرچووەو کەسیش ناتوانێ یاسا رەتبکاتەوە. بۆیە ئەم هەوڵە هەر لەسەر داواکاری مایەوە مەگەر بۆ مێژوو ئەم هەڵوێستەی ئەوان تۆمار بکرێت دەنا رەنجەکەیان بە فیڕۆچوو. ئیتر ئەم ساڵەی رۆیشتین ساڵی ١٩٥١ بوو دوا کاروانی کۆچپێکراوان ئێمە بووین. لەم ساڵەشدا کە لە هەولێر مانەوە رۆژ بە رۆژ ئیش و کارەکانمان بەرەو کزی دەچوو. ئەو پارانەی کە لای قەرزارەکانمان بوون هەمووی رۆیشت و خۆیان لێمان دەشاردەوە و دەیانگوت: پارەتان بۆچییە خۆ ئێوە ناتوانن پارە و سامانی خۆتان لەگەڵ خۆ ببەن. ئەوە نییە حکوومەت دەستی بەسەر موڵک و ماڵی ئێوەدا گرتووە. بۆ کوێی دەبەن، هەر ئێمە بیخۆین باشترە لەوەی بیدەنە حکوومەت. هەبوو خانووی خۆی بە شاهێدی دوو کەسیتر بە پارەیەکی کەم دابوو بە موسڵمانێک چونکە بە ناویان نەدەکرا و ئەوانیش وەک موڵکێکی خۆڵ و زبڵ دەیانکڕی ئاخۆ دەبێتە هی ئەوان یان بۆ حکوومەت دەمێنێتەوە. هەبوو دەیزانی ناتوانێ پارە ببات موڵکی خۆی بە جیرانێکی موسڵمان دەسپارد و پێیدەگوت: ئەگەر ئێمە گەڕاینەوە دەبێ بۆم بگەڕێنیتەوە.

بابم خانووەکەمانی بە فەتحوڵلا ئەڵلاوێردی سپاردبوو و دووکانەکەشی بەر لێژنەی حکوومەت کەوت، چونکە دوای ئەوەی

ئێمــه ڕۆیشــتین، حکوومــەت لیژنەیەکــی پێکهێنــاو دووکانەکانــی نــاو قەیســەری بــە قفڵدراوییــەوە، بــێ ئــەوەی کــەس بزانــێ چییــان تێدایــە هەڕاجیــان دەکــرد و دەکەوتــە دەســت ئــەو کەســەی کــە پــارەی زیاتــردەدا و بــە ڕەســمی دەبــووە موڵکــی ئــەو و حکوومــەت بەنــاوی ئــەوەوە تۆمــاری دەکــرد، بــەڵام کــە دەڕۆیشــتین هەرکــەس چاوی لـە موڵـک و ماڵـی خـۆی بـوو و بـە چـاوی پـڕ لـە فرمێسـکەوە جێماندەهێشــت. بەڵــێ ئــەم دیمەنانــەم هەرگیــز لەیــاد ناچێتــەوە. وادەزانــم دوێنێیــە، ئــەم دیمەنانــەم هەرگیــز لەپێــش چــاو لاناکــەون. یەکێــک لــەم دیمەنانــە ئەوەبــوو: لەکاتــی ڕۆیشــتن ئێمــە ســواری لــۆری کرایــن بــەرەو وێســتگەی شــەمەندەفەر دەیانبردیــن. موســڵمان و مەســیحییەکانیش هەمــوو بــە دیارمانــەوە وەســتابوون. هەبــوو بــە ڕۆیشــتنی ئێمــە دڵخــۆش بــوو، هەشــبوو پێــی تاســابوو. پێــی ناخـۆش بـوو نەیدەزانـی چـۆن خواحافیزیمـان لێبـکات، بـەڵام دوعـای ئاییندەیەکــی خێــری بــۆ دەکردیــن، لــەوە زیاتــر دەســەڵاتی نەبــوو، بــە گریانــەوە بەڕێــی دەکردیــن. بــە هیوابوونــی گەڕانــەوەی ڕۆژێــک لـە ڕۆژان دڵـی خـۆی و ئێمـەی دەدایـەوە. پێـش ئـەوەی بڕۆیـن و لـە کـۆڵان دوورکەوینـەوە لەسـەر لۆرییـەوە دیقەتـی خانووەکانـی خۆمـان و جیرانەکانــم دەدان و دواییــش پــێ بــە پــێ شــەقام و کۆڵانەکانــی شــار لــە تۆمــارگای مێشــکمدا خــەزن دەبــوون و وێنەیــان دەچەســپا. ئــا.. ئێســتا وا دێتــەوە بیــرم ئــەم دوو دیمەنــە دوا دیمــەن بــوون لەکاتــی ڕۆیشــتنماندا لــە یادەوەریمــدا تۆمــار بــوون:

**دیمەنـی یەکـەم:** ڕۆژێـک پێـش ڕۆیشـتنمان لـە کۆڵانـی ئێمـەدا چەنـد گەنجێکــی دەســتکوتراو و شــەڵاتی شــار لەبــەردەم ماڵــی نەســیم بەغدایــی هەڕەشــەی بــردن و تاڵانکردنــی نــاو ماڵەکــەی دەکــەن و ئـەوەی پێیانچـوو بردیـان و دوای ئەوانیـش چەنـد چەتـە و دزی نەقـۆڵا هاتــوون و لــە ماڵەکــەی گردبوونەتــەوەو بــە عەرەبانــە کەلوپەلــی نــاو ماڵەکەیــان دەرهێنــاوەو ماڵەکانیتریشــیان تــاڵان کــردوون. لەبیرمــە

چەند کەسێک بۆ ماڵی ئێمەش هاتن و ئەوەی لە بەرد نەرمتر بوو دەیانبرد. تەنیا چەند بزگورێکمان بۆ مابووەوە شەو لەسەری خەوتین دەنا بە چەند خولەکێک ئاویان لەم ماڵانە وەرکرد. ئەوساکە حکوومەت لە ماڵی ئێمەی نەدەپێچایەوە. بیرمە چەند کەسێک لە موسلمان و دیان و جوو ویستیان رێگری لەم تاڵانکردنە بکەن، بەڵام ئەوانە دەیانگوت: نەکەن کەس داکۆکی لەوانە نەکات. ئەوانە ماڵ و حاڵیان هەموو بۆ ئێمە حەڵاڵە، ئیتر خەڵکی ئێمە هەرچەند داکۆکیان کردو تکایان کردو پاڕانەوە بێ سوود بوو ئەو کەسانەش لە موسڵمان و دیانەکان کە ئەم کارەیان پێ ناخۆش بوو بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو داکۆکی لە ئێمە بکەن ئەوانە هەموو بە زەبری چەقۆ و چەک ئەم تاڵانەیان دەکرد و هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد لەو کەسانەی کە رێگرن لە بەردەمیان. بیرمە بابم کە هاتنە ماڵی ئێمە و هیچمان پێنەکراو کەسیش نەیتوانی ببێتە بەربەست لە بەردەمیان، هاواری دەکرد و پێیدەگوتن: راستە ئێمە تازە دەڕۆین و ئێوەش موڵک و ماڵمان بە تاڵانی دەبەن، بەڵام خوا دەزانێ ئێوە چیتان بەسەردێ. ئێمە موڵک و ماڵمان بۆ ئێوە جێدەهێڵین، بەڵام خوا بزانێ ئێوەش بۆ کێی جێدەهێڵن. خوا بزانێ ئێوەش دوای ئێمە چیتان بەسەردێ!! کێ دەزانێ موڵک و ماڵی ئێوەش دەکەوێتە دەست کوێ، خۆ ئێوە بیر لە خۆتان ناکەنەوە ئەمە کۆتایی فیلمەکە نییە ئێوەش هێشتا لەبەردەستی دوژمندان و هێشتا رزگار نەبوونە. کێ دەڵێ ئێوەش بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان لە ئێمە خراپترتان بەسەر نایەت. ئێمە بەپێی خۆمان لەم وڵاتەدا دەڕۆین، بەڵام بەخوا دوای ئێمە ئێوە بە پێڵاوەکانی خۆشتان راناگەن، ئێوەش ماڵ و حاڵتان بۆ کەسانیتر جێدەهێڵن!!

**دیمەنی دووەم:** ساسۆنی جیرانمان خانووەکەی بە پەنجا دینار دابوو بە حاجی عەباس چەخماخچی. لەکاتی رۆیشتنی ئەم

لۆریـەی کـە ئێمـەی هەڵگرتبـوو. ماڵـی ساسـۆنیش لەگـەڵ ئێمـە بـوون. دوا خواحافیـزی ساسـۆن ئەوەبـوو لەسـەر لۆریەکـە بـە عەبـاس چەخماخچـی دەگـوت:

- بیـرت نەچـێ. مـام عەبـاس بیـرت نەچـێ. وەک چۆن پێکهاتووین و دوو شایەدیشـمان لـە نێواندا هەیـە. تـۆ خانووەکـەت بـە پەنجا دینـار لەمـن کڕیـوە، ئەگـەر هـەر کاتێکـی ئێمـە هاتینـەوەو گەڕاینـەوە شـاری خۆمـان، مـن بـە سـەد دینـار خانووەکـەت لێدەکڕمـەوە. ئاگاداربـە. پەشـیمان نەبیتـەوە. باشـە.

ئەویـش بـەدەم بەڕێکـردن و خواحافیزیکردنـەوە هـەر سـەری خـۆی دەلەقانـدو دەیگـوت:

- باشە. بەسەرچاو. لەبیرم ناچێ لەسەر وەعدی خۆمم.

دواجـار بـۆ دڵنیایـی مـام ساسـۆن بـە تورکمانـی بـە عەبـاس چەخماخچـی گـوت:

- مقەید ئۆل دایی.. یادو چخماسن. من بللام سەن ئیی ئەدامسان.

واتـە: خاڵـە، تـۆ ئاگاداربـە. لـە بیـرت نەچێـت، مـن دەزانـم تـۆ پیاوێکـی باشـی.

ئەویش بۆ ئەوەی تەواو دڵنیای بکاتەوە هەر بە تورکمانی پێیگوت:

- گولـە گولـە، ئەڵـڵا هەمەنـەت ئۆلـن. مـن یـادم چخمـرێ، شـاهێدمزوار بەبـام سـەن قۆرخمـە.

واتـە: خواتـان لەگـەڵ، ئەمانەتـی خـوا بـن. مـن لەبیـرم ناچـێ، شـاهێدمان هەیـە بابەکـەی مـن تـۆ هیـچ مەترسـە.

لەودەمـەی مـەلا حەمەدەمیـن لـەوێ ڕاوەسـتابوو دوای ئـەوەی دوعایەکـی سـەلامەتی ڕێـگای بـۆ خوێندیـن.. ئینجـا ڕووی لـە ئێمـە کـردو وتـی:

- یارەبـی خـوا حافیزتـان بێـت.. ئینشـاڵڵا بـە سـەلامەتی دەگەنـە ڕێوشـوێنی خۆتـان. خـوا سـەبەبکاری بگـرێ.

هـەر خێزانێـک لـە بوخچەیـەک جلوبـەرگ زیاتـر لەگـەڵ نـان و کەمێـک

خـواردن نەیانهێشـت چیتـر لەگـەڵ خۆمـان ببەیـن. کـە گەیشـتینە وێسـتگەی شـەمەندەفەری هەولێـر هەمووومانیـان یەکـە یەکـە دەپشـکنی، تەنانـەت نـاو نیفـۆ و جەمەدانـی و شـەدەی پیاوانیشـیان دەپشـکنی نـەوەک سـەروەت و سامانی عێـراق ببەیـن بـۆ ئیسـرائیل. لـە وێسـتگەی شـەمەندەفەر خەڵکێکـی زۆر چاوەڕوانـی بـرادەر و دۆسـت و هاوڕێکـەی خـۆی دەکـرد تـا بەڕێیـان بکـەن.

مەلامحەمـەد و مـەلا عەبدوڵـڵا فەرهـادی و مـەلا سـادقی فەرهـادی لەبـەر پیاوانـی دینـی ئێمـە هاتبـوون تـا خواحافیزییـان لێبکـەن. مامۆسـتا خـدر مەولـود و چەنـد مامۆسـتایەکی قوتابخانـەی ئەربیـل ئەلئـولا لەبـەر مامۆسـتاکانی هاوڕێیـان لەوانـە دانیـال قەسـاب و زەکـی بـارۆخ و پنحـاس ئەفەنـدی هاتبـوون. هەشـبوو شـاگردی بازرگانـەکان بـوو لەبـەر نەسـیم بەغدادیـی و بابـم و بازرگانەکانیتـر هاتبـوون تـا خواحافیـزی لـە وەسـتاکانیان بکـەن. پارێـزەرەکان لەبـەر پارێـزەرە جووەکانـی برادەریـان هاتبـوون ئیـدی هـەر کۆمەڵـە کەسـێک لەبـەر ئەوەیتـر لـە بـرادەری جوولەکـەی هاتبـوو. ئـەوەی لەبیرمـە و لـە یـادم ناچێتـەوە ئەوەبـوو زۆر کـەس لـەو کەسـانە لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی خواحافیزیـان دەکـرد و لەنێـوان ئـەو کەسـانە کـە بەڕێدەکـران بـە گریانـەوە دەسـتیان لـە ملـی یەکتـر دەکـردو گـەردەن ئازادبوونیـان لـە یەکتـر دەخواسـت.

ئـەو چەنـد دیمەنـەی کـە وەک دوا گرتـەی ماڵئاوایـی لـە یـادم تۆمـار بـوو ئەوانـە بـوون:

**یەکـەم:** دانیـال قەسـاب کـە خواحافیـزی لـە مامۆسـتا خـدر مەولـود و ئەوانیتـر کـرد لـە مامۆسـتایانی قوتابخانـەی ئەربیـل ئەلئـولا. دوای دەسـت لەبـاوەش بەردانیـان پێیگوتـن: ئاگاتـان لـە تابلۆکانـم بێـت لـە قوتابخانـەدا بـا دوا یـادگاری مـن بێـت.

**دووەم:** نەسـیم بەغدایـی کـە بـاوەشـی لـە شـاگردانی خـۆی کـردەوە بـە پێکەنینـەوە پێیگوتـن:

ئیتر ئێمە دەڕۆین. ئێوە بە چەقۆ سەری ئێمەتان بڕی بەڵام ئێمە دەبێ بە لباد سەری ئێوە ببڕین و تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە. مالمی ئێمە دوای ئەوەی لە دۆقەکردن و خواحافیزی کردن بووەوە بە مەلاکانی گوت: توخوا مامۆستایان دوعای خێر بۆ ئێمە و بۆ خۆتان بکەن، وا ئێمە بەپێی خۆمان دەڕۆین و وڵات جێدێڵین دەترسم ئێوە بە فریای ماڵ و منداڵی خۆشتان نەکەون دەربازی بکەن. ئیتر رەنگە قسەی تریش هەبێت بەڵام هەر ئەوەندەم لەبیر ماوە یا من تەنیا گوێم لەو قسانە بووە کە لە نزیکی خۆم بووە دەنا حەتمەن قسەی تریش کراوە، ئیتر سواری شەمەندەفەر کراین و بردیانین بۆ بەغدا و لەوێش بە پاس ئێمەیان بردە فرۆکەخانەی بەغدا. لەوێ شەو و رۆژێک ماینەوە تا فرۆکەیان بۆ دابین کردین. لە بەغدا دەنگۆی ئەوە درایە حکوومەت کە گوایە خەڵکی ئێمە لیرەی زێڕیان قووتداوە تا لەگەڵ خۆیاندا بیگەیەننە ئیسرائیل، بۆیە کاربەدەستانی حکوومەت هاتن یەکە یەکە دەرمانی سکچوویان دایێ و هەریەکە و دەفرێکیشیان دایێ تا لیرەکان لەگەڵ پیسایی بکەونە ناو دەفرەکانەوە. باوکم زۆر زیرەک بوو نە ئەو نە ئێمە لیرەمان قووت نەدابوو بەڵکو چەند پارچە زێڕێکی لای برادەرێکی جوولەکەی زەرەنگەر کە ئەویش ئەم رێگایەی بەکارهێنابوو بۆ باوکمیش هەمان رێگای دانا، ئەویش ئەوەبوو: هێلکەی بەتاڵکردبوو و بە ئاستەم سەری شکاندبوو، دوایی زێڕەکەی تواندبووەوەو ناوی و بە پارچە قەپاغێکیتری هێلکە بە کەتیرەی باش خستبویە سەری و بە شێوەیەک حکوومەت وایدەزانی ئێمە بۆ برسییەتی هێلکەی کوڵاو لەگەڵ خۆمان دەبەین، چونکە بۆ خواردن دەنگیان نەدەکرد. هەندێکیشی وەک لیرە کردبووە ناو دوو کوببەی ساواری. ئیتر ئەم زێڕە بوو لە دواییدا لە تەلئەبیب بوو بە فریادڕەسی ئێمە و منیش لەوێوە دەستم پێکردەوە تا بوومە ئەو بازرگانەی ئەمڕۆ دەمبینن،

ئەگەرچی ماوەیەکیش فەرمانبەری سەفارەتی ئیسرائیل بووم لە تورکیا، ئەویش برادەرێکم لای وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل داینام کە زۆر برادەری بوو و منیش گوتم با ئەو بڕوانامەی کە لە سیاسەت هەمە هەر بۆ دیوار و ماڵەوە نەبێت، هیچ نەبێت تا تەقاویت دەبم، هەم وەزیفەش دەکەم و هەمیش بازرگان.
ئەگەر دەرفەت هەبوو چیرۆکی ئەو رۆژانەشتان بۆ دەگێڕمەوە کە چۆن گەیشتینە ئیسرائیل و لە تەلئەبیب چیمان بەسەرهات و لەویَ چۆن توانیمان لەسەر پێی خۆمان بوەستین، ئەگەر دەرفەتیش نەبوو با مام عەبدوڵلا سەراج وەک رۆمانەکە دەنووسیَ با یادەوەری ئەو کەسانە بخوێنێتەوە بەتایبەتی نووسەرەکان کە دوای ئەوەی گەیشتینە تەلئەبیب چۆن تووشی ئازارێکی تر بووین و چیمان بەسەر هات، چونکە ئەو جوولەکانەی رۆژهەلات کە ئێمە بووین زۆر جیاواز بووین لەگەڵ ئەو جوولەکانەی کە لە ئەورووپاوە هێنرابوونە ئیسرائیل. ئەوان هەم حکوومەتی ئیسرائیل بایەخی زیاتری پێدەدان و لە شوێنی باش دایاندەنان و وەزیفەی باشیان دەدانیَ، هەمیش پارەو سامانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو و ببوون بە چینێکی باڵاتر و دەوڵەمەندتر لە ئێمە، ئیتر ئەگەر یادەوەری ئەم رۆژانەشتان بۆ بگێڕمەوە، سەرتاپای مەینەتییەکانی ئەوکاتانە و هەستی غەریباتی و دابڕان لە نیشتیمانی خۆمان کوردستان و عێراق بێگومان ئەوە دەبیَ بەشێکیتری ئەم رۆمانەتان بۆ بنووسمەوە، بەلام ئیتر من ئەم کارەم بە مام عەبدوڵلا سەڕاج سپاردووە ئەو خۆی دەتوانیَ وەک رۆماننووسێک یادەوەری ئەو کەسانە بخوێنێتەوە کە لە ئیسرائیل بە عەرەبی یاداشتی خۆیان نووسیوەو چاپکردووە تا خۆی بیکات بە بەشێکی تری رۆمانەکە ئەگەر پێویستی کرد.

# سەرچاوەو پەراوێزەکانی ئەم بەشەی رۆمانەکە

**پەراوێزەکان:**

(١) شموئيل، سامي موريه- بغداد حبيتي- يهود العراق، ذكريات و شجون، ل١٦٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٤١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٣٨.

(٤) نسيم رجوان، آخر اليهود في العراق، ذكريات وطن مفقود، ل٣١٤.

(٥) نبيل الربيعي، تاريخ يهود العراق (٨٥٩ ق.م- ١٩٧٣م)، ص٢١٧.

(٦) نبيل الربيعي، هەمان سەرچاوە، ل٢١٩.

(٧) نسيم رجوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

(٨) دکتۆر موردیخای زاکین، جوولەکەکانی کوردستان، مێژووی ژیان و پەیوەندیان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا، وەرگێڕانی سیروان حوسێن بیەیی، ل٤٣٤.

**سەرچاوەکان:**

(١) شموئيل، سامي موريه، بغداد حبيبتي- يهود العراق ذكريات وشجون، الناشر مكتبه كل شئ- حيفا ٢٠١٢، المطبعة بلا.

(٢) نبيل الربيعى، تاريخ يهود العراق (٨٥٩ ق.م- ١٩٧٣م)، الجزء الأول، لبنان/ كندا، ٢٠١٧، المطبعة بلا.

(٣) نيسم رجوان، آخر اليهود في بغداد- ذكريات وطن مفقود، ترجمة د. رمضان مهلهل سدخان، الطبعة الأولى، لبنان/ كندا، البصرة (العراق)، ٢٠١٦، المطبعة بلا.

(٤) دکتۆر موردیخای زاکین، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: سیروان حوسێن بیەیی، جوولەکەکانی کوردستان-مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا، ناوەندی ئاوێر، ژمارە (٢٣٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات/ هەولێر، ٢٠١٥.

# بەشی چوارەم

# بێزاری

بێستوون سەرەتان زەنگێکی تەلەفۆنی بۆ هات، مشەوەش بوو خێرا تاکسییەکی راگرت و بە پەلە خۆی گەیاندە نەخۆشخانەی فریاکەوتن. نەیزانی کێ بوو تەلەفۆنی بۆ کرد، هەر ئەوەندی پێگوت بە پەلە بگاتە نەخۆشخانە، چونکە کەسێکی کە لە پێکدادانی ئۆتۆمبێل کەوتۆتە فریاگوزاری داوای کردووە. کە گەیشتە ئەوێ هۆپێکی لە خۆی زانی، بینی ئەوە ئیسحاق بووە کە تووشی رووداوی ئۆتۆمبێل هاتووەو وا خەریکن لەگەڵ ئەو کەسەی کە پێکدادانیان کردووە برینەکانیان تیمار دەکەن.
ئاخر ئەو لەم شارەدا تاکە برادەری بێستوون بوو. راستە زۆر کەسی لای ماڵی خۆیانی کۆن و هاوڕێیانی قوتابخانەی ناسییەوە، بەڵام پەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵ بێستوون جۆرێکیتر بوو، ئەگەرچی لە عەممانی پایتەختی ئوردن ئەوی ناسیووە، بەڵام کە گەڕایەوە هەولێر و بێستوونیش ماڵیان لەم کۆڵانە بوو کە کاتی خۆی ماڵی ئەوانی لێبوو، بۆیە ئەوی زۆر چووبوو بە دڵدا و بێستوونیش رووی خۆش بوو لەگەڵیدا و وایدەزانی هەر لە منداڵییەوە ئەو لەم کۆڵانەدا لەگەڵیدا بووەو برادەر و جیرانی بووە. هەر لەسەر داخوازی ئەویش لە ئوردنەوە هاتە تورکیاو هاتە هەولێر هەرچەندە پێش ئەوەی منی بگێڕەوەی هەموو شتزان کە نووسەری ئەم رۆمانەشم و بێستوونی هاوڕێشم کە بەشدارێکی کاریگەری ئەم رۆمانەیە لەسەر پێشنیاری ئەوبوو کە هاتەوەو منیش زۆر داواملێکرد تا بۆ تەواوکردنی رۆمانەکە جێبەجێ بۆم بگێڕێتەوەو لەگەڵیدا بم و بیگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی منداڵی لە شەقلاوە و مێردمنداڵی خۆی لە کۆڵانەکانی تەعجیلی جوولەکان لە هەولێر. ئەو بیری لە سەردانی هەولێر نەدەکردەوە، وەلێ کە ئێمە ئەم داوایەمان لێکرد، ئیتر ئەم نوستالژیایە لێی بوو بە مۆتەکە و سواری سەرملی بوو و تا نەگەڕایەوە وازی نەهێنا.

ئیتـر ئـەو تەنیـا ژمـارەی مۆبایلـی بێسـتوونی لا بـوو بۆیـە تـا نەگەیشـتە لای لـە فریاکەوتـن نەیدەزانـی ئیسـحاق چیلێهاتـووە. دوایـی لـە نەخۆشـخانە زانـی ئیسـحاق لەگـەڵ ئـەو کـوڕە گەنجـە لـە دەرەوەی هەولێـر لـە رێـگای پیرمـام بـە ئۆتۆمبێـل خۆیـان پێکداداوە. بێسـتوون و کـوڕە گەنجەکـە تـا ئێـوارە لـە فریاکەوتـن مانـەوە دوایـی کـە تۆزێـک باشـتر بـوون و توانـای رۆیشـتنیان هەبـوو، بردیـان هـەردوو ئۆتۆمبێلەکەیـان نیشـاندا، تەماشـای کـرد مارسیدیسـەکەی کـە ئیسـحاق لـە کۆمپانیـای بەکرێدانـی ئۆتۆمبێـل بـە کـرێ وەریگرتبـوو لەگـەڵ لێکزەکـەی ئـەو کـوڕە گەنجـە هـەردووک کەڵکـی لێخوڕینیـان نەمابـوو و زیانـی زۆریـان پێگەیشـتووە. کـوڕە گەنجەکـە داوای ئۆتۆمبێلێکـی نوێـی دەکـرد بـە هەمـان مارکـە و مواسـەفاتەوە. پاسـەوانەکانی باوکـی ئـەو کـوڕە هاتـن بـۆ نەخۆشـخانە و ئیسـحاقیان بـە گرتندا.بێسـتوون نەیتوانـی هیچـی بـۆ بـکات، ئاخـر لەگـەڵ بەرپـرس لێیقەومابـوو چـی پێدەکـرا!!؟ لـە کەشـفەکەش تاوانـی ئیسـحاق بەدیارخـرا. ئیسـحاقیان بـردە زیندانـی مەحەتـە. دوای سـێ رۆژ بێسـتوون چـووە زینـدان و ئیسـحاقی بینـی، بـە هـەر شـێوەیەک بێـت کەسـێکی نزیکـی ئـەو بەرپرسـەیان دۆزییـەوەو لەگەڵیـان رێککەوتـن کـە ئـەوان ئۆتۆمبێلێکـی نوێیـان بـۆ بکـڕن و ئەوانیـش لـە هەقـی خۆیـان خۆشـبن و بەریـدەن، بـەڵام لەمـلاوە کۆمپانیاکـەی کـە ئۆتۆمبێلـی لـێ بەکـرێ گرتبـوو ئەوانیـش داوای یاسـاییان لەسـەر ئیسـحاق تۆمـار کردبـوو. دوایـی بێسـتوون چـوو لەگـەڵ ئەوانیـش رێککـەوت و بەریانـدا. دوایـی پۆلیـس وا پاسـاوی بـۆ ئیسـحاق هێنایـەوە کـە ئەگەرچـی ئـەو بێگانەشـە نەدەبووایـە بگیـرێ بـەڵام پاسـاوەکەیان ئەوەبـوو کـە یاسـا سـەروەرە و ناتوانـن لەبـەردەم یاسـا هیـچ شـتێک بکـەن، ئەویـش شـارەزای ئـەم هەرێمـە ببـوو دەیزانـی بەرپـرس و خـاوەن کۆمپانیـا گـەورەکان چـی بڵێـن ئیتـر ئـەوە یاسـایە.

بەهەر حاڵ ئەو پارەیەی کە بێستوون بۆ پڕۆژەکەی پەلەوەری ئیسحاق وەریگرتبوو لەگەڵ پارەکانی ئیسحاق ئینجا تەنیا پارەی ڕێیان بۆ ئیسحاق دەهێشتەوەو هەموویان دایە باربووی ماشێنی کوڕە بەرپرسەکە و کۆمپانیای بەکرێگرتنی مارسیدیسەکەی ئیسحاق.

ئەو بڕە پارەیەی بە ئیسحاقەوە ماوە تەنیا بەشی ئەوەندەی دەکرد پێیبگاتەوە تورکیا و لەوێش بە فڕۆکە بۆ عەممان و بە ماشێنیش بۆ ئیسرائیل. بۆ مەسەلەی پارەدانەوەی خەڵکەکە ئیسحاق بێستوونی ڕازی کرد و بڕوای پێهێنا کە پڕۆژەکە ئەو بە پارەی خۆی دێنێ و خەڵکی کە پارەکەشیان داوە هەروەک خۆیان پشکیان لە کۆمپانیاکە دەبێت.

ئیتر ئیسحاق بڕیاریدا بگەڕێتەوەو بێزاری پێوە دیاربوو، ئەگەرچی منی ڕۆماننووس و بێستوونیش وەک پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە زۆر هەوڵماندا تا ماوەیەکیتر بمێنێتەوە تا هیچ نەبێت چەند لایەنێکیتری شاراوەی یادەوەرییەکانی خۆیمان بۆ باس بکات تا ببێتە بەشێکی گرینگی تر بۆ ئەم ڕۆمانە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو و بێزاری تەنگی پێ هەڵچنیبوو، ئەگەرچی دڵی بە نووسینی ئەم ڕۆمانە خۆش بوو، چونکە بەلای ئەوەوە دەبێتە سەرچاوەیەک و ڕۆمانێک کە گوزارشت لە ئێش و ئازاری جوولەکەکانی کوردستان و عێراق بکات و لە ناواخنی ڕۆمانەکەشدا باکگراوەندێکی جوولەکەکانی دنیاو هۆلۆکۆست و ئێش و ژانەکانی ئەوان بخاتەڕوو.

هەموو جار ئیسحاق دەیگوت: توخوا مامۆستا با ڕۆمانەکە هەر لەو سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی بابلەوە دەست پێبکات کە وەک کۆیلە و ئافرەتەکانیشمان وەک سبی هێنراون بۆ عێراق و دواییش بە شارەکانی عێراق و کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە تا دەگاتە گەڕاندنەوەمان بۆ ئیسرائیل، بەڵام با ناواخنەکەی ئەوە نیشان

بدات کە جوولەکە بە تێپەڕبوونی سەدان ساڵ لەم شارانەدا ئیتر بوونەتە خەڵکی ئەم شوێنانە و تا بە زۆرەملێش گەڕێندراینەوە ئیسرائیل، بەڵام خەڵکی ئێمە هێشتا هەر خۆیان بە خەڵکی شوێنەکانی پێشوومان دەزانن کە لێیاندەرکراین بەڵگەش ئەوە بوو کە ئێمە وەک جوولەکەی کوردستان تا ئێستاکەش دابونەریتی خۆمان و جلوبەرگ و زمانی خۆمان پاراستووەو لە بۆنە و یادەکانی کورددا ئالای کوردستان بەرزدەکەینەوەو شایی و هەڵپەڕکێی کوردی دەبەستین و گۆرانیبێژەکانمان ئاهەنگی کوردی دەگێڕن، بەتایبەتی لە یادی نەورۆزدا ئاگر دەکەینەوە و دڵخۆشی خۆمان بەم یادە دەردەبڕین..

ئیتر ئەو لەم رووداوەدا بێزاربوو بە ئێمەی دەگوت:

- ئەوە مەملەکەت نییە کە ئێوەی تیایدا دەژین، ئێرە مەملەکەتی دەستڕۆیشتوو و پارەدارانە. هێشتا زۆری ماوە کە مرۆڤ لێرەدا بێ سانسۆر و بێ چاوی بەرپرسەکانتان بە ئازادی بژین.

ئەو بڕیاریدا بگەڕێتەوە، منیش بۆ تەواوکردنی رۆمانەکەم پێویستم بە شەوێکیتر هەبوو تا لەگەڵیدا دانیشم و باسی ئەوکاتانە و موعاناتی ئەو رۆژانەمان بۆ بکات کە گەڕانەوە ئیسرائیل کە لەوێ چییان لێهات و چۆن گوزەران تا گەیشتنە رۆژی ئەمڕۆمان. ئەویش بەڵێنی پێداین کە دوا شەوی کە تەنیا شەوێکی مابوو لە کوردستان من و بێستوون لە ژوورەکەیدا لە هۆتێل تا بەیانی لەگەڵیدا بمێنینەوە. ئەمشەوە هەم باسی رۆژانی چوونیان و دوایی ژیانی ئەوێیان بکات و بەیانیش لەگەڵیدا بەرێکەوین تا لە فرۆکەخانەی هەولێر بەڕێی بکەین بۆ تورکیا و لەوێش بگەڕێتەوە ئوردن و دواییش بۆ ئیسرائیل.

# ئەویّ و جیاوازی

ئەگەر لە ناخی خۆتدا نەمدۆزیتەوە
ئەوا تۆ هەرگیز من نادۆزیتەوە

(جەلالەدینی رۆمی)

ئیسحاق لە هەرێمەکەی ئێمەدا زۆر بێزار بوو، پێیخۆش بوو هەرچی زووە بگەڕێتەوە ئیسرائیل. ئەو وایدەزانی بە هاتنی بۆ هەولێر ئاسوودەیی پێدەبەخشێ، کەچی ئەم هاتنە و ئەم کارەساتانەی ئەم دواییەی لەوە پەژیوان بووەوە کە کاتی خۆی کە لە هەولێر نێردراون ئەو دوای ئەوە هەمیشە بۆ شارەکەی خۆی گریاوە، ئەو شارەی کە منداڵی و مێرد منداڵی خۆی تێدا بەسەر بردووە. دیمەنەکانی رۆژانی مێردمنداڵی خۆی لە تەعجیل هەموو بەردەوام وەک شریتی سینەما لەپێش چاوەکانیدا دووبارە دەبوونەوەو لە یادەوەریدا نەدەسڕانەوە. ئەو لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا باسی ئەم رۆژانەی هەموو تۆمار کردبوون.

ئەم شەوەی دوا شەوی ئیسحاق بوو لە هەولێر من و بێستوون سەرەتان تا بەیانی لە ئوتێلەکەی ئەو لێبوو لەگەڵیدا ماینەوەو ئەو وەک چۆن ئەو رۆژانەی کە گەیشتنە ئیسرائیل بۆ ئێمەی گێڕایەوە، منیش بۆ زانیاری خۆم لە دەفتەری بەردەستی رۆمانەکە دەمنووسییەوە. دوایی کە پاکنووسم کرد وەک خۆی لەسەر زمانی ئەو بەم شێوەیەی گێڕایەوە:

- کە ئێوە داواتان لێکردم بێمە هەولێر من لای خۆم بەم خەیاڵە هاتم تا خەونەکەم لە کۆنە شاری خۆمدا بێنمەدی و ئەوەی من چەندان ساڵ بووم بیرم لێیدەکردەوە کە رۆژێک لە رۆژان ئەگەر گەڕامەوە زێدی خۆم یەکەم کارم ئەوە بێت بەدوای گۆچانەکەی مووسا پێغەمبەردا بگەڕێم یا وەک هەندێک لە ئێوە بە شیری تێگەیشتووە کاتی خۆی بە ئێمەتان دەگوت (بەدوای شیری مووسادا دەگەڕێن.) لەوەدا ئەگەرچی ئێوە گۆچانەکەتان لێ ببوو بە شیری مووسا پێغەمبەر، بەهەر حاڵ بەم شیرە من شیرەکەی باوکم بیرکەوتەوە کە دەمویست لە هەولێر بەدوایدا بگەڕێم و بیدۆزمەوە. ئەم شیرە سیحرییەی کە کاتی خۆی لەژێر حەرەمی کەنیشتەکەی تەعجیل شاردبوویەوە، تا بە بیرو خەیاڵی خۆی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان گەڕایەوە هەولێر بە ئاسانی بیدۆزێتەوە. نەشیزانی ئەو خەونەی نایەتەدی و کۆچی دوایی دەکات و ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی من. منیش هەر بەم

خەیاڵەوە هاتمە هەولێر تا ئەم شیرە بدۆزمەوەو بیبەمە ئیسرائیل و لەوێ بیخەمە مۆزەخانە و تا هەتایە مێژووی دێرینی میللەتەکەمان تۆمار بکات و ببێت بە هێمایەکی ستەملێکراوی جوولەکە لە دنیا، کەچی مخابن ئەم هێمایەم نەدۆزییەوەو بوو بە پارووی چەوری گیرفانی دزێکی مەملەکەتی ئێوە. بۆیە منیش بێ هیوا دەگەڕێمەوە ئیسرائیل. ئیتر ئەوەش بوو بە خەونێکیتری گەڕانەوەم وەک چۆن کە کاتی خۆی ئێمەیان بە زۆرەملێییی ناردە ئیسرائیل واماندەزانی ئیتر تەواو هەموو خەونەکانمان لەوێ دێتە دی و ئیتر ئێمە شەوان ئارام دەخەوین و کەسێک گاڵتەمان پێناکات و چیتر رۆژی شەمموان ردێنمان ناسووتێنن و چیتر لە لادێکانی کوردستاندا خەڵکی ئێمە لە بووک گواستنەوەدا رێشمەی وڵاخەکانمان پێناگرن. واماندەزانی ئیتر ئێمە خەمی هیچمان نابێت، کەچی مخابن کە گەیشتینە ئەوێ دوای ئەوەی لە ترسی ناو فڕۆکە رزگارمان بوو و تا ئێمەیان گەیاندە فڕۆکەخانەی تەلئەبیب، زۆر ترساین واماندەزانی لە ئاسمانەوە فڕێماندەدەنە خوارەوە، کە بەسەر دیجلە و فوراتدا تێپەڕین فرمێسکی جێهێشتنی نیشتیمانەکەمان لە چاواندا رانەدەوەستا و دڵمان خورپەی ئەم نیشتیمانە بوو کە ئێمەی تیادا گەورە بووین و بە نیشتیمانی خۆمان دەزانی، کەچی مخابن وا دووریانخستینەوە و ئێمەیان فڕێدایە نیشتمانێکیتر کە دەبووایە ئیتر ئەوێ بە نیشتمانی خۆمان بزانین و هەست بەوە بکەین کە تیایدا ئاسوودە دەبین، کەچی مخابن لەوێش ئاسوودە نەبووین، لەوێش هەستمان بە جیاوازییەکیتر کرد چونکە لەوێ بە ئێمەیان دەگوت: (جوولەکەی رۆژهەڵاتی)، یان (جوولەکەی عەرەب)، یان (جوولەکەی کورد) چونکە جوولەکەی هاتوو لە وڵاتانی ئەورووپی رقیان لە عەرەب دەبووەوە لەبەر ئەوە رقیشیان لەو جوولەکانە دەبووە کە لە وڵاتانی عەرەبییەوە هاتوون، بۆیە ئێمەش هەروەکو عەرەب و بە چاوی عەرەب مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردین. کەمیان دەیانزانی کە ئێمە عەرەب نین و جوولەکەی کوردین و لە کوردستاندا هاتووین و لەگەڵ

عەرەبدا جیاوازین. کە پێماندەگوتن: (ئێمە لە عێراقەوە هاتووین.)لای ئەوان وێنەی عەرەبێک لە پێش چاویاندا قیت دەبووەوە کە دوژمنی جوولەکەیە. ئەوان زۆر رقیان لە عەرەب بوو. لەمەش زیاتر جیاوازییەکە لەوەدا بەدی دەکرا کە ئەوان واتە جوولەکەکانی ئەورووپا لە جێگای باشتر و خۆشتر دەحەوێنرانەوە کە خانووی دروستکراوی پڕ لە خزمەتگوزاری کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بوو. ئێمەشیان فڕێدایە ناو ئەم خێوەتگایەنەوە کە لە نێو سەربازگەیەکی چۆڵکراوی بەریتانییەکان بۆیان دانابووین. جیاوازییەکی تری ئێمە کە پێیاندەگوتین جوولەکەی رۆژهەڵات ئەوە بوو، ئەوان بە پارە و سامانی خۆیانەوە هاتبوون، کەچی ئێمە لە عێراق بە یاسا پارە و سامانمان کەوتە دەست حکوومەت و خەڵک بە کراسی بەری خۆمان هاتین بۆ ئیسرائیل، ئەمەش وایکردبوو کە ئێمەی جوولەکەی رۆژهەڵاتی هەژار و ئەوانی ئەورووپاییش دەوڵەمەند. ببووین بە دوو چینی جیاواز. ئەوان بوون بە خاوەن کارو سەرمایە و خاوەن دووکان و خاوەن وەزیفەی چاک و ئێمەشیان بۆ خزمەتی سەربازی راپێچا، بەڵام ئەوەی خێزانی ئێمەی لە خێزانەکانی تری رۆژهەڵاتی جیاکردەوە. ئێمە و ئەو چەند خێزانەی بە هەر شێوەیەک بێت تۆزێک زێڕمان شاردبووەوە و بەهۆی پارەی خۆمانەوە توانیمان لە نێو کۆمەڵگە نوێکەی ئیسرائیل جێی خۆمان بکەینەوەو بە پارەی خۆمان خانوومان گرت و لە دوای ئەوەی دووساڵەکەی سەربازیم تەواوکرد لەگەڵ باوکم دووکانێکی بازرگانیمان دانا ئەمەش هەمووی بەرهەمی زێڕە شاردراوەکەی بابم بوو کە پێشتر بۆم باسکردوون چۆن شاردبییەوە. وردە وردە کاسبیمان کرد و خوای گەورەش دەرگای بەرەکەتی خۆی بۆ کردینەوە و بووین بە پارەدار تا گەیشتینە رۆژگاری ئەمڕۆمان. دوایی خێزانەکەمان وردە وردە کۆچی دواییان کردو تەنیا من و فەرحە یا هونەرمەند نەسرین خۆشناو ماینەوە. دوایی ئەویش بەجێیهێشتم و چووە ئەمەریکا و لەوێ لەگەڵ هونەرمەندێکی جوولەکەی ئێرانی کە کاتی خۆی لە مەهابادەوە

چوونەتە ئەمەریکا، هاوسەرگیری دەکات و نەگەڕایەوە ئیسرائیل بۆیە منیش لە هەردوو خێزانی خۆمان و خێزانی مامم تەنیا من مامەوە. منیش هەروەک چۆن کاتی خۆی کە لە کوردستاندا بووم خۆشەویستەکەم لە دەستچوو و بێ خۆشەویست مامەوە لە ئیسرائیلیش دوای خونچە دڵم بۆ هیچ ئافرەتێک لێینەداو ژنم نەهێناو هەر بە تەنیا مامەوە. دوایی کە هاتمە هەولێر بە خەونی دیتنەوەی خۆشەویستەکەمەوە هاتمەوە ئێرەو خەونەکەی تریشم دۆزینەوەی شیرەکەی باوکم بوو و ئێستاش بێ هیوا دەگەرێمەوەو هەردووکیانم نەدۆزییەوە. هەردوو خەونەکەم هەڵبزڕکاو بێ هیچ دەسکەوتێک جارێکیتر دەگەڕێمەوە نێو گۆشەی تەنیایی خۆمەوە، تا جارێکیتر بەدوای ئەم خەونە سەرابیانەمدا بگەڕێم. هەرچەندە ئەو سەرابە هەمیشە بەدوایدەچم و هەرگیز نایگەمێ، ئیتر بێ هیوا.. بێ ئامانج.. بێ بەدیهاتنی خەونەکانم بە بڕوابوون بە داهاتوویەکی باشتر و هیوایەک بۆ تراویلکەی خەونەکانم دەچمەوە، بەڵکو رۆژێک لە رۆژان حەزرەتی مووسا پێغەمبەر بێتە خەونەکانمەوەو ئەم شیرەم بۆ بدۆزێتەوە کە من هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێم یا دێ و لە خەونێکمدا گۆچانەکەی خۆی دەداتە من و بتوانم ئەو دەریایەی دێتە پێش ئاواتەکانم بتوانم بە گۆچانەکەی ئەو شەقی بکەم و میللەتی کوردی ستەمدیدە رزگار بکەم و ئەوجارەیان نەک هەر فیرعەونەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو دنیاش لە فیرعەونەکانی ئەم سەدەیە و سەدەی داهاتووش بەڵکو تا کۆتایی دنیاش پاک بکەمەوەو میللەتانی ستەمدیدەی هەموو دنیا بپەڕێنمەوە ئەوپەڕی ئاسوودەیی و رزگاربوون لە کۆیلایەتی.

# کۆتایی – سەرەتا

هەموو شتێک لەو ژیانە چەندەها جار
بەبێ کۆتایی بەدوای یەکتردا دووبارە دەبنەوە

(نیتشە)

کوردەواری خۆمـان دەڵـێ: بـازۆران لـۆ کێمـان نەڵێـم. واتـە بـا منیـش بـۆ نووسـینی ئـەم ڕۆمانـە کەمـی بـە زۆری نەگۆڕمـەوە. بـا بـەس بێـت ئیتـر ئێـرە دەکەمـە کۆتایـی ڕۆمانەکـە، بـەڵام کۆتاییەکـی کـراوە، کـە سـەرەتا بێـت بـۆ نووسـینی بەشـێکیتری ڕۆمانەکـە، ئەگـەر دەرفـەت هەبـوو ڕۆمانێکیتـر بنووسـم و بیکەمـە تەواوکـەری ئـەم ڕۆمانـە و لێـرەوە دەسـتپێدەکەم کـە لـەم ڕۆمانـەدا دەبێتـە کۆتایـی. بەڵـێ ئیتـر تـەواو تـا ئێـرە دۆڵ دڕاو تەقـەی بـڕا، ئیتـر تـا دنیـا مـاوە ئـەم دۆڵـە بکوتیـن چیتـر دەنگـی لێوەنایـەت. ئـەم ڕۆمانـەش هـەر ئەوەنـدە هەڵدەگـرێ بیکەینـە کۆتایـی و سـەرەتای ڕۆمانێکـی تـری پەیوەسـت بـە ڕووداوەکانـی نێـو ئـەم ڕۆمانـە و تەواوکـەری بێـت بـە ناونیشـانێکی تـرەوە.

ئیتـر هەمـوو شـتێک کۆتایـی هـات، ئیسـحاقمان تـا فڕۆکەخانـەی هەولێـر بـرد و بەڕێمـان کـرد. ڕۆیشـت، وادەی ئـەو تـەواو بـوو، لێـرە بێـزار بـوو، چیتـر بەرگـەی نەگـرت. ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـە تەنگیـان پێهەڵچنـی. ئـەوەی بـۆی هاتبـوو، یەکەمیـان دۆزینـەوەی شـیرەکەی باوکـی یـا شـیرەکەی مووسـا پێغەمبـەر بـوو ئەویشـی نەدۆزییـەوە. بـەدوای کۆنـە یارەکەیـدا گـەڕا ئەویشـی هـەر نەدۆزییـەوە، تەنانـەت هـەر گۆڕیشـی نەبـوو، تەنیـا وەک ناوێکـی ئەنفالکـراو لەنێـو لیسـتی ناوەکانـدا ناوەکـەی دۆزییـەوە. ئـەوەی دۆزییـەوە تەنیـا کۆنـە خانـوو و کۆنـە دووکانـی خۆیانـی دۆزییـەوە لـە تەعجیلـی جوولەکـە و نـاو قەیسـەری، بـەڵام نەیتوانـی وەریانبگرێتـەوە، چونکـە پێـش ڕۆیشـتنیان حکوومەتـی عێراقـی لـە موڵـک و ماڵـی دابڕیـن و بـە یاساکردنی بەهـی حکوومـەت و دووکانەکەشـیان دوای ڕۆیشـتنیان بـە مـەزاد فرۆشـرا. خانووەکانیـان بـوو بـە موڵکـی حکوومـەت و بەنـاوی کەلەپـوور و شـوێنەواری کـۆن هەمـوو خرانـە سـەر وەزارەتـی دارایـی، ئیتـر ئـەو لـە

هەمــوو شــتێک بـێ هیــوا بــوو. ئـەو پارەیــەش کــە لەگــەڵ بێســتوون سـەرەتان بەنـاوی پــڕۆژەی پەلــەوەڕ وەریانگــرت و کۆیـان کردبــووەوە دایانــە کــوڕە بەرپرســەکە کــە داوای ماشــێنێ وەک هــی خــۆی کردبوو،هەروەهــا ئــەم کۆمپانیایــەش کــە ماشــێنی مارسیدیســەکەی بەکــرێ هێنابــوو و بــە تێکشــکاوی بردیانــەوە، ئــەوەی بێزارتریشــی کردبــوو خەڵکــی لێنەدەگــەڕان و داوایــان لێدەکــرد وەک جــاران کــە لــە ســەفارەتی ئیســرائیل بــوو لــە تورکیــا و خەڵکــی بــن جــووی دەبردنــە ئیســرائیل کــە ئەوکاتــە خــۆی لــە پێنــج ســەد خێــزان دەدا و هەموویانــی بردنــە ئیســرائیل و لەوێــش ڕەگەزنامــە و پاســەپۆرتیان دانــێ و وردە وردە چــوون بــۆ ئەوروپــا و لــە ئیســرائیل نەمــان، تەنانــەت هەندێکیــان لــە دوای ئــەوەی گەیشــتنە ئەوروپــا و بوونــەوە موســڵمان و هەندێکیــان چوونــە حــەج و جارێکیتــر نەگەڕانــەوە ئیســرائیل، ئیتــر ئیســحاق ئەوکاتــە هەمــوو هەوڵەکانــی بــوون بــە پووشــی بــەردەم بایەکــی ســەخت و بەهێــز، ئیتــر دەســتی خــۆی داغکــرد و پەنــد و دەرســی لەمــە وەرگــرت و بڕیاریــدا کــە جارێکــی تــر کار لــە دۆســیەیەکی وەهــادا نــەکات و چیتــر مایەپــووچ نەبێــت، بۆیــە بــەم دواییــەش کــە لــە هەولێــر بــەردەوام دەهاتنــە لای و وایاندەزانــی هــەروەک جــاران دەکات و دەتوانــێ بیانبــات بــۆ ئیســرائیل و بەهــۆی ئــەوەوە لــە ژیانــی پــڕ مەینەتــی و کولەمەرگــی کوردســتان دەربــاز دەبــن و دواییــش لەوێــوە ڕوو لــە ئەوروپــا بکــەن. تەنانــەت خەڵکــی واش هەبــوو بــن جــووش نەبــوو بــەڵام ئامادەبــوو ببێــت بــە جوولەکــە و ئەمەیــان وەک دەربازبــوون دەزانــی لــە دۆزەخــی کوردســتان بــەرەو بەهەشــتێکی نادیــار تەنانــەت ئــەو خەڵکــە باکیــان بــەوەش نەبــوو دەچنــە ســەر چ ئایینێک،بەڵکــو هەمــوو ئامانجیــان ڕزگار بــوون بــوو لــە دۆزەخــی کوردســتان و لای ئــەو کەســانە ئاییــن و نەتــەوەو دابونەریــت

و کەسـوکار و رابـردوو هیـچ مانایەکیـان نەمابـوو ئیتـر لای ئەوانـە گرینـگ ئەوەبـوو لـەم بازنەیـە رزگاریـان بێـت و بگەنـە بەهەشـتی خەونەکانیـان کـە ئەوروپـا بـوو، بۆیـە ئەوانـە دوا پەناگەیـان ئیسـحاق بـوو ئەویـش دەرس و پەنـدی لـە رابـردوو وەرگرتبـوو، بـەڵام ئەمجـارە زۆر بێزاریـان کـرد بۆیـە زوو حـەزی دەکـرد بگەڕێتـەوە ئیسـرائیل و ئەمـەش هۆکارێکیتـری زوو گەڕانـەوەی بوو،ئیتـر تـەواو ئیسـحاق گەڕایـەوە، بـەڵام چارەنووسـی بێسـتوون چـی دەبێـت بەدەسـت ئـەو کەسـانەی کـە بـۆ پڕۆژەکـەی پەلـەوەڕی ئیسـحاق پارەیـان لـە خەڵـک وەرگـرت وەک بەشـداریکردنی سـەرمایە بـە پشـک بەشـدار بـن. ئیتـر تــەواو ئــەو ڕۆیشــت، بــەڵام خەڵکەکــە بێســتوون دەناســن و هــەر ئەویـش بـوو پـارەی لـە خەڵکەکـە وەرگرتـووە. ئیتـر چـی دەبێـت ئــەو خەڵکــە چــۆن داوای پــارەی خۆیــان دەکەنــەوە، بەتایبەتیــش دیـار نەبـوو کـە ئاخـۆ ئیسـحاق دەگەڕێتـەوە، یـان نـا، چونکـە دوای ئـەم ماوەیـە کـە گەڕایـەوە ئیسـرائیل ئیتـر ئـەو سیم کارتەکـەی خـۆی گـۆڕی و وەڵامـی کەسیشـی نەدەدایـەوە تەنانـەت وەڵامـی بێسـتوون و منیـش مـام عەبدوڵـڵا سـەڕاج نووسـەری ئـەم رۆمانـە، ئیتـر وەڵامـی هیـچ کەسـمانی نەدایـەوەو بـزر بـوو.

ئاخـۆ ئیسـحاق جارێکیتـر دێتـەوە کوردسـتان، یـان نـا. ئاخـۆ پڕۆژەکەی دێنـێ بـۆ کوردسـتان، یـان نـا. ئاخـۆ دەسـبەرداری ئێـرە واتـە شـوێنی منداڵـی و مێردمنداڵـی خـۆی دەبێـت کـە کوردسـتانە، یـان نـا. ئاخـۆ.. ئاخـۆ.. ئەمانـە هەمـوو پرسـیارن و پێویسـتیان بـە وەڵامـە و مـن وەک نووسـەری ئـەم رۆمانـە خوێنـەر دەخەمـە نـاو چاوەڕوانـی و تەشـقی سـیحراوی پرسـیار و دروسـتکردنی گومـان و وەڵامـە نەزانـراوەکان، یـان نـەدرکاوەکان، بـەڵام مـن لـە رۆمانێکیتـردا کـە تەواوکـەری ئـەم رۆمانەیـە و لـەوێ دەتوانـم وەڵامـی هەمـوو ئـەم پرسـیارانە بدەمـەوە

ئەگـەر مـەرگ مـەودای پێـدام. بـەڵام ئەگـەر مەوداشـی نـەدام یـا نەمتوانـی یـا هـەر ئەگەرێـک بـوو ئـەوا ئەوسـا خوێنـەری زیرەکـی ئـەم رۆمانـەم دەتوانـێ لـە مێشـکی خۆیـدا رۆمانەکـە بنووسـێ و وەڵامـەکان بداتـەوە وەک ئـەوەی کـە ئـەو خوێنـەرە خـۆی دەیزانـێ یـا وەک ئـەوەی کـە ئـەو دەیـەوێ.

ئیتـر ئێـرە دەکـەم بـە کۆتایـی رۆمانەکـە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی رۆمانەکـەی مـن کۆتایـی نییـە یانیـش کۆتاییەکـەی کراوەیـە و دانەخـراوە، ئەوسـا دەبـێ ئێـرە بکـەم بـە سـەرەتای رۆمانەکەیتـر. سـەرەتای رۆمانەکـەش لێرەوە دەسـتپێدەکات کـە لـەوێ کۆتایـی بـوو. ئـا بیـرم چـوو پێـش باسـکردنی سـەرەتا دەبووایـە ئـەم پەرەگرافـەی کۆتایـی لەبیـر نەکـەم و پێتانبڵێـم کـە بـەم شـێوەیە دەبێـت:

ئیسـحاق دوای ئـەوەی لـە کوردسـتان بێـزار بـوو و گەڕایـەوە، لای ئـەو واباشـتر بـوو نـە بـە کوردسـتان پابەنـد بێـت و نـە بـە ئیسـرائیل، بەڵکـو ئـەو هەمیشـە دەیـەوێ لـە گەشـت و سـەیران و گەڕانـی وڵاتانـدا دوارۆژی ژیانـی خـۆی بەسـەر ببـات و ببێـت بـە هاووڵاتییەکـی جیهانـی و بـۆ خـۆی بـە هەمـوو گۆشـەیەکی دنیـادا بگەڕێـت، بـەڵام ئـەو تاکـە هیـوای بـە کوردسـتان تەنیـا بـەم سـەرەداوەدا مـاوە، ئەگـەر هاتـوو جارێکیتریـش گەڕایـەوە کوردسـتان هـەر بـەم هیـواو ئاواتـەوە دێتـەوە سـەردانی کۆنـە شـاری خـۆی بـۆ چاودێریکردنـی ئـەو هیوایـە چ وەک نـاو کـە ناویشـی لێنـرا هیـوا و چ وەک کەسـێک کـە لـە کوردسـتاندا چاندوویەتـی و پـەروەردەی دەکـەن و ئـاگاداری دەبـن و بایەخـی پێـدەدەن و ئـەو منداڵـەش لـە دوای راپەڕینـەوە کـە هاتۆتـە کوردسـتان لـە ئیسـرائیلەوە هێناویانەتـە کوردسـتان و لـە هەولێـر لای ماڵێکـی بـن جـوو دایاننـاوە تـا وەهـا پـەروەردەی بکـەن لـە دوارۆژدا بیکـەن بـە کارێزمـا و ببێـت بـە سـەرکردەی کـوردان، ئیتـر ئـەو بتوانـێ

دەسەڵاتی کوردان بگرێتە دەست و داکۆکی لە بەرژەوەندی ئەوان بکات و جوولەکەکانی کوردستان بگەڕێنێتەوە، بەڵام بە گەڕانەوەی خۆیان و موڵک و ماڵیان نا، بەڵکو بە وەرگرتنی شوێنپێ و هەژموون و وەرگرتنی دەسەڵات و بەرژەوەندی ئابووری تا لە دەست ئەوان بێت، بەمەش ئەوان پێیانوایە ئەوسا ئەوان مافیان بۆ دەگەڕێتەوەو پایەیەک بۆ خۆیان لەم هەرێمەدا دەستەبەر دەکەن و رەنگە ئەوسا بشیکەن بە دەوڵەت و پاڵپشتی بکەن لە پێگە نێودەوڵەتییەکاندا ئەگەر بەرژەوەندییان وابخوازێ. ئەوسا ئیسحاق پێیوابوو دەتوانێ شیرەکەی بابیشی لای بەرپرسان بدۆزێتەوە ئەگەر ئاودیوی کوردستان نەکرابێت.
منیش نووسەری ئەم رۆمانە وەک بگێڕەوەی هەموو شتزان و پاڵەوانەکانیش هەموو بەدەست خۆمەوەیە. چۆنم بوێت بەم جۆرە دەتوانم بڕیار لەسەر جووڵانەوەو هەڵسوکەوت و چارەنووسی کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکە بدەم. چۆنم دەوێ دەتوانم رۆمانەکە وەها بئافرێنم، ئیتر بڕیاری ئەوە دەدەم و کۆتایی رۆمانەکە ناهێڵم بەم شێوەیە بێت، ئیتر ئەم بیرۆکەی دانانی منداڵە جوولەکەکە لە کوردستان رەتدەکەمەوە کە لە هزرو خەیاڵی ئیسحاق دایە، بەڵکو پێچەوانەی ئەو دێم لەم رۆمانەدا کۆتاییەکەی دەگۆڕم و منداڵێکی رەسەنی کوردەواری دەئافرێنم تا بە شێوەیەک پەروەردە بکرێت و بیکەم بە سەرکردەیەکی رەسەن و خاکی و دڵسۆز و کارامە بۆ وڵاتی خۆی کوردستان و لەنێو سروشتێکی دوورەدەستی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بە دوورەپەرێزی لە ماڵە شوانێکی دوورترین و پاگژترین و رەسەنترین لادێی دوور لە هەموو ئاوەدانییەک گەورەی دەکەم، تەنانەت لەوێش لەنێو شاخێکدا و لە شاخیش لەنێو ئەشکەوتێکدا کە دەستی ئاوەدانی مرۆڤی

پیسی نەگاتێ و لەنێو چیاو سروشتی جوانی کوردستان گەورەو گۆش بکرێت، بە پەروەردەی دایک و باوکێکی رەسەن و خاوەن خوشک و برای دڵسۆز، جا ژمارەی خوشک و براکانی هەرچەندێک بن جیاوازی نییە گرینگ لەگەڵ یەکتردا بە تەبایی و هاوسۆزی و هاوڕایی و هاوخەمی وەک چەپکێک پێکەوە گەورە بن و یەکە یەکە هەموو هێزی خۆیان بدەنە برا گەورەکەیان و ببن بە پشت و پەناو قەلای بەهێزی ئەو، ئیتر ئەو کوڕە دەکەم بە پاشای ئەم پارچەیەی کوردستان و هەر ئەویش ئاڵاکە بەرزدەکاتەوەو دەیکەمە سیزیفێکیتر، بەڵام ئەو سیزیفە کۆڵنادات تا بەردەکەی سەر پشتی دەگەیەنێتە سەر دوندی چیاکەو خوشک و براکانیشی دەبن بە پاڵپشت و دیوارو سەنگەر و هەموو پێکەوە دەگەنە سەر دوندەکە و پێکەوە ئاڵای سەرکەوتن دەچەقێنن، ئیتر ئەوسا خەڵکی وڵاتەکەی منیش بە نەتەوەو ئایینی جیاوە ئاسوودە دەبن و لە وڵاتی خۆیاندا دەحەوێنەوەو هاوخەمی یەکتر دەبن و چیتر لە مەترسی دوژمنانیان راناکەن.

ئیتر ئێرە سەرەتای رۆمانەکەی ترە کە دەمەوێ دوای ئەم رۆمانە بینووسم و دەبێتە تەواوکەری ئەم رۆمانە.

تۆی خوێنەریش ئەگەر ئەم (کۆتایی- سەرەتا)یەت بەدڵ نەبوو، ئەوا تۆش ئازادیت و تۆش دەتوانیت ببیتە بەشدار، یان نووسەرێکیتری کۆتایی رۆمانەکە. ئا لەگەڵ تۆمە تۆی نووسەرێکی تەواوکەری رۆمانەکە، یان دەبیتە رۆماننووسێکیتر، بەڵام رۆماننووسێک لەسەر کاغەز و دەفتەر و سیدی و ئینتەرنێت و فەیس بوک و لاپتۆپ نا، بەڵکو لە هزر و بیری تۆی خوێنەری زیرەکی ئەم رۆمانە کە کۆتایی رۆمانەکەم بۆ دەنووسی. بەڵێ تۆش ئەفرێنەرێکیتری بەشداری رۆمانەکەیت.

له ٢٠١٦/١١/١٨ دەستم بە نووسینی کرد،
له ٢٠١٧/٢/٢٨ ڕەشنووسی یەکەمی تەواوبوو،
له ٢٠١٧/٤/١٥ دەستم بە پاکنووسی یەکەمی کرد،
له ٢٠١٧/٨/٢٦ تەواوبوو.

## چاپکراوەکانی نووسەر

١- (( ؟ )) شەش کورتەچیرۆکی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ کەمال سەعدی، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦، ٣٥ل.

٢- خەونە سەوزەکان، چیرۆک، بەغدا، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، ٨٠ل.

٣- مەرگی بازنەیی، نۆڤلێت، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز ژمارە (٦)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ٤٨ل.

٤- بیبلیۆگرافیای چوار ساڵەی گۆڤاری (رامان)، بە هاوبەشی لەگەڵ عەبدوڵلا زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (رامان)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ٤١٣ل.

٥- پێناسەی دەستوور، یاسایی، د. عەبدولڕەزاق ئەلتەعان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی ژمارە (١٢)، هەولێر، چاپخانەی کەوێڵ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ٤٨ل.

٦- دەروازەیەک بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر، هزر، ئۆجیلفی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم-کتێبی گیرفان ژمارە (٥٤)، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ٩٤ل.

٧- تاوانباری جەنگ، یاسایی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ژمارە (٥)، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٤٨ل.

٨- چیرۆکی کوردی- رەخنەو لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری-کتێبی گیرفان ژمارە (٧)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٩٦ل.

٩- ئاوێنــە، ١٠٠ کورتیلەچیــرۆک، لــە بڵاوکراوەکانــی کتێبفرۆشــی سـۆران-هەولێر ژمـارە (٥٥)، سـلێمانی چاپخانــەی گەنـج، چاپـی یەکـەم، ٢٠٠٥، ٨٠ل.
١٠- رۆمانــی کوردی-خوێندنــەوەو پرسـیار، لــە بڵاوکراوەکانــی دەزگای ئــاراس ژمــارە (٥٢٩)، هەولێــر، چاپخانــەی دەزگای ئــاراس، چاپــی یەکـەم، ٢٠٠٧، ٣٦٠ل.
١١- گیـای سـەروەری، چیـرۆک، لـە بڵاوکراوەکانـی وەزارەتـی رۆشـنبیری ژمـارە (٢٩٨)، هەولێـر، چاپخانــەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، چاپــی یەکـەم، ٢٠٠٨، ٩٤ل.
١٢- پەیژەکانــی تاریکــی، کۆچیــرۆک، لــە بڵاوکراوەکانــی دەزگای ئــاراس ژمــارە (٨٢٩)، هەولێــر، چاپخانــەی دەزگای ئــاراس، چاپــی یەکـەم، ٢٠٠٨، ٢٥٥ل.
١٣- چیرۆکــی کوردی-رەخنــەو لێکۆڵینــەوە، بــە دەســتکاری و زیادکردنــەوە، لــە بڵاوکراوەکانــی ناوەنــدی ئاوێــر بۆچــاپ و بڵاوکردنەوەژمــارە (٢١٧)، هەولێــر، چاپخانــەی رۆژهــەڵات، چاپــی دووەم، ٢٠١٦، ١٦٤ل.
١٤- ئاوێنـە، ١٠٠ کورتیلەچیـرۆک، بـە زیادکردنـی لێدوان و نووسـینەکان لەبـارەی کورتیلەچیرۆکـەکان و وەرگێڕانــی کورتیلەچیرۆکـەکان بــە زمانـی عەرەبـی و تورکمانـی، ئێـران، چاپخانـەی تـاران، چاپـی دووەم، ٢٠١٦، ٢٧٢ل.
١٥- دەسـەڵاتی رۆشـنبیری، بابەتـی رۆشـنبیری و سیاسـی و یاسـایی، ئێـران، چاپخانـەی تـاران، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٦، ٣٤٤ل.

## زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠١٧ی
## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
## بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
## بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٤٦ | ئاراستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | و: ئەدیب نادر | ڕەخنەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٨٤٧ | سیما و باران | عەلی بەختەوەر | منداڵان | ١٠٠٠ | ٣٢ |
| ٨٤٨ | توێژینەوەی دەق | عەبدوڵڵا ڕەحمان | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ٢١٦ |
| ٨٤٩ | وڕێنە و تارماییەکان | سەلاح عومەر | ڕۆمان | ٣٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٨٥٠ | کڵاو | شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی | چیرۆک | ١٠٠٠ | ٢٤ |
| ٨٥١ | ڕێبەری سەرکردە | سەوزە سەعدی سەعید | لێکۆڵینەوە | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٨٥٢ | بەسەرهاتێك لە هەزاران | شێرزاد فەقێ ئیسماعیل | ڕۆمانە شیعر | ٣٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٨٥٣ | ئازادی | جەمال گردەسۆری | چیرۆکی منداڵان | ١٠٠٠ | ١٦ |
| ٨٥٤ | جیهانی ئاماژەکان | د. عوسمان یاسین | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٣٢٠ |
| ٨٥٥ | پل | عەزیز مەلا ڕەش | ڕۆمان | ٤٠٠٠ | ٢٩٦ |
| ٨٥٦ | دەقی ئەدەبی | د. ئیدریس عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٥٠٠٠ | ٣٢٨ |
| ٨٥٧ | عیشق تانوپۆی دڵانە | و: گوشاد حەمە سەعید | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٨٥٨ | مەملەکەتی سەگەکان | حەکیم کاکەوەیس | چیرۆك | ٤٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٨٥٩ | سوريا إلى أين | د. عبد الحكيم بشار | سياسي | | ٤٤٠ |
| ٨٦٠ | یادداشتنامەی تانجییەکی ئێراقی | موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی | ڕۆمان | ٤٠٠٠ | ٢١٦ |
| ٨٦١ | هێڵە گشتییەکانی<br>سیاسەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | | | | ٢٤ |
| ٨٦٢ | سیستەمەکانی هەڵبژاردن و ریفراندوم | سنار شەریف عەلی | یاسایی | ٢٠٠٠ | ١١٢ |
| ٨٦٣ | سیمیۆلۆژیای ناونیشان | حەمە مەنتك | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٨٦٤ | شیری مووسا | سابیر ڕەشید | ڕۆمان | ٣٠٠٠ | ١٩٢ |